




گۆڤاری
ئەکادیمیای کوردی

٢٠١٤



ژمارە (٢٩) ساڵی ٢٠١٤

باس و توێژینەوە بڵاوکـــراوەکان لە گۆڤاری ئەکادیمیای کـــوردی دەربـــڕی بیـــر و بۆچوونـــی توێژەرانـــن نەک دەستەی نووســـەرانی گۆڤار

- گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی.
- بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود
- نەخشەسازی: عیسام موحسین.
- هەڵەچن: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل.
شیلان جەلال.
- چاپ: چاپخانەی حاجی هاشم- هەولێر.
- تیراژ: ٧٥٠ دانە.

لەم ژمارەیەدا

بەشی کوردی

بەشی عەرەبی – القسم العربي

English part

ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوە
لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

١- گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستی وەرزییە، باس و توێژینەوەی زانستی لە بارەی کورد و کوردستان، بڵاودەکاتەوە، بە مەرجێ لە هیچ شوێنێکی دیکە بڵاو نەکرابێتەوە یان بۆ بڵاوکردنەوە وەرنەگیرابێت.
٢- زمانی کوردی زمانی سەرەکی بڵاوکردنەوەیە لە گۆڤارەکە، بەڵام لێکۆڵینەوەی زانستی بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزیش بڵاودەکاتەوە.
٣- هەر بابەتێک کە بۆ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی دەنێردرێت، دەبێت ناوونیشانی باسەکە، ناوی نووسەر، شوێنی کارەکەی، پلە و پایەی زانستی، ئیمێل و ژمارەی تەلەفۆنەکەی لە سەر لاپەڕەی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە نووسرابێت.
٤- نووسەر دەبێت پوختەی باسەکەی بە هەردوو زمانەکەی دیکە، جگە لە زمانی نووسینی دەقەکە لە کۆتایی توێژینەوەکە بنووسێت، کە نابێت لە یەک پەڕەی (A4) زیاتر بێت. لەو پوختەیەدا پێویستە گرنگی و ئەنجامە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بخرێنەڕوو.
٥- لە دوای پەسەندکردنی باسەکە لە لایەن هەڵسەنگێنەرانی زانستیەوە، دەستەی نووسەران ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی بە توێژەر دەدات.
٦- بۆ ئەوەی بابەتەکە لەگەڵ ڕێنماییەکانی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەدا بگونجێت، دەستەی نووسەران مافی سەرلەنوێ داڕشتنەوە و لابردنی هەندێ دەستەواژەی هەیە، بە مەرجێک بیرۆکەی سەرەکی توێژینەوەکە نەگۆڕێت.
٧- ئەگەر باسەکە لە بارەی ساخکردنەوە (پەیدۆزیی، تحقیق) ی دەستنووسەوە بێت، دەبێت پەیدۆزییەکە بە پێی بنەما زانستییەکان بێت و چەند لاپەڕەی کۆپیکراوی دەستنووسەکە و شوێنی وەرگرتنی، کۆد و جۆری دەستنووسەکە (دەستنووس، چاپ، مایکرۆفیلم... هتد) لەگەڵ دابێت.
٨- ئەگەر ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەڵبژاردنی ناوونیشانی باسەکە،

تویژینـەوەی بابـەت، شـێوازی بەکارهێنانـی سـەرچاوە و ڕێکخسـتنی پەراوێزەکان ڕەچاو نەکرابێتن، ئەوا باسەکە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی بڵاوناکرێتەوە. هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانەش کە بە زمانێکی پاراوی زانستی نەنووسرا بێتن فەرامۆش دەکرێن.

٩- دەبێـت باسـەکە دانەیەکـی لەسـەر (CD) لەگـەڵ (٣) دانـەی چاپکـراوی سـەر کاغـەز (A4) بـە فۆنتـی (١٥) ی یۆنیکورد بێت، بـە مەرجێک ژمارەی لاپەڕەکانـی بـە لیسـتی پەراوێـز و سـەرچاوەکانەوە لـە (٢٥) لاپـەڕە زیاتر نەبێت و پەراوێزەکانیشی لە کۆتایی باسەکە دابندرێت.

١٠- ئەگـەر بابەتەکـە وەرگێـڕدراو بوو، دەبێت لە زمانی یەکەمەوە بێت و دەقە ئەسڵییەکەشی لەگەڵدا هاوپێچ کرا بێت.

١١- گۆڤـاری ئەکادیمیای کوردی ناسـاندن و هەڵسـەنگاندنی ئـەو کتێبانەی لە بارەی کورد و کوردستانەوە نووسراون بڵاودەکاتەوە، بە مەرجێک نووسەر ڕەچاوی پێوەرە زانستییەکانی ئەم بوارەی کردبێت.

١٢- بابەتی نێردراو بۆ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی نادرێتەوە بە خاوەنەکەی.

مۆرفۆسینتاکس وەك سەرچاوەییێك
بۆ دارِشتنی وشە لە زمانی کوردیدا

پ. د. وریا عومەر ئەمین
ئەکادیمیای کوردی

زمان دیاردەییێکی مەنگ و وەستاو نییە. سیستەمێکی دینامیکییە. هەرگیز وەك خۆی نامینێ. هەمیشە ، لە هەموو ئاستەکانیدا (فۆنەتیکی – فۆنۆلۆجی – مۆرِفۆلۆجی – سینتاکسی – سیمانتیکی – پراگماتیکی) لە جوولە و گۆرِینێکی بەردەوامدایە . هەندێ لەو گۆرِینانە خێران و زوو دەرکیان پێ دەکرێ. هەندێ لەسەرەخۆن ، دوای چەن نەوەییێك لە رِێی نووسینە کۆنەکانەوە دەزانرێن و هەستیان پێ دەکرێت.

دوو هۆ هەیە بۆ گۆرِینی زمان . هۆی دەرەکی کە ئەنجامی کارتێکردنی ژینگەییە . پەیوەندیی بە گۆرِینی باری جوغرافی و ئابووری و رِۆشنبیرییەوە هەیە، و هۆی ناوەکی ئەوەیە زمان لە خۆرِا لە ژێر رِکێفی دینامیکییەتی یاسا سروشتییەکاندا دەگۆرِێ . هیچ هێز نییە بتوانێ ئەم گۆرِینە رِاگرێ.

لە ئاستی مۆرِفۆلۆجیدا ژمارەی وشەکانی هەر زمانێ لە زیادبووندایە. ژیان بەردەوام دەگۆرِێ . هەمیشە چەمك و شتی نوێ پەیا دەبێ و دادەهێنرێ. هەر شتێکی نوێ کە پەیا دەبێ چ کەرەسەیی بێ چ ئەندێشەیی ، لەگەلّ پەیابوونیدا ناوێکی لێ دەنرێ و زاراوەییێکی بۆ دادەنرێ.

سەرچاوە و بنەماکانی دەرکەوتنی وشە و زاراوەی نوێ لە زماندا گەلێ زۆرن[1]. زمانەوانیی گشتی هەولّی داوە پێرِەوەکانی وشە دارِشتن لەزمانا بخاتە رِوو. بە شێوەییێکی گشتی ئەم چەند پێرِەوە دەسنیشان کراون:

وەرگرتن borrowing – دارِشتن coinage – compounds لێکدان – ئـەکرۆنیم – blending تێکچـرِژان – زیندووکردنـەوە – دارِشـتنەوە back formation – imitation لاساییکردنەوە - رێکەوت - هەرِەمەکی.. و زۆری تر.

جگە لەم پێرِەوانە لە زمانی کوردیدا پێرِەوێکی تایبەتی هەیـە بـۆ دارِشـتنی وشـە (کـە پێشـتر بـاس نـەکراوە) ئـەم پێـرِەو و یاسـایە لـە رِێـی یاسـا مۆرفۆسینتاکسییەکانەوە ئەنجام دەدرێ.

ئەم باسە ئەم لایەنەی زمان و رِێزمانی کوردی بۆ یەکەم جار دەخاتە رِوو.

بۆ رِوونکردنەوەی ئەم رِووەی رِێزمـانی کـوردی دەبـێ یاسـاکانی دارِشـتنی پێکهاتەی مۆرفۆسینتاکی بە کورتی بخرێنە رِوو.

لە زمانی کوردیدا دوو دەستە رِاناوی لکاو هەن[٢] :

١ – دەستەی A (م – ت – ی – مان – تان – یان)

٢ – دەستەی B (م – یت – × / ێت /ات – ین – ن – ن)[٣]

ئەرکەکانیان لەگەڵ کاری تێپەرِدا لەم خشتەیەدا رِوون کراوەتەوە:

	رابردوو	داهاتوو
بکەر	A	B
بەرکار	B	A

<u>یاسای شوێنی رِاناوە لکاوەکان</u>

دەستەی B هەمیشە بە رِەگی کارەوە دەلکێ....**یاسا ژ١**

دەستەی A بە یەکەمی ئەم بەشانەی رِستەوە دەلکێ ، بەم رِیزە:

بەرکاری رِاستەوخۆ – بەرکاری نارِاستەوخۆ – پێشبەند – یەکەم پێشگر – رِەگی کار...یاسا ژ٢

دەشێ بەرکاری رِستە بکرێ بە رِاناوی لکاو بەم پێرِەوە.

ئەگەر کاتی کارەکە رِابـردوو بـوو دەسـتەی A ئـەرکی بکـەری دەبینـێ. بـۆ بـەرکاری رِوو لـە دەسـتەی B دەکـەین. بـە پێـی کـەس و ژمـارەی بەرکارەکـە رِاناوەکە وەردەگیرێ و بە پێی یاساکانی شوێن جێگیر دەکرێ.

لەڕستەی:

ئەوان تۆیان بۆ من هەڵبژارد.

کاتی کاری ئەم ڕستەیە لە (ڕابردوو) دایە. ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) سەر بە دەستەی A یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی B دەکەین. (تۆ) بەرکارە لە دەستەی B دا (یت) بەرانبەریەتی.

(یت) شوێنی (تۆ) دەگرێ و بە پێی یاسا ژ ١ بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ . ڕاناوی بکەری (یان) بەرەڵلا بوو ، بە پێی یاسا ژ٢ گەر بەرکاری ڕاستەوخۆ نەما بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ ، و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

ئەوان بۆ منیان هەڵبژاردیت.

بە هەمان پێڕەو دەشێ بەرکاری ناڕاستەوخۆ بکرێ بە لکاو:

ئەوان تۆیان بۆ من هەڵبژارد

کاتی کاری ئەم ڕستەیە لە (ڕابردوو) دایە. ڕاناوی لکاوی بکەری (یان) سەر بە دەستەی A یە. بۆ بەرکاری ڕوو لە دەستەی B دەکەین. (من) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە لە دەستەی B دا (م) بەرانبەریەتی.

(م) شوێنی (من) دەگرێ و بە پێی یاسا ژ ١ بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

ئەوان تۆیان بۆ هەڵبژاردم.

ئەگەر هەردوو بەرکار کران بە لکاو . هەردووك سەر بە دەستەی B ن . هەردووك بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێن بەم ڕیزە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ – بەرکاری ڕاستەوخۆ). ڕستەکە دەبێتە:

ئەوان بۆیان هەڵبژاردمیت

لە ڕستەی:

ئێوە گوڵ بۆ ئێمە دەچنن.

کاری ئەم ڕستەیە (داهاتوو)ە . (ئێمە) بەرکارە ، (ن) ڕاناوی لکاوی بکەرییە، سەر بە دەستەی B یە.

بۆ جێگیرکردنی بەرکار بە ڕاناوی لکاو روو لە دەستەی B دەکەین. کە تیایدا (مان) بەرانبەر (ئێمە) یە.

بە پێی یاسا ژ٢ (یان) بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ و ڕستەکە بەم جۆرەی لێ دێ :

ئێوە گوڵمان بۆ دەچنن.

ئەم ڕووەی ڕێزمانی کوردی یەکجار ئاڵۆزە و فرە لایەن و گەلێ یاسا و یاسۆکەی هەیە. لەم باسەدا تەنیا ڕووەکی دەخەینە بەرچاو ، کە دارشتەی یاسا مۆرفۆسینتاکسییەکان سەرچاوەییَکە بۆ دارشتنی وشە لە ئاستی مۆرفۆلۆجیای زمانی کوردیدا.[٤]

یەکێ لەو یاسایانە ئەوەیە دەڵێ:

ئەگەر ئەو ڕاناوەی دوای پێشبەندی (لە) هات کرا بە لکاو :

یەکەم – لە دەبێتە لێ

وەك لە ڕستەی:

ئێمە ئەمە لە تۆ ڕانابینین .

(تۆ) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە ، کاتی کاری ڕستەکە داهاتووە. (ین) ڕاناوی لکاوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ کردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە لکاو ، ڕوو لە دەستەی A دەکەین ، کە تێیدا (ت) بەرانبەریەتی . و بە پێی یاسای شوێن ژ٢ (ت) بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ و (لە) دەبێ بە (لێ) ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ

ئێمە ئەمەت لێ ڕانابینین.

لە ڕستەی:

ئەو کتێبەکەی لە ئێمە وەرگرت.

کاتی کارەکە رابردووە . (ی) راناوی لکاوی بکەرییە سەر بە دەستەی Aیە. (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. بۆ کردنی بە لکاو ڕوو لە دەستەی B دەکەین کە تێیدا (ین) بەرانبەریەتی. و بە پێی یاسا ژ ١ (ین) بە ڕەگی کارەوە دەلکێ. و (لە) دەبێتە (لێ). و ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ:

ئەو کتێبەکەی لێ وەرگرتین

لە ڕستەی:

ئەوان تۆ لە ئێمە دوور دەخەنەوە.

کاتی کارەکە داهاتووە . (تۆ) بەرکاری ڕاستەوخۆیە . (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (ن) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ جێگیرکردنی بەرکاری ڕاستەوخۆ بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە کۆمەڵەی A دەکەین کە تێیدا (ت) بەرانبەریەتی. (ت) جێی (تۆ) دەگرێت و بە پێی یاسای شوێن ژ٢ بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ و ڕستەکە دەبێتە:

ئەوان لە ئێمەت دوور دەخەنەوە.

لە هەمان ڕستەدا (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (ن) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ جێگیرکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە کۆمەڵەی A دەکەین کە تێیدا (مان) بەرانبەریەتی. (مان) جێی (ئێمە) دەگرێت و بە پێی یاسای شوێن ژ٢ بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ و (لە) دەبێتە (لێ) ڕستەکە دەبێتە:

ئەوان تۆمان لێ دوور دەخەنەوە.

ئەگەر هەردوو بەرکارەکان پێکەوە بکرێن بە لکاو. بە پێی یاسای شوێن ژ ٢ هەردوو ڕاناوەکان (ت) ی ڕاستەوخۆ و (مان) ی ناڕاستەوخۆ ، بەم ریزە (بەرکاری ناڕاستەوخۆ — بەرکاری ڕاستەوخۆ) ، بە پێشبەندەکەوە دەلکێن و ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتەخۆ:

ئەوان لێمانت دوور دەخەنەوە.

دووەم — لەگەڵ هەندێ کاردا ، (لە) دەبێتە (تێ).

لە ڕستەی:

ئێوە ئاگرتان لە ئێمە بەردا .

کاتی کارەکە لە ڕابردوودایە. (تان) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی A یە (ئێمە) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بکرێ بە لکاو ڕوو لە دەستەی B دەکەین کە (ین) بەرانبەریەتی . (ین) شوێنی (ئێمە) دەگرێ و بە پێی یاسای شوێن ژ١ بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ . و (لە) دەبێتە (تێ) و ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ.

ئێوە ئاگرتان تێ بەردا ین.

لە ڕستەی:

تۆ ئاگر لە ئەو بەردەدەیت.

کاتی کارەکە لە داهاتوودایە . (ئەو) بەرکاری ناڕاستەوخۆیە. (یت) ڕاناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ جێگیرکردنی (ئەو) بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە دەستەی A دەکەین کە تێیدا (ی) بەرانبەریەتی. بە پێی یاسای شوێن ژ٢ (ی) بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە دەلکێ ، و (لە) دەبێتە (تێ) و ڕستەکە دەبێتە:

تۆ ئاگری تێ بەردەدەیت.

سێیەم – پێشبەندی (بە) دەبێتە (پێ).

لە ڕستەی:

تۆ بە ئێمەت وت:

کاتی کارەکە ڕابردووە. (ئێمە) بەرکارە. (ت) ڕاناوی بکەرییە ، سەر بە دەستەی A یە. بۆ جێگیرکردنی بەرکار بە ڕاناوی لکاو ڕوو لە دەستەی B دەکەین ، کە تێیدا (ین) بەرانبەریەتی. بە پێی یاسا ژ١ (ین) بە ڕەگی کارەکەوە دەلکێ ، و (بە) دەبێتە (پێ) . ڕستەکە ئەم سیمایە دەگرێتە خۆ:

تۆ پێت وتین.

لە ڕستەی:

ئەوان بەتۆ دەنازن.

(تۆ) بەرکاری ناراستەوخۆیە. (ن) راناوی بکەرییە سەر بە دەستەی B یە. بۆ بەرکاری روو لە دەستەی A دەکەین کە تێیدا (ت) بەرانبەریەتی. بە پێی یاسای شوێن ژ١ ، بە پێشبەندەکەوە دەلکێ ، و (بە) دەبێتە (پیێ) و رستەکە بەم جۆرەی لێ دێ:

ئەوان پێت دەنازن.

ئەم پێرەوە بۆتە سەرچاوەییێ بۆ بواری وشەسازی لە زمانی کوردیدا. لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا ژمارەییێکی زۆر وشە بەرچاو دەکەون کە لە ئەنجامی سەپاندنی یاسا مۆرفۆسینتاکسییەکان وشەی تر دادەرێژرێن . وەك (لێدان – تێگەیشتن – تێهەڵدان – پێگەیاندن – پێکردن) بەم هەنگاوانە:

<u>لێدان</u>

تۆ لە ئەوت دا — لێت دا — لێدان

ئێوە لە من گەڕان — لێم گەڕان — لێگەڕان

من لە ئەو کۆڵیمەوە — لێم کۆڵییەوە — لێکۆڵینەوە

لێوەشانەوە --- ئەو لە تۆ وەشایەوە – لێت وەشایەوە — لێوەشانەوە

<u>تێگەیشتن</u>

من لە تۆ گەیشتم — من تێت گەیشتم – تێگەیشتم

ئەوان لە من گەیشتن — تێم گەیشتن — تێگەیشتن

<u>تێهەڵدان</u>

تۆ لە ئێمەت هەڵدا -- تێت هەڵداین — تێهەڵدان

ئەو لە منی گەیاند — تێی گەیاندم — تێگەیاندن

دەستی لە ئاوەکە وەردا — تێی وەردا -- تێوەردان

پێگەیاندن

تۆ منت بە ئەو گەیاند — تۆ پێت گەیاندم — پێگەیاندن

من و تۆ بە یەك هاتین — من و تۆ پێك هاتین — پێکهاتن

پێکردن

خەڵووزەکە بە ئاگر بکە — پێی بکە — پێکردن

ئەمەی خوارەوە بەشێکن لەو چاوگانەی بەم پێڕەوە داڕێژراون:

لە — لێ	لە — تێ	بە — پێ
لێکردن	تێگرتن	پێزانین
لێکردنەوە	تێگوشین	پێسپاردن
لێکۆڵینەوە	تێگەیشتن	پێشکان
لێچوون	تێگەیاندن	پێکەنین
لێدان	تێوەردان	پێکهاتن
لێهاتن	تێخزان	پێکهێنان
لێوەشانەوە	تێکوتین	پێکردن
لێگرتن	تێنان	پێچوون
لێوردبوونەوە	تێهەڵکێشان	پێکهێنان
لێراهاتن	تێهەڵدان	پێچوون
لێوەشان	تێروانین	پێکەوتن
لێگەڕان	تێکەوتن	پێگرتن
لێکدانەوە	تێکدان	پێگەیاندن
لێهەڵپێچان	تێئاڵان	پێگەیین
لێزانین	تێرامان	پێکەوە بوون
لێوەستان	تێخزین	پێناسین
لێکەوتن	تێچوون	پێگەیشتن
لێخشان	تێبەردان	
لێخشاندن	تێخورین	

پەراوێزەکان

١ – بۆ زانیاری لەبارەی ژیانی وشەوە سەیری ئەم وتارانەم بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٨٨) فەرهەنگی ناوی دەنگەکان و یاسایێکی ڕێزمانی. ڕ. پاشکۆی عێراق ژ ٣٥ ی ١١/٥/١٩٨٨.

_________(٢٠٠٧) نـژادی نـاوی ئەمـەریکا. ڕ. بـەدرخان. ژ ٨٥ ی ٢٢/٣/٢٠٠٧. لـە کتێبـی (پیتۆکەکانی زمانەوانیدا) ل ١٣٩ – ١٤٠ دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

______(٢٠٠٧) جیهانی وشە. ڕ. بەدرخان. ژ ٨٥ ی ٢٢/٩/٢٠٠٧.

لە کتێبی (پیتۆکەکانی زمانەوانیدا) ل ١١٨ – ١٢١ دووبارە بڵاوکراوەتەوە.

٢– کرمانجیی خواروو.

٣ – کەسـی سـێیەمی تـاك لەگـەڵ کـاتی ڕابـردوودا بـەمۆرفیمی سـفر دەردەکـەوێ. واتـا لـە ڕووکەشا هیچ فۆرمێکی فیزیکی نییـە. لەگـەڵ داهـاتوودا بـەم دوو فۆڕمـە خـۆی دەردەخـا (ێت/ ات) .

ئەگەر ڕەگی ڕابردوو بە (ۆ ـ ـە) کۆتایی هاتبێ ، بـە (ات) دەردەکـەوێ. ئەمـە هەشـت کـار دەگرێتەوە کە لەم چاوگانەوە وەردەگیرێن (خواردن / خۆ – ڕۆیشتن / ڕۆ – شوشتن/ شۆ – بردن / بە – دان/ دە – خستن/ خە – کردن/ کە – گەیشتن / گە) .

بۆ ئەم یاسایە سەیری سەرچاوە ژ ٣ ل ٦٣ بکەن.

٤ – بۆ سەرتاپای یاساکانی ڕێزمانی ڕاناوی لکاو سەیری سەرچاوە ژ ١ و ٣ بکەن.

سەرچاوەکان

١ – **وریا عومەر ئەمین** (١٩٨٦) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو. بەغداد ١٩٨٦.

٢ – _________(١٩٨٦) پاشبەندەکان. گ. کۆڕی زانیاریی عـێراق – دەسـتەی کورد . ژ١٥. ل١٨٢– ١٩٣.

3 - Amin, W.O.(1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. SOAS .London University. Published by Kurdish Academy. 2011 Publishing series No. 114.

4 – Fromkin, V. et al.(2003) An Introduction to Language. Thomson. USA.

ملخص البحث

اشتقاق الكلمات بالقوانين الصرفنحوية في اللغة الكوردية

لجميع اللغات قوانين لصياغة واشتقاق الكلمات. بعض هذه القوانين شاملة وبعضها خاصة. الكلمات الجديدة وباستمرار تضاف الى مفردات اللغة. الالسنية العامة حددت العديد من هذه القوانين، منها الاشتقاق الصرفي والصياغة والتركيب والاعارة والامتزاج والصياغة الارتجاعية والاكرونيم ..الخ.

من خلال هذا البحث تم اكتشاف قواعد صرفية لصياغة الكلمات عن طريق التراكيب الصرفنحوية خاصة باللغة الكوردية، غير مذكورة او مطروقة في مجال الالسنية والدراسات اللغوية العامة والخاصة.

هذا البحث يلقي ضوءا على هذا الجانب الخفي من قواعد اللغة الكوردية.

Abstract

Morphosyntactic Construction as a Source for Word Formation in Kurdish.

All human languages exhibit rules of word formation. Some of these rules are universal and some are specific. New words are continuously added to the vocabulary of languages in a variety ways. General linguistics has identified many rules of word formation.

Words may be added to a language by the presses of Derivational Morphology, Coinage, Compounds, Borrowing, Blending, Back Formation, Acronyms …etc. All are among the rules by which new words are formed and added to a language.

Through out this research it is found that Kurdish language exhibits a previously unmentioned type of morphological rule by which new words are formed through the Morphosyntactic processes construction.

This paper introduces this new found specific aspect of Kurdish language.

جۆرەكانی خستنەسەر (الإضافة) لە زمانی كوردیدا

پ.ی.د. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی
كۆلێژی زمان/ بەشی كوردی
زانكۆی سەلاحەددین

پێشەكی

ناونیشان و بواری لێكۆڵینەوەكە:

لــە ئاســتی ڕێزمانــدا فرێــز یەكەیــەكی زۆر گرنگــی لقــی ڕستەســازییە، لێكۆڵینەوەكــەی ئێمــەش بــە ناونیشــانی (جۆرەكــانی خستنەســەر لــە زمــانی كوردیدا)یە، كە بە شێوەیەكی گشتی باس لە جۆرەكانی فرێزی ناوی دەكەین لەڕووی شێوە و فۆرمەوە، بەتایبەتیش جۆری فرێزی ناوی خستنەسەر لە ڕووی واتاوە، چونكە فرێزی ناوی خستنەسەر بڵاوترین جۆری فرێزی ناوییە لە زمانی كوردیدا، كە لە سەرە (دیارخراو) و (دیارخەر) پێكدێت، بە مۆرفیمی/ ی/ خستنەسەر بە یەكترەوە دەبەسترێنەوە. لەم جۆرەیاندا دیارخەر هەمیشە یەك جۆرە واتا و چەمك بە دیارخراو نادات، بەڵكو لە ڕووی واتاوە پەیوەندی و واتای جۆراوجۆری وەك: (خاوەنێتی، تایبەتێتی/ بەش لە گشت، لێكچوون، خواستن ...تد) دەبەخشێ، بواری لێكۆڵینەوەكەمان زیاتر پەیوەندی بە ئاستی ڕێزمان و واتاسازییەوە هەیە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەكە:

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە شیكردنەوەی ڕۆنانی فرێزی ناوی خستنەسەر و پۆلینكردنیان لە ڕووی واتاوە، تاكو ئێستا وەكو بابەتێكی سەربەخۆ لە زمانی كوردیدا شتێكی لە بارەوە نە نووسراوە، بە پێویستمان زانی ئەم لێكۆڵینەوەیە تایبەت كەین بۆ ئەم جۆرە لە فرێزی ناویدا.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەمان ڕێبازی وەسفی شیکارییە، کەرەسەی لێکۆڵینەوەکەش زاری کوردی ناوەڕاستە، نموونەکانیش بە شێوەیەکی گشتی لە دیوانی شاعیران بە تایبەتی شاعیرانی زاری کوردی ناوەڕاست وەرگیراون لە هەندێ شوێنیشدا ڕستەی خۆمان بەنموونە هێناوەتەوە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە بێجگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو تەوەرە پێکهاتووە:

تەوەرەی یەکەم: بە ناونیشانی (فرێز و جۆرەکانی فرێزی ناوی)یە، کە تیایدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە جۆرەکانی فرێز دەکرێت لە ڕووی پێکهاتن و شێوە و فۆڕمەوە، ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێ: (ڕستە و پێکهاتەی ڕستە، پێناسە و جۆری فرێز، فرێزی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە، فرێزی ناوی دیارخەری و خستنەسەر).

تەوەرەی دووەم: بە ناونیشانی (جۆرەکانی فرێزی ناوی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا) یە، لەم تەوەرەیەدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە جۆرەکانی فرێزی ناوی خستنەسەر دەکرێ لە ڕووی واتاوە، لەوانە: (خستنەسەری خاوەنێتی، تایبەتێتی/ بەش لە گشت، خواستن، بەیانی، لێکچوون، بنەچە/ ڕەچەڵەکی، ڕوونکردنەوە... تد).


ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراونەتە ڕوو، بە کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، هەروەها لیستی سەرچاوەکان کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هاتووە.

فرێز و جۆرەکانی فرێزی ناوی

ڕستە و پێکهاتەی ڕستە:

زۆربەی زمانەوانەکان بڕوایان وایە، کە ڕستە گەورەترین یەکەی سەربەخۆیە لە زماندا، بەڵام لەم دواییانەدا هەندێ لە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە بواری زمانەوانی فراوان بکەن بۆ ئاستی بەرزتر ئەویش ئاستی دەقە، واتە ئەوانە دان بە

بوونی دانەی گەورەتر دادەنێن کە بە دەق یان دیسکۆرس ناوی دەبەن. بەلاَم ئێمەش هەروەك زۆربەی زمانەوانەکان ڕستە بە گەورەترین دانە دادەنێین لە شیکردنەوەی ڕێزماندا (جۆن لاینز، ١٩٨٧، ٢١٨)، چونکە دەقیش هەر لە ڕستە پێکدێت، کاتێ لە ڕستە ورد دەبینەوە، دەبینین، وشە پێکهاتەیەکی ڕاستەوخۆی ڕستە نییە، بەڵکو وشە دوا پێکهێنی ڕستەیە، چونکە وشەکان بۆ ڕۆنانی گەورەتر لە ڕستەدا ڕێك دەخرێن ئەویش فرێزە، واتە گەورەترین کەرەستەی ڕستە لە زماندا فرێزە (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٩، ١٢٠). بەم جۆرە فرێز پێکهێنێکی ناوەندییە و دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە (ئەگەر ڕستە لە وشە دروستبوایە، ئەوا دەتوانرا وشەکان بە ویستی مرۆڤ بقرتێنرێن و لە تەکیشیدا هەر دروستەی ڕستەیەکی ڕێزماندروست و واتا ڕاست دەستبکەوێت) (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف،٢٠١٠، ١١)، بەلاَم وشە ڕۆڵێکی گرنگ وەك دوا پێکهێن لە پێکهاتەی ڕستەدا دەبینن بەمەش فرێز پێکهێنێکی ناوەندییە دەکەوێتە نێوان وشە و ڕستەوە (محەمەد مەعرووف فەتاح، ٢٠١٠، ٢١٧)، لە ڕووی ڕۆنانەوە فرێز لە وشە گەورەترە و لە ڕستەش بچووکترە، واتە فرێز لە وشە پێکدێت و ڕستەش لە فرێز. وشە بەبێ دەستوور و یاسا لە ڕووی بۆ لە یەکتر گەیشتن هیچ گرنگییەکی نییە تا بە پێی یاسا و دەستوور نەخرێتە ناو چوارچێوەی فرێزەوە، بۆ ئەوەی وشە کەڵکی لێ وەربگیرێ لە ناو ڕستەدا. پێکهاتەی ڕستەی کوردی بە شێوەیەکی هەرەمی لە چەند پێکهێنێك دروست بووە (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ١٩٨)، هەر یەکێك لە پێکهێنەکانیش کەتیگۆری هەیە(حاتەم وەلیا محەمەد، ٢٠٠٠، ٢٧). پێکهێنەکانی ڕستە لەم هێڵکارییەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:



ڕستە لـە هـەر زمانێکدا لـە چـەند بەشـێکی بنجـی پێکـدێت، هـەر دانـەیێکی ڕێزمانی بتوانیٚ دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێـڕی فرێزێـك پێکـدەهێنی ڕسـتەی سادە لە دوو فرێز پێکدێت فرێزی ناوی و فرێزی کاری (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ١٩٩).

پێناسە و جۆری فرێز:

کۆمەڵێك پێناسە بۆ فرێز کراوە، زمانەوانەکان هەریەکەیان لـە ڕوانگەیەکـەوە باسیانکردووە، بەڵام ئەوەی زۆر باوە و گشتییە ئەوەیە، کە دەڵێن: فرێـز بریتییـە لە ڕۆنانێك کە لە سەرە / دیارخراو و دیارخەریٚ یان چەند دیارخـەرێك پێکهـاتووە، بەمەرجێك تاکە وشەیەك بتوانێت جێگەی بگرێتـەوە لـە هـەر شـوێنێکی ڕسـتەدابن (محەمەد مەعرووف فەتاح، ٢٠١٠، ٢١٧)، یان فرێز بریتییە لە وشەیەك یان کۆمەڵە وشەیەك، کە وەك یەکەیەکی سینتاکسی لە جێکەوتەی تری ڕستەدا بـەکاربهێنرێت (عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ٢٠١٠، ١٣)، یان فرێز لـە مـۆرفیمێکی سـەربەخۆ یان زیـاتر پێکدێت، بەمـەرجێك پەیوەندییـەکی سینتاکسـیی بـەهێز لـە نێوانیانـدا هەبێت. وەك پێکهێنـەرێکی گەیەنـەر دەکەوێتـە نێـوان وشـە و ڕسـتە (دیـار عـەلی کـەمال، ٢٠٠٢، ٤٢)، یـان فرێـز بـەو یەکـە سینتاکسـییە دەگوترێـت، کـە لـە کەرەسەیەك یان زیاتر پێکدێت لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینـیٚ. فرێزەکـانیش بـە پێـی جـۆری سـەرە (دیارخراو)ەکـە دەتـوانریٚ چـەند جـۆرێکی لیٚ دەستنیشـان بکـریٚ لەوانـە: (فرێـزی نـاوی، فرێـزی ئاوەڵنـاوی، فرێـزی بەنـد، فرێـزی کـاری...). بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە فرێـزدا دوو کەرەسـتەی گـرنگ هـەن ئـەوانیش سـەرە (دیارخراو) و (دیارخەر)ن:

سـەرە: سـەرە لەهـەموو فرێزێکـدا هەیـە، بـەو کەرەسـەیە دەوتـریٚ، کـە کەرەسەی شـوێنکەوتوو هەڵدەبـژێری و تایبـەتی مۆرفۆسینتاکسـی تایبـەتی تـری دەداتیٚ، یان بەسەر خۆیدا دەسـەپێنیٚ. واتـە لـە دۆزینـەوەی سـەرەی ڕێزمانیـدا پێویستمان بە پێوەرێکی سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی دەبـیٚ، بـە پێـی ئـەم پێـوەرە دەکریٚ ئەم تایبەتییانەی خوارەوە بۆ سەرە دابنێین:

أ– سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیەکی ڕێزمانییـە، کە بۆ هـەموو فرێزەکـە دەگەڕێتـەوە. واتـە سـەرە مۆرفیمـە بەنـدە ڕێزمانییـەکان (گیرەکی ڕێزمانی) وەردەگرێ.

– پیاوێکی ئازا هاتبوو. (ێك) م. ڕێزمانی.

– کوڕەکەی دارا بەیەکەم دەرچوو.(ەکە) م. ڕێزمانی.

– منداڵانی ئێوە یاری دەکەن. (ان) م. ڕێزمانی.

ب– سەرە دەسەڵاتی بەسەر کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە هەیە.

ت– سـەرە لـە کـەس و ژمـارەدا لەگـەڵ شـوێنکەوتووەکانی خـۆی ڕێـك دەکەوێ. (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩، ٣١).

سەرەی واتایش ئەم تایبەتیيانەی هەیە:

أ– لە ناو فرێزەکەدا سەرە لا نادرێت. وەك:

– دەرگـای ژوورەکـە داخـراوە. (دەرگـا) سـەرە (دیـارخراو)ە. دەتـوانین دیارخەرەکە لاببەین و بڵێین : دەرگاکە داخراوە.

– قوتابییە هەژارەکە بە یەکەم دەرچوو. (قوتابییەکە) سەرەیە، دەتوانین دیارخەرەکە لاببەین و بڵێین : قوتابییەکە بەیەکەم دەرچوو.

ب–سەرە لە ڕووی واتاوە ئەو وشـەیە دەگەیـەنێت، کـە بابـەت دەگەیـەنێت، واتە هەموو بابەتەکە وشە سەرەکە دەگرێتەوە وەك:

– ئەم هەموو گوناهانە لە ئەستۆی تۆدایە. هەموو بابەت و باسە گشـتییەکە باسی (گوناه) ە.

ت–سەرە وشەی پۆلینکەرە، واتە ئەو بڕیار دەدات چ بەشی تر لە فرێزەکەدا هەبێت، واتە بەرپرسە لە پۆلینکردن.

دیارخەر: کەرەستەیەکی ناسەرەکیی فرێزە، کە چۆنیەتی یان حاڵـەتێك یـان ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی سەرە (دیارخراو)ەکە ڕادەگەیەنێت، دەتوانرێـت لـە نـاو فرێزەکە لابدرێت بێ ئەوەی فرێزەکە تێکبچێت.

لەبەر ئەوەی کارەکەی ئێمە تایبەتە بە فرێزی نـاوی بۆیـە تـەنیا لـەم جـۆرە فرێزە دەدوێین لە ڕووی پێکهاتن و واتا و جۆرەکانییەوە.

فرێزی ناوی:

ئەو بەشە بنجییەی ڕستەیە، کە پێکهاتەکەی لە کەرەسەیەکی سەرەکی سەرە (دیارخراو) و کەرەسەیەك یان چەند کەرەسەیەکی ناسەرەکی (دیارخەر) پێکدێت. هەندێ لەم کەرەسە ناسەرەکییانە (دیارخەر) پێش سەرەکە دەکەون بە بێ ئامراز و هەندێکی تریان دوای سەرە دەکەون بەهۆی چەند ئامرازێکەوە (ڤیان سلێمان حاجی، ٢٠٠١، ٢٩)، واتە لە فرێزی ناویدا هەموو کەرەسەکان لە ژێر دەسەلاّتی ناوەکەدا دەبن، سەرەکە (دیارخراو) بۆی هەیە بە هۆی دیارخەرێکەوە، یان چەند دیارخەرێکەوە فراوان بکرێت، بە واتایەکی تر فرێزی ناوی ئەو پێکهێنەی ڕستەیە، کە لە سادەترین ڕۆناندا لە ناوێك پێکدێت، بۆ گەورەترین ڕۆنانیش کۆتاییەکی کراوەی هەیە، بەلاّم لە ڕووی کارەکییەوە هەموو فرێزێك کۆتاییەکی داخراوی هەیە، چونکە سنووردارێی توانای دەربڕینی قسەکەر و سنووردارێی توانای تێگەیشتنی گوێگریش ڕێگە لە بێ کۆتابوونی درێژی فرێز دەگرن. دیاردەی فراوانکردنەکەش تایبەتە بە سروشتی فرێز لە زمانی کوردیدا (دیار عەلی کەمال، ٢٠٠٢، ٣٦)، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی ناو دەوری سەرە دەبینێ، بەلاّم بەشەکانی تری ئاخاوتنیش ئەوانەی پێیان دەوترێ ناوئاسا دەتوانن ئەم ڕۆڵە ببینن لە فرێزی ناویدا. فرێزی ناوی جۆری زۆرە لەوانە:

<u>فرێزی ناوی لە ڕووی ڕۆنانەوە</u>

فرێزی ناوی لەڕووی ڕۆنانەوە دەکرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

١- فرێزی ناوی سادە: بەم جۆرە فرێزانە دەوترێ، کە لە سەرەیەك، یان لە سەرەیەك و دیارخەرێك، یان چەند دیارخەرێك پێکدێ، ئینجا ئەم کەرەسانە بە هۆی ئامرازەوە لێکدرابن یان بێ ئامراز. فرێزی ناوی سادەش دوو جۆری هەیە:

أ- فرێزی ناوی سادەی ناوك (سادەترین فرێزی ناوی):

ئەم جۆرە فرێزە لە زمانی کوردیدا تەنیا لە ناوێك، یان ناوئاسایەك پێکدێت و هیچ دیارخەرێکی لەگەڵدا بەکارنایێت، بەڵکو ناوەکە خۆی دەبێتە (سەرە)ی فرێزەکە (تالیب حوسێن، ١٩٩٨، ١٦). وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- <u>دارا</u> بەیەکەم دەرچوو.
- <u>ئێوە</u> فرۆشتتان.
- <u>بەهار</u> خۆشە.

ب– فرێزی ناوی سادەی فراوانكراو

ئـەم جـۆرە فرێزانـە دەگرێتـەوە كـە سـەرەكە دیارخـەرێك یـا زیـاتر لـە دیارخەرێكی لەگەڵدا دەبێت، واتـە كۆمـەڵێك كەرەسـەی ناسـەربەخۆ بەشـداری لـە فراوانكردنی فرێزی ناویدا دەكـەن، دیارخـەرەكان لـە فرێـزی ناویـدا دەبـن بـە دوو بەشەوە:

١– دیارخەری پێش سەرە:

لـەم جـۆرە فرێـزەدا دیارخـەرەكان پـێش سـەرە دەكـەون، كـە بـە هـۆی پەیوەندییەكی سینتاكسی لە یەك دەدرێت. ئەو كەرەسانەی، كـە دەوری دیارخـەر دەبینن دەچنە پێش سەرە بریتین لە (مـۆرفیمی هـەر تـەنیا، جێنـاوی نیشـانە، ژمـارە، مـۆرفیمی پـرس، ڕادە (چـەندێتی)، نازنـاو، نـەفی، ئاوەڵنـاوی پلـەی باڵا....هتد)، لەم نموونانەی خوارەوە ڕوون دەبێتەوە:

- هەر كەس خۆی بێت.
- تەنیا كاوە هاتووە.
- ئەو كتێبە بێنە.
- دوو قوتابی دەرچوونە.
- چەند تیرۆرستێك هەڵاتوون.
- هەندێ هەنارم كڕیوە.
- هیچ شت لێرە نییە.
- مامۆستا دارا نەخۆشە.
- مەلا ئازاد دوێنێ كۆچی دوایی كرد.
- باشترین هاوڕێم هەڵبژاردووە.

مەرج نییە هەموو ئەو كەرەسانە لە گرێیەكی ناویدا بەسەر یەكەوە دەركەون، بەڵام دەشێ دوو كەرەسە یان زیاتر لەو كەرەسانە بە یەكەوە دەركەون. وەك

- هەر تەنیا ئەو دوو دزە دەستگیر كراون.
- ئەو هەموو برادەرانەم بانگ كردووە.

٢- دیارخەری دوای سەرە:

ئەم جۆرە فرێزە بلاۆترین جۆری فرێزی ناوییە لە زمانی كوردیدا، كە لە سەرە و دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك پێكدێت، دیارخەرەكان دوای سەرە دەكەون بە هۆی ئامرازی خستنە سەری (ی ، ە)ەوە. ئەو دیارخەرانەی دوای سەرە دەكەون لە فرێزی ناویدا بریتین لە مانەی خوارەوە:

ناو ———— كتێبەكەی نەسرین بلاۆكرایەوە.

ئاوەڵناو———— پیاوی ڕاستگۆ متمانەی پێ دەكرێ.

چاوگ ———— ژووری نوستنیان گەورەیە.

جێناو ———— منداڵەكەی ئێمە نەخۆشە.

ئەگەر فرێزی ناوییەكە ناسراو كرابوو، ئەوا ئامرازی خستنەسەری (ی) دەگۆڕێ بۆ(ە)، مۆرفیمی ناسراوەكەش دەچێتە سەر دوا دیارخەر. وەك لەم نموونانە دەردەكەوێ:

- گوڵی جوان لە باخەكەمان زۆرە.
- گوڵە جوانەكە لە باخەكەمان وشك بوو.
- گوڵە سوورە گەشە جوانەكە لە باخەكەمان وشك بوو.

بەلاّم ئەگەر فرێزی ناوییەكە دۆخی خاوەنێتی بوو، وەسفی نەبوو، ئەوا مۆرفیمی ناسراوەكە هەر لەسەر ناوەكە (سەرەكە) دەمێنێتەوە ناچێتە سەر دیارخەرەكە، ئامرازی خستنەسەرەكەش ناگۆڕێ. وەك ئەم نموونانە:

- قەڵەمەكەی ئازاد شكا.
- كوڕەكەی تۆ زیرەكە.

فرێزی ناوی دەتوانرێ فراوان بكرێ بە لێكدانی هەردوو جۆرە دیارخەرەكان (دیارخەری پێش سەرە و دوای سەرە) وەك:

- ئەم هەموو گوڵە جوانانەی ئێوە وشك بوون.

٢- **فرێزی ناوی لێكدراو:** ئەم جۆرە فرێزە دەگرێتەوە، كە لە دوو فرێزی سادە، یان زیاتر پێكدێت بە پێی پێویست. هەریەك لە فرێزە سادەكان فرێزی

سەربەخۆن لە رووی فۆرم و واتاوە، کە بە هۆی مۆرفیمی (و) لێك دەدرێن (ساجیدە عەبدوڵلا و تالیب حوسێن، ٢٠٠٦، ٧٣٩). ئەم شێوانە دەگرێتەوە:

أ- لێکدانی دوو فرێزی ناوی سادەی ناوك یان زیاتر بەیارمەتی مۆرفیمی (و)، وەك:

- دایك و کچ بە تەنیا مابوونەوە.
- کتێب و دەفتەر و کاغەز بە کوردی گەر بنووسرایە زوبانی مەلا و شێخ و پیر و پادشامان **هەتا مەحشەر دەما ناونیشانی**

ب- لێکدانی دوو گرێی ناوی سادەی فراوانکراو وەك:

- ئەو هەموو هەستە ناسك و ئەم سۆزە گەرمانە وایان لێکردم هەوڵبدەم.

٣- فرێزی ناوی ئاڵۆز:

ئەو جۆرە فرێزە دەگرێتەوە، کە زیاتر لە لێکدانەوە و بۆچوونێکی هەیە، واتە تەمومژییەك لە نێوان کەرەسەکانی فرێزەکە و ڕۆنانەکەی پەیدا دەبێ، کە وای لێدەکات دوو جۆر لێکدانەوە یان زیاتر بۆ فرێزەکە بێتە ئاراوە، بە شێوەیەکی گشتی هەردوو ئامرازی (و،ی) پێکەوە بەشداری لە دروستکردنی ئەم جۆرە فرێزەدا دەکەن، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- کتێب و دەفتەر و جانتای هاوڕێکەیان هێنابوو.
- {کتێب و دەفتەر و (جانتای هاوڕێکە)}یان هێنابوو.
- {(کتێب و دەفتەر و جانتا)ی هاوڕێکە}یان هێنابوو.

- دارا و کاوە و ئاواتی برام ئاگادار بوون.
- {دارا و کاوە و (ئاواتی برام)} ئاگادار بوون.
- {(دارا و کاوە و ئاواتی) برام} ئاگادار بوون.

فرێزی ناوی هەریەك لەم ڕستانەی سەرەوە دوو لێکدانەوە هەڵدەگرن، چونکە دیارخەری هەریەك لە فرێزەکان (هاوڕێ، برا) جارێکیان تەنیا بۆ ناوی دوایی دەگەڕێتەوە و جارێکی تریشیان بۆ هەموو ناوەکان دەگەڕێتەوە.

هەندێ لە زمانەوانان دوو جۆری تر لە فرێزی ناوی دەستنیشان دەکەن ئەوانیش ئەم جۆرانەن:

١- فرێزی دیارخەری:

فرێزی دیارخەری لە زمانی کوردیدا تەنیا لە ناو دروستە لە ناو یەکشکاوەکاندا بوونی هەیە، ئەویش بەوە خۆی لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە، کە دەبێت ناوەکەی دەوری (سەرە) دەگێڕێ (ناوێکی گشتی) بێت، نەك ناوی تایبەتی کەس، چونکە ناوی تایبەتی و جێناو بەتەنیا گۆکردنی ڕێزمانی وەك فرێزیان هەیە، بەڵام ناوی گشتی بە تەنیا گۆکردنی فرێزی نییە، مەگەر بە هۆی دیارخەرەکانەوە نەبێ، کە دەکرێن بە فرێزی دیارخەری. وەك:

- کوڕە ئازاکە
- کچە جوانەکە

٢- فرێزی ناوی خستنەسەر ئەویش دەکرێت بە دوو جۆر:

أ- خستنەسەری خاوەندارێتی ئەویش دوو جۆرە:

١- خستنەسەری خاوەندارێتی ڕووت: لەم جۆرەیەدا مۆرفیمی (ی) ی خاوەندارێتی پەیوەندییەکی خاوەندارێتی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی خستنەسەریش لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزێکی ناوی دەدات (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠١، ٥٣)، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- دەستی من
- چاوی تۆ
- دڵی ئازاد
- ئاوازی خوشکم

٢- خستنەسەری خاوەندارێتی زگماکی: ئەم جۆرە فرێزە خاوەندارێتییە وەك خاوەندارێتی ڕووتە، ناوی یەکەم سەرەیە و ناوی دووەمیش دیارخەرە و خاوەنێکی زگماکی و هەمیشەیی ناوی یەکەمە وەك:

- قاسپەی کەو
- حیلەی ئەسپ
- جریوەی چۆلەکە

ب- خستنەسـەری تایبـەتی: ئـەم جـۆرە خستنەسـەرە وەك خستنەسـەری خاوەندارییە، مۆرفیمی (ی) دەوری هەیە بۆ لێكدانیان، بەلاَم دیارخەرەكـەی نـاوی تایبەتییە وەك:

- شاری هەولێر
- چیای سەفین
- ئاوی سیروان.

بەلاَم ئێمە لە تەوەرەی دووەمدا تـەنیا باسـی ئـەو جۆرەیـان دەكـەین، كـە پێیان دەوترێت فرێزی ناوی خستنەسەر لـە ڕووی واتـاوە، چـونكە ئـەم جۆرەیـان پەیوەندی بە بابەتەكەی ئێمەوە هەیە.

تەوەرەی دووەم
جۆرەكانی فرێزی ناوی خستنەسەر لە زمانی كوردیدا
خستنەسەر:

خستنەسەر بەو حاڵەتە دەگوترێ كە ناوێك بـە وشـەیەك زیـاد دەبێـت، تـا چۆنیەتی و حاڵـەتی ناوەكـە دەربـڕێ یـان ڕوونكردنەوەیـەك لـە بـارەی ناوەكـەوە بدات. بەو ناوە یان جێناوەی بە ناوێكی دیكە زیاد دەبێت تا واتاكەی تـەواو بكـات دەوترێت دیارخەر (مضاف الیـە) و ئـەو نـاوەی كـە مەبەسـتی سـەرەكی قسـەكەر بـووە و ئـەم وشـەیە بـۆ ڕوونكردنـەوە و تـەواوكردنی واتاكـەی بـەكارهاتووە بـە دیـارخراو (مضـاف) نـاو دەبـرێ (دكـتر ناتـل خـانلری، ١٣٧٧، ٨٦). جۆرەكـانی خستنەسەر یەكێكە لە ڕێگاكانی لێكدانەوە و شیكردنەوەی ڕۆنـانی واتـایی فرێـزی ناوی و پۆلینكردنیان لە ڕووی واتاوە. لە فرێزدا خستنەسەر (الإضافة) زاراوەیەكـە كە هەموو ئەو فرێزە ناوییانـە دەگرێتـەوە كـە پێكهێنـەكانیان بـە هـۆی مـۆرفیمی بەسـتنەوەی/ی/ پێكـەوە دەبەسـترێنەوە (علـی اشـرف صـادقی، ١٣٨٤، ٤٤٨). دەتوانین بڵێین: فرێزی ناوی خستنەسەر بلاَوترین جۆری فرێـزی ناوییـە لـە زمـانی كوردیدا لە سەرە (دیـارخراو) و دیارخـەر پێكهـاتووە، كـە بـە یارمـەتی مـۆرفیمی خستنەسەری /ی/ بە یەكترەوە بەستراون، واتە ئەگەر پەیوەنـدی نێـوان ناوەكـان لە سەر بناغەی (هەیی)دا بێ ناوەكان بە مۆرفیمی خستنەسەری (ی) لێك دەدرێـن

(وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٤، ٣١٦). سەرە (دیارخراو) دەبێ ناو بێت، دیارخەریش لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەم بەشانەی ئاخاوتن: ناو، ئاوەڵناو، جێناو، چاوگ...تد (محەمەد مەعرووف فەتاح، ٢٠١٠، ٢١٨). بەم جۆرەی خوارەوە:

- دەمی خەڵك بە ئێمە ناگیرێ. دەم + ی + خەڵك ــــــــ ناو +ئا+ ناو.
- هۆڵی خوێندن گەورەیە. هۆڵ+ی+ خوێندن ــــــــ ناو+ئا+ چاوگ.
- شاری ئێوە بەناو بانگە. شار+ ی+ئێوە ــــــــ ناو +ئا+ جێناو.
- مندالّی بچووك خۆشەویستە. مندالّ +ی+ بچووك ــــــ ناو+ ئا+ ئاوەڵناو.

ڕۆنانی خستنەسەر بەو فرێزە ناوییە دەگوترێ کە ناوکی فرێزە ناوییەکەی دیارخراو (مضاف) بە ناو یان وشەیێکی دیکە دیارخەر (**مضاف الیه**)یەوە دەبەستڕێتەوە. ئەگەرچی لەڕووی فۆرم و شێوە و پێکهاتنەوە فرێزی ناوی خستنەسەر یەك شێوەیان هەیە، کە بە یەك یاسا دادەڕێژرێن ئەویش بەم شێوەیە: {سەرە (دیارخراو) + م (ی) + (دیارخەر) }، بەلاّم لە ڕووی واتاوە هاوسەنگی و یەکسانی و یەك واتایی بەدەستەوە نادات، واتە لە ڕووی واتاییەوە جیاوازییان هەیە، بە واتایەکی تر (دیارخەر) هەمیشە یەك جۆرە واتا و چەمك بە (دیارخراو) نادات، بەڵکو پەیوەندی جۆراوجۆر پەیدا دەکات(حەسەن ئەنوەری و حەسەن ئەحمەدی گیوی، ١٣٧٥، ١٢٥). بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بکە:

١-نەمبیستووە هەرگیز لە دەمت بێنی وەفایێ
هەرچەندە سەراپا گوڵی، ئەمما گوڵی هێرۆ (نالی، ١٩٨٦، ٣٨٦).
٢- هاوڕێی باشم هەڵبژاردووە.

لە نموونەی (١)دا وشەی (هێرۆ) ناوێکی تایبەت و سەربەخۆیە و خستنەسەری هێرۆ بۆ گوڵ، واتە لەناو جۆرەها گوڵدا (هێرۆ)مان مەبەستە، لە نموونەی (٢)دا وشەی (باش) وەسفی وشەی یەکەم دەکا و لە واقیعدا سیفەتییەتی.


واتە شێوەی پێکهاتنی خستنەسەر بە پێی بەشەکانی ئاخاوتن بەم شێوەیە:

- ناو + ی + ناو = فرێزی ناوی خستنەسەر

– ناو + ی +ئاوەڵناو = فرێزی ناوی خستنەسەر

ئەم یاسایەی سەرەوە پێکهاتەی فرێزی ناوی خستنە سەرە لـە ڕووی شـێوە و پێکهاتنەوە، بەڵام دەتوانرێ ئەم خستنەسـەرە لـە ڕوانگـەی واتاسـازییەوە لێـی بڕوانرێ و چـەندین واتـا و مەبەسـتی جیـاوازی بـەپێی جۆرەکـانی لێ دەستنیشـان بکرێ.

لە زۆربەی زمانەکانـدا بـە پێـی ڕێزمـانی ئێسـتا فرێـزی دیارخـەری/ دیارکـەر لەجیاتی فرێزی نـاوی بـەکاردێت، چـونکە دیارخـەرەکان دەتـوانن بـبن بەسـەرەی ئەرکی بە تایبەتی ئەو فرێزە ناوییانـەی کـە ئـامرازی (ی) خستنەسـەریان هەیـە و پێیـان دەوترێـت فرێـزی نـاوی خستنەسـەر، بـە وەی (ی) ی خستنەسـەر دەبنـە سـەرەی دیارخـەری وەکـو (سـپێك) وەردەگـرێ، بـەم شـێوەی خـوارەوە: (D و(DP



(سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٩، ٤٧)

جۆرەکانی فرێزی ناوی:

زمانەوانان بۆ مەبەستی دیـاریکردنی سـنوور و جۆرەکـانی بـە شـێوەی جیـا جیا فرێزیان پۆلێن کردووە، هەروەك ئاشکرایە فرێز لە ڕووی پێکهاتن و دارشـتن و ئەرك و واتاوە دابەش کراوەتە سەر چـەند جـۆرێکی دیـاریکراو، ئـەم جۆرانـەی لـە زمانی کوردیدا دەستنیشان کراون، فرێز لە ڕووی پێکهاتن و ڕۆنانەوە فرێزی سادە (نـاوك و فراوانکـراو) و لێکـدراو و ئـاڵۆز دەگرێتـەوە (سـاجیدە عەبـدوڵڵا و تالیـب حوسێن، ٢٠٠٦، ٧٣٦)، فرێـز بـە پێـی جـۆری سـەرە (دیارخراو)ەکـە بـۆ (فرێـزی

ناوی، ئاوەڵناوی، بەند، كاری، ئاوەڵكاری) دابەش كراوە (حاتەم وەلیا محەمەد، ٢٠٠٠، ٣٥). فرێزی ناوی خستنەسەریش لە ڕووی واتاوە دەكرێت بەچەند جۆرێكەوە، هەندێكیان پێنج جۆریان دەستنیشان كردووە لە وانە: (خاوەنداریەتی، تایبەتێتی، بەیانی، وێكچوو/تەشبیهی، خوازەیی) (ڕەشید یاسەمی و ئەوانی تر، ١٣٨٠، ٥١)، هەندێكی تریان دەڵێن: ئەگەر دیارخەر ئاوەڵناو بوو نابێتە خستنەسەر، بەڵام ئەگەر دیارخەرەكە ناو بوو ئەوە خستنەسەرە و دابەشی سەر دوو جۆری دەكەن لەوانە (خستنەسەری پەیوەندیدار و بێ پەیوەندی) لە خستنەسەری پەیوەندیداردا لە نێوان سەرە (دیارخراو) و دیارخەردا پەیوەندی خاوەندارێتی هەیە، بەڵام لە خستنەسەری بێ پەیوەندی ئەم پەیوەندییە نییە، (تقی وحیدیان و غلام ڕەزا عمرانی، ١٣٨٦، ٨٠)، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- خستنەسەری پەیوەندیدار ـــــــ شانامەی فیردەوسی.
  كوڕی دراوسێ.
- خستنەسەری بێ پەیوەندی ـــــ دەستی تەماح،
  دەستی ڕۆژگار.

هەندێكی تریشیان باسی هەشت جۆر لە خستنەسەر دەكەن (حەسەن ئەنوەری و یوسف عالی، ١٣٨٩، ٤٣-٤٦).

جۆرەكانی خستنەسەر لە فرێزی ناویدا لە ڕووی واتاوە:

شیكردنەوەی واتای فرێز یەكێكە لە ئامانجەكانی سیمانتیك، كە واتای فرێز لە سنووری سیمانتیك لێكبدەنەوە، ئەم لێكۆڵینەوەی ئێمەش هەوڵێكە بۆ زانینی ئەوەی ئەم لایەنە تا چەند لەگەڵ زمانی كوردی ڕێكدەكەوێت و تاچەند دەتوانێ لێكدانەوەیەكی گونجاو بۆ واتای فرێز بكات، بە واتایەكی تر فرێز یەكێكە لە دانە سەرەكییەكانی واتا و مەبەست لە واتای فرێز واتا سیمانتیكیەكەیەتی، كە تیایدا وشە یەكەیەكی بنچینەی واتایە و بەشێك لە واتای فرێز دەگرێتەوە و چەمكی بیری ڕاستەقینەی ئەم وشانەش هەر لە فرێزدا بەدیاردەكەوێ. واتای فرێز تەنیا بە واتای وشەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵكو بە هەموو ئەو واتایانەش بەستراونەتەوە كە

لەگەڵی بەکاردێن (میشال زکریا، ١٩٨٠، ٢١١)، واتە واتای فرێز بە زانینی واتای وشەکان تەواو نابێت و گرنگی ریزکردنی ئەم وشانەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر واتاکەیدا هەیە (بالمر، ١٩٨١، ٥٠).

خستنەسەر لە فرێزی ناویدا لە ڕووی واتاوە دەتوانین بەم شێوانەی خوارەوە پۆلینیان بکەین:

١- **خستنەسەری خاوەنێتی:** لەم جۆرەیاندا پەیوەندیی خاوەن و خاوەندارێتی لە نێوان دیارخراو و دیارخەر هەیە، واتە دەبێ دیارخەر توانای خاوەندارێتی هەبێ، هەروەها سەرە (دیارخراو)یش دەتوانێ خاوەندارێتی بکات، ئەوەی باوە لەم جۆرەیاندا (دیارخەر) بە شێوەیەکی گشتی ناوی مرۆڤە، جۆرەکەشی خستنەسەری خاوەنێتی (موڵك بە خاوەنە). وەك:

دیارخراو (موڵك) +ی + دیارخەر (خاوەن)

- کتێبەکەی کاوە دزرا.
- جانتای پەروین سوورە.
- ماڵی دارا سووتا.

لەم جۆرە خستنەسەرەدا وشەی (کتێب، جانتا، ماڵ) کە ڕۆڵی دیارخراویان بینیوە، دەتوانن ببن بە موڵکی وشەی (کاوە، پەروین، دارا)، کە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە، ئەمانیش دەتوانن خاوەندارێتی شتەکان بکەن یان ببنە خاوەنی، کە دیارخراوەکانن. هەروەها لەم جۆرەیاندا جێناوە کەسییەکانی خاوەنی دەتوانن ببنە دیارخەری دیارخراوەکە، لەم بارەدا واتای خاوەنێتی ڕادەگەیەنن و دیارخراوەکە دەبێتە موڵکیان وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

- هاوڕێی من زۆر دڵسۆزە.
- دایکی ئێمە نەخۆشە.

لەم ڕستانەی سەرەوە وشەکانی (هاوڕێ، دایك) ناوی گشتین و دیارخراون، /ی/ مۆرفیمی خستنەسەرە، (من، ئێمە) جێناوی کەسی خاوەنین دیارخەرن.

بەڵام ئەگەر دیارخراو یەکێك بوو لە ناوەکانی (خودا، ساحێب، خاوەن ...) ئەوا خستنەسەری خاوەندارێتی (خاوەن بە موڵکە) بە پێچەوانەی یەکەم (حسن انوری و حسن احمدی گیوی: ١٣٧٥،١٢٥) وەك:

دیارخراو (خاوەن) +ی + دیارخەر (موڵك)

- خودای ئێمە گەورە و بە ڕەحمە.
- گەدایەکی وەکو مەحوی، قەڵەندەرێکی کورد

میثالی پادشەهی فورسە صاحێبی دیوان (مەحوی، ١٩٧٧، ١).

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەی (خودا، ساحێب)، کە ڕۆڵی دیارخراویان بینیوە خاوەن موڵکن، وشەی (ئێمەو، دیوان)، کە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە، موڵکەکەن.

٢- **خستنەسەری تایبەتێتی/ بەش لە گشت:** جۆرێکە لە پەیوەندیی نێوان دوو وشە لە ڕووی واتاییەوە کە یەکێکیان ئاماژە بۆ بەشێك دەکات لەوەکەی تر کە ئاماژەی بۆ دەکات (یوسف شەریف سەعید، ٢٠١١، ١٥٥)، لەم جۆرەیاندا دیارخراو لەگەڵ دیارخەر تایبەت کراوە، واتە دەبێت دیارخراو بەشێکی تایبەتکراوبێ بۆ دیارخەر (حسن انوری و حسن احمدی گیوی: ١٣٧٥، ١٢٥)، دەتوانین بەم جۆرەیان بوترێ بەش لە گشت، چونکە لە نێوان دیارخەر و دیارخراودا پەیوەندییەك هەیە، دیارخراو بەشە و دیارخەر گشتە، واتە دیارخراو جۆرێك نییە لە دیارخەر، وەك:

- لقی دارەکە شکا.
- دەرگای ژوورەکە لەسەرمان داخرا.
- پێچکەی مێزەکە شکاوە.
- شووشەی پەنجەرە شکا.

لەم جۆرەیاندا هەر یەك لە وشەکانی (لق، دەرگا، پێچکە، شووشە) کە ڕۆڵی دیارخراویان بینیوە بەشن، وشەکانی هەریەك لە (دار، ژوور، مێز، پەنجەرە)ش، کە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە گشتن.

جیاوازیی نێوان خستنەسەری خاوەنێتی و تایبەتێتی ئەوەیە، کە لە خستنەسەری خاوەنێتی (بێجگە لە خودا) بە شێوەیەکی گشتی دیارخەر ناوی مرۆڤە و توانای خاوەندارێتی هەیە، بەڵام لە خستنەسەری تایبەتێتیدا بەم شێوەیە نییە، واتە مەرج نییە دیارخەر تەنیا ناوی مرۆڤ بێ شت (بێگیان)یش دەگرێتەوە، دیارخراو بەشێکە لە دیارخەر کە گشتە.

٣- **خستنەسەری هاوڕێیەتی:** هاوڕێیەتی واتە پەیوەندیی ئاسایی وشەیەك بە هەندێ وشەی دەستنیشانکراوی دیکە، چەمکی هاوڕێیەتی دەگەڕێتەوە بۆ گونجانی واتای وشەکان لەگەڵ یەکتردا لە ڕووی پێکەوەهاتندا، واتە هەندێ وشە هەن، کە سنووری بەکارهێنانیان زۆر تەسکە و تەنیا لەگەڵ وشەیەکدا دەبنە هاوڕێ. واتە بەدواداهاتنی وشە لە سنووری فرێز بە پێی سیستەمێکی دیاریکراو پێی دەوترێت هاوڕێیەتی. ئەم جۆرە واتایە پەیوەندییەکی شوێنی ئاسۆیییە لە ئەنجامی هاوبەشیکردنی وشەیەك لەگەڵ وشەی تردا پەیدای دەکات. لەم جۆرەیاندا لە نێوان دیارخراو و دیارخەر پەیوەندیی هاوڕێیەتی یان نزیکایەتی هەیە (حسن انوری و یوسف عالی: ١٣٨٩، ٤٤) وەك:

- درۆی نیسان لای خەڵك باوە.
- حاکمانی مەحکەمە ناموە سییان
قەت نەماوە غیرەت و ناموسیان (نالی، ١٩٧٦، ٣٢٥).

- جریوەی چۆلەکە و شەقەی باڵی مەل
وەك مۆسیقایە لەم کەل بۆ ئەو کەل (ئەخۆل، ١٩٨٤، ٩).
- قاسپەی کەو دێ لە ناو چیایە ...

لە خستنەسەری هاوڕێیەتی وشەکانی (درۆ، حاکم، جریوە، قاسپە)، کە ڕۆڵی دیارخراویان بینیوە هەریەك لەویتریان جیایە بە هۆی ئەوەوە، کە هەر یەکەیان لەگەڵ ناوێکی جیاوازی وەك (نیسان، مەحکەمە، چۆلەکە، کەو)، هەڵسوکەوت دەکات و دێت، کە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە، چونکە کاتێك دەڵێین (درۆ) هاوڕێی (نیسان)ە، یان حاکم هاوڕێی مەحکەمەیە واتە پەیوەندییان پێکەوە هەیە و جریوەش هاوڕێی چۆلەکەیە و قاسپەش هاوڕێی کەوە.

٤- **خستنەسەری وەسفی:** لەم جۆرەیاندا پێکهاتەی خستنەسەر لە دیارخراو و دیارخەر (صفه و موصوف) پێکهاتووە، کە دیارخەر لەم جۆرەیاندا دەبێ ئاوەڵناوبێت وەك:

- گوڵی جوان لە باخەکەمان زۆرە.

- ژیان لەگەڵ پیاوی دڵپیس زۆر زەحمەتە.
- عاشقی صونعی حەقم، قوربانی ڕەنگی قودرەتم
- چاوی ماوی، خاڵی شین، كوڵمی سپی، زولفی سیا (نالی، ١٢٩،١٩٧٦).

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەی (جوان، دڵپیس، ماوی، شین، سپی، سیا) كە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە وەسفی هەریەك لە وشەی (ژن، پیاو، چاو، خاڵ، كوڵم، زولف) دەكەن، لە واقیعدا سیفەتیانن و بۆخۆیان بە تەنیا سەربەخۆ نین و بە وشەی یەكەم كە دیارخراوەكانن گرێدراون و بوونیان پەیدا كردووە، واتە لە وەسفكراو و سیفەت پێكهاتوون.

٥- **خستنەسەری ڕەگەزی (بەیانی):** لەم جۆرەیاندا دیارخەر ڕەگەز یان جۆری دیارخراو دەستنیشان یان بەیان دەكات (نووری عەلی ئەمین: ١٩٥٦، ٧٢)، وەك:

- ڕێگەی ئاسن دەچێتە شاخی هەورامانەوە

هەركە كەوتە دەستی كوردی چارەنووس و كاری كورد (هێمن، ١٩٨٦، ٨٦).

- ئەنگوستیلەی زێڕی لە دەست بوو.
- دائیم لە دووتە مێگەلی ژن، نێرگەلی پیاو.

بەم ڕیشەوە لە پێشەوە بوبی بەسەر گەلە (نالی، ١٩٧٦، ٤٦٨).

- لاوی كورد مەردە، لە مردن قەتعییەن باكی نییە

پەندی پێشینانە، ڕاستە " بەرخی نێر بۆ سەربڕین" (بێ كەس، ١٩٨٠، ٧٩).

خستنەسەری بەیانیش دەكرێت بەم جۆرانەی خوارەوە:

خستنەسەری جەختكردنەوە: ئەم جۆرە خستنەسەرە لە جۆرەكانی خستنەسەری بەیانییە (حسن انوری و یوسف عالی: ١٣٨٩، ٤٤)، دیارخەر كەس و تایبەتی دیارخراوەكە بەیان یان دەستنیشان دەكات. لەم جۆرەیاندا جێناوی خۆیی خاوەندێتی (خۆ) دەتوانێ ڕۆڵی (دیارخەر) ببینێ بۆ دیارخراو، كە بۆ

چـڕكردنەوە و بـەهێزكردنی واتـای خاوەندێتییـە و بێگومـانی و جەختكردنـەوەی تێدایە (سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٩، ١٢٩) وەك:

- خانووەكەی خۆم ڕووخا.
- خانووەكەم ڕووخا.
- من كتێبەكانی خۆم نافرۆشم. (وریا عومەر ئـەمین، ١٩٩٨، ٧). دەتـوانین (خۆ) لابدرێ بێ ئەوەی واتاكەی بشێوێ وەك:
- من كتێبەكانم نافرۆشم.

أ- **خستنەسەری برێتی:** ئەم جۆرەشیان خۆی لـە جۆرەكـانی خستنەسـەری جەختكردنـە، دەتـوانرێ لـەم جۆرەیانـدا (ی) خستنەسـەر و دیـارخراو لابـبرێ و شوێنی كەرتەكانی فرێزەكە دیارخەر لە بری دابنرێ وەك:

- تەواوی خەڵك ئاگادار بوون. خەڵك بە تەواوی ئاگـادار بـوون، یـان خـەڵك ئاگادار بوون.

ب- **خستنەسەری بكەری و بەركاری:** خستنەسـەری چـاوگ و نـاوی چـاوگ بكەری یان بەركارین وەك:

- ڕۆیشتنی ئەو لە شوێنی خۆی بوو. (خستنەسەری بكەری)
- ڕەفتاری ئێوە بە دڵی ئێمە نییە.
- بینینی دنیا ــــــــ (خستنەسەری بەركاری)
- وەڵامی ئەو بۆ ئێمە گرنگ بوو.
- خستنەسەری بنەچە/ ڕەچەڵەك (نەسەب): لە خستنەسەری بنەچە منـداڵ و بـاوك و تـیرە و هـۆز و عەشـیرەتی ڕوون دەكاتـەوە، دیـارخراو نـاوی منـداڵ و دیارخەر ناوی باوك یا دایك، یان عەشیرەتە، لەم جۆرەیانـدا (ی) خستنەسـەر لـە جیاتی وشەی (كوڕ) دێت، وەك:
- تەبیعەت حاتەمی تائی، لە فیكرا چەشنی لوقمانە

لە حیلم و حەوسـەڵە و ئیشـدا دڵـی ڕەق ڕەق وەكـو بـەردە (بـێ كـەس، ١٩٨٠، ٢٢٦).

- **هاوارە قالەی ئایشەخانم ڕۆ!**

هاوارە قالەی نەوجەوانم ڕۆ! (بێ كەس، ١٩٨٠، ١٦٠).

– ئاهـەنگێكی گـەورە بـە بۆنـەی لـەدایكبوونی عیسـای مەریـەم لـە هـەولێر سازكرا.

– كەریم خانی زەند ...

لـە جۆرەكـانی خستنەسـەری بنەچـەدا ئـەوەی، كـە ئـەمڕۆ زۆر بـاوە خستنەسەری ناوی كەسـە بـە نـاوی بنەماڵـە (حەسـەن ئـەنوەری و یوسـف عـالی: ١٣٨٩، ٤٤)، وەك:

– محەمەد ڕەزای باتینی زمانەوانێكی بەناوبانگە.

– شیعرەكانی پەروینی ئیعتصامی خۆشن.

٦– خستنەسـەری لێكچـوون (تەشـبیهی): لێكچـوون بـە واتـای چـوواندنی شتێكە بە شتێكی تر، واتە لە نێوان دیارخراو و دیارخەر پەیوەندی لێكچوون هەیە (حسن انوری و یوسف عالی: ١٣٨٩، ٤٤)، ئەم لێكچوواندنە لە دونیـای حەقیقەتـدا ڕاست نییە، واتە لـە ڕاسـتیدا وێك ناچـن، بـەڵكو تـەنیا بـۆ پڕوپاگەنـدە (دیعایـە) كردنە. لێكچوون لە چوار توخم پێكدێت : چوواندن (مشبە)، بە وێچواندراو (مشبە بە)، ئامرازەكانی چواندن (أدات تشبیە)، هۆی چواندن (وجـە شـبە)، مـەرج نییـە، كە هەمیشە هەر چوار بەشەكە پێكەوە بهێنرێت، بەڵام (چـوواندن و بەوچـوێندراو) دەبێ هەبن (محەمەد عەبدولرەحمان، ٢٠١٣، ٥). خستنەسـەری لێكچـوونیش بـەو خستنەسـەرە دەگـوترێ، كـە چـوواندن (مشـبە) و بـەو چـوێندراو (مشـبەبە) خستنەسەری یەك كراون، واتە یان چـوواندن (مشـبە) خستنەسـەری بەوچـواندراو (مشبە بە) كـراوە، یـان بـە پێچـەوانەوە بـەو چـوێندراو (مشـبە بـە) بـە چـوواندن (مشبە) خستنەسەر كـراوە، واتـە دەتـوانین دوو جـۆر لـە خستنەسـەری لێكچـوون دەستنیشان بكەین، ئەوانیش:

أ–خستنەسـەری چـوواندن (مشـبە) بـە بەوچـوێندراو (مشـبە بـە) : لـەم جۆرەیاندا دەبـێ (بـەو چـوێندراو) ئاشـكراتر و ڕوونـتر لـە (چـوواندن) بێـت، واتـە (چـوواندن)مان بـۆ ڕوون نییـە، بـە (بـەو چـوێندراو) دەچـوێنین تـا بۆمـان ڕوون بێتەوە، بۆ ئەوەی لە مەبەستی قسەكەر بگەین، وەك:

– لێوی یاقووت ئەگەر قووتی ڕەوانی عاشقە

پێم بڵێ: وەجهی چییە ئاگر لە ئینسان بەردەدا (وەفایی، ١٩٧٨، ١٢).

- ڕووی مانگ
- ئەبرۆی هیلال
- ڕوحم ڕەنگینی ڕەنگی ڕوومەتی ڕەنگینتە، بازا!

قەدی سەرووم كەمانینی قەدی شیرینتە، بازا! (نالی، ١٩٧٦، ٩٥).

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەكانی (لێو، ڕوو، ئەبرۆ، قەد) كە چوواندنن ڕۆڵی دیارخراویان گێڕاوە بە هەریەك لە وشەی (یاقووت، مانگ، هیلال، سەروو) بەوچوواندراون، كە ڕۆڵی دیارخەریان گێڕاوە، واتە لێوی وەك یاقووت سوورە و ڕووی وەك مانگ وایە لە ڕووناكی و جوانی و گەشیدا، برۆی لە باریكیدا وەكو مانگی هیلال وایە، قەد و باڵای بەرزو لاری وەك داری سەروو وایە.

ب- خستنەسەری بەوچوێندراو (مشبە بە) بە چوواندن (مشبە) وەك:

- شیری ئەبرۆت، تیری غەمزەت وا لە جەرگم كارییە

دێت لە تۆفانی دوو چاوم لەت لەتی خوێنی جگەر (نالی، ١٩٧٦، ٢٠٢).

- دەیوت كە بە ڕەهمەن مەهی ڕووی ئەم صەنەمەم دی

گەر بت ئەمە بێ، خزمەتی بتخانە حەڕام (مەحوی، ١٩٧٧، ٢٧٥)

- تا سونبلی زوڵفت لە نیهاڵی قەدت ئاڵا

من دوودی هەناسەم گەیییە عالەمی باڵا (نالی، ١٩٧٦، ١١٥).

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەكانی (شیر، تیر، مەه، سونبول) كە چوواندنن ڕۆڵی دیارخەریان گێڕاوە بە هەریەك لە وشەی (ئەبرۆ، غەمزە، ڕوو، زولف) بەوچوێندراون، كە ڕۆڵی دیارخراویان گێڕاوە، واتە شیر/شمشێر وەك ئەبرۆ وایە، مانگ وەكو ڕوومەت وایە لە ڕووناكی و جوانی و گەشیدا، سونبلیش وەكو زولف وایە. لەم جۆرەیاندا دیارخەر پێش دیارخراو كەوتووە. واتە ئەم جۆرەیان پێچەوانەی جۆری (أ)ە.

٧- خستنەسەری خواستن/ میتافۆر: خواستن جۆرێكە لە خوازەی زمانی و بریتییە لە بەكارهێنانی وشەیەك بۆ دەربڕینی واتایەكی تر بێجگە لە واتای دروستی وشەكە، پەیوەندیی نێوان واتای دروست و واتای خوازەیی وشەكە هەمیشە لێكچوونە، بەلاّم یەكێك لە هەردوو بناغەكەی فڕێ دراوە، دەبێ

نیشانەیەکیش هەبێ کە ئێمە مەبەستمان بەم وشەیە واتا خواستراوەکەیە نەك واتا دروستەکە بڕوانە: (کامل حەسەن عەزیز، ١٩٨١، ٩٧) (بەکر عومەر عەلی مەعرووف، ٢٠٠٠، ٢٠)، یان بریتییە لە تایبەتییەکانی زمانی و یاریکردنە بە سیما واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێك و بەر ڕۆشنایی هەندێکی تر (سازان ڕەزا معین، ٢٠٠٥، ٤٨)، خواستن جۆرێکی جێنشینی واتاییە لەسەر بنەمای لێکچوون و بەو چوێندراو (مشبە بە) شوێنی (مشبە) دەگرێتەوە (کورش صفوی، ١٣٧٩، ٣٦٨)، کەواتە خواستن لە بنچینەدا بالاترین جۆری لێکچوواندنە، لە نێوان کۆلەگەکانی لێکچوواندندا تەنیا بەوچوێندراو (مشبە بە) بەکاردێت. لەم جۆرەیاندا سەرە (دیارخراو) بە واتای ڕاستەقینەی/حەقیقی خۆی بەکارنایێت، واتاکەی خوازراوە، دیارخەر بە شتێك دەچوێنرێ و یەکێك لە پارچەکانی ئەم شتە بە دیارخراو جێگیر دەکرێ (حسن انوری و یوسف عالی:١٣٨٩، ٤٤)، واتە لە کاتی خواستنی دیارخراو یان دیارخەر لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان دادەندرێن، وەك:

- ڕووی قسەی لە من کرد.
- گوێی فەلەك کەڕ کا فەریاد و شینت

تاریك و لێلّ بێ ئاسمانی شینت (بێ کەس، ١٩٨٠، ٦٢).

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە لە بارودۆخێکی وادا لەگەلّ دوو تەوەری ئاسۆیی و ستوونی بەرەو ڕووین، بەم واتایە کە نیشانەیەك لە تەوەر ستوونی لە شوێنی نیشانەیەکی دیکە هەلّدەبژێردرێت و لە تەوەری ئاسۆیی بەکاردێت (کورش صفوی، ١٣٧٩، ٢٦٩).

لەم نموونانەی سەرەوەدا هەریەك لە وشەکانی (ڕوو، دەست، گوێ) ڕۆلّی دیارخراویان بینیوە، وشەکانی (قسە، ڕۆژگار، فەلەك) ڕۆلّی دیارخەریان بینیوە بە مرۆڤ چواندراون (تشبیە)، بەلاّم مرۆڤ لێرە کە بەو چواندراوە نەهاتووە، لە شوێنی ئەو وشەکانی (قسە، ڕۆژگار، فەلەك) هاتوون، واتە واتاکانیان خوازراون، بۆیە بەم جۆرەیان دەوترێ خستنەسەری خواستن.

خستنەسەری خواستنیش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

أ- لەم جۆرە خواستنەدا گواستنەوەی واتا لە گیانلەبەرەوە بۆ بێگیانە، وەك:

– ملی ڕێگام گرتەبەر بەرەو شوێنێکی نادیار.
– برۆی چیا...
– کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من
سەری شووشەی شەڕاب وا چاکە بادەم (بێ کەس، ١٩٨٠، ٧٦).
– دەگریم و دەسووتێم هەر وەکو مۆم
ئاهم ئەگاتە گۆشی گەردوون (گۆران، ١٣٨٢، ١٧٩)
– گوێی فەلەك کەڕ بوو.

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەکانی (مل، برۆ، دەست، گۆش، گوێ) کە رۆڵی دیارخراویان بینیوە بۆ گیانلەبەرن، بەلاّم لەم نموونانەدا بۆ وشەکانی (ڕێگا، چیا، رۆژگار، گەردوون، فەلەك) کە دیارخەرن و بێگیانن بەکارهێنراون، واتە ئەمانە بە مرۆڤ چوێنراون و لادراون.

ب– لەم جۆرە خواستنەدا گواستنەوە لە بێگیانەوە بۆ گیانلەبەرە، وەك:

– ئەگەر ئەی خاکی زاڵم ئیختیارت نییە، ناچارییە تۆش کاروبارت (گۆران، ١٣٨٢، ٩٩).
– دەریای توورە لەگەڵ خۆی لوولی دا و بردی.
– ڕۆژنامەی نوستوو لەم ولاّتەی ئێمە زۆرن.

لەم نموونانەی سەرەوە وشەکانی (خاك، دەریا، ڕۆژنامە) کە ڕۆڵی دیارخراویان بینیوە ناوی بێگیانن، بەلاّم وشەکانی (زاڵم، توورە، نوستوو) کە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە سیفەتێکن لە سیفەتەکانی گیانلەبەر بۆ بێگیان خواستراون.

ت– لەم جۆرە خواستنەدا گواستنەوە لە بێگیانەوە بۆ بێگیانە وەك:

– لغاوی کەشتی گرت.
– تووشی لافاوی عیلم بووم و بەلاّم زوو دەرپەڕیم
سواری واپۆری جەهل بووم و بەناویا تێپەڕیم (بێ کەس، ١٩٨٠، ٤٠).

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەکانی (لغاو، لافاو، واپۆڕ) کە ڕۆڵی دیارخراویان بینیوە لەگەڵ وشەکانی (کەشتی، عیلم، جەهل) کە ڕۆڵی دیارخەریان بینیوە، هەردووکیان بۆ بێگیان بەکارهاتوون.

جیاوازی نێوان خستنەسەری لێكچوون و خواستن ئەوەیە، كە لە خستنەسەری لێكچووندا (چوواندن/مشبە و بەوچواندراو/ مشبەبە) هەمان دیارخراو و دیارخەرن هەردووكیان باس دەكرێن، لە كاتێكدا لە خستنەسەری خواستندا (چوواندن/مشبە) بە ئاشكرا دێت لە شوێنی (بەوچواندراو/مشبەبە) لە پێویستی و پەیوەندییەكانە بە ئاشكرا نایێت، بەم شێوەیە لە پێكهاتنی (دەستی ڕۆژگار)، ڕۆژگار بە مرۆڤ چواندراوە، بەڵام مرۆڤ كە بەو چواندراوە (مشبە بە) لە شوێنی ئەو نەهاتووە. لە خستنەسەری خواستن دیارخەر زۆر لەبەر چاوە، چونكە لە فرێزی (دەستی ڕۆژگار) مەبەست ڕۆژگارە ئەگەر (دەست) لاببەین فرێزەكە هیچ كەم و كورتییەكی تێ ناكەوێ.

٨- خستنەسەری ڕوونكردنەوە: لەم جۆرە خستنەسەرەدا بە شێوەیەكی گشتی دیارخراو ناوی گشتییە و دیارخەر ناوی تایبەتییە (رشید یاسمی و دیگران: ١٣٨٠، ٥١) وەك:

- لە مێژە ئاواتی منە

ببینم ولأتی سنە (هێمن، ١٣٣،١٩٨٦).

- وا دیارە لەم ولأتی كوهسارە عاجزە

مەیلی خاكی گەرمەسێر و هەم قەلأی شێروان ئەكا (ئەحمەد موختار جاف، ٥٦،١٩٨٦).

- شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی كوردستانە.
- ڕۆژی شەممە لە هەموو دەزگاكان پشووی ڕەسمییە.

لەم نموونانەی سەرەوەدا وشەكانی (سنە، گەرمەسێر، شێروانە، هەولێر، شەممە) كە ناوی تایبەتین، ڕۆڵی دیارخەر دەبینن ڕوونكردنەوەیەك لە بارەی دیارخراوەوە كە وشەكانی (ولأت، خاك، قەلأ، شار، ڕۆژ) ن، دەدەن، هەموویان ناوی گشتین.

ئەنجام

گرنگترین ئەنجامی لێكۆڵینەوەكە لەم خاڵانەی خوارەوەدا كۆ دەبنەوە:

١–پەیوەندییە واتاییەكان بە پەیوەندی شوێنی ناسراوە كە بریتییە لە پەیوەندی وشە بە وشەكانی پێش و دوای خۆی.

٢– خستنەسەر زاراوەیەكە كە هەموو ئەو فرێزە ناوییانە دەگرێتەبەر پێكهێنەكانیان بە هۆی /ی/ پێكەوە دەبەسترێنەوە، بەو حاڵەتە دەگوترێ، كە ناو بە وشەیەك زیاد دەبێت تا چۆنێتی و حاڵەتی ناوەكە دەربڕێ یان ڕوونكردنەوەیەك لە بارەی ناوەكە بدات.

٣– بە شێوەیەكی گشتی لە فرێزدا دوو كەرەستەی گرنگ هەن ئەوانیش سەرە (دیارخراو) و (دیارخەر)ن، فرێزی ناوی خستنەسەریش بلاّوترین جۆری فرێزی ناوییە لە زمانی كوردیدا، كە لە دیارخراو و دیارخەر پێكدێت، كە بە یارمەتی مۆرفیمی (ی) لێكدەدرێن.

٤– فرێزی ناوی خستنەسەر ئەگەرچی لە ڕووی فۆرم و شێوەوە پێكهاتنەوە تەنیا یەك شێوەیان هەیە، بەلاّم لە ڕووی واتاوە چەندین واتا و مەبەستی جیاواز لە خۆ دەگرێت، لەوانە: خاوەنێتی، تایبەتێتی، خواستن، ڕوونكردنەوە...تد).

٥– خستنەسەری لێكچوون دوو جۆرە:

أ– خستنەسەری چواندن (مشبە) بە بەوچوێندراو (مشبەبە).

ب– خستنەسەری بەوچوێندراو (مشبەبە) بە چواندن (مشبە).

٦– لە فرێزی ناوی خستنەسەردا بە شێوەیەكی گشتی دیارخراو كەرەستەیەكی سەرەكییە و ناتوانرێ لابدرێ بێ ئەوەی واتاكەی بشێوێ، بەلاّم لە هەندێ جۆری خستنەسەردا دیارخەر كەرەسەیەكی گرنگە و لەبەرچاوە، ئەگەر دیارخراوەكە لابدرێش فرێزەكە هیچ كەم و كورتییەكی تێ ناكەوێ.

٧– لە زمانی كوردیدا لە نێوان جۆرەكانی خستنەسەردا پەیوەندی و تێكەڵییەك هەیە.

سەرچاوەكان

سەرچاوەكان بە كوردی:

- بەكر عومەر عەلی مەعرووف، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٠،
- تالیب حوسێن، هەندێ لایەن لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و واتا لە كوردیدا، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٨.
- حاتەم وەلیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی كاری لە كرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
- دیار عەلی كەمال، ڕێزمانی كوردی ڕوانگەیەكی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٢.
- ڕەفیق شوانی، زمانەوانی، كۆمەڵە وتارێك، دەزگای توێژینەوەو بلاوكردنەوەی موكریانی، هەولێر، ٢٠٠٩.
- ساجیدە عەبدوڵلا و تالیب حوسێن، گرێ و جۆرەكانی گرێ لە زمانی كوردیدا، گۆڤاری (استاذ) بەغدا، ژ٥٨، ٢٠٠٦.
- سازان ڕەزا معین، واتا و دەوروبەر لێكۆڵینەوەیەكی پراگماتیكییە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٥.
- سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلات و بەستنەوە لە زمانی كوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٩.
- ڤیان سلێمان حاجی، ڕێككەوتن لە شێوەی ژوورووی زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠١.
- عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، دروستەی فرێز لە زمانی كوردیدا، مەڵبەندی كوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.
- كامل حەسەن عەزیز بەصیر، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨١.
- محەمەد عەبدولڕەحمان، ئیزافەی تەشبیهی لە دیوانی مەحویدا، ٢٠٠١٣، بلاونەكراوە.
- محەمەدی مەحوی، زمان و زانستی زمان، دەزگای پەخش و چاپی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
- محەمەد مەعرووف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١.

- محەمـــەد مـــەعرووف فـــەتاح، لێكۆڵینـــەوە زمانەوانییـــەكان، كۆكردنـــەوە و ئامادەكردنەوەی: شێروان حوسێن و شێروان مـیرزا، چـاپخانەی ڕۆژهـەلات، هـەولێر، ٢٠١٠.
- نووری عەلی ئەمین، قەواعدی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٥٦.
- وریا عومـەر ئـەمین، ڕێزمـانی هـەیی لـە زمـانی كوردیـدا، گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نـوێ، ژ(١٤١)، ١٩٩٨.
- وریـا عومــەر ئــەمین، چــەند ئاســۆیەكی تــری زمانــەوانی، چــاپخانەی وەزارەتــی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤.
- یوسف شەریف سەعید، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

سەرچاوەكان بە فارسی:

- تقی وحیدیان و غلام ڕەزا عمرانی، دستور زبان فارسی، چاپ دهم، سازمان **مطالعة** و تدوین كتب علوم انسانی دانشگاه (سمت) تهران، ١٣٨٦.
- حسن انوری و یوسف عالی، دستور زبان فارسی ١، مركز چـاپ و انتشـارات دانشـگاه پیام نور، تهران، ١٣٨٩.
- حسن انوری و حسن احمدی گیوی، دستور زبان فارسی ٢، چاپخانەی ستارە، تهران، ١٣٧٥.
- دكتر ناتل خانلری، دستور زبـان فارسـی، چـاپ شـانزدهم، چـاپخانەی ازادە، تهـران، ١٣٧٧.
- ڕشید یاسمی و دیگران، دستور زبان فارسی (پنج استاد)، چاپ ششم، چاپخانەی رامین، تهران، ١٣٨٠.
- علی اشرف صادقی، فرهنگستان زبان و ادب فارسی،جلد ١، بە سرپرشتی اسماعیـل سعادت، تهران، ١٣٨٤.
- كورش صفوی، در امدی بە معنی شناسی، سازمان تبلیغـات اسـلامی، حـوزە هنـری، تهران، ١٣٧٩.

سەرچاوەكان بە عەرەبی:

- ا.ر.بالمر، علم الدلالة، ترجمة: مجید الماشطة، بغداد، ١٩٨١.

- جون لاينز، اللغـة والمعنـى والسـياق، ترجمـة: د عبـاس صـادق، دار الشـؤن الثقافيـة العامة، بغداد، ١٩٨٧.
- ميشال زكريا، الالسنية علم اللغة الحديث، بيروت، ١٩٨٠.
- وفاء محمد كامل، البنيوية في اللسانيات، مجلة عالم الفكر، ١٩٩٧، مجلد ٢٦ العدد ٢٢، كويت.

سەرچاوەی نموونەكان:

- دیـوانی ئـەحمـەد موختـار جـاف، كۆكردنـەوەو ئامـادەكردنی: د.عـزەدین مسـتەفا ڕەسووڵ، بەغدا، ١٩٨٦.
- دیـوانی ئـەخۆل، هـۆنراوەی ئەحمـەد دەروێش عەبـدوڵلا، چـاپی یەكـەم، چـاپخانەی الادیب البغدادیة، ١٩٨٤.
- دیوانی بێ كەس، محەمەدی مـەلا كـەریم، چـاپی دووەم، چـاپخانەی الأدیـب، بەغـدا، ١٩٨٠.
- دیوانی مەحوی، لێكدانەوە و لێكۆڵینـەوەی مـەلا عەبدولكـەریمی مـدرس و محەمـەدی مەلا كەریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٧.
- دیوانی نالی، لێكۆڵینەوە و لێكدانەوەی مەلا عەبدولكەریمی مدرس و فاتح مەلا كـەریم، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.
- دیوانی هێمن ١٩٢١– ١٩٨٦، هەولێر، ٢٠٠٣.
- دیوانی وەفایی، لێكۆڵینـەوەی محەمـەد عـەلی قـەرەداغی، چـاپخانەی كـۆڕی زانیـاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.

ملخص البحث

يتناول هذا البحث (أصناف الإضافة في اللغة الكوردية) الذي يعالج أنماط الركن الاسمي من حيث البنية الشكلية والبنائية، ويركز على نمط الركن الاسمي الإضافي، لكثرة هذا النمط ضمن الركن الاسمي في اللغة الكوردية، ويتكون هذا الركن من (المضاف والمضاف اليه) اللذين يربطان ببعضهما بآلية الربط الإضافي (ي) في اللغة الكوردية، وفي هذا النمط يتميز ركن المضاف اليه بانفراده بهيئة ونوعية واحدة لاينتج أية دلالة خلافاً لركن المضاف الذي يؤدِّي دلالات مختلفة مثل: دلالة (الملكية، التخصيص، والنسبية، والاستعارة...الخ). ولذلك يتعلق مجال هذا البحث بالمستوى القواعدي والدلالي. ويُعزى اختيار هذا الموضوع إلى أن تحليل تركيب الركن الإضافي من حيث الدلالة، لم يُعالج ضمن دراسة مختصة ومستقلة في اللغة الكوردية، وهذا ماكان سبباً في اختيار هذا الموضوع لدراسته على المستوى الدلالي.

والمنهج المتبع في هذا البحث هو النهج الوصفي التحليلي، والمادة العلمية التي نعرض لها اختصت باللهجة الكوردية الوسطى، واختيرت النماذج والشواهد من دواوين الشعراء ولاسيما شعراء هذه اللهجة، مع أخذ بعض النماذج والأمثلة المتداولة في اللغة اليومية.

ويتألف البحث عدا المقدمة والنتائج من محورين:

عُنون المحور الأول ب(الركن وأنواع الركن الاسمي) الذي يتحدث عن أنواع الركن عموماً من حيث البناء والهيئة الشكلية، ويضم هذه الموضوعات (الجملة ومكوناتها، تعريف الركن ونوعه، الركن الاسمي من حيث البناء، الركن الاسمي الإضافي).

وعُنون المحور الثاني ب(أنماط الركن الاسمي الإضافي في اللغة الكوردية) ويعالج هذا المحور بشكل عام أنماط الركن الاسمي الإضافي من حيث المعنى، ويتضمن هذه الموضوعات: (الإضافة الملكية، الإضافة التخصيصية، الإضافة النَّسَبية أي "القومية" أو "الجنسية"، الإضافة الاستعارية، الإضافة البيانية، الإضافة التشبيهية، الإضافة التوضيحية...الخ).

وعُرِضَت نتائج البحث في مجموعة نقاط، ثم اختُتِم البحث بملخص باللغة العربية والإنكليزية مع قائمة المصادر.

Abstract

This study deals with predication in Kurdish , specifically in nominal constructions. It concentrations on NP predication and their types, Kurdish abounds with such concentrations. Here the two elements within the NP are linked by / j /. The second element usually appeared in one form. The first element varies in form and meaning , e.g it may be possession, specification, relativity, etc. The paper could, therefore , be said to have a syntactic dimension as well a semantic one.

So far there has not been any study to discuss the semantics of NP predication. That is why the paper was conducted. The dialect of Kurdish that is used as the source of data is the middle Kurdish dialect. The examples are, for the most part, taken from the poetry of that dialect. However , there are some examples taken from the daily conversation.

The paper consists of two section , apart from the introduction and conclusions. The first section deals with types of NP in terms of form. The second section deals with predication in terms of NP and it semantic types.

The paper ends in a number of findings and conclusions.

چەند لایەنێکی تیۆری بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا

م. ی. پەروین عوسمان مستەفا
بەشی کوردی/ فاکەڵتی ئاداب
زانکۆی سۆران

پێشەکی:

تیۆری بیانووهێنانەوە لە زماندا کردەیێکی زمانی و کۆمەڵایەتی و هزرییە. مەبەست و ئامانجی رازیکردنی بەرامبەرەکەیەتی بە بۆچوونێك لە بۆچوونەکانی قسەکەر، ئەم کردەیەش لە رێگەی چەندین ئامراز و هۆکاری تایبەت بەکردەی بیانووهێنانەوە ئەنجام دەدرێت.

لەم کردەیەدا گرنگترین شت بریتییە لە ئەو جیاوازییەی، کە لە نێوان ئەو پەیامە زمانییەی قسەکەر دەیگەیێنێتە گوێگر لەگەڵ هەوڵی گوێگر بۆ وەرگرتنی ئەو پەیامە، چونکە قسەکەر هەوڵی رازیکردنی وەرگر دەدات بەهۆی هێنانەوەی چەندین بەڵگە و بیانوو ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی گەیاندن لە ئاخاوتندا.

ناوونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بەناوونیشانی (چەند لایەنێکی تیۆری بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا) تیشك دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگی زمانی کوردی. تیۆری بیانووهێنانەوە وەك بابەتێك و لێکۆڵینەوەیێکی سەربەخۆ باسی لێوە نەکراوە، بۆیە گرنگیی بابەتەکە ئەوە دەخوازێت بەشێوەیێکی زانستی لێی بکۆڵرێتەوە.

سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زمانی کوردی-دیالێکتی (ناوەڕاست)دایە و نموونە و کەرەستەکانیش لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و چیرۆك و دەقە نووسراوەکانی زمانی کوردیدان.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبـازی لێکۆڵینەوەکـە ڕێبـازێکی سـانکرۆنیکییە و شـیکردنەوە و پێوەنـدیی نێـوان ڕسـتە و دەقـەکان لـە ڕوانگـەی ئەرکییـەوە لێکدراونەتـەوە، چـونکە زمـان هۆکارێکە بۆ گەیاندنی پەیامی قسەکەر و رازیکردنی وەرگر لە ڕێگەی ئەو بەڵگـە و بیانووەی لە گوتندا دەهێنرێتەوە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش پێکهاتووە لە کۆتاییشدا ئـەنجام و سەرچاوەکان و کورتـەی لێکۆڵینەوەکـە بـەزمانی عـەرەبی و ئینگلیـزی خراونەتـە ڕوو:

بەشی یەکەم:

ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت: چەمك و سەرهەڵدانی بیانووهێنانەوە لە زماندا و یاسـاکانی بیانووهێنانـەوە، وەك (دابەزانـدن، هەڵگەڕانـەوە، نـەرێکردن) هـەروەها جۆرەکانی بیانووهێنانەوە لە زماندا، وەك (بیانووهێنانـەوەی هەڵـە، پاکانـەکردن، ئاڕاستەیی، هێمایی).

بەشی دووەم:

لـەم بەشــەدا چــەند لایــەنێکی تیــۆری بیانووهێنانــەوە لەگــەڵ پلیکانــە و ئامرازەکانی بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا باس کراوە.

بەشی یەکەم:
چەمك و یاسا و جۆرەكانی بیانووهێنانەوە لە زماندا

١-١ چەمك و سەرهەڵدانی بیانووهێنانەوە لە زماندا:

بیانووهێنانـەوە تیـۆرێکی زمانییـە و لـە بیانووهێنانـەوەکانی نـاو زمـان دەکۆڵێتـەوە و بـە ئـەرکێکی بنـەڕەتی زمانـە سروشـتییەکان دادەنرێـت. بـەهۆی چەندین ئامراز و هۆکارەوە دروستدەکرێن.

ئەم تیۆرە سەرەتا بە بەشێك لەکردە قسەییەکانی (ئۆستن) دادەنـرا، بـەڵام زمانەوانان پێناسەیێکی تر بۆئەم چەمکە دەکەن، کە بریتییە لـە چـەندین ڕسـتە و دەربڕین، بەڵگەی زمانی و ڕەوشتی نازمانی لە خۆدەگرێت و ئامانجیشی گەیاندنی بۆچـوونێکی دیـاریکراو و ڕازیکردنـی بەرامبەرەکەیـەتی. لـە گوتنـدا زاراوەی (بیانووهێنانـەوە) لای زمانـەوانی فەرەنسـی (ئۆزفالـد دیگـرۆ) بەچـەند شـێوەیێك خراوەتە ڕوو:

یەکەم/واتای زاراوەیی:

واتای زاراوەیی بریتییە لە ((نیشـاندانی بیانووهێنانەوەیەکـە بـۆ وروژانـدنی بەرامبەرەکـەی و وەدەسـتهێنانی گوتـەیێکی چـالاك و سـەرکەوتوو، هـەروەها پێوەرێکی سەرەکییە بۆ بەئەنجام گەیاندنی خەسڵەتەکانی بیانووهێنانەوە کـە لـە ئاخاوتندا)) (صابر الحباشة: ٢١:٢٠٠٨)

دەکرێت ئەم بۆچوونەی دیگرۆ بەپێوەرێکی تەواو دانەنرێت، چـونکە ناکرێـت وەرگر یان گوێگر پشتگوێ بخرێت. لێرەدا سەرکەوتنی گوتارەکـە لـە سـەرکەوتنی گوێگردایە و لەپێناو وەدیهێنانی وروژاندن و کاریگەری ئەم کردەیە لـە ئاخاوتنـدا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی ئەو بارە دەروونییەی، کە ڕازی ناکرێـت، بـەڵکو گـوێگر تێدا دەژی ڕازی بکرێت.

دووەم/ واتای هونەری:

هونەری بیانووهێنانەوە ئەوەیە، کە ((ئاماژە بەپۆلێکی تایبەت لەپێوەندییـە لاوەکییەکان لەگوتندا دەکات و پێوەندییـەکی واتـایی و خەسـڵەتێکی بنچـینەیی لەگەڵ بیانووهێنانەوەکەی ناو زمانەکەدا بەدی دەکرێت. ئـەم بیانووهێنانەوەیـەش

دەبێت پلەدار بکرێت و توانای پێوانکردنی هەبێت تا لەنێو پلیکانەکانی تردا بەردەوام بێت)) (صابرالحباشة: ٢٠٠٨:٢١)

لە واتای هونەریدا دەردەکەوێت ئاراستەکردنی بیانووهێنانەوەکان پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بیانوو و بەڵگەی زمانەکەدا هەیە. ئەو پێوەندییە (لە دەوروبەری زمانەکەدایە) و بەهۆی ئەمەشەوە لایەنی هونەری بیانووهێنانەوەکە دەردەکەوێت. بۆنموونە دەکرێت لەڕێگەی ئەم وشانەوە چەندین دەربڕینی جۆراوجۆر بەکار بهێنین، چونکە ((سیمای ڕێزمانی و ڕۆڵی واتایی ڕۆنانی بیانووهێنانەوەی گوزارەکە لەم کەرەستانە دیاری دەکرێن)) (A.Radford:2004:435) بۆنموونە:

١- خواردنەکە خەریکە ئامادە دەبێت.

٢- خواردنەکە هێندەی نەماوە بکوڵێت.

٣- خواردنەکە لەوانەیە کوڵابێت.

لە ڕۆنانی ئەم ڕستانەدا دەردەکەوێت ڕۆڵی گوزارەکە چ پێوەندییەکی بەواتای ڕستەکەوە هەیە. واتە خواردنەکە ئامادە نییە، بەڵام ئەگەر ئامادە بووایە (خەریکە، هێندەی نەماوە، لەوانەیە)ی بۆ بەکار نە دەهێنرا. لێرەدا ئامادەنەبوونی خواردنەکە هەوڵی بانگهێشتنی میوانەکان بۆ نان خواردن دەگەیێنێت، بەڵام ئەگەر بگوترێت:

٤- خەریکە خواردنەکە ئامادە دەکەم.

گوێگری ڕستەی چوارەم وا تێدەگات، کە خواردنەکە ئامادە نەبووە. واتە (خواردنەکە لێنەنراوە)، بەڵکو گرنگی بە کۆتایی ئەنجامی گوتنەکە دەدات، چونکە گفتوگۆکردنەکە دەوەستێتە سەر بەهای لۆجیکی گوتنە چاکەکە، کە نرخ و بەهاییێکی بەردەوام لە دەوروبەردا بە گوتنەکە دەبەخشێت.

سێیەم: واتای لاوەکی :

لەم واتایەدا هاتووە کە ((بەهای هەواڵ گەیاندن بۆ گوتراوەکە بەگوێرەی بەها گوتراوە بیانووهێنانەوەکە بەهاییێکی لاوەکییە)) (صابر الحباشة: ٢٠٠٨:٢٤).

لەم تیۆرەدا هەروەك چۆن لە لێکۆڵینەوەکانی دیگرۆدا دەرکەوتووە بیانووهێنانەوەکە لەلایەن ئەو زمانەی بەکاردەهێنرێت دیاردەیەکی زمانییە و

شـێوازی گەیانـدنی تێدایـە و هاوتـابوونێکی واتـایی لـە گشـت لایەنەکانیـدا دەردەکـەوێت. لـەم کردەیـەدا قسـەکەر هەنـدێك جـار بەڵگـە لـەنێو گوزارەکـەدا دەشارێتەوە و وا لە گوێگر دەکات بەدوای واتا و ناوەڕۆکێکی بەڵگەییـدا بگـەڕێت. ئەم جۆرە بەڵگانەش پێویستی بەکرداره هەواڵییەکان لە زماندا هەیە.

بیانووهێنانەوە بە شێوەیێکی گشتی لە بەشی گوزارەدا شی دەکرێتەوە واتە ((نـاو لەگـەڵ گـوزارەدا (Crystul:2003:32) بۆدروسـتکردن و پێکهێنـانی پێشنیازێکی سادە ڕیکدەکەون))

بۆنموونە:

٥- کوڕەکە هەراسانە.

لـە ڕێزمـانی دۆخـدا نـاوی (کوڕەکـە) بیانووێکـە بـۆ دەربڕینەکـە واتـە هـەر پێشنیازێکی واتادار لەناو گوزارەکە بـەهۆی بەشـێکی بیانووەکـە شـی دەکرێتـەوە هەریەك لەمانەش بەپێی پێوەندییە واتاییەکانی دۆخەکە لەگەڵ گوزارەکـە پـۆلین دەکرێت. هەروەها لـە ڕێزمـانی بەرهەمهێنانـدا بیانووهێنانـەوەکان لـەناو ڕسـتەدا دەلالەت لەشوێنی فرێزی ناوی دەکەن، وەك (بکەر، بەرکار، کار) ((ئەم ڕێزمانەش لەسەر چەمکی ڕێژەیی زمانەکە دادەڕێژرێت و بـۆ هـەر ڕێـژەییێك لـە هـەر زمانێکـدا ڕسـتەییێکی بـاش بەرهـەم دەهێنرێـت بەمـەرجێك پێکهاتـە زمانییەکـەی نەگوازرێتەوە)) (www.ahewar.org)

لێرەدا دوای گواسـتنەوە و لادانـی بکـەر هـەروەك لـە بکـەر نادیـاردا ئـەنجام دەدرێت دەبێت ئاگاداری پێکهاتـەی بکـەر و بـەرکار و ڕوودانـی بیانووهێنانەوەکـە بین، یان لە پاش و پێش کردنی بەرکار لەناو ڕسـتەدا کـار ناکاتـە سـەر چـۆنیەتی هێنانـەوەی بیانووەکـە لەلایـەن قسـەکەر و چـۆنیەتی لێکدانـەوەی ئـەم بیـانووە لەلایەن گوێگر و ئەو کاریگەرییەی دەیکاتە سەر گوێگر.


دەکرێت بڵێین تیـۆری (سـیتا) پێوەنـدی بـە ڕۆنـانی بیانووهێنانـەوە و ڕۆڵـە واتاییەکانەوە هەیە ((ڕۆنانی بیانووهێنانەوەی گوزارە ئەو کەرەسانە دەستنیشان دەکـەن، کـە لـە گـوزارەدا کـۆ دەبنـەوە سـیتا ڕۆڵ بـەهۆی پێوەندییـەکی واتـایی بەگوزارەکە دەیان بەستێتەوە)) (ڤیان سلێمان: ٨٧:٢٠٠٨)

بەستنەوەی بیانووهێنانەوە بەگوزارەکەیەوە لە پەسنکردنی گوزارەدا بەمەرجێکی سەرەکی دادەنرێت، بۆ نموونە:

٦- نازدار چێشتەکەی لێنا.

کاری (لێنا) وەك یەکەیێکی سەرەکی سەربەخۆ یەك بیانووهێنانەوە پێکدەهێنێت، بەڵام بیانووهێنانەوەی دووەم بریتییە لە (لێنانی چێشتەکە) ئەم رۆلە واتاییەش پێی دەگوترێت (سیتارۆل)

هەروەها بازنەی سیتا دوو جۆر زانیاری لەبارەی کارەوە لەخۆ دەگرێت، بەڵام زانیاری کۆتە هەڵبژاردنەکان[1] دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە کار توانای وەرگرتنی چەند بیانووهێنانەوەی هەیە وەك لە کارە تێپەڕەکاندا دەردەکەوێت، بۆنموونە: کاری نووسین ڕۆڵی کارا و بەرکاری لەگەڵدایە :



لە ڕۆڵە واتاییەکاندا توانای گوزارەکە لە هەڵبژاردنی بیانووهێنانەوەکە سنووردارە تەنیا یەك بیانووهێنانەوە وەردەگرێت ((لەبەر ئەوە گوزارەکە ژمارەیەکی تایبەت لە بیانووهێنانەوە دیاری دەکات سیتا ڕۆڵی تایبەت دەگرێتە خۆ)) (Cook:161:199).

بۆنموونە: کاری (کەوت، نووست، مرد) ئەم کارانە یەك ڕۆڵیان لەگەڵدایە ئەویش (کارا)یە کەواتە گوزارەکە لە هەڵبژاردنی بیانووهێنانەوەکانی ناو ڕستەکەدا سنووردارە.

هەروەها دەکرێت بڵێین بیانووهێنانەوە ڕۆڵێکی تایبەت لە پەسنکردنی گوزارەکەدا دەبینێت، چونکە لە ڕستەسازیدا ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕۆڵی واتایی کار دەگێڕێت بەتایبەتی لە Proposition) دا بۆنموونە:

٨- ئازاد لە نەوزادی دا.

٩- نەوزاد بەدەستی ئازاد لێی درا.

لەم دوو ڕستەیەدا (ئازاد و نەوزاد) دوو بیانووهێنانەوە و بەشداربووی نێو گوزارەی ڕستەکەن بەشدارییان لەکاری رستەی (لێدان)دا کردووە، ڕۆنانی ڕستەکە وا لە گوزارەی ڕستەکە دەکات کۆمەڵێك بیانووهێنانەوە، کە بەیەکەوە بەستراون وەسفیان بکات و لەگەڵ گشت ئەو مەبەستانەی پێوەندییان بە گوزارەکەوە هەیە بیانبەستێتەوە.

١– ٢ یاساکانی بیانووهێنانەوە لە زماندا:

لە زماندا پێکهاتەی هەر تیۆرێك بەگوێرەی چەند یاسایێك دادەنرێت تیۆری بیانووهێنانەوەش لەسەر ئەم یاسایانە داڕێژراوە کە ئەمانەن:

٢– ١ یاسای دابەزاندن (Loid abaissement)

ئەم یاسایە بریتییە لە ((هەنگاوێکی دیاریکراوی پلیکانەیێك، ئەگەر گوتەیێك ڕاست بوو. لەهەنگاوی ژێرەوەی ئەو پلیکانەیەدا پێچەوانەکەی بەڕاست دادەنرێت)) (طه عبدالرحمن: ٢٠٠٦:٢٧٧).

بەپێی ئەم یاسایە چەمکی نەرێی (سلبی) لەگەڵ دەستەواژەیێك یان ڕستەیێکدا هاوتا و یەکسان دەبن، بۆنموونە:

١٠– کەش و هەوای ئێرە سارد نییە.

لەم نموونەیەدا دەکرێت ساردی شوێنەکە لە چەمکی (زۆر ساردە، سەرماوسۆڵەیێکی زۆرە...) دوور بخرێتەوە و بگوترێت:

١١– ئەگەر کەش و هەوای ئێرە سارد نەبێ، گەرمە.

ئەنجامی نەرێی لە یاسای دابەزیندا ناکەوێتە سەر پلیکانەی بیانووهێنانەوەکە و پلەدار ناکرێت. وەك (هەوا ساردە) یان لە شێوەی نەرێدا (هەوا سارد نییە)، چونکە هەردوو دەربڕینەکە ناکەونە سەر هەمان پلیکانەوە. هەروەك باسمان کرد ئەم گوتنە ئەگەر لە پلیکانەیەکدا بەڕاست دابنرێت بەشەکەی تریش لە ژێرەوەیدا بە ڕاست دادەنرێت.

٢–٢ یاسای هەڵگەڕانەوە:

یاسای هەڵگەڕانەوە لەگەڵ یاسای نەرێکردندا یەکدەگرنەوە، چونکە گوتە نەرێیەکان پێچەوانەی گوتە ئەرێیەکانن. بەواتایێکی تر ئەگەر یەکێك لە

هێنانـەوەی بیانووەکـە یـان لـە سـەلماندنی ئەنجامەکـەی بەڵگـەیێکی بـەهێزتری هێنایەوە. ئەوا سەلماندنی ئـەنجامی دژە بەڵگـەی دووەم لـە هـی یەکـەم بـەهێزتر دەبێت.

١٢- لە شارەکەماندا قوتابخانە دروست کرا، هەروەها زانکۆش.

١٣- ئەگەر زانکۆ دروست نەکرابێت، کەواتە قوتابخانەشمان نییە.

لە ڕوونکردنەوەی ئـەم ڕستانەدا دەردەکـەوێت بەڵگـەی هـەبوونی زانکـۆ لـە شـارەکەماندا بـۆ پێشـکەوتنی خوێنـدن و زانسـت بەڵگـەیێکی بـەهێزترە، بـەڵام نەبوونی قوتابخانە بە بەڵگـەیێکی بـەهێزتر دادەنرێت، چـونکە پرۆسـەی خوێنـدن سەرەتا لە قوتابخانە ئینجا بەرەو زانکۆ دەچێت.

دەکرێـت بڵـێین نـەرێکردن بەڵگـەی دووەم (زانکـۆ) نـەرێکردنی بەڵگـەی (قوتابخانـە) ڕوون دەکاتـەوە. واتـە دروسـتنەکردنی قوتابخانـە نـەبوونی زانکـۆ دەگەیێنیّ.

٢-٣ یاسای نەرێکردن:

لە یاسای نەرێکردندا هـاتووە ((ئەگـەر گوتـەیێك لەلایـەن قسـەکەرێکەوە بـۆ ئەنجامێکی دیاریکراو بەکار بهێنرێت. نەرێی ئەم گوتەیەش دەبێتە بەڵگە و بیانوو لەخزمەتی ئامانجە دژەکەیدا دەبێت)) (طه عبدالرحمن: ٢٧٨:٢٠٠٦) بۆنموونە:

١٤- کاوە زیرەکە، چونکە لە تاقیکردنەوەکەیدا، دەرچوو.

١٥- کاوە زیرەك نییە، چونکە لە تاقیکردنەوەکەیدا دەرنەچوو.

لە ڕستەی چواردەهەمدا ئەگەر بەڵگەی دەرچوونی (کاوە)مـان قبـووڵ کـرد. دەبێت نەرێی (دەرنەچوون)ی کاوەش لەپێناو دژە ئامانجەکەیدا قبووڵ بکەین.

١٦- **هەرگیز** ڕێك نەکەوت بگەڕێمەوە.

لـەم ڕسـتەیەدا ئـەنجامی بیانووهێنانەوەکـە لـە کـردەی (گەڕانـەوە)دا دەردەکەوێت، کەواتە ئەم کردەیە دەبێتە بەڵگە و بیانوویێك لـە خزمـەتی ئامانجـە دژەکەیـدا دەبێـت. بیـانووی ئـەم کردەیـەش بـەهۆی ئـامرازی نەرێی(هـەرگیز) دەرکەوتووە.

٣-١ جۆرەکانی بیانووهێنانەوە لە زماندا:

٣-٢ بیانووهێنانەوەی هەڵە:

هەڵەکردن لە بیانووهێنانەوەدا دەوەستێتە سەر ئەو هەڵەیەی لە گوزارەکـەدا دەردەبڕێ و پێوەرێکی خەیاڵی پێشکەش بە گوتنەکـە دەکـات، هـەروەها لـەکاتی دروسـتبوونی مشـتومڕ و ناکۆکیـدا دەبێتـە هـۆی خەوشـێکی گـەورە لەپێکهاتـەی گوتنەکـە یـان لـە ئـەو هەڵانـەی لـەکاتی پرسـیارکردندا ڕووبـەڕوومان دەبێتـەوە. دەکرێت نموونەیێك لە هەڵەکاری بیانووهێنانەوەدا بە ئەم ڕستەیە ڕوون بکەینەوە:

١٧- حکومـــەتی مـــالیکی هێزێکـــی ســـەربازی و دەســـەڵاتێکی گـــەورەی جەماوەری هەیە، کەواتە ئەوان لەسەر حەقن.

ئەم جۆرە دەربڕینە بـۆ ئـەو بیـانووەی دەهێنرێتـەوە هەڵـەکردنێکی تێدایـە. هەڵەکەش بەرامبەر دەسەڵات دەکرێت.

٣-٣ پاکانەکردن:

پاکانەکردن جۆرێکە لـە جۆرەکـانی بیانووهێنانـەوە لـە ئاخاوتنـدا. قسـەکەر لەشێوەی بیانوو پاکانە بۆ گوتنەکەی دەهێنێتەوە. دەکرێت ئەمەش زیاتر بـەهۆی ئامرازی (هەرچەندە) دەربڕێت، وەك:

١٨ -حەمەسوور دەڵێت:

هەرچەندە منیش کرێکارم و ئێستاکە لای حەمەشین چاوەشـم، بـەڵام وەکـو تۆ شارەزایی باشم لێی نییە.(عەبدوڵڵا سراج: ٢٨:١٩٨٩)

لەم ڕستەیەدا قسەکەر (حەمەسوور) بیانوو بۆ کارەکەی خـۆی دەهێنێتـەوە، کە شارەزایەکی چاکی لە دروستکردنی خانووبەرەدا نییە. هەرچەندە پیشەکەشـی کرێکارییە، بەڵام (چاوەشی) پیشەیێکی تـرە و بـە بەڵگـەیێکی بـەهێزتری گوتـەی قسەکەر لە گوتنەکەیدا دادەنرێت.

١٩- شوکر لـە هیچـمان کـەم نییـە، دەڵـێن: هەرچـەندە گۆشـت گرانـە، خـۆ نەخواردنی هەرزانە. (عەبدوڵڵا سراج: ١٤٥:١٩٨٩)

لـەم ڕسـتەیەدا نـەخواردنی گۆشـت پاکانەیێکـە و دەبێتـە بەڵگـەیێك بۆئـەو بیانوویەی قسەکەر لەگرانیی گۆشتدا هێناویەتیەوە. واتـە شـاردنەوەی بیانووەکـە بیانووێکی بەهێزە.

٢٠- جووتیـار، کـە بـاری کـردە شـار هـەمان هەڵوێسـتی شـار وەردەگـرێ. (عەبدوڵڵا سراج: ١٤٥:١٩٨٩)

لەم ڕستەیەدا جووتیار پاکانەی بۆ دەکرێت، چونکە چوونی جووتیارەکە بۆشار نەریت و هەڵوێستی لادێی دەگۆڕێ. هەربۆیە بیانووهێنانەوەکە چوونە شار نییە، بەڵکو گۆڕینی هەڵوێستی جووتیارەکەیە لە دەربڕینەکەیدا.

٣-٤ بیانووهێنانەوەی ئاڕاستەیی:

لەم جۆرە کردەیەدا بەهای بیانووەکە بەهۆی ئاڕاستەی بیانووەکە سنووردار دەکرێت. چەمکی ئارگیومێنتەکەش بە پلیکانەی بیانووەکە دەبەسترێتەوە[٢]

٢١- زۆربەی قوتابییان لە پێشبڕکێیەکەدا ئامادە نەبوون.

٢٢- زیاتر لەژمارەیێکی کەمی قوتابییان کەسی تر ئامادەی پێشبڕکێیەکە نەبوون.

لە ڕستەی بیست و یەکەمدا وای بۆ دەچین زۆرینەی قوتابییان ئاڕاستەی بیانووهێنانەوەکە دەردەخەن. واتە (قوتابییان هەموویان بەشدارییان کردووە) لە پێشبڕکێیەکەدا، بەڵام لە ڕستەی بیست و دوودا چەمکی گوزارەکە ڕوون و ئاشکرایە. ئەمەش بە هۆی ئامرازێکی نێو ڕستەکەوە بۆ گەیاندنی ئاڕاستەی ئاخاوتنەکە و ئەو بەڵگە و بیانووەی ئاڕاستەی بۆ کراو ئەو ئامرازەش، کە ئاڕاستەکەی دیاری کردووە ئامرازی (زیاتر)ە[٣]

٢٣- زۆربەی چەکەکان لە جەنگدا بەکاردەهاتن.

٢٤- جگە لە شمشێر خەنجەر و ڕمیش بەکار دەهاتن

لە ڕستەی (٢٤)دا ئەنجامی بیانووهێنانەوە و سەرکەوتنی جەنگەکە بەئاڕاستەیێکی تردا ڕۆیشتووە. ئەویش لەڕێگەی ئامرازی (جگە)وە دەرخراوە، کە تەنیا شمشێر بەکار نەهێنراوە، بەڵکو خەنجەر و ڕمیش بەکار هێنراون.

هەروەها لە هەندێك ڕستەدا بەهای ڕاستگۆیی هەمان ئاڕاستەی بیانوو لە دەربڕینێکی تردا دەگەیێنێت، وەك:

٢٥- ا/ ئەم پەرداخە پڕە.

ب/ ئاوەکە هیچی نەخوراوەتەوە.

٢٦- ا/ئەم پەرداخە نیوەی بەتاڵە.

ب/ نیوەی ئاوەکە خوراوەتەوە.

دەکرێت بڵێین پێکهاتەی هەواڵ و گەیاندنی بیانووەکە لە هەردوو ڕستەی (ا) لەگەڵ (ب)دا جیاوازن، چونکە وەك پێویستەیەکی بیانووهێنانەوە ئاڕاستەی بیانووهێنانەوەکانیان لە یەکەمدا ئەرێیە و لە دووەمدا ئاڕستەیەکی نەرێیی وەرگرتووە.

هەروەها لە ڕستەیێکی، وەك:

٢٧- ئەو کەمێك دواکەوت.

٢٨- ئەو خەریکە دوا دەکەوێت.

لە ڕستەی (٢٧) دا مەبەستی دواکەوتن و داوای لێبووردنی تێدا بەدی دەکرێت، بەڵام لە ڕستەی(٢٨) دواکەوتن هەیە کەچی لێبووردن بەدی ناکرێت، چونکە قسەکەر کاتێك گوتەیێك دەردەبڕێت بیانوویێك یان چەندین بیانوو دەهێنێتەوە تاوەکو گوێگر (وەرگر) بیانووەکانی تر قبووڵ بکات و پێیان ڕازی بێت، بۆنموونە:

٢٩- منداڵەکە کەمێك نانی خوارد.

لەم ڕستەیەدا ئاڕاستەی گوتنەکە بەرەو ئەنجامێکی نەرێ دەڕوات هەروەك چۆن لە ڕستەیێکی ناکردندا بەدی دەکرێت وەك (منداڵەکە هیچ شتێکی نەخواردووە) بەڵام ئەگەر هەروەك ڕستەی (٢٩) بێت ڕستەیێکی ئەرێیە لێرەدا گوێگر ڕۆڵێکی چالاك لەم کردەیەدا ببینێت تا بەتەواوەتی واتای بیانووهێنانەوە کە تێبگات. هەروەها لەتێگەیشتنی ئەم جۆرە دەقانەدا هەرئەوەنییە ئاڕاستەی بیانووەکە بەرەو گوێگر بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت بە زۆر ناچار بکرێت تا لە تێگەیشتنی دەقەکە بەردەوام بێت.

٣-٥ بیانووهێنانەوەی هێمایی:

لەم تیۆرەدا ((هێما هێزێکی ورووژێنەرە لەنێوان هێما و هێما بۆکراودا)) (صابر الحباشة: ٤٨:٢٠٠٨) بۆنموونە: هەر ئالایێك هێمایەکە بۆ وڵاتێك، خاچ نیشانەی مەسیحییەکانە، تەرازوو هێمای یەکسانییە...هتد)

لە جۆرەکانی بیانووهێنانەوەدا دەکرێت دوو شێواز گفتوگۆ دیاری بکرێت:

- گفتوگۆ لە شێوازی مشتومڕیدا

٢- گفتوگۆ لە شێوازی وتار خوێندنەوەدا (الخطابة)

بۆ شیکردنەوەی ئەم شێوازانە دەکرێت ئەم بنەمایانە دەستنیشان بکرێت:

١- پێشەکی: لە ئاخاوتندا باسکردنی پێشەکی و دەسپێکردنی گوتنەکە وا لە قسەکەر و گوێگر بکات، کە بەبایەخەوە بڕواننە بابەتەکە و ئاگاداری شێوازی گوتنەکەبن.

٢- گێڕانەوە: بابەتەکە وا بگێڕدرێتەوە سەرنجی گوێگر و قسەکەر ڕابکێشێت و ڕاستییەکان تێدا باس بکرێت بەمەبەستی ڕازیبوونیان.

٣- پاکانەکردن: قسەکەر بۆ ئەوەی شێوازێکی بابەتییانە و وروژاندن و کاریگەری لە ڕووداوەکان بخولقێنێ پێویستە شێوازی بیانوو بگرێتە بەر.

٤- کۆتایی و ئەنجام: دەبێت لە ئەنجامدا بەشێوەیێکی کورت و ڕوون ئەنجامی بیانووەکە لە ئاخاوتندا ڕوون بکرێتەوە. قسەکەر لەم جۆرە ئاخاوتنەدا پێویستی بە چەندین کەرەسە دەبێت تاوەکو ناوەڕۆکی بابەتەکەی پێدابڕێژێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەواڵگەیاندن: هێنانەوەی بیانوو بۆ مەبەستی گەیاندنی هەواڵی ڕاست یان درۆ لە دەربڕیندا.

٢- شیکردنەوە: بابەتەکە پێویستی بە چەندین شێوازی گفتوگۆکردن بۆ ڕوونکردنەوەی واتا دەبێت و وا لە گوێگر دەکات، کە توانای لێکدانەوە و شیکردنەوەی بەرامبەرەکەی هەبێت. ئەم شیکردنەوەیش بۆ مەبەستی ڕازیکردن ئەمەش بە چاکترین شێوازی گێڕانەوە دادەنرێت.

٣- ڕازیکردن: شێوازێکی ڕاستی بەڵگەکانە ئەمانەش پشت بە بەڵگەی بینراو و بنەماییێکی لۆجیکی دەبەستێت و دەبێتە چاکترین بنەمای بیانووهێنانەوە، کە بەپێوەرێکی واتایی و لۆجیکی دەپێورێت.

دەکرێت لە شێوازی ڕازیکردندا بڵێین کردەیێکە لەلایەن قسەکەرێکەوە هەوڵی بیانووهێنانەوە دەدات تا هەڵوێستی بەرامبەرەکەی بگۆڕێ یان وا لە گوێگر بکات بۆچوونەکەی خۆی بگۆڕێ.

واتە مرۆڤ لەباری ڕازیکردندا لەڕێگەی بۆچوونەکانی خۆی قەناعەت بەخۆی دەهێنێ، بەڵام لەباری ڕازیبووندا خەڵکانی تر هەوڵی ڕازیکردنی ئەو دەدەن.

لە فەرهەنگی (لسان العرب)دا هاتووە قەناعەتکردن بەشتێك واتـە ڕازیبوونـە بە ئەو شتە ئەو ڕازیبوونەش دەوەستێتە سەر واتای ڕازیکردن و هۆکاری سۆزداری و دەروونی، کە بۆچوونەکەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت ئەم جـۆرە ڕازیبوونـەش وەك خەیاڵێك بوار بەهزر و مێشك نادات کاری بۆ بکەن [٤].

٣٠- هەرچەندە فاتمۆکە حەزی نەدەکرد بیکاتەوە، بـەڵام ئـەنجام ناچـاریان کرد و باولەکەی کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، کە وتی نابێ دەستی لێبدەن کاتێ، کە کردیانەوە کیفە مارێکی ڕەشی تێدا بوو...(ڕۆشنبیری نوێ ١٩٨٩:١٧١)

دەکرێت شێوازی مشتومڕی لەڕێگەی ئەم دەقەوە شی بکرێتەوە:

١- سـەرەتای ڕووداوەکـە بـە گفتوگـۆی نێـوان فاتمۆکـە و کەسـانی تـر دەستپێدەکات.

٢- ڕاسـتی دەربڕینـەکان لەلایـەن قسـەکەر (فاتمۆکـە)وە لـە کـرداری (حەزنـەکردن، کردنـەوەی بـاول، دەسـت لێنـەدان)دا خراوەتـە ڕوو ئەمـەش بـۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بەچاکترین کەرەستەی گێڕانەوە دادەنرێت.

٣- پاکانەهێنانەوەی قسەکەر لەڕێگەی چەند بیانووهێنانەوەکەوە هۆکارێکی وروژێنەرە لە خزمەتی ئەنجامی بیانووهێنانەوەکەدا دەبێ

٤- دەرەنجـامی گفتوگۆکـە ڕازیکردنـی دەوروبـەرە لـە ئـەنجامی بیانووهێنانەوەکە و گەیاندنی ڕاستیی ڕووداوەکاندا دەردەکەوێت.

٣-٦ بیانووهێنانەوەی ڕێك:

لـەم جـۆرە باسـکراوە بیانووهێنانـەوەدا مەبەسـتی قسـەکەر ئەوەیـە، کـە بیانووهێنانەوەکە لەگەڵ ئەنجامەکەیدا ڕێکبخات، بۆ نموونە:

٣١- ئەم خانووە خۆشە و هەرزانە، کەواتە بیکڕە.


بیانووهێنانەوەی (خۆش و هەرزان) لەخزمەتی یـەك ئامانجـدا کـار دەکـەن کە(کڕین)ی خانووەکەیە.

٣-٧ بیانووهێنانەوەی ناڕێك:

ئەم جۆرە بیانووهێنانەوەیە لەو گوتراوانـەدا دەردەکـەوێت، کـە بیانووەکـان لەگەڵ یـەکتردا ناڕێـك و کـۆك نـین ئەنجامەکەشـیان بـەرەو دوو ئاڕاسـتەی جیـاواز دەڕوات، بۆنموونە:

٣٢- ئەم خانووە خۆشە، بەڵام نرخەکەی گرانە.

ئەم ڕستەیە دوو بیانووهێنانەوەی تێدایە:



ئەم دوو ڕستەیە دەکرێت لە دوو باری جیاوازدا لێکبدرێنەوە:

١- نەبوونی پێوەندیی نێوان هەردوو بیانووهێنانەوە ڕێکەکە لەگەڵ یەکتر لە باری هێزی و بیهێزییاندا، چونکە نازانرێت کامیان لە کامیان بەهێزترن، بۆنموونە:

٣٣ - هەواکەی خۆشە و ڕۆژەکەی گەرمە بابچینە ناو باخچەکە.

(هەوای خۆش و ڕۆژی گەرم) دوو بیانووهێنانەوەن یەك ئامانجیان هەیە، کە (چوونە ناو باخچەیە) بەڵام بە گوێرەی ئەم دوو بیانووهێنانەوە دەرنەکەوتووە کامیان بەهێزنرن.

٢- هەبوونی چەند بارێکی جیاواز لەنێوان بیانووهێنانەوەییێکی بەهێز و چەند بیانوو هێنانەوەیەکی تردا و لەگەڵ هەبوونی ئامانجێکی ڕێك لەنێوانیاندا، بۆنموونە:

٣٤- ئەو زانایێکی گەورەیە، زمانزانێکی باشە، پیاوێکی ئایینییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستێکی باڵای لە فەلسەفەدا هەیە.

لەم نموونەیەدا سێ بیانووهێنانەوە دەرکەوتووە:

بیانووهێنانەوەکان: زمانزانێکی باش، پیاوێکی ئایینی، بواری فەلسەفی ← ئەو زانایێکی گەورەیە (ئەنجام و بەڵگەی بەهێز)

٣٥- هەرچەندە ڕۆژێکی خۆشە، بەڵام من ماندووم.

قسەکەر لە دەربڕینی یەکەمدا ڕای دەگەیێنێت، کە (ڕۆژێکی خۆشە) ئەنجامی بیانووهێنانەوەکەشی دەبێتە (بچین بۆ سەیران) بەڵام بیانووهێنانەوەی دووەم (من ماندووم) ئەنجامەکە (لە ماڵەوە دەبم و دەرناچم) ئەم بەڵگەیە پێچەوانەی یەکەمە کەواتە ناکۆکی و ناڕێکی نێوانیان بەهۆی ئەو ئامرازە لێکدەرانەوە دەبێت.

٣٦- ئەو مرۆڤێکی زانایە، بەڵام کەمتەرخەمە.


دەربڕینی دوای ئامرازی (بەڵام) ئەنجامەکەی پێچەوانەی یەکەم کردۆتەوە، چونکە لە بەڵگەی یەکەمدا (مرۆڤێکی زانایە) ئەنجامەکەی ئەوەیە، کە (لە کارەکەیدا کەسێکی شیاوە) بەڵام ئەنجامی کەمتەرخەمی لە کارەکەیدا ئەوە دەردەخات، کە (شیاو نییە) لێرەدا، بەڵام وەك ئامرازێك هێزی و بێهێزیی بیانووهێنانەوەکەی دەرخستووە.

لە زۆربەی زمانەکاندا ((هەندێك ئاوەڵناوی (جوان، باش، زیرەك، گەرمی، ساردی...) لە بیانووهێنانەوەدا شێوەیێکی جیاکاری وەردەگرێت و لە پلیکانەکەدا جێگیر دەکرێت)) (حافظ اسماعیلي:٢٠١٠:١٠٨)

لە زمانی کوردیدا دەکرێت بەهۆی ڕادەوە زیاتر پلیکانەکە ڕێکبخرێت بۆنموونە:

٣٧- نازدار زۆر زیرەکە.

لەم ڕستەیەدا بەهای بیانووهێنانەوەکە دەوەستێتە سەر دەربڕینی (زۆر زیرەکە) کە پلەیەك لە زیرەکی نازدار دەردەخات. دەکرێت پێوەندییە جیاکارییەکە لەگەڵ چەند دەربڕینێکی تردا لەنێو پلیکانەکەدا ڕێکبخرێت، وەك:



لەلایێکی ترەوە ئەگەر قسەکەر بڵێت (نازدار زیرەکە) ئاراستەی بیانووهێنانەوەکە دەگۆڕێت بۆ:

١- زیرەك نییە.

٢- زیرەکییەکەی مامناوەندە.

٣- زیرەکە، بەڵام زۆر زیرەك نییە.

هەروەها لە کردەی بیانووهێنانەوەدا هەندێك ئامراز تەنیا بۆ ڕێکخستنی بیانووهێنانەوە بەکاردەهێنرێن، بۆنموونە:

پ/ بۆچی لەماڵەکەی خۆت دانانیشیت و واز لە ئەوان بهێنیت؟

و/ سەرەڕای (خانوو) ماڵێك، کەپرێکیشم نییە.

لە وەڵامی ئەمەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر کەپری نەبێت چۆن خانوو یان ماڵی دەبێت، کەواتە بەڵگەی نەبوونی خانوو گوێگر بە هەژاری و نەبوونی خۆی رازی دەکات پلیکانەکە بەم شێوەیە ڕێکدەخرێت:

٣٨ ا- ئەگەر کەپرێکم نەبێت چۆن ماڵم هەیە.

ب- لەگەڵ ئەوەی کەپرم نییە، کەواتە ماڵیشم نییە.

پ- ئەگەر کەپرم نەبێت ئەوە دەگەیێنێت، کە ماڵم نییە.

گوێگر لە بیستنی ئەمەدا دوو ڕستە بەرهەم دەهێنێت، وەك:

ا- بەشێوەیێکی جیاواز هیچ پێوەندییان بەیەکترەوە نییە:

- ماڵم نییە.

- کەپرم نییە.

ب-هەردوو رستەکە پێوەندییان هەیە و یەکتر تەواو دەکەن:

- من نە کەپر نە خانووم هەیە.

بنەماکانی ڕازیکردن لە بیانووهێنانەوەدا:

لە کردەی بیانووهێنانەوەدا بۆڕازیکردن جۆرە درێژکردنەوەیێك لەناو دەقدا ئەنجام دەدرێت، وەك:

١- دووبارەکردنـەوەی وشـەیێك، دەسـتەواژەیێك، ڕسـتەیێك بـە مەبەسـتی ڕازیکردن. بۆنموونە:

٣٩- ئێمەومانان بەئاواتـەوە دەژیـن، ئاواتەکانیشـمان هـەموو لـەناو کرۆکـی مرۆڤایەتییەوە هەڵقوڵاوە.

نووسەر بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەی (ئـاوات) بـە مەبەسـتی ڕازیکـردن و بیانووهێنانەوە بەکاری هێناوە.

٤٠-((هـەرکاتێك چـاوم پێدەکـەوت هـەموو ئـەرك و مانـدووبوون و هـەموو کارێکم لەبیر دەچووەوە...! ئەوەی ڕاستی بێت لەگەڵ هەموو جـۆرە ئافرەتێـك و لە هەموو جۆرە تەمەن و لە هەموو چەشنە بابـەتی.............................. هەڵسان و دانیشتنم کردووە)). (ڕۆشنبیری نوێ ١٩٨٩:٣٠)

٢- دووبارەکردنـەوە و درێژکردنـەوەی دەق بـەهۆی وشـە ڕادەی (هـەموو) چونکە (هەموو) وادەکات، کە هیچ گومان نەمێنێ پێویستی بە بیانووهێنانەوە بـێ لە سیاقی دەربڕینەکەدا ڕازیکردن و بیانووهێنانـەوەی تێدا نییـە تـەنیا دووبـارەی فۆرمەکەیە بەپێی ویستی نووسەرەکە.

٤١- ((هەر کەسێ شارەزام نەبێ وا دەزانی لەبەر ئازادی برام ڕەشپۆشم بـڕۆ لە خەڵکی گوندەکەمان بپرسە من پێنج ساڵیش زیـاتر پـێش شـەهیدبوونی ئـازاد پرسەدارم پاشان بە دەنگی بەرز گوتی: ئـازادی جوانەمـەرگ پێویسـتی بـە پرسـە نییە ئەوەندە کتێب و دەستنووسی خۆی بۆ بەجێهێشتووین...)) (ڕۆشنبیری نـوێ ١٩٨٩:٥٢)

ناوی (ئازاد) لە سـێ سـیاقدا دووبـارە کراوەتـەوە نووسـەر وای لـە قسـەکەر کردووە دەقەکە بەهۆی ئەم ناوەوە درێژ بکرێتەوە.

٤٢- من ئەگەر هەر زیانێکم لێکەوتبێت و لەمەودواش هەر زیانێکم لێبکـەوێت هەمووی لە سەرینی ساویلکەیی و دڵپاکیی خۆمەوە بووە.

دەستەواژەی (هەر زیانێك) دووبارە کراوەتەوە بۆ مەبەستی ڕازیکردن.

٤٣- ((بەم شێوەیە بەرەبەرە خـۆم لەگەڵیـدا گونجانـد و وام لێڕاهێنـا کـەوا جارجارە پێکەوە بەڕێگادا بڕۆین)) (عەلەوی، ٢٠٠٤،٥٦).

لەم ڕستەیەدا (گونجاندن) و (لێڕاهاتن) هاوواتان بۆ درێژکردنـەوەی دەقەکـە بەکارهێنراون و قسەکەری پێڕازی کراوە.

بنەمای هاوڕێکی و یەکسانی لە بیانووهێنانەوەدا:

هــاوڕێکی واتــە بەســتنەوەی کەرەســتەکانی نێــو دەق بەیەکترییــەوە و پێوەنـدیی کەرەسـەی پێشـوو بـە کەرەسـەی دوای خـۆی هـاوڕێکیی دەقەکـە دەگەیێنێت. ((بەپێی بۆچوونی (هالیدای) لە کتێبی (بـەرەو ڕێزمـانی ئەرکییـەوە) کەرەسـەیێکی سـەرەکی حـوکمی کەرەسـەیێکی لاوەکـی نێـو رسـتەکە دەکـات)) (حافظ اسماعیلي: ٢٠١٠:٤٦).

ئەم حوکمکردنەش هاوڕێکی لە بیانووهێنانەوەکەدا دروست دەکات. وەك:

٤٤- ئەگەر پێم بکرێت، بەڵام نایکەم.

کـاری (کـردن) و (نـەکردن) هاوڕێکییـەك لـە بیانووهێنانـەوەی ڕسـتەکەدا دروستکردووە واتە (دەتوانێت کارەکە بکات بەڵام نایکات)

ڕێگاکانی درێژکردنەوەی هاوڕێکی لەناو دەقدا:

١- ڕستەی دووەم بەهۆی یەکەمەوە درێژ دەکرێتەوە، وەك:

- ئەو دوور کەوتەوە، چاوەڕێی نەکرد.

٢- ڕستەی دووەم هی یەکەم درێـژ دەکاتـەوە بـەهۆی کەرەسـتەی زیـادەوە وەك بۆ بەکارهێنانی ئامرازی لێکدەری (و، یان....).

٤٥- ئەو دوور کەوتەوە و لە پشتییەوە خۆی شاردەوە.

٣- ڕستەی دووەم بەهۆی چـەند ئـامرازێکی هـۆ و مەرجـەوە ڕسـتەکە درێـژ دەکاتەوە، وەك:

٤٦- ئەو دوور کەوتەوە لەبەرئەوەی ترسابوو.

٤- ڕوونکردنــەوەی کەرەســتەکانی ڕســتەی دووەم بــەهۆی دیــاریکردنی بەشەکانی نێو ڕستەکە وەك:

٤٧- چووینە ناو باخچەکە بەتایبەتی بۆ باخچە گشتییەکان.

٥- ڕوونکردنـەوەی ڕسـتەی دووەم بەڕسـتەی یەکەمـەوە بـەهۆی هۆکـاری ڕوونکردنەوە، وەك:

٤٨ – دایکەکـە خـەمبار بـوو، لـە ڕاسـتیدا (چـونکە) بـیری لـە منداڵـەکانی دەکردەوە.

٦– درێژکردنەوەی وێنەی دەربڕینەکە لەنێو دەقدا، وەك:

٤٩– ژیان خۆشی و ناخۆشییە هەردووکیان بەسەردەچن.

٥٠–ماڵی دنیا و دەسەڵات تەمەنیان کورتە.

٧– ڕوونکردنەوەی وێنەی دەربڕینەکە، وەك:

٥١– زمان سرووشێکی ئاسمانییە، بەڵکو دیاردەییێکی کۆمەڵایەتییە.

٥٢– لـە دوای هـەموو پیـاوێکی گـەورە ئافرەتێکـە، بـەڵام هـەموو ئافرەتێـك پیاوی گەورە پێناگەیێنێت.

بەشی دووەم:
چەند لایەنێکی بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا

٤-١ چەند لایەنێکی بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا:

ئەم تیۆرە لە زمانی کوردیدا وەك تیۆرێکی زمانی گرنگی بە هۆکارەکانی زمان و ئەو توانستە سروشتییەی گوێگرێکی کورد هەیەتی دەدات بۆ مەبەستی ئاراستەکردنی ئاخاوتن و وەدەستهێنانی هەندێك لە ئامانجەکانی بیانووهێنانەوە وەك ورووژاندن و ڕازیکردن و کاریگەری لە گوتەکەدا مەبەستی سەرەکییە، چونکە ڕاستییەکان ناسەلمێنرێت و دەرناخرێت، بۆ نموونە:

٥٣- گەرمی پێوەکە دابەزیوە، کەواتە باران دەبارێت.

لەم نموونەیەدا (باران بارینەکە) دەوەستێتە سەر ئەو زانیارییە پێشینەیەی خەڵك هەیەتی، یان لە بەشی یەکەمی ڕستە (شاڕستە)دا (دابەزینی گەرمی پێو) واتای (باران بارین) دەگەیێنن، کەواتە لە ئەنجامی ئەم جۆرە کردارانەدا وا لە قسەکەر دەکرێت لەقسەکانیدا شێوازێکی دیاریکراو و سنووردار بەکاربهێنێت، چونکە ئەم شێوازە لە قسەکردندا بە ئاراستەیەکی تایبەتدا دەڕوات، کە قسەکەر پێڕەویان دەکات لێرەدا نرخ و بەهای بیانووهێنانەوەی گوتنەکەش بەجۆرێك لە پێویستییەکانی قسەکەر دادەنرێت تا وەکو بتوانێت گەشە بە زمانەکەی بدات و لە ئاخاوتنەکەیدا بەردەوام بێت، هەروەها مەرج نییە لە رستەیەکی وەك (ئاسمان هەورە)دا ببێتە هۆی باران بارین، چونکە هەور نابێتە ئامانج.

لەلایێکی ترەوە دەکرێت بڵێین بیانووهێنانەوە بریتییە لە پێشکەشکردن و هێنانەوەی بیانوو و ئەو بەڵگانەی ئەنجام و ئاکامێکی دیاریکراو بەدەست دەهێنێت، یان بە ئەنجام گەیاندنی زنجیرەیێکی یەك لە دوای یەکەوە گوتەکان و هەندێکی تریان لە جێگەی ئەو ئەنجامەی تێدا بەرهەم دێت ئەم بەڵگانە دروست دەبن، کەواتە پێکهاتە و ڕۆنانی بیانووهێنانەوە لەبەر ئەو گوتە زمانییانە و ئەو زنجیرە گوتنانە بەندن، بۆنموونە:

٥٤- من ماندووم، کەواتە پێویستم بە پشوودانە.

لــە ڕســتەی (٥٤)دا گــوزارەی (مانــدووبوون) ئــەم واتایانــەی خــوارەوە دەگەیێنێت:

- پشوودان
- ڕازیبوونی خود (قسەکەر)
- ڕازیبوونی خود و کەسانی دەوروبەر بۆ پێویستبوونی پشوودان

لێرەدا (ماندووبوون) ئاماژەیێکە بۆ ئەو بیانووهێنانەوەی، کە لـە ڕسـتەکەدا هاتووە، کەواتە کەسێك ماندوو بێت پێویستی بە پشوودان دەبێت.

٥٥- بەهارێکی خۆشە، با بچین بۆ سەیران

لە کوردستاندا جوانیی سروشت و هـەوای خۆشـی وەرزی بـەهار وا لـە خـەڵك دەکـات بـۆ سـەیران بچـن یـەکێك لـە پێداویسـتییەکانی مـرۆڤ دوای مانـدووبوون پشـوودانە، کەواتــە قســەکەر لــەم ڕســتەیەدا (چــوون) بــۆ ســەیران بــەبیانوو دەهێنێتەوە و پشوودان و خۆشی و بەهار دەبنە ئەنجام و ئاکامێکی مەبەستدار بۆ ئەو بەڵگەیەی لەم ڕستەیەدا هاتووە.

هەروەها دەکرێت ئەم شێوە دەربڕینانە، کە لە دەوروبەری ئاخاوتنـدا بـەکار دەهێنرێت لە شێوەی گوتەیێك، پەرەگرافێك، دەقێکدا دەرببڕێت ئەمـەش بـەپێی دەوروبەرەکە (سیاق) وەك دیاردەیێك واتاکـەی دەگۆڕێت و قسـەکەریش بەچـەند کەرەسە و توخمێکی واتاییەوە پێشکەشی دەکات، هەروەها بەپێی ئەو ئەنجام و ئامرازانەی لەنێو ڕستەکاندا بەکار دێن دەکرێت بەم شێوەیە ڕوون بکرێنەوە:

٥٦ - من ماندووم، کەواتە پێویستم بە پشوودانە.

٥٧- من ماندووم، من پێویستم بە پشوودانە.

٥٨ - من ماندووم.

٥٩- من پێویستم بە پشوودانە.

لــە ڕســتەی (٥٦)دا هەرســێ پێکهاتــەی (بیــانوو، ئــامراز، ئــەنجام)ی تێـدا دەردەکــەوێت، بــەڵام لــە ڕســتەی (٥٧)دا (بیــانوو، ئــەنجام)ی گوتنەکـە ڕوون کراونەتەوە بەڵام (ئامراز) لەنێوانیانـدا بـاس نـەهاتووە، لـە ڕسـتەی (٥٨)دا تـەنیا گوزارەی گوتنەکە (مانـدووبوون) بـاس کـراوە و ئەنجامەکـەی لـە دەوروبەرەکـەی بەرهەم هێنراوە. لە کۆتـایی دەربڕینەکانـدا قسـەکەر ئەنجامەکـەی بـاس کـردووە

بـەبێ هــەبوونی بیــانوو ئــەم بـاس نەکردنــەش بـۆ مەبەسـتی گوتنەکەیـە. لـە شیکردنەوەی ئەم جۆرە ڕستانەدا دەگەینە ئەو ڕاستییە، کـە ئـارگیومێنتی زمـانی چەندین تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەیە، وەك:

١– خەسڵەتی دەوروبەری (سیاقی):

لـەم خەسـڵەتەدا قسـەکەر ئـەو توخمـە واتاییـەی، کـە پێشکەشـی دەکـات ئامـاژە بـەواتایێکی تـر دەکـات و واتـایێکی تـر دەگـەیێنێت، چـونکە دەوروبـەری ئاخاوتنەکـە خـۆی کردەکـە دەبـات بـەڕێوە و سروشـتی بیانووەکـە بـە گوتنەکـە دەبەخشـێت دەکرێـت بـە دەسـتەواژەیێك یـان ڕسـتەیێك بیـانوو و ئـەنجامی بیانووهێنانەوەکـە بگـەیێنرێت و بـەپێی دەوروبەرەکـەی واتاکەشـی بگۆڕێـت. بۆنموونە:

٦٠– ئەوان کرێچین، کەواتە پێویستییان بە خانووە.

٦١– ئەوان کرێچین، ئەوان پێویستییان بە خانووە.

لەم ڕستانەدا قسـەکەر دەوروبـەری گوتنەکـەی لەڕێگـەی ئاماژەیێکـەوە، کـە (ئەوان)ە دەردەخات تا بتوانێت لە ڕستەی (٦١)دا ئەنجامی بیانووەکە بگەیێنێتە گوێگر.

٢– خەسڵەتی ڕێژەیی:

لەم خەسڵەتەدا بۆ هـەر بیـانوو هێنانـەوەیێکی دیـاریکراو بـەکار دەهێنرێـت، چـونکە قسـەکەر ئـەو بیانووهێنانـەوەی دەیهێنێتـەوە لـە پێنـاو ئـەنجامێکی دیاریکراودایـە، بـەڵام پێچـەوانەی ئەمـەش بیانووهێنانـەوەی لـە گوتنـدا بیانووهێنانەوەی بەهێز و بەهێزتر یان لاواز و لاوازتر هەیـە (www.aljabriabed-net)

٦٢– ئەوان کرێچین.

٦٣– ئەوان پێویستییان بە خانووە.

لـە ڕسـتەی (٦٣)دا ئـەم خەسـڵەتە زیـاتر لـە ڕێگـەی بـوونی ڕێـژە و ڕادەی (پێویستی)یەکە دیاری کراوە، واتـە ئایـا ڕێژەکـە چـەندە (زۆر پێویسـت، هەنـدێك پێویست، کەمێك پێویست).


کەواتە بەشێوەیێکی گشتی دەکرێت بڵێین لە زماندا خەسڵەتی ڕێژەیی زیاتر دەردەکەوێت، چونکە ئەو پێوەندییەی لە نێوان بیانووهێنانەوە و ئەنجامەکەیدا هەیە و پێوەندی بیانووهێنانەوە لە زماندا پێکدەهێنێت.

٤-٢ پلیکانەی بیانووهێنانەوە لە زماندا:

لە پلیکانەی بیانووهێنانەوەکەدا هاتووە، کە کۆمەڵە گوتنێک کاتێک دەبن بەرێکخەری بیانووەکە ئەو کاتە پێویستە لە ئاخاوتندا پێوەندییەکی ڕێکوپێک لە نێوانیاندا هەبێت.

بەپێی ئەم تیۆرە کردەی بیانووهێنراو لە نێوان گوتە بیانووهێنانەوەکە و ئەو ئەنجامەی دەگەیێنرێت پێویستە، بەڵام پێوەندیی نێوانیان چەندین بەڵگە و بیانوو دروست دەکات ئەمەش وادەکات جیاوازی لە هێزی گوتنەکەدا هەبێ، کە تایبەتە بە بنەماکانی ئەو بیانووهێنانەوەی هەیە.

دەکرێت ئەم تیۆرە بەهێما ئاماژە پێبکەین، وەك:



A ⟵ ئەنجامی بیانووهێنانەوەکە

پلیکانەی بیانووهێنانەوە ئەم خەسڵەتانەی تێدایە:

ا- گوتنەکان گشتیان لەسەر پلیکانەیەکدا دەوەستن تەنیا ئەو گوتنەی لە هەموویان بەهێزتر بێت دەکەوێتە بەشی سەرەوەی پلیکانەکەوە.

ب- هەموو گوتنەکان لە پلیکانەکەدا دەبن بە بەڵگە بیانوویێك بۆ ئاماژە پێکردنێکی دیاریکراو، کەواتە ئەوەی لە هەموویان بەهێزتر بێت پلەیەکی بەرزتر وەردەگرێت (طه عبدالرحمن: ٢٠٠٦:٢٧٧)


بۆنموونە:

٦٤- ئازاد بڕوانامەی ئامادەیی وەرگرت (بەدەست هێنا).


٦٥- ئازاد مۆڵەتی خوێندنی وەرگرت.

٦٦- ئازاد بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت.

لــە هەرســێ ڕســتەکەدا (توانســتی زانســتی) ئــەنجامی بیانووهێنانەوەکــەی دەرخســتووە و هــەموو ڕســتەکانیش یــەك ئــەنجامیان بەدەســت هێنــاوە ئــەویش (توانستی ئازادە)، بەڵام لەهەموو بەڵگەکان بەهێزتر لەڕستەی (٦٤)دا دەبینرێت، چــونکە بەدەســتهێنانی ئــازاد بــۆ پلــەی (دکتــۆرا) بــەهێزترین بەڵگەیــە بــۆ وەدەستهێنانی توانستی زانستی.



دەکرێت لە گفتوگۆکردنێکی ئاساییدا باس لە کەسێك بکرێت و بگوترێت:



لــە نموونــەی (٦٧)دا دەردەکــەوێت (D, C, B) هێمــای بەڵگــە و بیانووهێنانەوەکەن هێما (N) بە بۆ ئاماژەپێکراوەکان دەکات کەواتــە بــەهێزترین

بەڵگە بۆ گوتەکە بریتییە لە (D)، چونکە بەهێزترین سەلمێنراو (هیوا) ڕێزی دوژمنیش دەگرێت.

دەکرێت بڵێین چەمکی بیانووهێنانەوە لە ئاخاوتندا لەسەر بنەمای پلەدارکردن و ئاراستەکردنی بیانووەکە دێتە ئاراوە ئەمەش وا دەردەخات، کە ئەم جۆرە (D) ە بە ناوەڕۆك و واتاوە نابەسترێتەوە، یان ناوەڕۆك بە سەرچاوەیێکی دیاریکراودا نابەسترێتەوە ئاماژەش بەئەو ناوەڕۆکەش ناکات، بەڵکو هێز و بێهێزیی گوتنەکە ئاراستەی گوتنەکە دەبەن بەڕێوە و دیاری دەکەن، بۆنموونە:

٦٨- شیرین قوتابییەکی چالاکە لە پێشبڕکێی زانکۆدا بە سەرکەوتوویی دەرچوو و دیاریی زانکۆیی بەدەست هێنا.

لەم دەقەدا دەردەکەوێت ئەگەر (شیرین) وەك قوتابییەکی زانکۆ چالاك نەبووایە (سەرکەوتن و دیاری) بەدەست نەدەهێنا.

هەروەها لە زمانی کوردیدا دەکرێت بەپێی ئەم تیۆرە چەند ڕستەیێك شی بکەینەوە، وەك:

٦٩- هەموو کتێبەکانی کەمال مەزهەری نەخوێندووەتەوە.

٧٠- هەندێ لە کتێبەکانی کەمال مەزهەری خوێندووەتەوە.

لە ڕستەی (٦٩)دا قسەکەر ئاراستەیێکی نەرێی (سلبی) لەلایەن کەسێکەوە پێبەخشراوە، چونکە قسەکەر شارەزاییەکی باشی لەبارەی (کەمال مەزهەر)ەوە نییە، بەڵام لەڕستەی (٧٠)دا ئاراستەیێکی ئەرێیە و پێچەوانەی ئەوی ترە، چونکە ئەو کەسە (کەمال مەزهەر) دەناسێ و شارەزایی لەبارەیەوە هەیە.

لێرەدا چەند پرسیارێك دەوروژێنرێت، وەك:

پرسیار: دەتانەوێت شارەزاییتان لەبارەی بەشێك لە بەشەکانی کتێبی (مێژوویی)دا هەبێت؟

وەڵام: دوو کەس وەڵام دەدەنەوە:

ا- وەڵامی یەکەم ← نەوزاد

ب- وەڵامی دووەم ← ڕووناك

لە ئەنجامدا وەڵامی یەکەم پەسەند دەکرێت، چونکە ئەوەی، کە دەڵێت (هەموو کتێبەکانی کەمال مەزهەر)م نەخوێندۆتەوە (نەوزاد)ە و لەوانەیە

(نەوزاد)یش وەك بکەری ڕستەکە بەشێکی زۆری کتێبەکانی خوێندبێتەوە، بەڵام ئەوی تریان (هەندێك لەکتێبەکان) واتە نەیتوانیوە زۆربەی کتێبەکان بخوێنێتەوە.

لە لێکدانەوەی ئەم دوو ڕستەیەدا پێوەندیی نێوان کردەی بیانوو و بەڵگەکان ئاشکرا و ڕوونن، چونکە ئەگەر بمانەوێت ڕوونی بکەینەوە، کە (نەوزاد) بەشێکی زۆری کتێبەکانی خوێندۆتەوە ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت، کە تەنیا یەك کتێبی ئەو نووسەرەی خوێندۆتەوە، بۆ سەلماندنی ئەو جۆرە بەڵگانە هیچ هۆکارێك نامانگەیێنێتە ئەو ئامانجەی، کە نەوزاد خوێنەری کتێبەکانە، بەڵکو خوێنەرێکی باش یان زمانەوانێکی شارەزا خۆی ئەو کەسە هەڵدەبژێرێت، کە توانیویەتی بێ کەم و کورتی زۆربەی کتێبەکان بخوێنێتەوە.

لەلایێکی ترەوە ئێمە ڕووبەڕووی کێشەیێکی تر دەبینەوە ئەویش ئەگەر (نەوزاد) هیچ کتێبێکی نەخوێندبێتەوە تەنیا بۆ فریودان بێت لەوانەیە (نەوزاد) هیچ کتێبێکی نەبینیبێ، کەچی ئێمە دەڵێین:

٧١– نەوزاد تامەزرۆی خوێندنەوەی کتێبەکانی کەمال مەزهەرە.

پێوەندیی نێوان بەڵگە و سەلماندنی بیانووەکە ئەوەیە، کە لایەنی نەرێی (سەلبی) لە نێوان نووسەر و خوێنەر دروست دەکات، چونکە خوێنەر ئاگاداری بەرهەمەکانی نووسەر نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستی دەرخستنی ڕاستییەکان و ئامانجی سەرکەوتن بێت لە خوێندنەوەی زانیاری لە بارەی کتێبەکە لایەنی ئەرێی بەڵگەکە و هێزی بەڵگەکە وەردەگرێت.

٤–٣ ئامرازەکانی بیانووهێنانەوە:

زمانی کوردی وەك هەر زمانێکی تر لە پێکهاتەی زمانەکەیدا ئامرازی بەستنەوە لەنێو دەقدا بەکار دەهێنێت. بەپێی ئەم تیۆرەش دەکرێت چەندین ئامراز و هۆکار بۆ بەستنەوەی چەمکەکانی ئاخاوتن وەربگرین، کە ئەم ئامرازانەش دەبنە بەڵگەیێکی بەهێز و هەریەکەیان بەجۆرێك لەخزمەتی ئەنجام و ئامانجی بیانووهێنانەوەکەدا دەبن، بۆنموونە:

<u>**ئامرازی (بۆیە):**</u>

٧٢_جووتیاران **<u>بۆیە</u>** شارەزاییەکی چاکیان هەیە لە وەرزی باران جۆری هەور دەناسن. (عەلەوی: ٢٠٠:٢٤٥)

ئامرازی (کە)

٧٣- لاوازیی کورد لەسەرەوە تا خوارەوە، ئەوەیە، **کە** زۆر بە قووڵی و چڕوپڕی کەوتۆتە ژێر کاریگەری مێژووی کۆمەڵایەتی خۆی... (عەلەوی: ١٥:٢٠٠٤)

ئامرازی (لەوانەیە):

٧٤- **لەوانەیە** هاتنی لەشکری سووری سۆڤیەت بۆ ئێران لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانیدا مامەڵە و پشت پێوەگرێدانی (قازی محمد) بڕیارێکی بۆ ئێران بێ خۆگونجاندن لەگەڵ بێگانە.... (عەلەوی: ٥٢:٢٠٠٤)

ئامرازی (لەگەڵ ئەمەشدا، دەنا):

٧٥- **لەگەڵ ئەمەشدا** ئەبێ ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە هەمیشە کورد بایەخی بەبوونی خۆیی و تایبەتمەندی خۆی پاراستووە، **دەنا** وەك زۆر میللەتێ لەسەر نەخشە نەئەما (عەلەوی: ٥٢:٢٠٠٤)

ئامرازی (ڕەنگە):

٧٦- من دەزانم تۆ بوویتە هۆی ئەوەی من ئەمڕۆ ئازار بچێژم، **ڕەنگە** بشیەوێت بڵێیت: ئەی چاوەکان، گەر ئێستا خاوەنەکەتان لەگەڵمدا دەبوو تینێکی تر دەهاتەوە گیانم و کامەران دەبووم و ...(عەلەوی: ١٨:٢٠٠٤)

ئامرازی (تەنها، تەنیا):

٧٧- پێدەچێ هەڵبژاردنی فۆرمەکە یا وشەکە **تەنها** ئەو کاتە گونجاو بێت، کە خوێنەر لەواتا هەڵێنجراوەکە تێبگات و بیزانێت. (هۆشەنگ فاروق: ٩:٢٠٠٨)

ئامرازی (هەرئەوەندە):

٧٨- **هەر ئەوەندە** هاتە ژوورەوە وەکو کەسێك، کە ساڵانێکە من دەناسێت. (عەلەوی: ٤١:٢٠٠٤)


ئامرازی (نزیکەی):

٧٩- **نزیکەی** نیوەی خەڵکی جیهان بەزمانی ئینگلیزی قسە دەکەن و لەکاری ڕۆژانەیاندا بە کاری دەهێنن.

ئامرازی (ئەگەر):

٨٠- من **ئەگەر** نەتوانم نهێنییەکانی ژیانی مامۆستا بە خەڵکی ئێران ڕابگەیەنم، ئیدی چ سوودێکم لە ژیان بینیوە؟. (عەلەوی: ٥٣:٢٠٠٤)

کردەی بیانووهێنانەوە لە زمانی کوردیدا چەند خەسڵەتێکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنان و شێوازی ئاخاوتن بەکار دەهێنێت لەم هێڵکارییەدا ڕوونی دەکەینەوە:



هێڵکاری کردەی بیانووهێنانەوە لە زماندا

ئەنجام

١- تیۆری بیانووهێنانەوە تیۆرێکی زمانییە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو بیانوو و بەڵگانەدا هەیە کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن.

٢- گوزارە ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕۆنانی ئەم تیۆرەدا دەبینێت.

٣ - تیۆری سێتا پێوەندی بەڕۆنانی بیانووهێنانەوە و ڕۆڵە واتاییەکانەوە هەیە و ئەو کەرەسانەش دەستنیشان دەکات، کە لە گوزارەکەدا کۆ دەبنەوە.

٣- لە زمانی کوردیدا کاری تێپەڕ توانای وەرگرتنی چەند بیانووهێنانەوەیێکی هەیە و پێوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوانیان (بکەر و بەرکار)ن.

٤- لە ڕۆڵە واتاییەکاندا توانای گوزارە لە هەڵبژاردنی بیانووهێنانەوەکان سنووردارە بەتایبەتی لە کارە تێنەپەڕەکاندا.

٥- ڕازیکردن بەچاکترین بنەمای ئارگیومێنت دادەنرێت، چونکە بەپێوەرێکی واتایی و لۆجیکی دەپێورێت.

٦- چەمکی بیانووهێنانەوە لەسەر بنەمای پلەدارکردن دێتە ئاراوە واتە هێز و بێهێزی گوتنەکە ئاڕاستەی گوتنەکە لە پلیکانەیێکدا دەبەن بەڕێوە. لە زمانی کوردیشدا ئەو ئامرازانەی بۆ پتەوکردنی ڕستە و دەقەکان بەکار دەهێنرێن دەبنە بەڵگەیێکی بەهێزتر هەریەکەیان لە خزمەتی ئامانج و ئەنجامی بیانووهێنانەوەکەدا دەبن.

پەراوێزەکان:

[1] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (ڤیان سلێمان: ٧٨-٩٤)

[2] بڕوانە لاپەڕە (٦)

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە کتێبی ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی لاپەرە (٣٨٦-٣٩١)

[4] – بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە: فەرهەنگی (لسان العرب، ابن منظور، المجلد الثالث العشر)

[5] – واتە چەند بەرەو قووچەکەکە سەر بکەوین بەڵگە و بیانووەکە بەهێزتر دەبێت.

سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە کوردی:

١- ڤیان سلیمان حاجی، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٩

سەرچاوەکان بەعەرەبی:

١- ابن منظور، لسان العرب، المجلد الثالث عشر، دار صادر، بيروت.

٢- حافظ اسماعيل علوي (٢٠١٠) الحجاج مفهومه و مجالاته، الجزء الثاني والرابع، عالم الكتب، اربد-الاردن.

٣- شكرى المبخوت (٢٠٠٣) الحجاج في اللغة، جامعة منوية، تونس.

٤-صابر الحباشة (٢٠٠٨) التداولية والحجاج مداخل ونصوص، دمشق، سوريا.

٥- طه عبد الرحمن (٢٠٠٦) اللسان والميزان او التكوثر العقلي، الطبعة الثانية، المركز الثقافي العربي، دار البيضاء، المغرب.

سەرچاوەکان بەئینگلیزی:

1- Cook V.j and Mark Newson (1996) Chomsky's Universal Grammar An introduction second edition.

2-Crystal.D(2003) A Dictionary mf Linguistic ,Phonetics 5thd,bhackweel Publishing Un Published Doctoral Dissertation.

3-Radford ,A(2004) Minimalist Syntax Exploring the structure of English, Printed in the United Kingdom at the university Press Cambridge.

ئەنتەرنێت:

1-www.aljabriabed-net (21:6:2009)

2- www.ahewar.org (22:2:2009)

سەرچاوەی نموونەکان:
١– عەبدوللا سەراج، هەڵکشان بەرەولووتکە، وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن، دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، ١٩٨٩.
٢– بوزورگ عەلەوی، و: ئازاد بەرزنجی، چاوەکانی، چ٤، چاپخانەی شڤان. سلێمانی، ٢٠٠٤.
٣– گۆڤاری (رۆشنبیری نوێ، ژ (١٢٤)، ١٩٨٩.

ملخص البحث

نظرية الحجج هي عملية لغوية واجتماعية وفكرية هدفها اقناع المتلقي بفكرة من افكار المرسل أو المتكلم، وهذه العملية تتم من خلال الاسباب الخاصة بالحجة. البحث بعنوان (بعض الجوانب من نظرية الحجج في اللغة الكوردية) هذه النظرية تلعب دوراً مهماً في اللغة الكوردية، أن سبب اختيار الموضوع هو أن هذا الموضوع لم يدرس بشكل لغوي وأكاديمي، والمنهج المتبع هو المنهج الوصفي التحليلي، ومواد البحث اللهجة الكوردية الوسطى، استند البحث الى امثلة من اللغة العامية وبعض الحكايات. البحث عبارة عن دراسة مختصرة تتكون من فصلين مبدوءة بمقدمة ومختومة بالنتائج، يتكون الفصل الاول من محورين المحور الاول مفهوم الحجج وتأريخ ظهور نظرية الحجج في اللغة. المحور الثاني يتحدث عن قواعد الحجج مثل (التنازل، الانعكاسي، والنفي) وانواع الحجج مثل (الحجج الخاطئة، التبرير، رمزية، مقيدة) والفصل الثاني يتكون من بعض جوانب نظرية الحجج والتسلسل الهرمي ووسائل الحجج باللغة الكوردية.

Abstract

Argumentation in language is a linguistic, social and mental act, carried out in order to convince his addressee with an opinion expressed by the speaker. This can be done by certain special means for argumentation. In this process the most important thing is the difference between the linguistic message expressed by the speaker and the message received by the listener, as the speaker is attempting to convince the listener through proofs and evidences and this is a kind of verbal communication.

The study is entitled "Some Aspects of Argumentation in Kurdish" which is an important aspect in Kurdish. The study is particularly significant as argumentation has not been dealt with separately in the previous studies.

The study will be conducted in central Kurdish, while the examples and data will be taken from Kurdish written texts and some Kurdish stories.

The study adopts synchronic analysis and the sentences and the texts have been considered in terms of their functions, as language is a means of communication between the speaker and the listener.

The study consists of an introduction, two sections and conclusion and in the end the list of references is presented. The first section is theoretical and consists of two parts; the first part covers the topic of the term and the emergence of argumentation in language. The second part talks about the rules and types of argumentation

The second section consists of some of the theoretical aspects of the arguments and the hierarchy and means of arguments in the Kurdish language

هۆز و تیره کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە لە کتێبی (مسالك الابصار في ممالك الامصار)ی ابن فضل اللّه العمري

م.ی. هەمزە کاکە یاسین

پێشەکی

کتێبی (مسالك الابصار في ممالك الامصار)ی ابن فضل الله العمري لە یەکەمی ریزی سەرچاوەکانی سەدەی هەشتەمی کۆچی /چواردەمی زایینی دێت کە زۆرترین و وردترین زانیاری لەسەر کورد و ڕۆڵی مێژوویی و شارستانەتییەکەی لەخۆ گرتبێت، جا چ لەسەر ئاستی ڕۆڵی کەسایەتییەکان بێت یا لەسەر ئاستی کۆمەڵ و تیرە و هۆز و میرنشینە کوردییەکان، لەلایەکی تریشەوە دەکرێت بڵێین کە دانەری ئەم کتێبە (مەوسوعەیە) یەکەم کەسە کە لەماوەی دەسەڵاتداریەتی مەمالیك ژیابێت کە بەم چەشنە ڕۆڵ و پێگەی کوردی هەڵسەنگاندبێت و ڕووپێوی ژمارەیەکی دیاری لە تیرە و هۆز و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستانی کردبێت ؛ ئەوە جگە لەوەی (العمري) بەوە جیا دەکرێتەوە کە وردبینیی زۆری لە تۆماری ڕووداوەکاندا کردووە.

لەم پێودانگەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەت کراوە بە تیرە و هۆز و بنەماڵە کوردییەکانی هەرێمی جەزیرە لە کتێبی (مسالك الابصار في ممالك الامصار)ی ابن فضل الله العمري کە لە دوو تەوەری سەرەکی پێك هاتووە، لە تەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر چەند لایەنێکی ژیانی دانەر و پێگەیشتنی و گرنگترین بەرهەمەکانی، وێڕای پێگەی بنەماڵەکەی لە دەسەڵاتی مەمالیکدا، هەروەها پێناسەیەکی کورتیش بۆ کتێبەکەی کراوە.

هەرچی تەوەری دووەمیشە کە کرۆکی لێکۆڵینەوەکەیە، ئەوا تەرخان کراوە بۆ خستنە ڕووی دیارترین ئەم هۆز و بنەماڵە کوردییانەی لە هەرێمی جەزیرەدا ژیاون و دەسەڵاتیان لە چوارچێوەی خۆیاندا هەبووە، لەلایەکی تریشەوە تیشك

خراوەتە سەر دیارترین ئەم کەسایەتی و سەرکردە کوردانەی کە لە نێو ئەم تیرە و بنەماڵانە هەڵکەوتوون و پەیوەندییان بەمەمالیك و مەغۆلەکانەوە هەبووە ؛ دیارە لە میانەی باسەکەشدا ئەم زانیارییە مێژووییانەی کە لە کتێبی (مسالك الابصار)دا هاتوون، بەراورد کراون لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکانی تر و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەیەکی زانستییانەشی بۆ کراوە، لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەم ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لە چەند خاڵێکدا کورت کراونەتەوە.

تەوەرەی یەکەم: لەدایکبوون و پێگەیشتنی ابن فضل الله

یەکەم: ناو و نازناوی:

ناوی تەواوی: احمد بن یحیی [١] بن فضل الله [٢] بن المجلي [٣] ابن دعجان [٤] بن خلف بن ابي الفضل نصر بن منصور [٥] بن عبيدالله بن عدي بن محمد بن ابي بكر عبدالله بن عبيدالله بن ابي بكر بن عبيدالله الصالح [٦] بن ابي سلمة عبدالله بن عبيدالله بن عبدالله بن عمر بن الخطاب [٧]، بە (ابو العباس ناسرا)بوو [٨]، (شهاب الدين) [٩]یش نازناوی بووە، جگە لەوەی بە (الكرماني) [١٠] و زۆرجاریش بە (الدمشقي) و تەنانەت بە (العمري) [١١]ش بانگ کراوە، چونکە ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان بۆ خەلیفە عمری بن خطاب دەگەڕێتەوە [١٢].

دووەم: لەدایکبوون وپێگەیشتنی:

بەشێکی زۆری سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە ابن فضل الله العمري لە ساڵی (٧٠٠ك /١٣٠١ز) لە شاری دمشق لە دایك بووە [١٣]، بەڵام بۆچوونی جیاوازیش دەربارەی ساڵی لەدایکبوونی هەیە، هەندێك پێیان وایە ابن فضل الله لە ساڵی (٦٩٧ك/ ١٢٩٧ز) لە دمشق لە دایك بووە [١٤]، هەرچەندە الصفدي لە پێشەوەی ئەوانەوە دێت کە پێی وایە ابن فضل الله لە ساڵی (٧٠٠ك/ ١٣٠٠ز) لەدایك بووە، بەڵام لە کۆتاییدا لەو بۆچوونەی خۆی پاشگەز دەبێتەوە و دەنووسێت ڕاستی ساڵی لەدایکبوونی (٧٠١ك ی/١٣٠١ز)یە، کە دەڵێت ((والظاهر ان مولده سنة احدى وسبعمائة)) [١٥]. دوای لەدایکبوونی خانەوادەکەی بۆ مصر کۆچ دەکەن و لە ناوچەی (البرسل) [١٦]ی خواروو نیشتەجێ دەبن، ئیتر لەوێدا گەورە بووە و پێگەیشتووە و فێری زانست و زانیاری بووە، لە نێو خانەوادەیەکی

ئـەدەب دۆسـت و رۆشـنبیر پـەروەردە بـووە، زۆربـەی ئەنـدامانی خێزانەکـەی لـە پۆستە کارگێڕییەکانی دەوڵەت کاربەدەست بوون و پۆستی بالأیان هەبووە [17]، بـێ گومان ئەو ژینگەیەی کە ابـن فضـل الله ی تێـدا پـەروەردە بـوو، کاریگـەری زۆری لەسەری هـەبووە، کـە ئـەویش وەك ئەندامـەکانی تـری خێزانەکـەی لـەو زانسـتانە بەهرەمەند بێت کە بنەماڵەکەی پێـی ئاشـنا بـوون، بەتایبـەتی کـە خانەوادەکـەی سەدەیەك زیاتر دیوانی (انشاء) یان بەڕێوە دەبرد ، لە دیارترینیان:

١ــ محمد شهاب الدين عبدالوهاب بن فضل الله بـن مجلـي بـن دعجـان العـدوي العمري، لە ساڵی (٦٢٣ ك /١٢٢٦ز) لەدایك بووە و پاشان پۆستی (کاتب السر)ی [18] لە دمشق وەرگرت و خزمەتی سوڵتانی مەمالیك (ناصر محمد قلاوون) [19] ی کـرد، تـا ساڵی(٧١٧ ك / ١٣١٧ز) کۆچی دوایی کرد، ئەو یەکێك بووە لە نووسەرە چاکەکان و زۆریش لێهاتوو بووە [20] .

٢ــ محی الدين يحيى بن فضـل الله ی بـاوکی لـە سـاڵی (٦٤٥ك /١٢٤٨ز) لـە دایك بووە [21] ، و یەکێك بووە لە ڕووناکبیر و ڕۆشنبیر و زانایانی دەوڵەتی مەمالیك و و لەگەڵ زۆرێك لـە دەسـەڵاتدارانی مـەمالیك نێـوانی خـۆش بـووە ، هاوسـەردەمی دەسەڵاتی سوڵتانەکانی وەك (سلطان الناصر) و (حسـام الـدين لاجـين) و (اشـرف خليل و الناصر محمد) بوو، گەلێك پۆستی بالا و گرنگی لە ژێر قەڵەمڕەویی ئەواندا وەرگرتووە، لە گرنگترینیان وەرگرتنی پۆستی (کاتـب السـر) بـووە، لـە قـاهیرە و دمشـق خزمـەتی کـردووە [22] ، چـونکە نـاوبراو لـە نووسـین و کارەکانیـدا شـارەزا و لێهاتوو و لێزان بووە، ئەوە جگە لەوەی جێـی متمانـەی سـوڵتانەکان بـووە، بۆیـە پۆستی(صاحب الانشاء)یشیان هـەر بـەو سـپاردبوو، جگـە لـەوەی کـاری دادوەری (قاضي) [23] یشی دەکرد. جا هـەر لەبەرئـەو پلەوپایـەی لای سـوڵتانەکانی مـەمالیك هەیبوو، کوڕەکانیشی ڕێزیان دەگیرا و پۆستیان پـێ دەبەخشرا، لەساڵی (٧٣٨ ك/ ١٣٣٧ز) لە مصر لە تەمەنی ٩٣ ساڵی کۆچی دوایـی دەکـات، و دواتـر کوڕەکـانی یەك لە دوایەك شوێنی باوکیان دەگرنەوە [24] .

٣ـ بدرالدين محمد بن محی الدين بن فضل الله العمري، برای ابن فضل الله لـە سـاڵی (٧٠١ك /١٣٠٢ز) لـەدایك بـووە و ئـەویش وەك ابـن الفضـل الله ی بـرای

شارەزایی زۆری لە (كاتب السر) و (دیوانی انشاء)دا هەبووە، لەو پلەو پایەدا ماوەتەوە تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی (٧٤٦ ك/ ١٣٤٥ز) كۆچی دوایی كردووە[٢٥].

٤ـ علاء الدین علی بن یحیی، ئەویش برای ابن فضل الله یە و لە ساڵی (٧١٢ك / ١٣١٢ز)لەدایك بووە، و یەكێك بووە لە كوڕە شارەزاكانی محیی الدین، هێشتا زۆر بچووك بوو پۆستی (كاتب السر)ی پێبەخشرا [٢٦].

سێیەم: كۆچی دواییكردنی ابن فضل الله:

سەبارەت بە مردنی ابن فضل الله هەواڵ و باسكردنی جیاواز لە سەرچاوەكان ئاماژەی بۆ كراوە، هەندێك پێیان وایە لەو كاتەی نەخۆشی تاعوون لە دمشق بڵاو بۆتەوە ابن فضل الله ژیانی گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت و خۆی لە تێكەڵاوبوونی خەڵك بەدوور دەگرێت، بەڵام سەرەئەنجام هەر بەو نەخۆشییە كۆچی دوایی دەكات [٢٧]. ئاماژەیەكی تر هەیە، كە ابن فضل الله بڕیاری دا لەگەڵ خێزانەكەی فەریزەی حەج بە ئەنجام بگەینن، بۆیە چوونە قودس، بۆ ئەوەی لەوێوە بەرەو مەكە بەڕێ بكەون، بەڵام لە قودس هاوسەرەكەی كۆچی دوایی دەكات، ئەویش لە گەشتكردنەكەی پاشگەز دەبێتەوە، و لە بارودۆخێكی دەروونیی زۆر خراپ دەگەڕێتەوە دمشق، لە ڕێگادا سەرما زۆر كاری لێدەكات و تایەكی گران دەیگرێت و هەر بەم نەخۆشییە كۆچی دوایی دەكات[٢٨].

سەبارەت بە مردنیشی، زۆربەی مێژوونووسان پێیان وایە كەوا لە ساڵی (٧٤٩ك/ ١٣٤٨ز) لە دمشق كۆچی دوایی كردووە[٢٩].

چوارەم: گرنگترین بەرهەمەكانی:

١–مسالك الابصار في ممالك الامصار ٢– التعريف بالمصطلح الشريف[٣٠] ٣– حسن الوفاء لمشاهير الخلفاء[٣١] ٤– دائرة بين مكة والبلاد[٣٢] ٥– الترسل في المكاتبات ٦– فواضل السمر في فضائل آل عمر[٣٣]٧– الصبابة المشتاق[٣٤] في المدائح النبوية[٣٥] ٨– دمعة الباكي ويقظة الساهر[٣٦] ٩– كتاب الدعوة المستجاب[٣٧] ١٠– سفرة السفرة[٣٨] ١١– نفحة الروض[٣٩]١٢–ذهبية العصر[٤٠] ١٣– الشتويات[٤١] ١٤–ا لمبيكتات[٤٢]١٥– تذكرة الخاطر[٤٣] ١٦ـ كتاب في الانشاْء والتوقيع[٤٤] ١٧– مختصر قلائد العقيان[٤٥] ١٨– عرف التعريف[٤٦] ١٩– ممالك عباد الصلب[٤٧].

پێنجەم: گرنگیی كتێبەكەی:

كتێبی (مسالك الابصار في ممالك الامصار) جیاوازه له هەموو كتێبەكانی دیكەی ابن فضل الله، ئەم كتێبه گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیه، چونكه دەگمەنە و لەوێنەیدا زۆر كەم نووسراوەتەوه، بۆیه نووسەرانیش زۆر بەگرنگییەوه لەم كتێبەیان ڕوانیوه و ئاماژەیان بۆ كردووه، وەك الصفدي ئاماژەی بۆ كردووه و دەڵێت: (كتێبێكی گشتگیره، نەمزانیوه هیچ كتێبێك وەك ئەو بێت)[٤٨]. هەروەها المقريزي ئاماژەی بۆ كردووه و دەڵێت (له پێشتردا لەوێنەی ئەو نەبووه)[٤٩]، (الكتبي)ش پێی وایه هیچ كتێبێكی هاوشێوەی ئەم كتێبەی پێشتر نەبینیوه كه زانیاریی وا ورد و دەگمەنی لەسەر مێژووی مەغۆل و نەتەوەكانی تر تێدا بێت، سەبارەت به جوگرافیا و ناسینی شار و شارۆچكەكان و دووریی نێوانیان كەس بەقەد ئەو شارەزایی نەبووه و باسی لێوه نەكردووه، وەك دەڵێت (بۆ ناسینی ڕێگاكان و دانیشتووانی ناوچەكان و ڕێوشوێنی هەرێم و ئاوەدانییەكان ئەوا پێشەوای سەردەمی خۆی بووه...)[٥٠] و (ابن العماد)یش دەڵێت: (كتێبێكی گرنگه و هاوشێوەی ئەو نەنووسراوه)[٥١]. ئەم شێوازه له نووسیندا دەرگای بۆ ئەوانەی دواتر والا كرد تا هەمان ڕێچكه بگرنەبەر و لەسەر ڕێبازی ئەو بڕۆن و درێژەش بەم جۆره نووسینانه بدەن، له لایەكی دیكەوه كتێبی مسالك الابصار، شێوازی داڕشتنەكەی و پێكهاتە جۆراوجۆرەكەی وای لێ كردووه ببێتە سەرچاوەیەكی ڕەسەن بۆ زۆر بواری جۆراوجۆری وەك، جوگرافیا و مێژوو و ئەدەب[٥٢] و.... هتد. بۆیه ئەم كتێبه به یەكێك له باشترین و چاكترین سەرچاوه دادەنرێت ؛ بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر دەوڵەتی مەمالیك و مەغۆل و تورك و هند، سوودی زۆری لێ وەردەگیرێت، چونكه نووسەر خۆی هاوسەردەمی ڕووداوەكان بووه و له نێو واقیعی ڕووداوەكاندا ژیانی گوزەراندووه و شاهێدحاڵی ڕووداوەكانی ئەوساش بووه. له شێوازی داڕشتن و نووسینەوەیدا، ئەم كتێبه بۆ ئەمڕۆ دەچێته چوارچێوەی (علم البلدان) یان (جوگرافیای سروشتی).

تەوەری دووەم: تیرە و هۆز و بنەماڵە كوردییەكانی هەرێمی جەزیرە:

گرنگیدانی ابن فضل الله بە هۆز و تیرە كوردییەكان و باسكردنیان بەشێوەیەكی باش بووە، لەباسكردنی تیرە و هۆز و بنەماڵە كوردییەكان هەوڵی تەواوی خۆی خستۆتە گەڕ و درێخی نەكردووە، و هەوڵی داوە زۆرترین زانیارییان لەسەر ڕێنووس بكات. گرنگترین تیرە و هۆزە كوردییەكانیش:

١- قرتاوية- كرتاويە (گەردی)[53]:

ئەم ناوە لە سەرچاوەكانی سەردەمی عەبباسیدا هیچ ئاماژەیەكی بۆ نەكراوە، تەنانەت لە سەردەمی مەمالیكیشدا تاكە سەرچاوەیەك لەسەریان دوابێت ابن فضل الله یە، كە ئاماژەی بۆ كردوون و ناوی هێناون. ئەمانە هۆزێكی ناوچەی (بستار) بەستۆرە بوون، هێز و دەسەڵاتی زۆریان هەبووە، لە ناوچەیەكی زۆری دەوروبەری خۆیان فەرمانڕەواییان كردووە، تەنانەت هەولێر و دەوروبەریشیان خستۆتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیانەوە[54]، دیارە هەر لەبەر ئەو دەسەڵاتە زۆرەی هەیانبووە لەگەڵ هۆزەكانی تری دەوروبەریان پاراستنی ڕێگای بازرگانی (دربند قرابلی — دەربەند قرابلی — دەربەندی بەستۆرە) و پاراستنی گیانی ئەو ڕێبوارانەیان پێ سپێردرابوو كە بەوێدا گەشتیان كردووە [55]. ئەم هۆزە نزیكەی چوار هەزار كەس دەبوون، لەلایەن (سیف الدين) ناوێكەوە سەرۆكایەتی كراون، و لە دوای ئەویش كوڕەكەی بەناوی (شهاب الدين) حوكمڕانیی ناوچەكەی كردووە[56].

٢- الحميدية:

ئەم هۆزە كوردییە لە ناوچەی نەروا و بەخمە (بیخمە) لەسەر زێی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ئاكرێدا لە نێوان چیاكانی ئەو ناوچەیەدا ژیاون[57]، دواتریش بەهۆی ئەو هێز و دەسەڵاتەی هەیانبووە توانیویانە سنووری دەسەڵاتی خۆیان فراوان بكەن، دەستیان گرتووە بەسەر ناوچەكانی دەوروبەریان، تەنانەت توانیویانە میرنشینێك دابمەزرێنن و ناوچەكانی عقر (ئاكرێ) و شوش و هەولێر و هرواتل (هەرتل) یان (هەریر) و قەڵاكانی دەوروبەریشیان بخەنە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیانەوە [58]، میرانی ئەم هۆزە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەغدادیشەوە ڕێزیان لێگیراوە، جا لەبەر ئەو دەسەڵاتە زۆرەی لە ناوچەكە هەیانبووە زۆرجار لەلایەن خەلیفەكانی عەبباسییەوە نازناو بە میرەكانیان بەخشراوە[59].

لـه‌م هـۆزه‌دا کۆمه‌ڵـه میرێکـی بـه‌ناوبانگ به‌دیارکـه‌وتوون کـه ده‌سـه‌ڵاتی ته‌واوییان به‌سه‌ر میرنشینه‌که و ناوچـه‌کانی ده‌وروبه‌ریشـیدا هـه‌بووه، لـه‌گرنگترین ئه‌و میرانه‌ی ناوبراو باسی کردوون ئه‌مانه‌ن:

أ- المبارز كك [٦٠](كاك) (٦٤٠-٧١٠ك/١٢٤٢-١٣١٠ز):

المبارز كاك ناوی ته‌واوی (مبارزالدين ابو بكر كاك بن سيف الـدين محمـد بـن ابى الجيش الحميدي المازنجاني) یه، له ته‌مه‌نی بیسـت ساڵییه‌وه سـه‌رکردایه‌تی و ده‌سه‌ڵاتی هۆزه‌که‌ی گرتۆتـه ده‌سـت[٦١]، به‌یـه‌کێك لـه بـه‌هێزترین و بـه‌ناوبانگترین میره‌کانی حه‌میدی له مێژووی ئه‌م هـۆزه‌دا هـه‌ژمار ده‌کرێت، زۆرتـرین ناوبـانگ و ده‌سه‌ڵاتی هه‌بووه؛ له‌به‌ر دڵسۆزیی ئه‌و بۆ خه‌لیفـه‌کانی عه‌بباسـی و ئـه‌و خزمه‌تـه زۆره‌ی پێشکه‌شی ده‌کردن [٦٢]، له‌لای ئـه‌وان پلـه‌و پایـه‌و مـه‌قامی بـاڵای هـه‌بووه. له‌بـه‌ر ئازایـه‌تی و چاونه‌ترسـی و لێهـاتوویی و ئـه‌و یارمه‌تییـه سـه‌ربازییانه‌ی پێشکه‌شـی خه‌لافـه‌تی ده‌کـرد، خه‌لیفـه‌ی عه‌بباسـی نازنـاوی (مبـارز الـدین) و (صلاح)[٦٣]ی پێ به‌خشی و ابن فضل الله لـه ستایشـکردنی ئـه‌ودا ده‌ڵێـت (كـان ذا شجاعة وصبر وتحيل ومكر وعقل وفكر وتدبير وسياسة وتثبت ورئاسة لا يهمل عدوا لصغره وحقارته ولا يهاب من أراد به سوءا لعظمته وجسارته)[٦٤].

ئـه‌م هـۆزه لـه کـاتی شـاڵاوی مـه‌غۆل بـۆ سـه‌ر ناوچـه‌که‌یان زۆر ئازایانـه بـه‌رگرییان کـرد و نه‌یانهێشـت وڵاته‌کـه‌یان داگـیر بکرێـت، هه‌رچـه‌نده مه‌غۆلـه‌کان هه‌وڵیاندا به‌هێز ئه‌م ناوچانه داگیر بکه‌ن، به‌ڵام نه‌یانتوانی، بۆیـه به‌ناچـاری داوای ئاگربه‌ست و رێکه‌وتنیان له‌گه‌ڵ (مبارز الدين كاك) کرد، ئه‌ویش قبـوڵی کـرد، بۆیـه هه‌ردوولا رێکه‌وتن له‌سه‌ر:

١-مبارزالدين باج و خـه‌راج بـدات بـه مه‌غۆلـه‌کان و پارێزگـاری لـه‌و ناوچـانه بکات که له‌ژێر ده‌ستیدایه‌و دان به‌ده‌سـه‌ڵاتی مـه‌غۆل دابـنێ به‌سـه‌ر ناوچـه‌کان و بێته ژێر باڵی ئه‌وانه‌وه.

٢- به‌رامبـه‌ر بـه پێـدانی بـاج و پاڵپشـتی لـه مه‌غۆلـه‌کان ده‌بێـت ئـه‌وانیش ناوچه‌کانی عقر (سوسن)(شـوش) و هـه‌ولێر و هرتـه‌ل (هـه‌رير) و تـل هفتـونی پـێ ببه‌خشن[٦٥].

ئیتر لە دوای ئەم ڕێکەوتنەوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەسەڵاتی (مبارز الدین کاك) لە ناوچەکە زیاتر دەبوو، بۆیە مەغۆلەکان لە دەسەڵاتەکەی کەوتنە گومانەوە، چونکە پێیان خۆش نەبوو دەسەڵاتێکی بەهێز لەم ناوچانە هەبێت کە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەوان دروست بکات[٦٦] .

جا دەتوانین بڵێین ئەو ڕێکەوتنەی لەگەڵ مەغۆل سوودی زۆری بەخشییە (مبارزالدین کاك)، چونکە بووە مایەی فراوانبوون و بەهێز بوونی دەسەڵاتی، لەلایەکی تر زۆرێك لە هۆز و تیرەکانی تریش چوونە پاڵییەوە و ناوچەکانی خۆیان خستە ژێر دەستی، ئەوانەشی مابوونەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە پەیوەندی ئاشتییانەی لەگەڵ بنیات بنێن، هەم بۆ بەهێزبوونی خۆیان و هەمیش بۆ خۆپاراستنیان بوو لە پەلاماری مەغۆلەکان، گرنگترین ئەم هۆزانەی هاتنە پاڵی و پاڵپشتیی خۆیان بۆ دووپات کردەوە، (زیبارییەکان) بوون، ئامانجیشیان ئەوە بوو خۆیان لەو مەترسییانە ڕزگار بکەن کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە . دیارە هەر لەبەر بەهێزی و هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزەکانی تر بووە، کە مەغۆل نەیان ویست ڕاستەوخۆ و لەڕێگای لەشکری سربازییەوە لەناوی ببەن، چونکە دەیانزانی تووشی گرفتی زۆر دەبنەوە، بۆیە بیریان لە بەکارهێنانی ڕێگای تر کردەوە ، بەتایبەتی بۆ ئەم کارەیان هەوڵیاندا لەڕێی کەسانێکی بەکرێگیراوەوە غافل کوژی بکەن و لەناوی بەرن، بەڵام هەر جارێك ئەم هەنگاوەیان نابێت سەرئەنجام پیلانەکەیان ئاشکرا بووە و سەری نەگرتووە[٦٧] .

ب- عزالدین بن المبارزالدین

دوای مردنی باوکی لە ساڵی (٧١٠ك/ ١٣١٠ز) (عزالدین) دەسەڵاتی ناوچەکان دەگرێتە دەست و لەسەر ڕێبازی باوکی فەرمانڕەوایەتی دەکات، ئەو هێز و دەسەڵاتەی باوکی بۆی بەجێهێشت ئەو وەکو خۆی پاراستی، توانی سەربەخۆیی خۆی و میرنشینەکەی وەکو خۆی بهێڵێتەوە و نەچێتە ژێر ڕکێفی دوژمنانیان و پارسەنگی میرنشینەکەی پاراست، دووری خستەوە لە هەر دەستتێوەردانێکی دەرەکی، بەڵام زۆر لە دەسەڵات نەمایەوە و کۆچی دوایی کرد [٦٨] .

نازانرێت ئایە بۆخۆی مردووە یان نا، چونکە وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەهۆی بەهێزیی ئەم هۆزە لە ناوچەکە و ئەو دەسەڵاتەی هەیانبووە، گەلێك جار

مەغۆل لە هەوڵی غافلکوژی سەرکردەکانیاندا بوون؛ دەشکرێت کێشە و ململانێی ناو خۆیان هەبووبێت و براکەی پیلانی کوشتنی بۆ دارشتبێت و لە ناوی بردبێت.

ج- نجم الدين خضر:

دوای مردنی (عزالدین)ی برای، دەسەڵاتی هۆزەکەی گرتۆتە دەست، لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەغۆل و مەمالیکەوە دانی پێدانراوە، ڕێزیان گرتووە و پلە و پایەیان پێ بەخشیوە، بەڵام ناوبراو زیاتر مەیلی بەلای مەمالیکدا بووە و پەیوەندی توند و تۆڵ و نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمالیکدا هەبوو[٦٩]، بەڵام لە بەڕێوەبردنی وڵات و ناوچەکان و سەرپەرشتیکردنی گەل و هۆزەکەی، وەك باوك و براکەی لێهاتوو نەبووە، چونکە زیاتر خەریکی ڕابواردن و خۆش گوزەرانی بووە و کەمتر لای بەلای خەڵك و کاروباری وڵاتەوە چووە.

ئەو سەروەت و سامان و دەسەڵاتەی باوك و براکەی بۆیان جێهێشتبوو لە جێی خۆیدا بەکاری نەهێنا، تەنیا ئەوە نەبێت کە گرنگیی زۆری بە ئەدەب و هونەر داوە و زێڕ و زیوی زۆری بۆ ئەم بوارە خەرج کردووە، وەك ابن فضل الله ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت: (وانبساط في اللذات، وشرف بالعرض والذات، ويد لا تقصر في أدب، ولا تبالي بلاغتها بما تنفق من كنوز الفضة والذهب)[٧٠].

د-شجاع الدين ابن نجم الدين خضر:

دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتۆتەدەست و لەسەر ڕێبازی ئەو ڕۆیشتووە، لەبەر ئەوەی باوکی گرنگیی زۆری بە بەڕێوەبردنی کاروباری هۆز و دەسەڵاتەکەی نەداوە و هەر خەریکی خۆش گوزەرانی بووە، بۆیە کاتێ دەسەڵاتی گرتە دەست تووشی زۆر کێشەوگرفت بوویەوە، لە گرنگترینیان نەمانی ئاسایش و هێمنیی ناوچەکان بووە، بۆیە نائارامی و بارگرژی ڕووی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کردووە، ئەمەش بۆتە سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی وەك دزی و تاڵانی و پەلاماردانی کاروانەکان، ناوبراو نەیدەتوانی بەسەریاندا زاڵ بێت و کۆنترۆڵی ناوچەکان بکاتەوە ، بۆیە ئەم بۆشاییەی کە باوکی جێی هێشتبوو نەیتوانی پڕی بکاتەوە [٧١].

٣- سۆرانی (السهرية)

ئەم هۆزە کوردییە لە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری هەولێر لە نێوان شقلابذ (شەقلاوە) و خفتیان (هاودیان) و (ڕەواندوز) و گەلی عەلی بەگ (خفتیان الصغیر) لە پێدەشتەکانی هەریر(دشت دربند الکبیر) بڵاو ببوونەوە و زێی گەورەش ناوچەکانی ئەوانی کردبووە دوو بەش[٧٢].

سروشتی جوگرافیایی ناوچەکە بەرز و نزمی زۆری تێدایە، بۆیە ئەو سروشتە کاریگەری لەسەر ژیانی تاکەکانی ئەم هۆزە دروست کردبوو، چونکە وەك زانراوە ناوچە چیاییەکان بۆ کشتوکاڵکردن لەبار نییە، و سەرچاوەی لەوەڕگای باشیشی نییە بۆ ئاژەڵداری، بۆیە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کەمتر لەم بوارانەدا سوودمەند بوون [٧٣].

بەڵام بەو پێیەی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئەوان سەر ڕێگای کاروانی بازرگانی بووە، بۆیە ئەو کەلێنە ئابوورییەی بۆ پڕ کردبوونەوە، ئەم هۆزە ڕێگا بازرگانییەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو و باج و سەرانەیان لە بازرگانەکان وەردەگرت، کە بەناوچەکانی ژێردەستی ئەواندا تێدەپەڕین، وەك دەڵێت: (هم يأخذون الخفارة عندها يخيلون ما شاءوا بعدها)، و زۆر جاریش پەلاماریان دەدان و کاروانەکانیان تالآن دەکردن، بۆیە بە (اللصوص) دز و ڕێگر ناسرابوون [٧٤]، جا کاروانچی و بازرگانەکان بۆ ڕزگاربوونی خۆیان و کاروانەکانیان، ئامادە بوون لەگەڵیاندا ڕێك بکەون، چونکە ئەم هۆزە بەتەنها ئەرکی پاراستنی ئەو ڕێگایەیان لە ئەستۆدا بوو، وەك ابن فضل الله: دەڵێت: (ئەوان ستەمکار و فێڵباز و بەتوانان، و کاروانچییەکان ناتوانن خۆیان لە دەستیان دەرباز بکەن و دزی و جەردەیی پیشەیانە)[٧٥] . لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەقەدا، دەتوانین بڵێین ڕێگری و هەڵکوتانە سەر کاروانە بازرگانییەکان بۆ ئەو سەردەمە کارێکی ئاسایی بووە، چونکە بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیان بوو، تەنانەت زۆرجار هۆکاری مانەوەش بووە، زۆرجار ئەم کارە وەك پیشەیەك باو بووە، لەلایەکی تر هێما بوو، بۆ ئازایەتی و دەسەڵاتداری ئەو خەڵکانەی ئەو کارەیان دەکرد. دەکرێ بڵێین ئەم کارە تەنیا کورد نەیکردووە، بەڵکو زۆرێك لە نەتەوە و هۆز و تیرەکانی تریش هەمان پیشەیان بووە و ئەو کارەشیان ئەنجام داوە. لەلایەکی دیکە سۆرانییەکان بۆ

ئەنجامدانی ئەم کارە و هەڵکوتانە سەر کاروانەکان زۆر خێراو گورج و لێهاتوو بوون، کەس لە دەستیان دەربازی نەدەبوو، ڕاستەوخۆش لەدوای کارەکە لەبەر سەختی و دژواریی ناوچەکەیان دیار نەدەمان و خۆیان ون دەکرد، بۆیە دەسەلاّتدارانیش ئەوسا نەیانتوانیوە ڕێگرییان لێبکەن، جا لەبەر ئەو ڕەوشتەیان زۆرجار پێیان گوتراوە (جن) وەك گوتراوە (أن نسب أحد من الاكراد إلى الجن فهم هؤلاء حقا)[٧٦].

بەلاّم ئەمە لێکچواندنێکی مەجازی و خوازراوە نەوەك ڕاستەقینە.

ئەم هۆزە نزیکەی هەزار پیاویان هەبووە و خاوەن دەسەلاّت بوون، و یەکێك لە میرەکانیان ناوی (الحسام بن عمیقان) بووە، پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ دەسەلاّتدارانی مەمالیك هەبووە و نامە گۆڕینەوە لە نێوانیاندا لە ئارادا بووە، دەسەلاّتدارانی مەمالیکیش ڕێزی زۆریان لێی گرتووە[٧٧]، ئەم هۆزە وەك تەواوی هۆزە کوردییەکانی دیکە لە ئەنجامی شالاّوی بەردەوامی مەغۆلەکان بۆسەر ناوچەکەیان پەرتەوازە بوون، بەناچاری شوێنی خۆیان جێهێشتووەو ڕوویان کردۆتە مصر و ولاّتی شام، دواجاریش چوونەتە نێو سوپای مەمالیك و پلەو پۆستیشیان پێ سپێردراوە[٧٨].

٤- الزرزارية [٧٩]:

هۆزێکی دێرینی کوردن، بە دووەم گەورەترین هۆزی ناوچەی هەولێر دادەنرێت[٨٠]، زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکان ئەوانەی لەبارەی ئەم هۆزە نووسیویانە بەکوردیان هەژمار کردوون و هیچ گومانیش لە کوردبوونیان نییە[٨١]، بەلاّم ابن فضل الله پێی وایە ئەم هۆزە لە بنەڕەتدا عەجەم بوون و لە نەوەی پادشاکانی (فارس) بوون دواتر بوون بەکورد، وای دەبینین کە نووسەر کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئاخافتن و نووسینەکانی ابن خلکان کاتێك باس لە ڕەچەڵەکی خۆی دەکات و دەیگەڕێنێتەوە بۆ بەرمەکییەکان[٨٢] ، هەرچەندە خۆیشی لە هەولێر لە دایك بووە[٨٣]، بەلاّم بۆچوونی ڕاست و دروست ئەوەیە، زرزارییەکان نەژادیان کوردە و لە ڕەچەڵەکی کوردانن، وەك هۆزێکی سەربەخۆش لە دەوروبەری هەولێر ژیاون و هیچ پەیوەندییەکیان بە هۆزەکانی دیکەی ناوچەی هەولێر و

دەوروبەریانەوه نەبووه ، كه ئەوكات هاوسنووری ئـەوان بـوون[٨٤]. دەسـەلاتی ئـەم هـۆزه لـه ناوچـەی چـیایەكانی مـرت (مامـەروت)ەوه درێـژ دەبێتـەوه بـۆ (جبـل جنجرین) (كێلّه شین) لەوێشەوه بۆ (اشنه) (شنو) دواتریش بۆ خفتیان (هاودیـان) و لەوێدا دەستیان گرتبوو بەسەر ئەو رێگا بازرگانییەی كـه بـەژێر دەسـتی ئەوانـدا تێدەپەڕی [٨٥].

سەبارەت بەناو و وشەی (الزرزاری) یەكەم لێكدانەوه بۆ ئەم وشەیه كرابێـت، ئەوا ابن فضل الله شی كردۆتەوه و پێی وایه وشەكە، وشـەیەكی نـا عەرەبییـە، و واتای (ولد الذئب) (منـاڵی گـورگ) دەگەیـەنێت[٨٦]. بـەلام رۆژهـەلاتناس (كـاترمیر) لێكدانەوەیەكی دیكەی بۆ وشەكە كردووه، كه نزیكـه لـه بۆچـوونەكەی ابـن فضـل الله، و پێی وایه (زرزاری) له دوو بڕگه پێكهاتووه:

زر + زار ، زر = زێڕ ، زار = زارۆ، زارۆك (ولد)

كه واتای (ولد الذهب) منـداڵی زێـڕ یـاخود (زێـڕ زاده) دەگەیـەنێت[٨٧]، لێـرەدا بۆمان دەردەكەوێت، كه بۆچوونی كاترمیر نزیكتره لـه ڕاسـتی. بۆچـوونەكەی ابـن فضل الله كه پێـی وایـه (ولـد الـذئب)ه؛ ڕەنگـه ڕێنووسـكارانی پەرتووكەكـەی ابـن فضل الله ئەم وشەیان بەهەڵە تۆمار كردبێت لەبری (ولد الذهب) (ولـد الـذئب) یـان تۆمار كردووه، چونكه جیاوازیی وشەكە تەنها یەك پیته نەوەك له تەواوی وشەكە، ئەویش گۆڕینی پیتی(هـ)یه بۆ (ئـ).

ئەم هۆزه ژمارەیان ئێجگار زۆر بووه، جگه لەوەی كۆمـەڵێك مـیر و پادشـا و خاوەن دەسەلاتەكان، زیاتر له پێـنج هـەزار شـەڕكەریان هـەبووه، لـەپاڵ ژمـارەی سەربازەكانیان كۆمەڵێك بازرگان و پیاوانی دەوڵەمەندیش له هۆزەكـەدا هـەبووه، لەڕووی زانستیشەوه هۆزەكە كۆمەڵێك زانا و ئەهلی تەسەوفیشی لەخۆی گرتبـوو، هەربۆیه خەڵكی ئەم هۆزه پرس و فەتوایان له زانایانی خۆیـان وەرگرتـووه نـەك خەڵكانی تر[٨٨].

ئەم نیمچه میرنشینه خاوەن دام و دەزگای دارایـی و دادوەری و سـەربازی و ئابووریی تایبەت بەخۆی بووه، گرنگترین ئەو كەسایەتییانەی كه لـەم پۆسـتانەدا كاریان كردووه: (بهاء الدين عبدالعزيز محمد العمري) بوو، كه وەك دادوەر (قاضي) له خفتیانی پایتەخت كاری كردووه[٨٩].

لەم نیمچە میرنشینەدا کۆمەڵێك نووسەر وەك کاربەڕێکەر کاریان کردووە، گرنگترینیان (مجدالدین ابو محمد موسی) بوو، کە نووسەرێکی زیرەك و بەتوانا بووە، جگە لەم بوارە لە گەلێك بواری دیکەشدا شارەزایی باشی هەبوو[٩٠].

هەموو ئەمانەی باس کران ئەوە دەگەیەنن کە ئەم هۆزە وەك گەورەترین هۆزی ناوچەکە، لە بواری سەربازی و بەڕێوەبردن و فێرکردن و ئابووریشدا سەربەخۆ بووە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆی بووە ، دووریش بووە لە دەستتێوەردانی بێگانە.

ئەم هۆزە دەسەڵاتیان زۆر فراوان بووە، کۆمەڵە میرێك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم نیمچە میرنشینە فەرمانڕەواییان کردووە و هەمووشیان سەر بە هۆزی زرزاری بوونە و لەژێر قەڵەمڕەوی هۆزەکەدا ماونەتەوە، ئەم هۆزە سنووری دەسەڵاتی گەیشتبووە ناوچەکانی ملازکرد[٩١] و (بالکان) (باڵەکان) و (اکریسا)[٩٢] و(سیدکان)[٩٣] (سیدەکان)و رستاق و گەلێك ناوچەی تریش [٩٤] هەموو ئەم ناوچانە لەلایەن میرێکی زرزارییەوە بەڕێوە دەبران و ڕاستەوخۆش سەر بە دەسەڵاتی ناوەند بوون لە (خفتیان) (هاودیان) .

لەگەڵ ئەوەی ئەم نیمچە میرنشینە لە یەك کاتدا چەند بنکەیەکی بەڕێوەبردنی هەبووە، کە هەرچەند قەلاّ و ناوچەیەك دەسەلاّتدارێکی خۆی هەبووە، لەهەمان کاتدا هەموویان سەر بە سەرۆك هۆزی زرزاری بوون و هەموویان میری خفتیان (هاودیان)یان بە برا گەورەی خۆیان زانیوە و پرس و ڕاوێژیان لە دەست ئەو بووە و لە فەرمانی ئەو دەرنەچوون، وەك نووسەر دەڵێت (وکان لهم امیر جامع لکلمتهم مانع لشوکتهم)[٩٥]، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە سیستەمە وەك بەڕێوەبردنی لامەرکەزی بووە، هەر ناوچەیەك دەسەلاّتێکی خۆجێیی خۆبەڕێوەبردنی هەبووە، کەچی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێو میرانی ئەم هۆزە بوونی نەبووە.

یەکێك لە گرنگترین میرەکانی ئەم نیمچە میرنشینە (نجم الدین بن باساك) بووە، پاش خۆی کوڕەکەی بەناوی (جیدە) دەسەلاّتی وەرگرتووە، لەدوای ئەویش کوڕەکەی بەناوی (عبدالله بن جیدە) دەسەلاّتی وەرگرتووە ؛ ئەوەی شایانی باسە (نجم الدین بن باساك) هەر زوو هەموو قەلاّ و بنکەکانی

بەڕێوەبردنی بەسەر کوڕ و برا و برازا و میرە زرزارییەکان دابەش کردووە، بۆیە بەڕێوەبردنی قەڵای خفتیان کە مەڵبەندی بەڕێوەبردنی میرنشینەکە بووە، بەخشیوەتە (تاج الدين بن حسام الدين شير الكبير) ی برای، بەڕێوەبردنی ناوچەی سونج[٩٦] بەخشیوە بە (عيسى بن باساك) ی کوڕی، و بەڕێوەبردنی (اكرسينا)ی بەخشیوە بە (بهاء الدين بن باساك) کوڕە بچووکەکەی، و ناوچەی (برازکرد) ی بەخشیوە بە میر (بهاء الدين يوسف الزرزاری)، (سیدەکان)ی بە میر (علی بن حسام الدين الزرزاری) سپارد، اشنه(شنۆ)ی بە (علی بن باساك حسين الزرزاری)[٩٧] بەخشی، بەڕێوەبردنی ناوچەی باڵەکی بە(توبك) یان (تمو بگ) و (نجم الدين) ناوێك سپاردووە[٩٨].

ئەمە جگە لەو میرانەی سەرەوە کە ئاماژەیان پێکرا، چەند میرێکی تریش دەسەڵاتیان هەبووە، لەوانە (حسام الدين شير الصغير) کە زۆرێك لە هۆزەکەی هاتنە پاڵی و لەسەر ڕێگای باب و باپیرانی خۆی هەنگاوی دەنا، یەکێکی تر لەم میرانە (باساك بن حسام شير الكبير) بوو کە بەهەمان شێوەی ئەوانەی پێش خۆی لێهاتوو بووە، یەکێکی تر لەم میرانە (بهاء الدين بن جمال الدين ابي علي) بووە، کە لە فەرمانڕەواییکردندا زۆر بەهێز و بەتوانا بووە، بۆیە بە (بابك قوی)[٩٩]ناوبانگی دەرکردبوو زۆربەی ئەو ناوچانەی لەژێر دەستی ئەم هۆزەدا بوون، کەوتبووە ناوچە ستراتیژەکانەوە و زۆربەی ناوچەکانیان لەسەر ڕێگای کاروانە بازرگانییەکان بووە، بۆیە چەندین خانیان بۆ پشوودانی کاروانەکان دروست کردبوو، کە لەوەشدا پارەی زۆریان وەك باج لە بازرگانەکان دەست دەکەوت[١٠٠].

٥- باڵەکی، باڵەك - بالكان:

تیرەیەکی بچووکی ناوچەی باڵەکان بوون، کە لە بنەڕەتدا سەر بە هۆزی زرزاری بوون، وەك نووسەر ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت: (وينضم إلى الزرزارية شرذمة قليلة العدد هي لهم كالمدد تسمى باسم قريتها بالكان))[١٠١] ئەم تیرەیە بەهیچ شێوەیەك ناویان لە سەرچاوەکانی پێش ابن فضل الله ئاماژەی بۆ نەکراوە، ناوبراو یەکەم کەسە باسی کردوون، پێی وایە ژمارەی پیاوەکانیان نزیکەی سێ سەد کەس دەبوون و دەستیان گرتبوو بەسەر ئەو ڕێگا بازرگانییانەی کە

بەناوچـەی باڵـەکان و دەوروبەریـدا تێدەپـەڕی، بۆیـە بـەزۆر باجیـان لـەو کاروانـە بازرگانییانە وەردەگرت کە بەسنووری ئەواندا تێدەپـەڕین، جگـە لەمـەش چـەندین خانیان بۆ پشوودان و حەوانەوەی بازرگانەکان و ئاژەڵەکانیان دروست کردبـوو[١٠٢]، بەرامبەر بە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییـە، پـارە لـە بازرگانـەکان وەردەگـیرا . ئەم تیرەیە لەلایەن کەسێکەوە سەرکردایەتی دەکرا کە بـە (تـو بـك) (تمـو بـگ)[١٠٣] ناسـرابوو، بـەڵام نـاوبراو لــە شــەڕێکدا لەگــەڵ (نجـم الـدین زرزاری) بەدەسـتی مەغۆلەکان دەکوژرێت[١٠٤]، ئیتر بەکوژرانی (تمو بگ) تیرەکە بە جیهـانی ئیسـلامیدا پەرتەوازە دەبن.

٦- جوڵەمێرگی (الجولمرکیة):

ئـەم هـۆزە کوردییـە بـە پێچـەوانەی زۆربـەی زۆری هـۆز و تیرەکـانی دیکـە ناوەکەی بۆ دامەزرێنەری میرنشینەکە یان میرێك لە میرەکانی ناگەڕێتـەوە، بـەڵکو بەناوی شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە ناونراون، ابن فضـل الله پێـی وایـە ڕەچـەڵەکی ئەم هۆزە بۆ ئەمەوییـەکان، بەتایبـەتی بـۆ بنەماڵـەی (حکمیـة)[١٠٥] دەگەڕێنـەوە ؛ بـەڵام ئـەم لێکدانەوەیـە دوورە لـە ڕاسـتییەوە، چـونکە زۆرێـك لـە مێژوونووسـانی ئیسـلامی پـێش ئـەویش، بـۆ دۆزینـەوەی ڕەسـەنایەتی و ڕەچـەڵەکی هـۆزە کوردییـەکان هـەمان کاریـان کـردووە و هـەوڵیان داوە زۆرێـك لـە هـۆز و تـیرە کوردییەکان بۆ عەرەب بگەڕێننەوە و بنجەی نەژادی عەرەبیان بەسەردا بسەپێنن، لەلایەکی دیکـەش ڕەنگـە بەشـێك لـە کوردەکـانیش بـۆ شـەرعیەتدان بـەخۆیان، و بنەماڵـەکانیان دەشـێت ئـەم بانگەشـەیان کردبێـت، بۆیـە شـەرەفخان پێـی وایـە میرەکانی هەکاری بۆ شـەرعیەتدان بـەخۆیان، هـەمان کاریـان کـردووە خۆیـان بـۆ عەبباسییەکان گەڕاندۆتەوە[١٠٦]. لەلایەکی ترەوە لەوانەیە زۆرجار بۆ بەپیرۆزکردنی بنەماڵەکەیان ئـەم کارەیـان کـردووە و نـەژادی خۆیـان بـۆ یـەکێك لـە خەلیفـەکان گەڕاندۆتەوە.

بـەڵام نووسـەر بەپێچـەوانەوە باسـیان دەکـات و دەڵێـت، ئەمانـە هـۆزێکی عـەرەبی بـوون و لەبنەچـەدا بـۆ ئومـەوی دەگەڕێنـەوە، بـەڵام لـە دوای ڕووخـانی خەلافـەتی ئومـەوی لـە سـاڵی (١٣٢ك/ ٧٥٠ز) لـە ترسـی ڕاوەدوونانیـان لـە لایـەن

خەلیفەکانی عەبباسییەوە، خۆیان لەم ناوچانە حەشار داوە و دواتر تێکەڵاوی کورد بوون و بوونەتە کورد[١٠٧]، بەڵام ڕاستییەکەی بە پێچەوانەوەیە و ئەمانە نەژادیان کوردە و خۆیان بۆ یەکێك لە بنەماڵە عەرەبییەکان گێڕاوەتەوە، ئەم نیمچە میرنشینە لە نێوان زنجیرە چیاکانی هەکاری و هەردوو هەرێمی (ارمینیا)ی گەورە و (اذربیجان) دامەزراوە[١٠٨]، بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم میرنشینە ناوچەی چیایی سەخت و دژوار بوون و گوزەرکردن تیایدا ئاسان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ڕێگا بازرگانی و سەربازییەکان بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا تێدەپەڕین، بۆیە باج و خەراجێکی زۆریان لەو خەڵکانە وەردەگرت کە بە سنووری ئەواندا تێپەڕیون[١٠٩].

لە گرنگترین میرەکانیان:

أ- عماد الدین مجلی بن اسدالدین منکلان:

بەیەکێك لە باشترین میرە جووڵەمێرگییەکان هەژمار دەکرێت[١١٠]، کەسێکی زانستخواز بووە و زۆریش ڕێزی لە پیاو چاك و زانایان گرتووە و خۆشی ویستوون و هەمیشە هاوکاری کردوون[١١١].

ب- الامیر اسدالدین بن عمادالدین بن الاسد بن منکلان:

دوای مردنی (عماد الدین)ی باوکی دەسەڵاتی وەرگرت و لەسەر هەمان ڕێڕەوی باوکی هەنگاوی دەنا و هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لە شەڕی مەغۆلەکان بەدوور بگرێت، چونکە خولیای ئاشتی بوو بۆیە لەسەردەمی ئەو وڵات لەڕووی بازرگانی و پیشەسازی گەشەی باشی بەخۆیەوە بینیبوو، لەلایەکی تر لە پیشەسازیدا ناوچەکەیان بایەخی تایبەتی خۆی هەبوو و کەرستەی سەرەتایی و کەرستەی خاوی زۆری هەبووە، ناوچەیەکی دەوڵەمەندی سامانی سروشتی بووە، لەلایەکی تر خۆشیان تا ڕادەیەك لەبواری پیشەسازیدا شارەزا بوون و جۆرە بەرهەمێك بەرهەم دەهێنرا پێی دەگوترا (الزر ینجین)[١١٢] (زر النیخین)[١١٣] کە دواتر لە پیشەسازی دەکرا بە (لازورد)[١١٤]، ئەم جۆرە بەرهەمە بەلای مەغۆلەکانەوە زۆر گرنگ بووە و داواکاری زۆری لەسەر بووە، بۆیە لەترسی ئەوان زۆر بەنهێنی بەرهەمیان دەهێنا و بازرگانییان پێوە دەکرد و ڕەوانەی زۆربەی بازاڕەکانیان دەکرد[١١٥]، بەڵام ئەوەی یارمەتی ئەوانی داوە تا پارێزگاری لەم بەرهەمە بکەن،

ئەوە بوو كە ئەو ناوچانەی ئەم بەرهەمەی لێ دەردەهێنرا شوێنەكەی زۆر شاراوە و دوورە دەست بوو، بەزۆریش لەو ناوچە چیاییە زۆر سەخت و دژوارەكان بەرهەم دەهێنرا، كە بەهیچ شێوەیەك دوژمن پەی پێ نەدەبرد وەك ابن فضل الله دەڵێت: (ومعقله الذي يعتمد عليه من أمنع المعاقل على جبل عال، مقطوع بذاته، قرين الجبال قائم في وسطها مع الانفصال شامخ في الهواء راسخ فيما حوله من الماء)[116]، جگە لەمە سەرچاوەیەكی تری ئابووری، كە دانیشتوان زۆر پشتیان پێ دەبەست و بایەخی زۆری هەبوو بەلایانەوە كشتوكاڵ بووە، بۆیە جۆرەها بەرهەمی ناوازەیان هەبووە، ئەوە جگە لە بەخێوكردنی مەڕوماڵات، پارەی زۆریان لەو بازرگانانە وەردەگرت كە بەڕێگاكانی ژێر دەسەڵاتی ئەواندا تێپەڕ دەبوون بەتایبەتی ئەو ڕێگایانەی كە بە ئازربیجان و تبریز و خوی و نقشوان تێدەپەڕین[117].

دوای ئەم میرە چەند میرێكی دیكەش فەرمانڕەواییان كردووە لە دیارترینیان (بهاء الدين ابن قطب الدين) و لەدوای ئەویش كوڕەكانی یەك لەدوای یەك فەرمانڕەواییان لەسەر شێوەی میرانی پێش خۆیان كردووە، تاسەردەمی ئامۆزاكەیان بەناوی (شمس الدين داود) كە لەگەڵ مەغۆلەكان تووشی شەڕ بوون، بۆ ماوەیەك خۆی لە چیاكانی دەوروبەریان پاراست و چەندین كۆشك و تەلار و باغ و باغاتی بنیاتنا، بەڵام هەموو ئەمانەی بەرامبەر بە لێخۆشبوونی خۆی كردە دیاری بۆ مەغۆلەكان[118]، دوای ئەویش جارێكی دیكە كوڕەكەی دژ بە مەغۆلەكان وەستایەوە، بۆیە زۆرجار پەلاماری كاروانە سەربازییەكانی دەدا و باجی لە كاروانە بازرگانییەكان وەردەگرت كە بەناوچەكانی ژێر دەستی ئەوان تێپەڕ دەبوون، مەغۆل چەندین ڕێگا و شێوازیان بۆ لەخشتەبردن و لەناوبردنی تاقی كردەوە، بەڵام نەیانتوانی سەركەون بۆیە، بەناچاری لەگەڵی ڕێككەوتن[119].

٧- كوارە:

ئەمانە هۆزێكی گەورەی كوردن، ناوەكەیان بۆ (كوار)ی[120] شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگەڕێتەوە، ژمارەیان زیاتر لە سێ هەزار كەس بووە، لەلایەن (شمس الدين) ناوێكەوە، سەركردایەتی كراون، ئەم هۆزە توانیویانە پارێزگاری لە

لەوەڕگا و شوێنی حەوانەوەی خۆیان بكەن، چونكە ناوچەكەیان زۆر فێنك بووە و بەدرێژایی وەرزی ساڵ سەوز بووە، بۆیە باشترین شوێن بووە بۆ بەخێوكردنی ئاژەڵ بۆیە دانیشتوانەكەی بەزۆری بە ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون[١٢١]. جگە لەم زانیارییانە هیچی دیكەیان لەسەر تۆمار نەكراوە و جگە لەم نووسەرەش كەسی دیكە ناوی نەهێناون و باسی نەكردوون.

٨- زێباری (**الزيبارية**):

ئەمانە هۆزێكی كوردی ناوچەی عقرە (ئاكرێ) و شوش و زێبار بوون، ناوی ئەم هۆزە بۆ (زێبارە)ی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگەڕێتەوە، بەڵام هەندێك توێژەر پێیان وایە ناوی زێبار لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە(زاب الكبير) (زێی گەورە)وە هەیە، چونكە (زاب) واتا (زێ) (بار) واتا كەنار ڕووبار دەگەیەنێت[١٢٢]

ئەم هۆزە لەلای **القلقشندي** بە (الدينار) و(**الديناري**) ناویان تۆمار كراوە[١٢٣]، بەڵام دیارە هەڵەیەكی ڕێنووسییە، دەشێ لەكاتی لەبەرگرتنەوەی كتێبەكەدا (ناسخ) لەبەرگرەوە، ئەم هەڵەی كردبێت. ئەم هۆزە لەلایەن دوو میرەوە سەركردایەتی كراون یەكیان (ابراهيم بن الامير محمد الزابی) و ئەویتر (شهاب الدين بن بدرالدين برش) بوو[١٢٤].

دیارە خاوەن دەسەڵاتێكی زۆر بوون و نزیكەی پێنج سەد پیاوی شەڕكەر و ئازایان هەبووە، لەلایەكی تر میر (ابراهيم بن محمد) پەیوەندییەكی زۆر باشی لەگەڵ خەلافەتی عەبباسی هەبووە، عەبباسییەكان دانیان بەدەسەڵاتەكەیدا ناوە و ناوبراو ڕێز و پایەی بەرزی لەلای خەلیفەكان هەبووە[١٢٥].

وادیارە سنووری ئەم هۆزە هاوتەریب بووە لەگەڵ سنووری مازنجانییەكان، بەڵام ئەم دوو هۆزە بەردەوام لە ململانێ و شەڕ و پێكدادانددا بوون[١٢٦]، وادیارە ئەم ناكۆكییەشیان بەهۆی ململانێ لەسەر ئەو زەوییانە دەگەڕێتەوە كە هاوسنووری هەردوولا بووە، چونكە لەوەڕگای باش بوون بۆ ئاژەڵداری، لەلایەكی تریش هەریەكەیان دەیویست سنووری خۆی لەسەر حیسابی ئەوی تر فراوان بكات بۆیە هیچ كامیان دانیا بەدەسەڵاتی ئەویتر نەدەنا.

بەلاٚم دوای مردنی (ابراهیم بن محمد) كوڕەكەی شوێنی گرتەوە، بەلاٚم لەبەر تەمەن بچووكی و كەم ئەزموونی نەیتوانیوە سەركردایەتی هۆزەكەی لە ئەستۆ بگرێت، بۆیە بۆ چەسپاندنی دەسەلاٚتەكەی داوای یارمەتی لە (مبارزالدین كاك)ی مازنجانی كردووە، تا هاوكاری بكات، ناوبراویش داواكەی پەسند كردووە و بەدەمیەوە چووە [١٢٧]، وا دەردەكەوێت كە مبارزالدین ئەم داوایەی بۆخۆی قۆستبێتەوەو هەوڵی ئەوەی داوە بەئاسانی دەست لە بارودۆخی ناوخۆی هۆزەكە وەربدات و بیانكات بەپاشكۆی دەسەلاٚتەكەی خۆی.

(شهاب الدین) بەهەمان شێوەی (ابراهیم) بۆ جێگیركردنی دەسەلاٚتەكەی بەسەر ناوچەكانی دەوروبەریان، لەلایەن مازنجانییەكان هاوكاری كراوە، بەلاٚم دوای مردنی (مبارز الدین كاك)، دەسەلاٚتی مازنجانییە حەمیدییەكان بەرەو لاوازی و لێك ترازان دەچێت و نامێنێت[١٢٨].

٩- هەكاری (**الهكارية**)[١٢٩]:

هۆزی هەكاری گەورەترین هۆزی كوردی سەردەمی عەبباسی و سەردەمەكانی دواتریش بوون و بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی بەردەوامبوونیان هەبووە و ناویان لە سەرچاوەكاندا هاتووە، بەلاٚم بەپێی سەردەمە جیاجیاكان گۆڕانكاری بەسەر دەسەلاٚتی هۆزەكەدا هاتووە، هەندێك جار دەسەلاٚتیان ئەوەندە فراوان بووە وەك میرنشینێكی گەورە فەرمانڕەوایی تەواوی هەكاری و ئامێدی و قەلاٚكانی تریشیان كردووە و هەندێك جاریش دەسەلاٚتیان پووكاوەتەوە و بوون بەشوێنكەوتەی دەسەلاٚتدارانی تر.

دەتوانین بڵێین لە سەردەمی مەمالیكدا ئەم میرنشینە لە ماوەی زێڕینی خۆیدا بووە و دەسەلاٚتیان زۆر گەورە و فراوان بووە و تەواوی ناوچەكانی دەوروبەریان خستبووە ژێر ڕكێفی خۆیانەوە، ئەم هۆزە نزیكەی چوار هەزار شەڕكەریان هەبووە و دەستیان بەسەر تەواوی قەلاٚ و شووراكانی نزیك خۆیاندا گرتووە[١٣٠]، لەم میرنشینەدا دوو میری بەناوبانگ فەرمانڕەواییان كردووە، كە ئەوانیش (میر ابوبكر الطراوسي) و (میر علي الطراوسي) بوون[١٣١]، وادیارە لە سەردەمی ئەواندا میرنشینەكە ئەوەندە فراوان بووە، بۆیە هیچ كامێكیان بەتەنیا

نـەیتوانیوە دەسـەڵاتی ناوچـەکە لەئەسـتۆ بگـرێ، بۆیـە بەیەکـەوە فـەرمانڕەوایی میرنشینەکەیان کردووە و هەریەکەیان چەند قەڵایـەکی لـە ژێردەسـتدابووە، بـەڵام بەگوێرەی قسەی ابن فضل الله (ابو بکـر الطراوسـي) لەچـاو براکـەی دەسـەڵاتێکی زۆرتری هەبووە، وەك دەڵێـت: (فأمـا أبـو بکـر فإنـه کـان ممتنعـا برجالـه، وکثـرة احتیاله وقوة جباله ونوابه وجیوشه وأحزابه)[132]. دەسەڵاتی ئـەمان هاوکـات بـووە لەگەڵ سەرهەڵدان و زیادبوونی دەسەڵاتی ئیلخانییـەکان[133] هەرچـەندە دەسـەڵاتی ئیلخانییـەکان لـە ناوچـەکە بـەهێز بـووە، بـەڵام میرانـی هـەکاری ئامـادە نـەبوون ملکەچی هەموو داواکارییەکانیان بن، بۆیە زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتدارەکانی ئـەوان تووشـی کێشـە بوونەتـەوە، ئـەوەتا کاتێـك (مسـعود البرقـوطي)[134] لـە سـاڵی (٦٦٦ك/١٢٦٨ز) بەفەرمانی (اباقـا خـان) کرایـە فـەرمانڕەوایی موصـل و هـەولێر، ڕاسـتەوخۆ دوای وەرگـرتنی پۆسـتەکەی (رضـي الـدین بابـا)ی لەسـەر کـار لادا[135] هـەولێر کـە ئـەوکات لەلایـەن (ابـو بکـر)ی هەکارییـەوە بـەڕێوە دەبـرا، وای ڕادەگەیاند کە دژی شاڵاوی مەغۆلەکان دەوەستێتەوە و ناچـێتە ژێـر ڕکێفیانـەوە، بۆیە (مسعود البرقوطي) کە دەسەڵاتداری ئـەوان بـوو، هـیچ هـەنگاوێکی دژی ئـەو کـارەی (ابـو بکـر) نەهاوێشـت، بـەڵکو هـەوڵی دا لـەڕێگای گفتوگـۆ و دانوسـتان و فرتوفێڵی سیاسییەوە هەکارییەکان بۆلای خـۆی ڕابکێشـێت و ڕازییـان بکـات، تـا دەسـەڵاتی ئیلخانییـەکان قبـوڵ بکـەن و بێنـە ژێـر قەڵـەمڕەویی ئەوانـەوە، دوای هەوڵدانێکی زۆر (مسعود البرقوطي) تـوانی (ابـو بکـر) ڕازی بکـات و بیهێنێتـە ژێـر باڵی خۆیەوە و دان بەدەسەڵاتیاندا بنێت [136] بەرامبەر بە ڕەزامەندییەکەی سوڵتانی ئیلخـانی (اباقـا خـان) بڕیـاری دا پۆسـت و پـارەوپوول و دیـاری زۆری پـێ بەخشی[137].

بەڵام وا دەردەکەوێت (ابـو بکـر) بەتـەواوی بـاوەڕی بـە دەسـەڵاتی مەغۆلـە ئیلخانییـەکان نـەکردووە بۆیـە بـۆ تـەواو ملکەچـکردنی ئیلخانییـەکان داوای بارمتەیان لێ کردووە، ناوبراویش بۆ سەلماندنی گوێڕایەڵییەکەی چوار کوڕی خۆی بەناوەکانی (مبارك شاه و سیف الدین ابن مبارزکنك و احمد و جرکم) ناردە لایـان وەك هێمایـەك بـۆ دڵسـۆزی و ملکەچییەکەی، بـەڵام ئـەم کـارە زۆری نەخایەنـد و ناکۆکی کەوتە نێوانیانەوە، چونکە (مسعود البرقـوطي) چـەند کەسـێکی لـە مـیر و

دەسەلأتدارەکانی نزیك (ابو بکری) بـەنهێنی و بـەپارە لـە دژی بـەکارهێنا، هـەوڵی دەدا لەڕێگای ئەوانەوە کۆتایی بـە دەسـەلأتی (ابـو بکـر) بهێـنن و لـەناوی ببـەن، لەلایەکی تر متمانەی تەواویان بەناوبراو نەبوو، بەهەمان شـێوە ئـەویش بەتـەواوی پابەندی فەرمانەکانی ئەوان نەدەبوو، بۆیە کاتێك ئەمە ئاشکرا بوو، ئیتر(ابو بکـر) بـەنهێنی بـەرەو چـیا بـەرز و سـەختەکانی دەوروبـەری خـۆی رۆیشـت و دژ بەدەسەلأتی (مسعود البرقوطي) و ئیلخانییەکان وەستایەوە، لـە هـەمان کاتیشـدا جووتیـارە کریسـتیانەکانی هـەولێر کـە پێیـان دەگـوترا (الاختاجیـە)[١٣٨] دژ بـە دەسەلأتی (مسعود البرقوطي) راپەڕین و داوای لادانیان دەکرد[١٣٩].

ئیتر ئەم بارودۆخـە رێگـای بـۆ (ابـو بکـر) خـۆش کـرد، کـە خـۆی لـە هێـزی مەغۆلەکان بدزێتەوە و بەشەو بەرەو ناوچەی مەراغە و ئازربیجان بەڕێ کەوت و لە رێگادا ڕووبەڕووی ئەو گرووپە چەکدارە (الاختاجیانە) بوویـەوە و شـەڕ لـەنێوانیان دروست بوو، لـە شـەڕەکەدا تووشـی شکسـت بـوون[١٤٠]، ابـن العـبری دەڵێـت: دوای چەندین ساڵ لە یاخیبوون دژی حکومەتی ئیلخانییەکان، دواجار (ابو بکر) کوژرا و کۆتایی بە یاخیبوونەکەی هێنرا [١٤١]، هەندێکیش لە کوڕەکانی بەدیل گـیران، بـەلأم (مبارز شیر) رایکرد و خۆی لە چنگی ئەوان دەرباز کرد، کەچـی دواتـر ئـەویش بـە دیل گیرا[١٤٢].

١٠- البستكية – النستبكية – التنبكية[١٤٣]:

هیچ سەرچاوەیەکی دیکە جگە لە ابن فضل الله باسی ئەم هۆزەی نەکردووە، ئامـاژە بـەڕۆڵیان لـە سـەردەمەکانی دیکـەی پـێش سـەردەمی مـەمالیك نـەکراوە، تەنانـەت بەدروسـتی نازانرێـت ئەمانـە کـێن، چـونکە ناوهێنانەکەشـیان بەچـەند شـێوەیەك تۆمـار کـراوە، ئـەوەی لەبارەیانـەوە دەزانرێـت ئەوەیـە، کـە ئەمانـە نیشتەجێی ناوچەی (مێرگ) (المرج)[١٤٤] ی نزیـك العمرانـی بـوون[١٤٥]، کـە گونـدێکی گەورەیە لە رۆژئاوای مووسڵ، بەلأم (زرار صدیق) پێی وایـە ئەمانـە ڕەنگـە هـۆزی الدوسکی بن و دەڵێ ئەگەر بـە (الشـبکیە) بیخوێنینـەوە گونجـاوترە، چـونکە ئـەو تیرەیە کە بە شەبەك ناسراون ئێستاش هەر لە ناوچەی مرج بوونیان هەیە و زێدی ڕەسەنی خۆیانە و چەند گوندێکیشیان لە ڕۆژاوای مووسڵ بۆخۆیان پاراستووە [١٤٦].

دەتوانین بڵێین ئەم بۆچوونە لە ڕاستییەوە نزیکە، چونکە دەکرێ لە دەستنووسەکەی ابن فضل الله لەکاتی نووسینەوەیدا نووسەرانی کەوتبنە هەڵەوە و بەهەڵە ناوەکەیان تۆمار کردبێت. ئەم هۆزە ژمارەیان زۆر نەبووە تەنیا نزیکەی پێنج سەد کەسێك بوونە و میرێکیان هەبووە، بەڵام ناوەکە لە دەستنووسەکە سڕاوەتەوە و دیار نییە [147].

١١- البختية:

ئەم هۆزە هۆزێکی دێرین و ناسراوی ناوچەی جەزیرەی بۆتان بوون، بە گەورەترین و ناسراوترین هۆزی کوردی سەردەمی مەمالیك و سەردەمەکانی دواتریش دادەنرێن، ناوچەی جەزیرە بنکە و پێگەیەکی بنەڕەتی ئەم هۆزە بووە، ئەندامانی ئەم هۆزە کەسانی ئازا و لێهاتوو و چاونەترس بوون و سەریان بۆ هیچ هێزێکی بێگانە دانەنواندووە، لە پێناو پاراستنی گەل و میللەتەکەیان لە دەست هێرشی دوژمنانی داگیرکەر گیان لەسەر دەست و فیداکار بوون و ئامادەی قوربانیدان بوون، لە شەڕکردندا زۆر لێهاتوو و شارەزا بوون و چەکی باشیشیان هەبووە، کە لە مصر و دمشق و ناوچەکانی تر بەپارەیەکی زۆر دەیانکڕی و خۆیانیان پێ بەهێز دەکرد [148].

ابن فضل الله دانی بەم ڕاستییەدا ناوە و دەڵێت: (شعوبهم اكثر وقبيلتهم اكثر فكان لهم كبراء و اعيان)[149]، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی شەڕ و ململانێی دەسەڵاتدارانی ئەم هۆزە لەگەڵ مەغۆلەکان و زۆریی پەلاماری مەغۆلەکان بۆسەریان بەناچاری ولاتی خۆیان جێهێشت و کۆچیانکرد و بەناو میللەتانی تردا بلاو بوونەوە، وەك نووسەر دەڵێت: (تشتت كبراهم وتفرق جمعهم المعهود ولم يبقى منهم الا شرذمة قليلة تفرقت بين القبائل والشعوب)[150] ئەم هۆزە وەك میرنشینێکی گەورە فەرمانڕەواییان کردووە و چەندین میری بەناوبانگیان هەبووە، بەڵام نووسەر تەنیا ئاماژەی بەیەکێك لە میرەکانیان بەناوی (فخرالدين) کردووە؛ کە نازانرێت کەی و چۆن دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، بەڵام بەهۆی ڕاوەدونانی مەغۆلەکانەوە چۆتە ماردین و خزمەتی میری ماردینی کردووە، کەچی لەوێش

جێگـــای نەبۆتـــەوە دواتـــر لـــە ناوچـــەکە دوورخراوەتـــەوە بـــەڵام هۆکـــاری دوورخستنەوەکەی دیار نییە[151].

١٢- السندية:

هۆزێکـە لـە هـۆزە کوردییـەکانی ناوچـەی جـەزیرە و خـاوەن دەسـەڵاتێکی بەرفراوان بوون، هەرچەندە وەك زۆرێك لە هۆز و تیرە کوردییەکانی تر، ئەم هـۆزە ناوی لە سەرچاوەکانی پێشووتردا نەهاتووە و ئاماژەش بۆ ڕۆڵیان لە هیچ کـام لـە سەردەمەکانی پێش مەمالیکدا نـەکراوە، تاکـە سەرچـاوە لەبەردەسـتدا بێـت، کـە ئاماژەی بۆ ئەم هۆزە کوردییە کردبێت ابن فضل الله یە، ناوبراو ئەو هـۆزەی وەك یەکێك لە گەورەترین هۆزە کوردییەکان هـەژمار کـردووە و، دەڵێـت هـیچ هـۆزێکی کورد بەقەد ئەوان پیاوی ئازا و جـەنگاوەریان نـەبووە، کـە خـۆی زیـاتر لـە (٣٠) هەزار کـەس داوە[152]، ئـەو ژمـارە بـە بـەراورد لەگـەڵ هـەموو ئـەو هـۆز و تیرانـەی ئاماژەمان پێکردوون زۆرە و هیچ کامێکیان ئەو ژمارە سەربازەیان نـەبووە، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر ئاماژەی بۆ هیچ یەکێك لە میرەکانی ئەوان نەکردووە.

١٣- المحمدية:

هیچ مێژوونووس و جوگرافی ناسێك شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزەی دیاری نەکردووە، دەشێ ئەو (محمدی) یانە هەمان هـۆزی حەمیـدی بـن و ناوەکـەیان بـە هەڵە تۆمار کرابێت، یا لقێکی ئەوان بووبن، بەڵام ئـەوەی زانـراوە گونـدێك هەیـە بـەناوی (محمدیـە)، جـا دەشـێ نـاوی گوندەکـە بـەناوی هۆزەکـەوە کرابێـت یـا بەپێچەوانەوە بێت[153].

ئـەم هـۆزە میرێکیـان هـەبووە بـەناوی (شـروین) و نزیکـەی شـەش سـەد سوارچاکی لە ژێر دەستدا بووە[154]، بەڵام نازانرێت ئەم میرە کێیـە و چـۆن و کـەی دەسەڵاتی وەرگرتووە و چۆنیش کۆتایی بەدەسەڵاتەکەی هاتووە.

١٤- الداسنية:

ئەمانــە ناوەکــەیان بــۆ ناوچــەی داســن[155] شــوێنی نیشــتەجێبوونیان دەگەڕێتەوە، ئەم هۆزە چەندین تیرە و لقـی تـری هـەبووە، ئـەمانیش هاوشـێوەی

هۆزە کوردییەکان بەهەمان دەردی ئەوانەی پێش خۆیان چوون و نەیانتوانیوە لەبەردەم شالأوی یەك لە دوای یەکی مەغۆلەکان بۆسەر ناوچەکەیان خۆ ڕابگرن و کۆچیان کردووە و بەجیهانی ئیسلامیدا بلأو بوونەتەوە[١٥٦].

ئەم هۆزە میرێکیان بەناوی (البدر بن کیابك) هەبووە، کە بەڕێوەبردنی ناوچەکەی لە ئەستۆدا بووە، بەلأم لە ترسی کوشتاری مەغۆلەکان بڕیاری داوە کۆچ بکەن و ناوچەکە بۆ مەغۆلەکان چۆل بکەن، نووسەر دەڵێت: (الداسنية كانوا أوفى عدد وعدد وجمع ومدد ثم تشتت شملهم، وتفرّق جمعهم؛ الى ان نزح اميرهم البدربن شروين من ذلك البلد بالاهل والولد الى منعة)[١٥٧]، ئیتر لەو ڕۆژە بەدواوە بەهۆی دابڕانیان لە یەکترییەوە بوونە چەند بەشێك و هەریەکەیان لەلایەن میرێکەوە سەرداری کراوە ، هەندێك لەوان ژمارەیان هەزار کەسێك بووە چوونەتە مووسڵ و لەلایەن میر (الامير علاء الدين كورك بن ابراهيم) ناوێکەوە سەرۆکایەتی کراون، و هەندێکی تریش کە ژمارەیان پێنج سەد کەسێك بووە لەلایەن دوو میرەوە بەناوەکانی (عمر بن ابي علي و موسى بن بهاءالدين) کاروبارەکانیان ڕایی کراوە[١٥٨]

١٥- الدنبلية:

هۆزێکی دێرینی کوردستانن و بناری چیای (المقلوب و المختار)[١٥٩] زێدی نیشتەجێبوونیان بووە، ئەم هۆزە وەك میرنشینێك لەم ناوچەیە فەرمانڕەوایی کردووە، ئەو ڕێگا سەرەکییانەی بە ناوچەکانی ئەواندا ڕۆیشتوون، بازگەیان بۆ وەرگرتنی باج لێ دانابوون ؛ ئەم هۆزە نزیکەی هەزار پیاوی جەنگاوەریان هەبووە، لەلایەن میر (كلتى) ناوێك فەرمانڕەوایی کراون، بەلأم ئەم هۆزەش هاوشێوەی هۆزە کوردییەکانی تر لەژێر کاریگەریی پەلاماری مەغۆل بەناچاری ناوچەکەیان جێهێشتووە و پەرتەوازەی ولأتان بوون، وەك نووسەر دەڵێت: (متفرقين فى البلاد ومتمزقين بكل واد)[١٦٠].

ئەنجام:

ئـەوەی لـەم توێژینەوەیـەدا تێبـینی دەکرێـت و دەتـوانین خوێندنـەوەی بـۆ بکەین ئەمانەی خوارەوەن:

١- هەموو ئەو هۆز و تیرەی کە ابـن فضـل الله ئامـاژەی بـۆ کـردوون ئەوانـە بـوون، کـە خـاوەن هـەژموونی سیاسـی بـوون و دەسـەڵاتی سـەربەخۆیی خۆیـان هەبووە.

٢- نووسەر بە زۆری ئاماژەی بۆ ئەو تـیرە و هـۆزە کوردییانـە کـردووە، کـە بەشێوەیەك لە شـێوەکان پەیوەنـدییان لەگـەڵ مـەمالیك هـەبووە و بـەرگرییان لـە سنووری دەسەڵاتی ئەوان کردووە، بۆیە نـاوبراو هـیچ کامێـك لـەم هـۆز و تیرانـەی ئاماژە پێ نەداوە کە پەیوەندییان لەگەڵ مەمالیکدا نەبووە.

٣- دەکـرێ بڵـێین بەشـێکی زۆر لـەو دەسـەڵاتە کوردییانـەی کـە نووسـەر ئاماژەی پێکـردوون، دواتـر بوونەتـە هـەوێنی ئـەم میرنشـینە کوردییانـەی کـە لـە سەدەی هەشتەمی کۆچی /چواردەمی زاینی سەریان هەڵداوە.

٤- مەغۆلـەکان لـە سـەرەتادا زۆربـەی ناوچـە کوردییـەکانیان لـە رووی کارگێڕییەوە وەك خـۆی هێشـتەوە و دەسـتیان لـە کاروبـاری نـاوخۆی دەسـەڵاتە خۆجێیـەکان وەرنـەداوە، کـە ئەمـەش بەڵگـەی بـەهێزیی دەسـەڵاتە کوردییـەکان دەگەیەنێت.

٥- بەشێك لە میرە کوردییەکان دانیان نا بە دەسەڵاتی مەغۆل و کەوتنە ژێر دەسـەڵاتی ئەوانـەوە، دواتـر لـە شـەڕەکانی مـەغۆل بەشـداری کارایـان هـەبووە، تەنانەت بەشێك لە لەشکرە کوردییەکان وەك تیپی تایبەتی کـاری تایبـەتییان پـێ سپێردراوە.

٦- بەشێکی زۆری هۆز و تیرە کوردییەکان لە دەرئەنجامی هێرشـی یـەك لـە دوایەکی مەغۆل و دواتـریش ئیلخانییـەکان بۆسـەر ناوچـەکانیان بەناچـاری وڵات و شـوێنی نیشـتەجێبوونی هـەزاران سـاڵەی خۆیـان جێهێشـتووە و ڕوویـان کـردە ناوچـەکانی تـری جیهـانی ئیسـلامی و لەوێـدا بـڵاو بوونەتـەوە، زۆرێـك لـەم هـۆزە کوردییانە چوونەتە ژێر رکێفی مەمالیکەکان و سوپایان دروست کـردووە، ئەمـەش

بە ئامانجی تۆڵەکردنەوە بووە لەو هێزانەی ئەوانیان لە ناوچەکانی خۆیان وەدەر ناوە.

٧- هەر لە دەرئەنجامی ئەو پەلامارانەی مەغۆلەکان بووە، شار و ئاوەدانییەکانی کوردستان و ناوچەکەش تووشی وێرانبوون بۆتەوە، ئەو ناوچانەی وێرانیش نەکراون تەنگ بەدانیشتوانەکەی هەڵچنراوە و ناوچەکەیان پێ چۆل کردوون.

٨- شوێنی ئەم هۆزە کوردییانە سەرچاوەی ئابووریی زۆر گرنگ بوون ، کە گرنگترینیان سامانی سروشتی و بوونی لەوەڕگای چاك بوو، ئەوە جگە لە هەبوونی بەرهەمی کشتوکاڵیی هەمەجۆر لەم ناوچانەدا، بەڵام بە هۆی ئەو پەلامارە یەك لەدوایەکانە، تەواوی شار و ئاوەدانییەکان تێکدراون و ئەم سەرچاوە ئابوورییانەش سوودیان لێ وەرنەگیراوە و و وێران کراون.

سەرچاوەكان:

[1] لەلایەن زۆرێك له نووسەران ناوی به (احمد بن محی الدین) یش تۆمار كراوە، لەوانه ابن حبيب، تذكرة النبيه في ايام المنصور وبنيه حققه محمد محمد امين، (القاهرة: ١٩٨٦) ج٣، ص١٢٥، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، (القاهرة: ١٩٤٩) ج١٠، ص٢٣٤، المقريزي، السلوك لمعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، (لبنان: ١٩٩٧) ج٤، ص٩٤.

[2] ابو الفداء، المختصر في اخبار البشر، تحقيق: محمد زينهم عزب، (القاهرة: د. ت)، ج٤، ص١٧٧، الصفدي، الحان السواجع بين البادي والمراجع، تحقيق: محمد عايش، (بيروت: ٢٠٠٧)، ج١، ص١٤٧، اعيان العصر واعوان النصر، تحقيق: علي ابو زيد، دار الفكر، (دمشق: ١٩٩٨)، ج١، ص٤١٧، الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الارناؤط و تركي مصطفى، (بيروت: ٢٠٠٠)، ج٨، ص١٦٣؛ الكتبي، فوات الوفيات، تحقيق: احسان عباس، (بيروت: د. ت) ج١، ص١٥٧.

[3] العيني، عقد الجمان في تاريخ اهل الزمان، تحقيق: محمد محمد امين، ص ٤ ٤١ ابن قاضي شهبة، طبقات الشافعية، تحقيق: حافظ عبدالكريم خان (بيروت: ١٤٠٧)، ج٢، ص ٩٨ ابن العماد، شذرات الذهب في اخبار من ذهب، (بيروت: د.ت) ج٦، ص١٦٠، عمر رضا كحالة، معجم المؤلفين، (بيروت: د. ت)ص ٢.

[4] الصفدي، الحان السواجع، ج١، ص١٤٦، اعيان العصر، ص٤١٧؛ الكتبي، فوات الوفيات، مج١، ص١٥٧؛ ابن حجر، الدرر الكامنة، ج١، ص ٣٥٢.

[5] الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٨، ص١٦٣، الكتبي، فوات الوفيات، مج١، ص ١٥٧؛ جرجي زيدان، تاريخ آداب اللغة العربية، (بيروت: ١٩٦٧) ج٣، ص ٢٣٧.

[6] الكتبي، فوات الوفيات، ج١، ص ١٥٧، ابن حجر، الدرر، ج١، ص ٣٥٢ المقريزي، المقفى الكبير، تحقيق: محمد عثمان، (بيروت: ٢٠١٠) ج٢، ص ٢٥.

[7] الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٨، ص ١٦٣؛ ابن حجر، الدرر، ج١، ص ٣٥٢.

[8] ابن حبيب، تذكرة النبيه، ج٣، ص ١٢٥؛ ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج١٠، ٢٣٤، المكناسي، ذيل وفيات الاعيان، المسمى درة الحجال في اسماء الرجال، تحقيق: محمد احمدي ابو النور، (القاهرة: د.ت) ج١، ص ١٨؛ ابن العماد، شذرات، خ٦، ص ١٦٠؛ عمر رضا كحالة، معجم المؤلفين، ج٢، ص ٢٠٤.

[9] الصفدي، اعيان العصر، ص ٤١٧؛ الكتبي، فوات الوفيات، مج١، ص ١٥٧؛ حاجي خليفة، كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، مكتبة المثنى، (بغداد: د.ت) مج ١،

ص١٦٦٢، ابن الغزي، ديوان الاسلام، تحقيق: سيد كسروي حسن، (بيروت: ١٩٩٠)، ج٣، ص ٤٤١، كارل بروكلمان، تاريخ الادب العربي، نقله الى العربية، حسن محمود اسماعيل، (د.م: ٢٠٠٨) مج ٥، ص٥٩٣، كامل سليمان الجبوري، معجم الشعراء من العصر الجاهلي حتى سنة ٢٠٠٢، (بيروت: ١٤٢٤ ٢٠٠٣) ج١، ص٢٤١.

[١٠] حاجي خليفة، كشف الظنون، مج١، ص ١٦٦٢.

[١١] ابن حبيب، تذكرة، ج٣، ص ١٢٥، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج١٠، ص٢٣٤.

[١٢] دوور نییە خۆ گەڕاندنەوەیان بۆ خەلیفە (عمر بن خطاب) تەنیا لەبەر ئەوە بووبێت، کە وا باو بووە و هیچی تر، چونکە ئەوکات ئەو خۆ گەڕاندنەوەیە تەنیا بۆ پیرۆزکردنی بنەماڵەکان بوو، ئەگینا ڕەنگە ئەوە دوور بێت لە ڕاستییەوە و هیچ پەیوەندییەکیان بە (عمر بن خطاب)ەوە نەبووبێت.

[١٣] الصفدي، اعيان العصر، ص٤٢٠، الوافي بالوفيات، ج٨، ص ١٦٤، الكتبي، فوات الوفيات، ج١، ص ١٥٩، ابن حبيب، تذكرة، ج٣، ص١٢٦، المقريزي، السلوك، ج ٤، ص ٩٤، ابن قاضي شهبة، طبقات الشافعية، ج٢، ص٩٨؛ ابن حجر، الدرر، ج١، ص ٣٥٢؛ السيوطي، حسن المحاضرة،ج١، ٤٤٠، المكناسي، درة الحجال، ج١، ص ١٨، ابن العماد، شذرات، ج٦، ص ١٦٠، اسماعيل باشا البغدادي، هدية العارفين اسماء المؤلفين وآثار المصنفين، (استنبول: د. ت) مج ١، ص ١٦٠؛ شوقي ضيف، عصر الدول والامارات مصر، مطبعة دار المعارف، (د.م. ت) ط٣، ص ٤٢٠؛ محمد زغلول، الادب في العصر اللمملوكي الدولة الاولى، مطبعة دار المعارف، (د. م. ت) ص ٦٧، محمد احمد درنيقة، معجم اعلام الشعراء المدح النبوي، دار ومكتبة الهلال، (بيروت: ٢٠٠٣)، ص ٨٧.

[١٤] المقريزي، المقفى الكبير، ج٢، ص٢٦، ابن تغري بردي، المنهل الصافي والمستوفي بعد الوافي، تحقيق: محمد محمد امين، الهيئة المصرية العامة للكتب، (القاهرة: ١٩٨٤)، ج٢،ص ٢٦٥.

[١٥] الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٨، ص ١٧٤.

[١٦] شارۆچکەیەکە لەسەر ڕووباری نیل لە نزیک دەریا بەلای ئەسکەندەرییەوە، یاقوت الحموي، معجم البلدان، دار احياء التراث العربي، (بيروت: ٢٠٠٨) ج٢، ص ٣١٩.

[١٧] ابن فضل الله، مسالك الابصار في ممالك الامصار، مقدمة المؤلف، ص ٦، تعريف بالمصطلح الشريف، مقدمة المؤلف، ص ٤.

[١٨] یەکێکە لەو پۆستانەی کە خاوەن قەڵەم لە دەوڵەتی مەمالیك وەریاندەگرت، نووسراوە هاتووەکانی بۆ سوڵتان دەخوێندەوە و لە (دار العدل) (خانەی داد)

دادەنیشت، چیرۆك و سەرگوزەشتەکانی پێشینانیشی باس دەکرد، و واژۆشی لەسەر دەکردن و له کارەکانی (الدوادار)یش بەشدار دەبوو، القلقشندي، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، تحقيق: علي يوسف الطويل، مطبعة دار الفكر (دمشق: ١٩٨٧)، ج٤، ص٢٢٦.

[١٩] محمد بن قلاوون بن عبدالله الصالحي ابن المنصور (٦٨٤-٧٤١ ك) فەرمانڕەوایەتی مەمالیکی کردووە و زۆر بەلای زانست و زانیارییەوە بووە و زانایانی له دەوری خۆی کۆکردبوویەوە، الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٤، ص٢٥١.

[٢٠] ابن حبيب، تذكرة، ج٢، ص ٨٣، ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٩، ص ٢٤٠، محمد زغلول، الادب في العصر المملوكي، ج٢، ص ٦٤.

[٢١] الذهبي، ذيل تاريخ الاسلام ووفيات المشاهير والاعلام، تحقيق: عمر عبدالسلام التدمري، دار الكتب العربي، (لبنان: د.ت) حوادث ٧٠١-٧٤٦، ص ٣٣٤.

[٢٢] محمد زغلول: الادب في العصر المملوكي، ج ٢، ص ٦٣.

[٢٣] ابن حبيب، تذكرة، ج٢، ص٢٩٠، الذهبي، تاريخ الاسلام، حوادث ٧٠١، ص ٣٣٤، ابن اياس، بدائع الزهور في وقائع الدهور، تحقيق: محمد مصطفى، مطبعة الهيئة المصرية العامة، (القاهرة: ١٩٨٢) ج١، ص ٤٧٥.

[٢٤] ابو الفداء، المختصر، ج٤، ص ١٤٣، ابن الوردي، تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص ٣٠٧، الذهبي، تاريخ الاسلام، حوادث ٧٠١، ص ٣٣٤.

[٢٥] ابن تغري بردي، المنهل الصافي، ج٢، ص ٢٦٥.

[٢٦] المقريزي، المقفى الكبير، ج٢، ص ٢٨، ابن حجر، الدرر الكامنة، ج١، ص ٣٥٣.

[٢٧] الصفدي، الوافي، ج٨، ص١٧٤.

[٢٨] ابن حجر، الدرر الكامنة، ج١، ص٣٥٤.

[٢٩] الصفدي، الوافي، ج٨، ص١٧٤؛ ابن حبيب، التذكرة،ج٣، ص١٢٥؛ المقريزي، المقفى الكبير، ج٢، ص ٢٨؛ ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج١٠، ص٢٣٥.

[٣٠] تعريف بالمصطلح الشريف، مقدمة المؤلف، تحقيق:، محمد حسي شمس الدين، (لبنان: ١٩٨٨).

[٣١] التعريف بالمصطلح، مقدمة، ص٨.

[٣٢] الاعلام، ج١، ص ٢٦٨.

[٣٣] الصفدي، اعيان العصر، ص٤٢٠؛ الوافي بالوفيات، ج٨، ص١٦٤؛ الكتبي، فوات الوفيات، مج ١، ص١٦٠.

[٣٤] الصفدي، اعيان العصر، ص ٤٢٠، الوافي بالوفيات، ج٨، ص ص ١٦٤–١٦٥؛ الكتبي، فوات الوفيات، مج ١، ص١٦٠.

[٣٥] المقريزي، المقفى الكبير، ج٢، ص ٢٦.

[٣٦] الكتبي، فوات الوفيات، مج ١، ص ١٦٠؛ ابن تغري بردي، المنهل الصافي، ج٢، ص٢٦٥.

[٣٧] الصفدي، اعيان العصر، ص ٤٢٠، الوافي بالوفيات، ج٨، ص ص ١٦٤–١٦٥؛ الكتبي، فوات الوفيات، مج ١، ص١٦٠.

[٣٨] الكتبي، فوات الوفيات، مج ١، ص ١٦٠؛ المكناسي، درة الحجال، ج١، ١٨.

[٣٩] الصفدي، اعوان العصر، ص ٤٢٠، الوفيات، ١٦٥، الكتبي، فوات، مج١، ص١٦٠، المقريزي، المقفى، ج٢، ٢٦.

[٤٠] السخاوي، الاعلان بالتوبيخ لمن ذم التاريخ، دار الكتب العلمية (د.م.ت)، ص ٤٢٢.

[٤١] الزركلي، الاعلام،ج١، ص ٢٦٨، على محمد علي، شعر ابن فضل الله العمري، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى جامعة خليل، ٢٠٠٨، ص ٣٥.

[٤٢] المقريزي، المقفى، ج٢، ص ٢٦.

[٤٣] حاجى خليفة، كشف الظنون، ج١، ص ٣٨٥.

[٤٤] بدائع الزهور، ج١، ص ٥٣٣، محمد زغلول، الادب في عصر المملوكي، ج٢، ص ٧٠، تاريخ الادب العربي، ص ٥٢٠.

[٤٥] الزركلي، الاعلام، ج١، ص ٢٦٨، كارل بروكلمان، تاريخ الادب، مج٥، ج١١، ص ص ٥٥٣–٥٩٦.

[٤٦] ابن الغزي، ديوان الاسلام، ج٣، هامش ٤٤٢ ٤٣.

[٤٧] جرجي زيدان، تاريخ الادب،ج٣، ص ٢٣٩.

[٤٨] اعيان العصر، ص٤٢٠.

[٤٩] المقفى الكبير، ج٢، ص٢٦.

[٥٠] فوات، ج ١، ص ١٥٩.

[٥١] شذرات الذهب، ج٦، ص١٦٠.

[٥٢] كراتشكوفسكي، تاريخ الادب الجغرافي، قسم ١، ص ٤١٣.

[٥٣] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص١٢٣.

[٥٤] المصدر نفسه،ج٣، ص١٢٣.

[٥٥] المصدر نفسه، ج٣،ص ١٩٩.

[٥٦] المصدر نفسه، ج٣، ص ١٩٩.

[57] کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلامدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە، حەمە کەریم عارف، ل٦٦.

[58] ابن فضل الله، مسالك، ج٢٦، ص ص ٣٣١–٣٣٢.

[59] المصدر نفسه، ج٣، ص ٢٠٠.

[60] ابن العبری، ناوی بە مباذر بك تۆمار کردووە، ڕەنگە ئەمە هەڵەی ڕێنووسکارەکانی بێت ئەگینا هەمان پیت و هەمان ڕێنووسە، تاريخ الزمان، نقله الى العربية اسحاق ارملة، ط٢، دار المشرق، (لبنان: ١٩٨٦)، ص٣٥٩.

[61] زمباور، معجم الالقاب، ج٤، ص ٣٢٦؛ القبائل والزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مؤسسة موكرياني (اربيل: ٢٠٠٧)، ص ٩٠.

[62] ابن فضل الله، مسالك الابصار، ج٣، ص٢٠٠.

[63] ابن فضل الله، تعريف بالمصطلح الشريف، ص٥٩، محمد امين زكي، خلاصة تاريخ كورد و كوردستان، ل ٢٤٤.

[64] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٠؛ القلقشندي صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٥.

[65] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠١.

[66] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٥.

[67] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠١.

[68] المصدر نفسه، ج٣، ص ٢١٠.

[69] المصدر نفسه، ج٣، ص٢١٠.

[70] المصدر نفسه، ج٣، ص ٢١٠؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٥.

[71] ابن فضل الله، التعريف، ص ص ٥٩–٦٠.

[72] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠١.

[73] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠١.

[74] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٢.

[75] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٢.

[76] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٢.

[77] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٢؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٦.

[78] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٢.

[79] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە نامەی ماستەری بەهار عەباس جبرائیل، کوردە زەرزارییەکان، ڕۆڵی ڕامیاری و شارستانییان لەهەردوو سەدەی شەشەم و حەوتەمی

کۆچی، پێشکەشی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە کراوە، لەساڵی (٢٠١٠).

[٨٠] زرار صديق، القبائل، ص ١٠١.

[٨١] ياقوت الحموي، معجم البلدان،ج٢، ص ٣٨٠؛ ابن الاثير الكامل، ج٩، ص٤٦٦؛ ابن المستوفي، تاريخ اربل، تحقيق: سامي بن سيد احمد صفار، وزارة الثقافة والاعلام، (بغداد: ١٩٨٠) ج١، ص ص ٢٧١–٢٧٥.

[٨٢] بنەماڵەیەکی فارسی ناوچەی بەڵخی سەر ڕووباری جیحۆنن و پاشان هاتوونەتە بەغدا و هارون الرشید لە خۆی نزیکی کردوونەتەوە و پۆستی بالآی پێ بەخشیون، بۆ زیاتر زانیاری لەبارەیانەوە بڕوانە الطبري، تاريخ الطبري، دار التراث (لبنان: ١٣٨٩هـ) ج٨، ص ص٢٣٠–٢٦٠؛ هارتمان، مادة البرامكة، دائرة المعارف الاسلامية، ج٤، ص٧٨

[٨٣] وفيات الاعيان، تحقيق: احسان عباس، دار صادر بيروت، (لبنان: ١٩٠٠) ج١، ص١.

[٨٤] احمد عبدالعزيز، الامارة الهذبانية الكردية في آذربيجان واربيل والجزيرة الفراتية، (اربيل:٢٠٠٦)ص٤٤.

[٨٥] القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٦.

[٨٦] ابن فضل الله، مسالك،ج٣، ص٢٠٢.

[٨٧] دائرة المعرف الاسلامية، مادة اشنة، ج٢، ص٢٢٢.

[٨٨] ابن فضل الله، مسالك،ج٣، ص٢٠٢.

[٨٩] ابن الفوطي، معجم الاداب في معجم الالقاب، تحقيق: محمد كاظم، وزارة الثقافة (تهران: ١٤١٦)، ج٤، ص٥٤٢.

[٩٠] ابن فضل الله، مسالك، ج٤، ص٥٤٢.

[٩١] ئەم ناوە بەشێوەی جیاواز ئاماژەی بۆ کراوە، القلقشندی بە (ماذ كرد) تۆماری کردووە، صبح، ج٤، ص٣٧٦؛ ابن ناظر الجيش بە(برازكرد) ناوی هێناوە، تثقيف التعريف بالمصطلح الشريف، تحقيق: رودلف فسلي، مطبعة المعهد العلمي الفرنسي للاثار الشرقية ، (القاهرة: ١٩٨٧) ص٨٠.

[٩٢] ابن ناظر الجيش، تثقيف التعريف، ص٨٠؛ بەڵام تا ئیستا شوێنی ئەم قەڵایە دیار نییە

[٩٣] کۆمەڵە گوندێکی سەر بە رستاق ماهانن لە نزیك اشنە، ابن المستوفي، تاريخ اربل، ص١٥٨.

[٩٤] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٣.

[٩٥] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٣.

[96] یەكێك بوو لەو قەڵایانەی كە لە ڕووی كارگێڕییەوە سەر بە خفتیان بوو، ابن ناظر الجیوش، تثقیف التعریف، ص٨٠.

[97] ابن ناظر الجیش، تثقیف التعریف، ص ص٥٩– ٨٠.

[98] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٣؛ زرار صدیق، كردستان في العهد الجلائري، ص١٧٢.

[99] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٣.

[100] المصدر نفسه،ج٣، ص٢٠٣.

[101] المصدر نفسه،ج٣، ص٢٠٣.

[102] القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٦.

[103] زرار صدیق، قبائل، ٢٣.

[104] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٣.

[105] پێی وایە ئەمانە لە نەوەی مروان بن الحكم خەلیفەی ئومەوین، لەلایەكی تر دەڵێ نەوەی (ابي سفیان)ن، تعریف بالمصطلح، ص٥٨.

[106] شرفنامة، ص١٢٥.

[107] مسالك،ج٣،ص٢٠٣.

[108] زرار صدیق، كردستان في العهد الجلائري، ص ١٢٩.

[109] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٣؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤،ص٣٧٧.

[110] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٣.

[111] ابن فضل الله، التعریف، ص ٥٨.

[112] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٣.

[113] القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٧

[114] بەردێكی گرانبەهایە و چەند جۆرە ڕەنگێكی وەك سوور و سەوز و زەردی هەیە، احسان حلاق، المعجم الجامع في المصطلحات الایوبیة والمملوكیة والعثمانیة، دار العلم للملایین،(لبنان: د.ت) ص١٩٤.

[115] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٣.

[116] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٣؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص ٣٧٧.

[117] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٤.

[118] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٤.

[119] المصدر نفسه، ج٣،ص٢٠٤.

[١٢٠] ناوچـەیەکە لـە ولاَتـی فـارس نێـوانی لەگـەلْ شـیراز دە فەرسـەخە (٦٠)کـم، یـاقوت الحمـوي، معجـم البلـدان، ج٤، ص٤٨٦؛ الحمـيري، الـروض المعطـار في خـبر الاقطـار، تحقيق: احسان عباس، مطبعة ناصر للثقافة، (لبنان: ١٩٨٠)ج١، ص٥٠٢.

[١٢١] ابن فضل الله، مسالك، ج٣،ص ٢٠٥؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٧.

[١٢٢] زرار صديق، القبائل، ص ١١٠.

[١٢٣] صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٨.

[١٢٤] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٥؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٨.

[١٢٥] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٥.

[١٢٦] المصدر نفسه، ج٢٧، ص٢٠٥.

[١٢٧] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٥.

[١٢٨] المصدر نفسه، ج٣، ص ٢٠٥، شرف خان، شرفنامة، ج١، ص١٢٥.

[١٢٩] بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم هۆزە و رووداوەکـانی ناوچـەکە بڕوانـە، درويـش يوسـف حسن، بلاد هكاري (٣٣٤-٧٣٧هـ/٩٤٥-١٣٣٦م).

[١٣٠] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٥ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص ٣٧٨.

[١٣١] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٥.

[١٣٢] المصدر نفسه،ج٣، ص ٢٠٥.

[١٣٣] دەوڵەتی ئیلخانی (٦٥٦-٧٣٦ك/١٢٥٨-١٣٣٥ز) کـە بەشـی ڕۆژاوای ئیمپراتۆریـەتی مەغۆل لەدوای هۆلاکۆوە بەم ناوەوە ناونرا، کـە ئێـران و ئاسـیای بچـوك و هەرێمـە کوردییەکانیشی گرتبووە خۆی، کە لەلایەن نەوەکانی هۆلاکۆوە تەواوی ئەم ناوچـانە بەڕێوە دەبرا، بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، زامباور، معجم الانساب والاسـرات الحاكمـة ج٢، ص٣٦٢.

[١٣٤] مسعود البرقوطي، کوڕی اعلم الدين يعقوبی بازرگـان بـوو، بـاوکی پەیوەندییـەکی زۆر باشی لەگەڵ ئیلخانییـەکان هـەبوو و دۆسـتی ئـەوان بـوو، بۆیـە لەبـەر پلـە و پایـەی باوکی کردیان بە سەرداری موصل و سنجار، ئەو پۆستەی وەرگرتووە و لادراوە تا لە ساڵی (٦٨٨ك) دەکوژرێت کۆتایی بەدەسـەلاَتەکەی دەهێنرێـت، ابـن العـبري، تـاريخ الزمـان، ص٣٣٤؛ عمـاد عبدالسـلام رؤف، حكـام مغـول ومظفـوه في عهـد المغـول الايلخانيين، مجلة العربي، عدد (١١)، (بغداد: ١٩٧٩) ص ص ٦٩-٧٠.

[135] الدين محمد الافتخاري القزويني البكري، یەكێك بوو لەو سەركردانەی كە توانییان دەسەلاتی زنكی اربیلی لە ساڵی ٦٦٣ك/ ١٢٦٥ز لە موصل كۆتای پێبێنن، االهمذاني، جامع التواريخ، نقله الى العربية حمد صادق شنان، (القاهرة: د.ت)، ص٣٣١.

[136] ابن العبري، تاريخ الزمان، ص٣٤١.

[137] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٦.

[138] ئەمانە هێزێكی تایبەتیی مەغۆلەكان بوون، زۆربەی سەربازەكانیان لە دانیشتوانی ناوچەی چیاكان پێكهێنرابوون، و بەزۆربەی سەربازەكانیشیان كورد و مەسیحییەكانی نیشەجێی ئەو ناوچانە بوون، الهمذاني، جامع التواريخ، مج٢، ج١، ص٢٤٥؛ القاشاني، تاريخ اولجايتو، ص١٢٢، ابن العبري، ص٣٣٣؛ ابن فضل الله، مسالك الابصار،ج٣، ص.

[139] بۆ زیاتر زانیاری لەسەر شۆڕشەكەیان بڕوانە، القاشاني، تاريخ اولجايتو، ص ص١١٢-١١٤؛ قصة ماريهبالاها، ص ص ١٤٣-١٤٥؛ علي عادل حسين، اربيل في فترة (٦٣٠-٨٧٤هـ/١٢٣٣-١٤٦٩م) اطروحة دكتورا غير منشورة مقدمة الى مجلس كلية الاداب جامعة صلاح الدين، ص ص ١٢٢-١٣٣.

[140] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٦.

[141] تاريخ الزمان، ص٣٤١.

[142] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٦.

[143] القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٨؛ وە المقريزى بە الشنبكيە ناوى تۆمار كردوون، الخطط، ج٣، ص٤٠٥؛ السلوك، ج١، ص١٠١.

[144] ناوچەیەكی دەشتاییە دەكەوێتە نێوان ئاكرێ و موصلەوە، ياقوت الحموى، معجم البلدان، ج٥، ص١٠١.

[145] گوندێكی گەورەیە لەنزیك شوشی ناوچەی ئاكرێ قەلاّی الت بنكەی ئەم سەرەكی ناوچەیەیە و ئەشكەوتێكی تێدایە بەناوی داود، ياقوت الحموى، معجم البلدان، ج٤، ص١٥٣.

[146] القبائل، ص ٥٠.

[147] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٦.

[148] شرف خان، شرفنامة، ج١، ص١٤٢.

[149] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٦.

[150] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٦.

[١٥١] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٠٧؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص٣٧٨.
[١٥٢] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص ٢٩٧؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص ٣٧٨.
[١٥٣] زرار صديق، القبائل، ص١٤٠.
[١٥٤] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٧.
[١٥٥] ناوچەیەکی چیایی گەورەیە لە باکوری موصل و شوێنی کوردانە و هۆزێکی تێدا دەژی پێیان دەڵێن الداسنیە، یاقوت الحموي، معجم البلدان، ج٢، ص٤٣٢.
[١٥٦] ابن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٧.
[١٥٧] بن فضل الله، مسالك، ج٣، ص٢٠٧؛ القلقشندي، صبح الاعشى، ج٤، ص ٣٧٩.
[١٥٨] ابن فضل الله، مسالك،ج٣، ص٢٠٧.
[١٥٩] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٧.
[١٦٠] المصدر نفسه، ج٣، ص٢٠٧.

ملخص البحث

يعد كتاب (مسالك الابصار في ممالك الامصار) للمؤلف ابن فضل الله العمري، مصدراً (موسوعياً) ثراً لا يناظره آخر في عصره، وذلك لما يحويه من معلومات حضارية واخبار وروايات تاريخية هامة ودقيقة – بعضها جديدة ودقيقة ونادرة – بخصوص الكورد، اضف الى ذلك وفرة وتنوع المصادر التي رجع اليها في تصنيف الكتاب من مشاهدة ومشافهة ومدونة، خاصة اذا ما علمنا كثرة ارتباطات صاحب الكتاب – بحكم موقعه الاداري – بالرموز والاقطاب والسلطة، مما يضيف له معلومات اغزر واكثر دقة، لذا لايمكن للباحث في تاريخ الكورد الاسلامي – وبخاصة في عصر المماليك – الاستغناء عنه.

وبناء على ما ذكر اعلاه، فان هذه الورقة البحثية مخصصة لدراسة (القبائل والطوائف الكوردية في اقليم الجزيرة) كما ورد في كتاب (مسالك الابصار في ممالك الامصار) لابن فضل الله العمري، وتتكون من مبحثين؛ في الاول منهما القي الضوء على بعض الجوانب في سيرة العمري والمفاضل الهامة من مسيرته العلمية والادارية، بالاضافة الى تعريف مختصر بالكتاب موضوع الدراسة.

اما المبحث الثاني فيتناول عرض ابرز القبائل والطوائف الكوردية القاطنة في اقليم الجزيرة من حيث خلفياتها التاريخية ودورها السياسي والاداري وعلاقاتها فيما بينها او مع القوى السياسية المعاصرة من مماليك ومغول وغيرهم، كما خصص بالذكر اهم الشخصيات التي اضطلعت بدور حيوي من بين تلك القبائل والاسر الكوردية؛ وهنا لابد من الاشارة الى ان المعلومات التي اوردها العمري بشأن هذا الموضوع قورنت بالمصادر الاخرى وتم تحليلها وتقيمها في ضوء الكثير من المصادر والمراجع التاريخية.

وفي الختام لخصت اهم النتائج التي توصل اليها الباحث في نقاط موجزة.

Abstract

This book (Masalik Al- Absar in Mamalik Al-Amsar) was written by (Ibn Fadhil Allah Al-Omari). It is an incomparable source at the current time, full of update information about civilization and significant historical tales, some of them are new and others unique, especially those which are about Kurds. The book includes a variety of classified books and illustrated ones. The book is strongly addressing issues related to the current power based on the administrative position and his rank title. In addition to what has been mentioned, the book embraces accurate knowledge in away whoever wants ever to write should consult his books, especially during the reign of Mamalik.

This paper aims at investigating (Kurdish clans and tribes at Aljazeera region) as mentioned in (Masalik Al- Absar in Mamalik Al-Amsar) that belongs to (Ibn Fadhil Allah Al-Omari).

It consists of two sections ,the first is about biography of some aspects and the author Omri 's post, also briefly defines the subject.

Secondly: it shows the most common tribes and clans of Kurdish inhabitants in (Aljazeera region) in terms of historical background and political effects as well as the relationships with the political authority of (Mamalik) and (Mongols). It also talks about important figures who played great role between Kurds family and tribes.

At the end of the study, the conclusions are presented.

کورد و کوردستان
له کتێبی "جیهان نوما"ی کاتب چەلەبیدا
(١٠١٧- ١٠٦٧ ك/ ١٦٠٩- ١٦٥٧ ز)

پ. د. خەلیل عەلی موراد
و: پ.ی.د.ئازاد عوبێد ساڵح

له چالاکییەکانی لیژنەی بەڵگەنامە و دەستنووسەکان
له ئەکادیمیای کوردی - هەولێر – ٢٠١٣

بەرکوڵ

سەرچاوە دیرۆکی و کتێبەکانی گەشتنامە و جوگرافیاییەکانی عوسمانی زانیاریی گرنگیان سەبارەت بە مێژووی کورد و کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا تێدایە، واتە هەر لە بیستەکانی سەدەی شازدەمینەوە تا بیستەکانی سەدەی بیستەمینەوە. زانیارییەکانیش مێژووی سیاسی، کارگێڕی عوسمانی و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رووناکبیری و ئاواکاری لە کوردستان لەخۆ دەگرێت، ئەمە وێڕای جوگرافیای سروشتی کوردستان. چاوکانییەکانی هەردوو سەدەی شازدەمین و هەڤدەمین بایەخێکی تایبەتییان لەو ڕووەوە هەیە، ئەویش بەگشتی بەهۆی کەمیی سەرچاوە لەبارەیانەوە، لەچاو سەدەکانی دواتردا، کە بەڵگەنامە و سەرچاوەی مێژوویی و کتێبەکانی گەشتنامە و جوگرافیای عوسمانی و ئەوروپاییەکان زۆر و زەوەندن.

ئامانج لەو لێکۆڵینەوەیە، رەخنەگرتن و شیکردنەوە، یان بە دەستەواژەیەکی دیکە هەڵسەنگاندنی ئەوەی لەبارەی کورد و کوردستانەوە لە کتێبی "جیهان نوما"ی دراوە پاڵی دیرۆکنووس و جوگرافیاناس و نووسەری ئینسکلۆپیدیای عوسمانی کاتب چەلەبی (١٠١٧– ١٠٦٧ ك/ ١٦٠٩– ١٦٥٧ ز). ئەو کتێبە شوێنێکی گرنگی لە مێژووی ئەدەبی جوگرافیایی عوسمانیدا هەیە، بەو

پێیـەی بـەناوترین نووسـینە لـەو بـوارەدا لـە دەوڵـەتی عوسمـانی لـە سـەدەی حەڤدەمیندا.[1]

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سێ تەوەر پێك دێت، یەکەمیان لـە سـەربردەی ژیـان و کەسایەتیی کاتب چەلەبی و بەشداریکردنی لە مێـژووی ڕووناکبیری عوسمانی بـە گشتی دەدوێت. هەرچی تەوەری دووەمیشە بۆ ناساندنی کتێبـی (جیهـان نومـا) و شـوێنی لـە مێـژووی ئـەدەبی جوگرافیـایی عوسمـانی و ئـەو بەشـانەی کـە کاتـب چەلەبی لە کتێبی ناوبراودا نووسـیویەتی و ئـەوەی دواتـریش لـەکاتی چـاپکردن و بڵاوکردنەوەی لێی زیاد کراوە، تـەرخان کـراون. تـەوەری سـێیەمیش سـەرلەبەری ئەو زانیارییانەی کە لە کتێبەکەدا سەبارەت بە کورد و کوردستان تێیدا نووسراوە، خراوەتە روو و هەڵسەنگێندراوە.

ژیان و نووسینەکانی کاتب چەلەبی:

ئـەو نـاوی مسـتەفای کـوڕی عەبـدوڵڵا حەنـەفی ئەسـتەنبۆڵییە، لـە مـانگی ذیلقەعیدەی (١٠١٧ك / شوباتی ١٦٠٩ز) لە ئەستەنبۆڵ لە دایك بـووە. زانیاریمـان سەبارەت بە بنەماڵەکەی لەبەردەستدا نییە، جگە لەوەی کە باوکی فەرمانبـەرێکی ئاسایی بووە لە گەنجینەی عوسمانی وەك نووسەر لـە بەشـی ژمێریـاریی ئـەنادۆڵ "ئەناضول محاسبەسی"، پیاوێکی باش و نوێژکەر و خواپەرست بـووە، بـەردەوام هۆگری کۆڕی زانا و شێخەکان بووە[2].

مسـتەفا خوێنـدنێکی ڕێکوپێکی لـە قوتابخانـەکانی دەوڵـەت نەخوێنـدووە، بـەڵام بـاوکی مکـوڕ بـووە، کـەوا خوێنـدنێکی بنـەڕەتی لەسـەر دەسـتی هەنـدێ مامۆستا بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت وەك فەرمانبەرێکی ڕەسمی لـە بەشـی نووسیندا کار بکات. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لە ساڵی (١٠٣٢ك/ ١٦٢٣ز)، باوکی بردییە لای خۆی و کردییە قوتابی "شاگرد" لە بەشـی ژمێریـاریی ئـەنادۆڵ، لـەوێ لەسەر دەستی ئەو خەلفانەی (الخلفـاء= نووسـەرانەی) کـە لـە بەشـەکەدا کاریـان دەکرد، فێـری بنـەماکانی ژمێریـاری و ژمێـرە بـووە، سـەرباری نووسـین بەخـەتی ناسراوە بە خەتی "سیاقەت"، کە نووسینێکی هێمادارە و بەگشتی لە تۆمارەکانی دارایـی بـەکاردەهێنرێت. مسـتەفا هـاوڕێی بـاوکی بـووە لـەو لەشکرکێشـییە

عوسمانییەی کە لە ساڵی (١٠٣٣ك/ ١٦٢٣–١٦٢٤ز) کردی بۆ لەناوبردنی ئەو بزووتنەوە یاخیبوونەی ئەبازە پاشا لە ئەنادۆڵ ڕابەری دەکرد، هەروەها لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەی عوسمانییەش کە لە ساڵی (١٠٣٥ك/ ١٦٢٥ز) بۆ وەرگرتنەوەی شاری بەغدا لە دەوڵەتی سەفەوی. دوای ئەوەی کە لەشکرکێشییەکە نەیتوانی ئامانجەکانی بێنێتە دی و پاشەکشەی کرد، باوکی مستەفا لە ذیلقەعیدەی (١٠٣٥ك/١٦٢٦ز) کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مزگەوتی گەورەی شاری مووسڵ نێژرا. دوای مانگێکیش مامی لە شەڕی "جەڕاحلو"ی نزیك نوسەیبین چووە بەر دلۆڤانی خودێ، مستەفا لەگەڵ یەکێك لە خزمەکانی چووە دیاربەکر و ماوەیەك لەوێ مایەوە. دوای گەڕانەوەی بۆ ئەستەنبۆڵ، برادەرێکی باوکی بەناوی محەمەد خەلیفە، کارئاسانی بۆ دامەزراندنی کرد لە بەشی وردبینی و سەروکاری تۆمارەکانی هێزەکانی سوارەی دەرەبەگی "موقابەلە سواری"[3].

بە حوکمی کارکردنی لە بەشی "موقابەلەسواری"، مستەفای کوڕی عەبدوڵڵا هاوڕێتی ژمارەیەك لەشکرکێشیی عوسمانی بۆ ڕۆژهەڵات کرد. لە ساڵی (١٠٣٧ك/١٦٢٧–١٦٢٨ز) لەو لەشکرکێشییەی دژی ئەبازە پاشا لە ئەرزەڕۆم کرا، لە ساڵی (١٠٣٩ك/١٦٢٩–١٦٣٠ز)، لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەی بۆ "هەمەدان" کرا بە سەرکردایەتی خەسرۆ پاشای سەرۆکی وەزیران، هەر لەگەڵ ئەودا لە ساڵی (١٠٤٠ك/ ١٦٣٠–١٦٣١ز) لەشکرکێشییان بۆ بەغدا کرد، بۆ ئەوەی لە سەفەوییەکانی بستێنێتەوە.

لە ساڵی (١٠٤٣ك/ ١٦٣٣–١٦٣٤ز) لەگەڵ ئەو لەشکرکێشییەی کە محەمەد پاشای سەر وەزیر فەرماندەیی دەکرد بۆ ڕۆژهەڵاتیش چوو. ئەو دەمەی لەشکرەکە ڕووی لە حەلەب کرد بۆ ئەوەی وەرزی زستان لەوێ بەسەرببات، مستەفا پاشا ئەو دەرفەتەی قۆزتەوە و سەردانی حیجازی کرد بۆ حەجکردن. کە گەڕایەوە حەلەب لەشکرەکە بۆ دیاربەکر ڕۆیشتبوو، ئەویش ئەو هەلەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی چاوی بە هەندێ زانای حەلەب بکەوێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، جێی گوتنە سەردانی ژمارەیەك لە کتێبخانەکانی ئەوێی کرد، هەر ئەوەش بووە بنەمایەك بۆ ئەوەی لە کارەکانی داهاتوویدا لە بواری پێڕستکاری سەرچاوەکان

(بیبلوگرافیـا)دا بەهرەمەنـد بێـت. بـەڵام دوایـەمین لەشکرکێشـی کـە بەشـداری کردبێت، ئەو لەشکرکێشییە بوو بۆ روان (=یـەریڤان) لـە سـاڵی (١٠٤٤ك/ ١٦٣٤–١٦٣٥ز)، کە بەڕابەری سوڵتانی عوسمانی موڕادی چـوارەم (١٦٢٣–١٦٤٠ز) بـوو. هـیچ بەڵگەیـەك لەبەردەسـتدا نییـە، کـە جـارێکی دیکـە دوای گەڕانـەوەی لـەو لەشکرکێشییە، ئەستەنبۆڵی بەجێهێشتبێت. ئەوە بوو بەشێکی زۆری کاتەکەی بـۆ فێربوونی زانست و خوێندن و دانانی کتێب تـەرخان کـرد، تـا بـە نەخۆشـی دڵ لـە (٢٧ی ذولحەجەی ١٠٦٧ك/ ٦ی تشرینی یەکەمی ١٦٥٧ز)، کۆچـی دوایـی کـرد لـە ئەستەنبۆڵ نێژرا، هەر بەم شێوەیە بەردەوام بوو[٤].

مستەفای کوڕی عەبـدوڵڵا، لـەنێو زانایـانی ئەسـتەنبۆڵدا، کـە پێوەندییـەکی توندوتۆڵی لەگەڵ هەندێکیاندا هەبوو، بە نازناوی (کاتب چـەلەبی) ناسـرابوو، واتـە گەورە نووسەر (السید الکاتب). بەڵام لە نێوان کارمەندانی دیـوانی هەمایۆنیـدا بـە نازنـاوی (حـاجی خەلیفـە)، ناسـرابوو[٥]، واتـە حـاجی نووسـەر، چـونکە زاراوەی (خەلیفە) تەنانەت تا سەردەمی چاکسازیش (تەنزیمات) لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەدەی نۆزدەمین، بەکاردەهێنرا، وەك بەڵگەی ئەوانەی لە کاری نووسەرایەتی لـە دامودەزگای عوسمانیدا کاریان دەکرد، کە سێ پلەی هەبووە: (خەلیفە، خەلیفـەی دووەم، خەلیفەی سێیەم)، هەر لە سەردەمی چاکسازیی تەنزیماتیشدا لە سـەدەی نـۆزدەمین، ناوەکـانی سـەرۆکی نووسـەران "بـاش کاتـب"، وردبینـی یەکـەم، "مومەیزی یەکەم" وردبینی دووەم، "مومەیزی دووەم"[٦] جێیانی گرتـەوە. جێـی گوتنە کاتب چەلەبی بیست ساڵ لە "موقابەلـە سـواری" خزمـەتی کـردووە، بـەبێ ئەوەی پلەی "خەلیفە"ی بدرێتێ، ئەمەش بووبووە مایەی بێزاری و وازهێنـانی لـە کارەکـەی ئـەوێ لـە سـاڵی (١٠٥٥ك/ ١٦٤٥–١٦٤٦ز). تـا سـاڵی (١٠٥٨ك/١٦٤٨–١٦٤٩ز) لە دەرەوەی فەرمانبەری بووە، ئـەوە بـوو قۆجـە محەمـەد پاشـای سـەر وەزیر بە پلـەی "خەلیفـەی دووەم" لـە فەرمانگـەی دارایـی لـە دیـوانی هـەمایۆنی دایمەزراند. ئەو دامەزراندنە وەك ڕێزلێنانێك بووە بۆ کاتب چەلەبی، لەسەر دانـانی کتێبی "ڕۆژژمێری دیرۆکەکان– تقویم التواریخ"[٧]، کە دواتر باسی دەکەین.

بـەڵام سـەبارەت بـە سـەربردەی ژیـانی زانسـتی "کاتـب چـەلەبی"، پێشـتر گوتمـان ئـەو خوێنـدنێکی ڕێکـوپێکی نەخوێنـدووە، کـە باوکیشـی بردییـە بەشـی

ژمێریـاریی ئـەنادۆڵ، ئەمـە وای كـرد ماوەیـەك لـە خوێنـدن و خوێندنـەوە دوور بكەوێتەوە، بەڵام ڕاسپاردنی بـاوكی كـە داوای لـیّ كردبـوو، لـە هـەوڵی وەرگرتنـی زانسـت و زانیاریـدا بێـت، ئینجـا ئـارەزووی تایبـەتی كاتـب چـەلەبی خۆشـی بـەو ئاقـارەدا، دنـەی دا بایـەخی زیـاتر بـە وەرگرتنـی زانیـاری و خوێنـدن بـدات دوای ئەوەی لە لەشكركێشیی ئەرزەڕۆم لە سـاڵی (١٠٣٨ك/١٦٢٨ز) گەڕایـەوە. دەسـتی كرد بەشێوەیەكی ڕێكوپێك، خەریكی وەرگرتنی زانیاری بێت. زۆر بـە تـەكوزی لـە وانەبێژی و پەندبێژی (مواعز) یەكێك لە دیارترین زاناكانی ئـەو ڕۆژەی ئەسـتەنبۆڵ كـە نـاوی قـازی زادە محەمـەد ئەفەنـدی (كـە لـە ١٠٤٤ك/ ١٦٣٥ كۆچـی دوایـی كـردووە)، ئامـادە بـووە لەبـەر ئـەوەی كاتـب چـەلەبی ماوەیـەك دابـڕا. بەشـداری هەردوو لەشكركێشی بۆ هەمەدان و بەغدا كرد، لەگەڵ سەروەزیر خەسرۆ پاشا، كە پێشتر ئاماژەی پیّ كرا. دوای ئەوە كاتب چەلەبی هەر لەسەر دەسـتی قـازی زادە محەمەد ئەفەندی لە زانستی كەلام و فیقهی خوێند، بەڵام لەبەر ئەوەی قـازی زادە محەمەد ئەفەندی لە هەمبەر ڕێبازەكانی سۆفیگەری توند بوو، كاتب چـەلەبیش وا ناسراو بوو كە كەسێكی میانەڕۆ و بیر كراوەیـە، بـەرە بـەرە خـۆی لـە قـازی زادە كەنار گرتووە ئیدی دوای ئەوەش نەدەچووە وانەكانیشی[8].

دوای گەڕانەوەشی لە لەشكركێشیی (ڕوان)، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێكرا، هەندێك پارەی لەڕێی میراتەوە بەدەست كەوت، ئەویش كتێبی مێژوو و ژیاننامـەی ناوداران و هی دیكەی پـیّ كـڕی و خـۆی خـەریكی خوێندنـەوەیان كـرد. لـە سـاڵی (١٠٤٧ك/ ١٦٣٧–١٦٣٨ز)، بەشێك لە میراتی خزمێكی دەوڵەمەندی بەركەوت، بـە بڕێكی پارەكە زۆری كتێبی پیّ كڕی و هەروەها خانووەكەشی كە كەوتبووە نێـوان مزگەوتی سوڵتان محەمەد فاتح و مزگەوتی سوڵتان سەلیم، نۆژەن كـردەوە و هـەر لەو ساڵەشدا ژنی هێنا[9]. ڕەنگە گـەورەترین كتێبخانـەی تایبـەتی لـە ئەسـتەنبۆڵ ئەوەی ئەو بووبێت[10]. كاتب چەلەبی زانا و ناودارەكانی ئەستەنبۆڵ لـە خوێنـدنی زانستە عەقلی و نەقلییەكان بەردەوام بوو، لەوانەش ئەعرەج مستەفا ئەفەندی (لە ١٠٦٣ك/ ١٦٥٣ز كۆچی دوایی كـردووە)، و كـورد عەبـدوڵڵا ئەفەنـدی (لـە ١٠٦٤ك/ ١٦٥٤ز كۆچی دوایی كردووە) كەچی محەمەد ئەفەندی (لە ١٠٥٤ك/ ١٦٤٤ز كۆچـی دوایـی كـردووە) و وەلی ئەفەنـدی، عەبـدوڕەحیم ئەفەنـدی (لـە ١٠٦٦ك/ ١٦٥٦ز

کۆچی دوایی کردووه) که دواتر پایەی شێخولئیسلام (موفتی هەره گەورەی) له دەوڵەتی عوسمانی وەرگرتووه. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کتێبی له زانست و زانیارییه جۆراوجۆرەکان خوێندووه[11]. هەر له ساڵی (١٠٥٢ك/ ١٦٤٢ز) کاتب چەلەبی خۆی وانەکانی شەریعه و تەفسیر و زانستی کەلامی دەگوتەوه، سەرباری بیرکاری و فەلەکناسی[12]. هەر لەو وەختەشدا دەستی بە نووسینی زۆر دانراو و نامه و (مصنفات) له بواری مێژوو و ژیاننامه و سیاسەت و هزر و پێڕستکاری و جوگرافیا کرد، که دواتر باسیان دەکەین. ئەو نووسراوانه ناوبانگ و پایەکی گرنگیان له مێژووی رووناکبیریی عوسمانی پێبەخشی، ئەمه سەرباری ئەو ناوبانگەی که له ڕۆژئاواشەوه پەیدای کرد، دوای ئەوەی هەندێ له نووسینەکانی بۆ زمانه ئەوروپاییەکان وەرگێڕدرا. لەلایەکی دیکه وای کرد که لەگەڵ ژمارەیەك زانا و رووناکبیری ئەستەنبوڵ پەیوەندی پەیدا بکات، هەر ئەمه وای کرد که چەندین کەسایەتی گرنگی دەوڵەتی عوسمانی چاویان لێی بێت لەوانەش سەروەزیر و شێخولئیسلامییەکان[13].

له کاتی خوێندنەوەی نووسین و دانراوەکانی کاتب چەلەبی بۆت دەردەکەوێت، کەوا ئەو کەسێکی میانەڕۆ و خودان ڕۆشنبیرییەکی فراوان و بیرێکی ئازاده و مەیلی بەلای کەڵك وەرگرتن بوو له نووسراوه ئەوروپاییەکان، که ئەمه لەو سەدەمەدا زۆربەی زانایانی دەوڵەتی عوسمانی دژی بوون. لەبەر ئەوەی لەپاڵ زمانه تورکییەکەی خۆی، عەرەبی و فارسیشی دەزانی، ئەو توانی کەڵك لەو نووسینانه وەربگرێت که بەو سێ زمانه نووسرابوون، نەخاسما کتێبەکانی مێژوو و جوگرافیا و ژیاننامەی پیاوانی زانست و ئەدەب. شارەزاییەکی باشی له کاروباری دەوڵەتی عوسمانی و ئەو گیروگرفتانەی خەریك بوو ڕووبەڕووی دەبوونەوه و ئەو کەموکورتیانەی له بەڕێوەبردنی دامودەزگا سەربازی و کارگێڕی و دادوەری و داراییەکانییەوه هەبوو، بۆ ئەمەش پێشنیازی چارەسەری بۆ کردبوون. ڕاستییەکەی ئەو زۆر جەختی لەسەر بایەخدان به زانست و زانیاری بۆ بنیاتنانی کۆمەڵ و دەوڵەت و بایەخی دادپەروەری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی دارایی دەکردەوه، بۆ ئەوەی گۆڕوتێن به بەر دەوڵەتی عوسمانیدا بکرێتەوه. به بۆچوونی ئەو نەزانی و پشتگوێ خستنی پەند و وانەکانی مێژوو و ئەوەی که

زانست پێی گەیشتووە، هۆکاری سەرەکیی ئەو کێشە سیاسی و سەربازییانەن کە ئەو ڕۆژگارە دەوڵەتی عوسمانی تێیدا دەژیا[١٤].

کاتب چەلەبی پتر لە بیست دانراو و نامە و نووسینی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، هەندێکیانی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، چونکە لەبەرچاوترین نووسەرانی عەرەبینووسی عوسمانی بوو[١٥].

کاتب چەلەبی بەگرنگترین کەسایەتی ڕووناکبیریی عوسمانی دادەنرێت لە سەدەی حەڤدەمیندا، تەنانەت هەندێ توێژەری هاوچەرخ، پاشناوی "سیووتی عوسمانییەکانیان" لێ ناوە، هەرچەندە ئەوە پێوەنانێکی ئاشکرایە، چونکە ناکرێت کاتب چەلەبی لە ڕووی نووسراوەکانییەوە لەگەڵ زانای میسری پێشەوا جەلالەدینی سیووتی (٨٤٩-٩١١ك/ ١٤٤٥-١٥٠٥ز) بەراورد بکرێت[١٦]. وەك داننان بە پایەی کاتب چەلەبی لە مێژووی هزری ئینسانیدا، بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٠٠ ساڵ بەسەر لەدایکبوونی، ڕێکخراوی یۆنسکۆ ساڵی (٢٠٠٩)ی بە ساڵی کاتب چەلەبی دانا. لێرەدا بوار نییە بە دوورودرێژی باس لە هەموو شوێنەوارەکانی کاتب چەلەبی بکرێت، بەڵکو تەنیا ئاماژە بە گرنگترینیان دەکەین[١٧]، کە ئەمانەن:

١. فذلكة اقوال الاخيار في علم التأريخ والاخبار: كە بە (فذلكة التواريخ)یش ناسراوە، ئەو کتێبە لە مێژووی گشتیی ئیسلام دەدوێت و لە ساڵی (١٠٥١ك/ ١٦٤١-١٦٤٢ز) بە زمانی عەرەبی دایناوە، یەکەمین کتێبی کاتب چەلەبییە. لە نووسینیدا پشتی بە ژمارەیەکی یەکجار زۆر سەرچاوەی عەرەبی و تورکی و فارسی بەستووە.

٢. تقويم التواريخ: بریتییە لە کرۆنۆلۆجیا یان خشتەی کاتی ئەو ڕووداوە مێژووییانەی لە کتێبەکانی مێژوودا تۆمار کراون، نەخوازە کتێبی پێشووی (فذلكة التواريخ)، هەر لە سەردەمی ئادەم (سڵاوی خوای لێ بێت) تا ساڵی (١٠٥٨ك/ ١٦٤٨ز)، ساڵی دانانی کتێبەکە بە زمانی تورکی.

٣. فذلكة يان فذلكة كاتب جلبي: ئەوەشی بە زمانی تورکی داناوە، کتێبێکی مێژووییە ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی (١٠٠٠ك/ ١٥٩٢ز- ١٠٦٥ك/ ١٦٥٤ز)

گرتووەتەخۆ، ئەو کتێبە بە پاشکۆ (زەیل)ی کتێبی یەکەمی (فذلکة التواریخ) دادەنرێت.

٤. کشف الظنون عن أسامي الکتب والفنون: ئەوەی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، پێڕست یان بیبلۆگرافیایە لە بارەی ئەو کتێب و نامانەی لە بارەی زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکانەوە نووسراون، (١٤٥٠١) ناوی کتێب و نامە و (٩٥١٢) ناوی نووسەرانی تێدایە. لە نێوان هەردوو ساڵی (١٦٩٨– ١٧٠٥) بۆ زمانی فەرەنسی وەرگێڕدراوە و لە سەدەی نۆزدەمیشدا بۆ لاتینی و ئەڵمانی وەرگێڕدراوە.

٥. سُلّم الوصول الی طبقات الفحول: ئەوەشی هەر بە زمانی عەرەبی داناوە. ئەو کتێبەی ژیننامەی زۆربەی ئەو نووسەرە ناودارانەیە کە لە کتێبی (کشف الظنون)دا ناویان هاتووە، ٨٥٦١ ژیاننامەی تێدایە کە بەپێی پیتی قامووس و بەپێی ناو و سەرچەلە و نازناو و پاشناو ڕێك خراوە. دوای ساخکردنەوەی لە ساڵی (٢٠١٠)، مەڵبەندی توێژینەوەی مێژوو و هونەر و ڕووناکبیری ئیسلامی لە ئەستەنبۆڵ بە شەش بەرگ چاپی کردووە.

٦. تحفة الکبار في اسفار البحار: بە زمانی تورکییە، باس لە مێژووی کەشتیگەلی عوسمانی و کردارە سەربازییەکانی دەکات. هۆی دانانیشی شکستی لەشکرکێشی عوسمانی بوو بۆ سەر دوورگەی کریت، کە لە ساڵی (١٠٥٥ك/ ١٦٤٦ز) دەستی پێکردبوو. ئامانج لە دانانی وەبیرهێنانەوەی ئەو سەرکەوتنە دەریایانەی جارانی عوسمانی بوو لەگەڵ دەرخستنی هۆکارەکانی شکستی لەشکرکێشی کریت و پێشنیاز و ڕاسپاردە بۆ نەهێشتنیان و گەشەپێدانی هێزی دەریایی عوسمانی بوو. لە ساڵی (١٨٣١) ئەو کتێبە بۆ ئینگلیزی وەرگێڕدراوە.

٧. دستور العمل في اصلاح الخلل: لە ساڵی (١٠٦٣ك/١٦٥٢–١٦٥٣ز) بە زمانی تورکی داینا‌وە، لە دوای ئەو داخوازییەی سوڵتان محەمەدی چوارەم (١٦٤٨–١٦٨٧) هات، کە داوای لە یاریدەدەرەکانی کردبوو لە هۆیەکانی کەمی داهاتی گەنجینەی دەوڵەت و زێدەبوونی خەرجی دەوڵەت بکۆڵنەوە. کاتب چەلەبی هۆکارەکانی تێکچوونی باری دارایی دەوڵەتی عوسمانی و کەموکورتییەکان و

لاوازی لە سوپا و کارگێڕی عوسمانیدا خستبووە ڕوو، لەگەڵ دەستنیشانکردنی ڕاسپاردە بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەموو ئەو گیروگرفتانە.

٨. قانوننامە: کۆمەڵێك قانوونی عوسمانین، کاتب چەلەبی لە نێوان هەردوو ساڵی (١٠٦٤- ١٠٦٥ك / ١٦٥٤-١٦٥٥ز)، کۆی کردوونەتەوە.

٩. تاریخ فرنگی: ئەو کتێبە لە مێژووی ئەوروپا تا سەردەمی شارلی پێنجەمین (١٥٠٠-١٥٥٨ز) پاشای ئەسپانیا و ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی پیرۆز دەدوێت. لەبنجدا وەرگێڕانی کتێبی (Chronic)ی نووسینی جوهات کاریون (J. Carions)، کاتب چەلەبی لەگەڵ قەشەیەکی فەڕەنسی کە موسڵمان بووبوو بە ناوی محەمەد ئیخلاسی بۆ تورکی وەریگێڕابوو.

١٠. تاریخ قسطنطینیة و قیاصرة (رونق السلطنة): ئەو کتێبە لە یەکێك لە ئینسکلۆپیدیا مێژووییەکانی ئەوروپا وەرگێڕدراوە و هەڵبژاردەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی تاکو ساڵی (١٥٧٩) ڕوویان داوە، تێدایە، بە زمانی تورکییە.

١١. ارشاد الحیاری إلى تأریخ الیونان والنصاری: لە کتێبی (اطلس مینور)، کە پاشان باسی دەکەین و لە سەرچاوەی دیکەی ئەوروپایی وەرگێڕدراوە، مەبەستی کاتب چەلەبی ئاشناکردنی موسڵمانان بووە بە بارودۆخی ئەوروپا، تێیدا لە ئایین و داب و نەریت و قانوون لە وڵاتانی ئەوروپا و شێوازی فەرمانڕەوایەتی و پێوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تێدایە.

١٢. لوامع النور في ظلمات اطلس مینور: ئەمەیان وەرگێڕانی تورکیی کتێبی ئەتڵەسی بچووك (Atlas Minor). لە دانانی گیرهارد میرکاتورە (G. Mercatori) (١٥١٢-١٥٩٤ز)، محەمەد ئیخلاسی بە زارەکی کتێبەکەی وەرگێڕاوە و کاتب چەلەبیش وەرگێڕانەکەی بە نووسین ڕێك خستووە، لەگەڵ ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ناو و شوێنە نادیارەکان لەکاتی پێویستدا.

١٣. میزان الحق في اختیار الاحق: لە مانگی سەفەری ساڵی (١٠٦٧ك/ تشرینی دووەمی ١٦٥٦ز) بە زمانی تورکی داناوە، تێیدا ڕەخنەی لە ژیانی زانستی و هزری لە دەوڵەتی عوسمانی لەو سەردەمەدا گرتووە. هۆکاری داڕمانی ئەو دەوڵەتەی بۆ لابردنی زانستەکانی عەقلی و بیرکاری گەڕاندووەتەوە، لە

بەرنامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا. هەروەها باسی ناکۆکی نێوان سەلەفی و سۆفییەکانی ئەو ڕۆژەی کردووە. ئەو کتێبە لەساڵی (١٩٥٧ز) بۆ زمانی ئینگلیزی و لە ساڵی (٢٠٠٩)یش بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە.

١٤. جیهان نوما: ئەمەیان کتێبێکی جوگرافیایی ئینسکلۆپیدیاییە بە زمانی تورکی دایناوە، بەڵام بەر لە تەواوکردنی کۆچی دوایی کردووە. لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە تەوەری ئەو توێژینەوەیە بۆیە پتر بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

کتێبی "جیهان نوما":

زانستی جوگرافیا، بەشێکی گرنگی لە کارە زانستییەکانی کاتب چەلەبی داگیر کردووە، ئەو لای وا بوو پێشکەوتنی ئەوروپاییەکان و سەرکەوتنی سەربازییان بۆ پێشکەوتنی زانستی و جوگرافیایی دەگەڕێتەوە. لە سەروبەندی لەشکرکێشی سەربازی عوسمانی بۆ دوورگەی کریت لە ساڵی (١٠٤٥ك/١٦٤٥ز)، بە روونی بایەخی بە جوگرافیا و نەخشە بدات وەك پێشتر ئاماژەی پێکرا، کەوا سەرنەکەوتنی لەشکرکێشییەکە، وای لە کاتب چەلەبی کرد کتێبی (تحفة الكبار في اسفار البحار) بنووسێت. کتێبەکە بە پێشەکییەکی زۆر کورتی جوگرافیایی گشتی سەبارەت بە دەریا و کەنارەکانی ئەوروپا دەست پێ دەکات، لەگەڵ وەسفێکی تێرو تەسەلی کۆماری بندقییە و ئەو سەرزەمینەی سەر بە ئەوێیە. هەروەك ئاماژەمان بە وەرگێڕانی کتێبی ئەتڵەسی بچووکی (اطلس مینور) کرد، بەڵام بەشداری سەرەکیی کاتب چەلەبی لە مێژووی ئەدەبی جوگرافیای عوسمانی ئەو کتێبەی بوو بە ناوی (جیهان نوما)، واتە جیهانبینی یان وەسفی جیهان، هەندێ جاریش بە ئاوێنەی جیهان وەرگێڕدراوە.

دەکرێت بڵێین، کتێبی (جیهان نوما) هێمایەکی جیاکەرەوەیە لە مێژووی ئەدەبی جوگرافیای عوسمانیدا، چونکە زۆربەی نووسینە جوگرافیاییەکانی عوسمانی لەبنجدا پشتیان بە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییە عەرەبی و فارسییەکان بەستووە، یان بریتی بوون لە وەرگێڕانی ئەوان[18]، هەرچی کاتب چەلەبی بوو، بایەخی پشت بەستن بە نووسراوە جوگرافیایی و ئەتڵەسە ئەوروپاییەکانی دەزانی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتی و هەڵانەی لە سەرچاوە ڕۆژهەڵاتییەکاندا

لـه بـارەی جوگرافیـای ئـەورووپاوه هـەن، هەولێـداوه کـەڵك لەوانـه وەربگرێـت کـه گەیشتووەته لای ئەوان. ئەگەرچی کاتب چەلەبی یەکـەمین عوسمـانی نییـه، کـەوا هەولێدابێت کـەڵك لـه ئـەنجامی توێژینـەوه زانسـتییه ئەورووپاییـیەکان وەربگرێـت، بەڵام ئەو یەکەم بوو کە هەولێدا ئەو کاره به شێوەیەکی ڕێکوپێك بکات[19].

کاتب چەلەبی له ساڵی (١٠٥٨ك/ ١٦٤٨ز) کـاری لـه کتێبـی "جیهـان نومـا" دەسـت پێکـردووه، پـتر بـڕوا وایـه ئـەو نموونـه ئەدەبییـەی کـه کتێبـی (منـاظر العوالم)ی نووسەری عوسمـانی محەمـەد عاشـقی کردبووەتـه سەرمەشـق[20]، زۆری پشت بـه ناوەڕۆکەکـەی بەسـتووه، ئەگەرچـی لـه کرۆکدا کتێبەکـەی ئـەو زۆر لـه کتێبی ناوبراو جیـاوازه[21]. هـەروەها پشـتی بـه زۆر دانـراوەی عـەرەبی و فارسـی بەستووه. سـەرەتا وەسـفی ئۆقیـانووس و دەریـا و ڕووبارەکـان، پاشـان وەسـفی ئەسپانیای ئیسلامی و باکووری ئەفریقیای کردووه. هەرچەنده وا پێویست بوو بـه دوایدا سەرزەمینی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیی بـەدوادا هاتبـا، بـەو پێیـەی بەشـی سـەرەکی کتێبەکەیـه، بـەو شـارانه دەسـتی پێکـردووه کـه یـەك لـه دوای یـەك پایتەختی دەوڵـەتی عوسمانییـەکان بـووه. وەك بۆرسـه، ئەدەنـه، قوسـتەنتینییه (ئەستەنبۆڵ). دوای ئەوەش وەسفی ولایەتەکانی بەشی ئـەورووپای ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی (روملـی، بۆسـنه، هـەنگاریا) دەکـات. لـه گەرمـەی نووسـین لـه بـارەی هەنگاریاوه بووه، کاتب چەلەبی وازی له پرۆژەکـه هێنـاوه، کاتـێ زانـی ناتوانێـت زانیاریی تەواو لـه کتێبـه ڕۆژهەڵاتییەکانـدا سـەبارەت بەشـه فراوانـەکانی ئـەورووپا بەدەست بێنێت[22]. چەند دانەیەك لەو ڕەشنووسـەی یەکـەم هـەن، جوزیـف فـون هامری مێژوونووسی نەمسایی پسپۆر له مێژووی عوسمـانی زۆربـەی ئـەو دانەیـەی وەگێڕاوه و له ساڵی (١٨١٢) له ڤییەنا چاپ کراوه[23].

له سـاڵی (١٦٥٣ز)، کاتـب چـەلەبی دانەیـەکی چـاپکراوی کتێبـی ئەتڵەسـی بچـووك(Atlas Minore)ی جـیراردی میرکـاتور (G. Mercatoris)ی کـه لـه سـاڵی (١٦٢١ز) چـاپکراوه، پەیـدا کـردووه، لەگـەڵ محەمـەد ئیخلاسـی دەسـتیان بـه وەرگێڕانی کرد بۆ تورکی به ناوی "لوامع النور في ظلمات أطلس مينور"، له سـاڵی (١٦٥٤ز)، هەرکـه سـێیەکی وەرگێڕانەکـه تـەواو بـوو، کاتـب چـەلەبی بڕیـاری دا سـەرلەنوێ کـار لـه پـرۆژەی گـۆڕینی پێشـووی جوگرافیـایی بکاتـەوه، بـەپێی

نەخشەیەکی نوێ کە پشت بە نموونەی ئەوروپایی ببەستێت[٢٤]، یان بە نووسینی ڕەشنووسێکی دووەمی "ئەوروپایی"ی کتێبی "جیهان نوما"، بەپێی وەسفی ڕۆژهەڵاتناسی رووسی کرانشکوفسکی[٢٥]. لە پێشەکی کتێبی "جیهان نوما"دا ئاماژە بەوە کراوە، کە لە دانانی پشت بەو کتێبە و بە سەرچاوە ئیسلامییەکان بەستراوە[٢٦]. هەروەها کەڵکی لە محەمەد ئیخلاسیش وەرگرتووە لە لێکۆڵینەوەی دانراوە گەورەکانی ئەوروپایی لە بواری جوگرافیا و دروستکردنی نەخشەکان وەك ئەتڵەس و دانراوە جیاجیاکانی زانایانی ئەو سەردەمە، هەموو ئەمانە لەسەر ڕەشنووسی دووەمی "جیهان نوما"دا، ڕەنگی داوەتەوە[٢٧].

کاتب چەلەبی لە ڕەشنووسە نوێیەکەی (جیهان نوما)، وەسفی وڵاتانی جیهانی بەپێی ڕێکخستنێکی نوێ، بە گوێرەی دەستنیشانکردنی "أطلس مینور"[٢٨] کردووە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بە وردتریش لە ژاپۆنەوە دەستی پێکردووە پاشان ڕووی لە ڕۆژئاواوە کردووە و ئەو وڵات و شوێنانەی یەك لە دوای ئەوی دیکەی وەسف کردووە تا دەگاتە سنووری ڕۆژهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، وەسفی ئەیالەت واتە ولایەتی "وان"ی کردووە و ڕەشنووسی دووەمی بەو ئەندازەیە وەستاوە، چونکە کاتب چەلەبی کۆچی دوایی کردووە، بەو جۆرە ئەو ڕەشنووسەی کتێبی "جیهان نوما" بە ناتەواوی مایەوە.

ڕەشنووسی دووەمی کتێبی "جیهان نوما"، بووە بنەمای ئەو دانەیەی کە ئیبراهیم موتەفەریقەی بڵاوکەرەوە لە ساڵی (١١٤٥ك/ ١٧٣٢ز) لە ئەستەنبۆڵ چاپی کردووە. ئیبراهیم موتەفەریقە[٢٩]، نەخشە و زۆر وێنەی ڕوونکردنەوەی خستۆتە سەر کتێبەکە، هەندێ لەو نەخشە و وێنانەی ئیمزای ئیبراهیم موتەفەریقە و هونەرمەندانی عوسمانی وەك: ئەحمەد قریملی، مەگەردیج گەلەتەوی، ئیبراهیم تۆپخانەلی، بەسەرەوەیە. هەروەها کەرستەی کتێبەکەی واتە وەسفی ئەیالەتەکانی عوسمانی و هەرێمەکانی کە دوای ئەیالەتی "وان" لە ئەنادۆڵ دێن و بەشی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا بە زێدەکردنی زانیاری لە کتێبی " جوگرافیای گەورە"، کە جوگرافیزانێکی دیکەی عوسمانی ناودار لە سەدەی حەڤدەمین نووسیویەتی، ئەویش ئەبوبەکر کوڕی بەهرام کوڕی عەبدوڵڵا دیمەشقییە (کە لە ١١٠٢ك/ ١٦٩١ز کۆچی دوایی کردووە). ئیبراهیم موتەفەریقە هەر لەو لاپەڕەیەی

کــە دەســتی کــردووە بــە زیــادکردنی کتێبەکــە ئــەوەی بــۆ خوێنــەر روون کردووەتەوە[٣٠]. ئەو زێدەکردنەی کتێبی ئەبوبەکری دیمەشقی پتر لە سێیەکی ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبی "جیهان نوما" ی چاپکراوی پێکهێناوە، ژمارەی لاپەڕەکانی (٦٩٨) لاپەڕەیە و زێدەکردنەکە لە کتێبی دیمەشقی لەلاپەڕە (٤٢٢)ەوە دەست پێ دەکات. راستییەکەی خوێنەری کتێبەکە زۆر هەست بەو جیاوازییە ناکات کە لە بەشی بنچینەی کتێبەکەوە دەچێتە سەر ئەوەی بۆی زێدە کراوە لە کاتی چاپکردنی ئەبوبەکری دیمەشقیشی لە نێو جوگرافیازانەکانی عوسمانییدا " خودان شوێنی خۆیەتی کە لە جوگرافیادا شوێنی پێی حاجی خەلیفەی هەڵگرتووە، بەڵکو هەنگاوەکانی ئەوی لەو بوارەدا هەڵێناوە"[٣١].

زانیارییەکی وامان سەبارەت بە ژیاننامەی ئەبوبەکر دیمەشقی نییە، جگە لەوەی کەوا ئەو یەکێکە لە پیاوانی سەدەی ١١ ك/ ١٧ز، لە دیمەشق لە دایك بووە و چەند کتێبێکی کۆنی داناوە، بە تایبەتی لە بواری جوگرافیادا تەنانەت بەناوی ئەبوبەکر دیمەشقیی جوگرافیازان ناسراوە، دیمەشقی لە وڵاتەکەی خۆی دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان چووەتە ئەستەنبوڵ بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات و دواتر لەوێش نیشتەجێ بووە. لە قوتابخانەکانی ئەستەنبوڵ مامۆستایەتی کردووە، لە ساڵی (١١٠١ك / ١٦٨٩-١٦٩٠ز)، کراوەتە قازی حەلەب، بەڵام دوای ساڵێك لادرا و زۆری نەبرد کۆچی دوایی کردووە. فازل ئەحمەد پاشای کوپریلی، کە لە نێوان هەردوو ساڵی (١٦٦١- ١٦٧٦ز) پایەی سەرووەزیری لە ئیمپراتۆری عوسمانییدا هەبووە و بۆچوونێکی چاکسازییانەی هەبووە، گرتبوویە خۆی و چاوی لێ بووە. هەر لە ڕێی کۆپرلی و وەزیرێکی دیکەی ناو قەرە مستەفا پاشا مەرزیفونلی، دیمەشقی لای سوڵتان محەمەدی چوارەم ناسراوە[٣٢].

لە ساڵی ١٦٦٨ز چوستنیوس کولیر (J. Colyer) ی باڵوێزی هۆڵەندە لە دەوڵەتی عوسمانی دیارییەکی پێشکێشی سوڵتانی ناوبراو کرد، کە بریتی بوو لە کتێبی ئەتڵەسی گەورە (Atlas Major seu cosmographia Blaueuiana qua solum, Salem, Coelum Accuratissime Describuntur)

لە نووسینی جوگرافیزانی هۆڵەندی ناودار ولیم جانسون بلای (W. J. Blaeu 1596 -1673)

ئەو کتێبە (١١) بەرگە و لە (٣٠٠٠) لاپەڕە و (٦٠٠) نەخشە پێك هاتووە و بە لاتینی چاپ کراوە، لەو ئەتڵەسانەیە کە برەوی زۆر لە ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەمیندا هەبووە. لە ساڵی ١٦٧٥ز سوڵتان محەمەدی چوارەم، ڕەنگە بە پێشنیازی فازل ئەحمەد کوپریلی بووبێت، وەرگێڕانی ئەو کارەی بۆ زمانی تورکی بەرەو رووی ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقی کردووەتەوە. وەرگێڕانەکە دە ساڵی خایاند تا ساڵی ١٦٨٥ز، ڕەنگە بە یارمەتی وەرگێڕی دیکە یان چەند وەرگێڕێك و نیگارکێشی نەخشەکان کارەکەی تەواو کردبێت. وەرگێڕانەکە بە ناوی (نُصرة الاسلام والسرور في تحرير اطلس ماجور) دەرچووە. بە پشت بەستن بەو کتێبە و سەرچاوەی دیکە، بە تایبەتیش رۆژهەلاتی، دیمەشقی کتێبێکی بە ناوونیشانی (جوگرافیای گەورە) لە شەش بەرگدا نووسیوە و پاشان لە دوو بەرگدا کورتی کردوونەتەوە بە ناوی (کورتەی جوگرافیای گەورە). هەندێك پێیان وایە کتێبی " جوگرافیای گەورە" هەمان کتێبی (نُصرة الاسلام و السرور..)ە [٣٣].

ئیبراهیم موتەفەریقە بۆ تەواوکردنی وانە چاپکراوەکەی کتێبی " جیهان نوما"، کەڵکی لە کتێبی "جوگرافیای گەورە" وەرگرتووە سەرباری کتێبی "نصرة الاسلام و السرور.."، ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقی کتێبێکی دیکەشی لە مێژوو نووسیوە بە ناوونیشانی " الفتح الرباني في طرز دولة العثماني"، هەروەها " الدرة الثمينة" ی پۆلێن کردووە، کە ٣٠٠٠ دێری هۆنراوە و پاشان راڤەشی کردووە [٣٤].

لەبەر رۆشنایی ئەوەی پێشوو دەردەکەوێت. کەوا ئەو دانە چاپکراوەی کتێبی "جیهان نوما" ناوی کاتب چەلەبی بەسەرەوەیە، لە واقیعی حاڵدا، بە دانراوی هاوبەشی ئەو و ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقییە، ڕەنگە باشتریش بوایە ئیبراهیم موتەفەریقەش ناوی هەردووکیانی لەسەر بەرگی کتێبەکە دابنابوایە.

کتێبی " جیهان نوما" لە ساڵی ٢٠٠٩ ز، لە چاپخانەی کۆمەڵەی مێژوویی تورکی (Turk Tarih Kurumu) لە ئەنقەرە بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٤٠٠ ساڵ بەسەر لەدایکبوونی کاتب چەلەبی چاپکراوەتەوە. جێی گوتنە ئەو چاپە کە لەو توێژینەوەیەدا پشتمان پێ بەستووە، بە هەمان شێوە و ناوەڕۆکی چاپەکەی ئیبراهیم موتەفەریقە بەبێ هیچ روونکردنەوەیەك و لێدوانێك و راستکردنەوەیەك بۆ

هەندێ لەو ناوانەی کە لە کتێبەکەدا بە شێوەیەکی ورد نەنووسراوە، کە ڕەنگە بە هۆی هەڵەی چاپەوە بێت، یان بەو شێوازە بووە لەو دەستنووسەی کە بۆ چاپی کتێبەکە پشتی پێ بەستراوە. لە لاپەڕەکانی دواتری ئەو توێژینەوەیەدا تێبینی نموونەی ئاوا دەکەین. ڕاستییەکەشی ئەو کێشەیە هەر تەنیا بەند نییە بە کتێبی (جیهان نوما) وە، بەڵکو لە سەرچاوەکان و بەڵگەنامە عوسمانییەکاندا تێبینی دەکەین، کەوا ناوی هەندێ سنجقەکان (واتە لیواکان) هەندێ جار بەشێوازی جیاواز نووسراون، لەوانەش سنجقی کوردستان.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکە و دابەشکردنی بەشەکانی ئەوا بە پێشەکییەك دەست پێدەکات سەبارەت بەهۆی دانانی کتێبەکە، سەرچاوە ئیسلامییەکان (عەرەبی و فارسی و تورکی) و ئەوروپایی کە لە دانانی کتێبەکەدا پشتی پێ بەستراوە، گەلێك زۆرن[٣٥]. لە ناوەڕۆکی کتێبەکەشدا، برێ جار ئاماژە بۆ هەندێ لەو سەرچاوانە کراوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی زانیارییەکان یان ئەو ژمارانەی کە تێدا نووسراون، کە لە هەندێ جاری دیکەدا نەنووسراون.

بە دوای پێشەکیدا چەند لاپەڕەیەك سەبارەت بە زانستی جوگرافیا و لکەکانی و ئامانج و سوودەکانی نووسراون، پاشان بەشەکانی دیکەی کتێبەکە دەست پێ دەکەن، کە دەتوانین دابەشی بکەین بۆ دوو بەند، یەکەمیان باسی گەردوون و توخمەکانی و گۆی زەوی و بەشەکانی و هەر چوار لا و با و بارودۆخی دەریاکان دەکات. ئەو بەندەش بە بەشەکانی زەوی کۆتایی پێدەهێنێت، کە ئەمانەن بەپێی ڕێکخستنی کتێبەکە، ئەوروپا، ئەفریقیا، ئاسیا، ئەمریکا یان جیهانی نوێ، پاشان جەمسەری باکوور و جەمسەری باشوور. هەرچی بەندی دووەمە، ئەوا وەسفی وڵات و ناوچە و هەرێمەکان و ئەوەی کە سەروکاری بە دانیشتوان و شار و داهات و ڕێگاوبانەکانیانەوە هەیە و بەشێکیش لە مێژووەکان و ئەو شتانە وەسف کراوە. ئەو وەسفە لە دوورگەی ژاپۆنەوە دەست پێدەکات، پاشان هەرێمەکانی چین ((چین و ماچین)) و خەتای، هیند و سند، زابولستان (= ناوچەیەکە لەسەر سنووری ئێستای نێوان ئێران و ئەفغانستان)، کرمان، فارس، هەرێمی ناوچیا واتە عێراقی عەجەم، خوراسان و کۆهستان، هەرێمی ئەودیوی ڕووبار، تورکستان و دەشت، ئازەربێجان، ئاران و موکان و شێروان، شانشینی

چه‌رکه‌س، ئه‌یاله‌تی قارس، هه‌رێمی ئه‌رمینیا، ئه‌یاله‌تی "وان". لێره‌ له‌و به‌شه‌دا ڕه‌شنووسی دووه‌می ته‌واو نه‌کرا و له‌ کتێبی "جیهان نوما" کۆتایی دێت، ئه‌وه‌ی ئیبراهیم موته‌فه‌ریقه‌ له‌ کتێبی ئه‌بی به‌کر کوڕی نوری به‌هرامی دیمه‌شقی خستوویه‌ته‌ سه‌ری، ده‌ست پێده‌کات. ئه‌وه‌ی خراوه‌ته‌ سه‌ری وه‌ك له‌ کتێبه‌که‌دا ڕێك خراوه‌ ئه‌مانه‌ن:

ئه‌یاله‌تی ئه‌رزه‌ڕۆم، ئه‌یاله‌تی ته‌رابزۆن، هه‌رێمی جه‌زیره‌ی نێوان فورات و دیجله‌، ئه‌یاله‌تی مووسڵ، ئه‌یاله‌تی دیاربه‌کر، ئه‌یاله‌تی ره‌قه‌، ئه‌یاله‌تی شه‌هره‌زول ((شه‌هره‌زوور)) هه‌رێمی عێراقی عه‌ره‌ب، که‌ له‌ هه‌ردوو ئه‌یاله‌تی به‌سره‌ و به‌غدا پێك ده‌هات، هه‌رێمی یه‌مه‌ن، که‌ له‌ هه‌ردوو ئه‌یاله‌تی زبید و سه‌نعا پێك ده‌هات، وڵاتی حیجاز، هه‌رێمی نه‌جد، هه‌رێمی شام، فه‌له‌ستین، وڵاتی ئه‌رده‌ن، ئه‌یاله‌تی ته‌ڕابلوس، ئه‌یاله‌تی حه‌له‌ب، ئه‌یاله‌تی مه‌رعه‌ش، ئه‌یاله‌تی ئه‌ده‌نه‌، وڵاتی ئیجیل، دوورگه‌ی قوبرس، ئه‌یاله‌تی قه‌ره‌مان، ئه‌یاله‌تی سیواس، ئه‌یاله‌تی ئه‌نادۆڵ.

له‌ کۆتایی کتێبه‌که‌دا چه‌ند لاپه‌ڕه‌یه‌کی بۆ سه‌رهه‌ڵدانی ده‌وڵه‌تی عوسمانی له‌ ئه‌نادۆڵ و هۆکاری سه‌رهه‌ڵدان و جێگیربوونی نووسیوه‌.

سه‌باره‌ت به‌ کورد و کوردستان له‌ ناوه‌ڕۆکی کتێبی (جیهان نوما)دا، بۆمان ده‌رده‌که‌وێت کاتب چه‌له‌بی ئه‌و به‌شه‌ی بۆ ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستانمان بۆ باس ده‌کات، یان ئه‌و کوردستانه‌ی که‌ له‌ ژێر ده‌ستی ده‌وڵه‌تی سه‌فه‌وی دایه‌ له‌ ئێران، سه‌رباری ئه‌یاله‌تی ((وان))ی عوسمانی. هه‌رچی کوردستانی عوسمانییه‌، ئه‌وا ئه‌بوبه‌کر دیمه‌شقی له‌ کتێبی ((جوگرافیای گه‌وره‌ – جغرافیا کبیر)) باسی کردووه‌ که‌ ئیبراهیم موته‌فه‌ریقه‌، هه‌روه‌ك پێشتر گوتمان، کردوویه‌ته‌ پاشکۆی کتێبی (جیهان نوما) له‌ کاتی چاپکردنیدا. له‌ ته‌وه‌ری داهاتوودا هه‌وڵده‌ده‌ین ئه‌و زانیارییانه‌ی که‌ کتێبه‌که‌ له‌ باره‌ی کورد و کوردستانه‌وه‌ به‌شێوه‌یه‌کی گشتی چین، ڕوون بکه‌ینه‌وه‌، به‌و هیوایه‌ی ده‌رفه‌تێکی بۆ بڕه‌خسێت ئه‌و زانیارییانه‌ سه‌رله‌به‌ری وه‌ربگێڕین و له‌ کتێبێکی سه‌ربه‌خۆدا له‌چاپی بده‌ین.

کورد و کوردستان له‌ کتێبی (جیهان نوما)دا :

کتێبی ((جیهان نوما)) زانیاریی باشی سه‌باره‌ت به‌ کورد و کوردستان تێدایه‌، زۆربه‌یانی له‌و سه‌رچاوه‌ ڕۆژهه‌ڵاتییانه‌ وه‌رگرتووه‌، که‌ له‌ سه‌ده‌کانی

رابردوودا تۆمار كراون، لەگەڵ خستنە سەری زانیارییەكانی سەرچاوە عوسمانییە هاوچەرخەكان و هەندێ دانراوە جوگرافیاییەكانی ڕۆژئاوا، كە لە سەدەی هەڤدەمیندا بۆ زمانی توركی وەرگێڕدراون، هەر وەك پێشتر گوتمان، ئەوەی جێی سەرنجە لە كتێبەكەدا ئاماژەیەكی وا نەكراوە، كە پشتی بە كتێبی گەشتنامەكان بەستبێت، پشت بەستن بە كتێبی گەشتنامەكان ئاماژەیەكی وای پێ نەكراوە، لە هەندێ باری كەم نەبێت، هیچ هەستی پێناكەین، ئەویش كە كاتب چەلەبی چاوی بەو شار و شارۆچكانە دەكەوێت كە پێیاندا تێپەڕیوە، لەو ڕۆژانەی هاوڕێی لەشكركێشییەكانی عوسمانی بووە لە ئەنادۆڵ و عێراق و وڵاتی فارس، كە ئەوەش دەكات مەبەستی پێ دووپاتكردنەوەی زانیارییە بەدەستهاتووەكانە، هەر بۆ نموونە كاتێ باسی شاری قەسری شیرین دەكات، دەنووسێت، شارێكی كەلاوەیە، نزیكە لە كرماشان، شوێنەواری كۆنی زۆری لێ ماوە، پاشان دەڵێت ((لەبەرئەوەی دەكەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی لە هەمەدانەوە بۆ بەغدا درێژ دەبێتەوە، شەو پێیدا ڕۆیشتین و شوێنەواری ناوبراومان بینی))[٣٦].

بەرلەوەی بچینە سەر زانیارییەكانی ناو كتێبەكە سەبارەت بە كورد و كوردستان، دەبێ ئاماژەیەك بە ناوی (كوردستان) بكەین كە لە چەندین بابەتی كتێبەكەدا ناوی هێنراوە. لە یەكێك لە بابەتەكاندا وەك دیاریكردنی جوگرافیایی نیشتمانی كورد ناوی هاتووە، ئەگەرچی بەشێوەی ((ولایەتی كوردستان))یشە. بەپێی ئەو دیاریكردنە ولایەتی كوردستان ((لە هورمزەوە (مەبەستی كەنداوی عەرەبییە) درێژ دەبێتەوە و لە سنووری مەڵاتییە و مەرعەش كۆتایی دێت، لە باكوورەوە ولایەتی ئەران و لە باشوورەوەش مووسڵ و عیراقی عەرەبی دەوریان داوە))[٣٧]. ئەو دیاریكردنەش لە بنجدا لە كتێبی ((شەرەفنامە))ی مێژوونووسی كوردی ناسراو شەرەفخانی بەدلیسیدا وەرگیراوە[٣٨]. لە بابەتێكی دیكەی كتێبەكەدا ناوی كوردستان بە واتای كارگێڕی دەهێنێت كە لە كتێبی "نُزهة القلوب"ی حەمەدوڵڵا مستەوفی قەزوینی، كە لە ساڵی ١٣٤٠ز بە فارسی دایناوە، باسی كراوە. بەپێی ئەو دیاریكردنە كوردستان لە ١٦ شار و شارۆچكە پێك دەهات كە ئەمانەن: ئالانی، ئەلشتر، بەهار، خەفتیان، دەربەند، تاج خاتوون، دەربەند زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سولتان ئاوا، چەمچەماڵ (ناوێكی دیكەی

سولتان یارمنجان)ە، شەهرەزوور، کرمان شاهان، کەرەند، خوشان، کنگور، مایدەشت، هەرسین، وەستام. لە بنجدا لە وەسفی ئەو شار و شارۆچکانەدا پشتی بە کتێبی ((نُزهة القلوب))، بەستووە لە کتێبی (جیهان نوما)دا (ناوی مایدەشت بەشێوەی "ماندەشت" و هەرسین بەشێوەی "مرسین" هاتووە، کە ڕەنگە هەڵەی چاپ بێت، یان هەڵەی دانە دەستنووسە پشت پێ بەستووەکەی چاپ بێت[٣٩].

جگە لەو دوو ئاماژەیە، ئەوا ناوهێنانی کوردستان لە بابەتەکانی دیکەی کتێبەکەدا، لەکاتی باسی سنووری کارگێڕی هەندێ ئەیالەتی عوسمانی، یان وەسفی هەندێ دیاردەی جوگرافیاییدا هاتووە، هەر بۆ نموونە، کاتێ کاتب چەلەبی باسی سنووری ئەیالەتی "وان" دەکات دەڵێت: "ئەیالەتی وان وڵات مەبەستی ولایەت یان ناوچە"یەکە لەسەر ناوچەکانی سەر سنووری تخووبی ڕۆژهەڵاتی عوسمانییەوە، سنوورەکەشی، ناوچەی تەورێز کە ئازەربایجانی پێ دەڵێن لە ڕۆژهەڵاتەوەیە، کوردستان (شاری) سوڵتانییە لە باشوور و هەردوو ئەیالەتی جلدەر و قارسیش لە باکوورەوەیە، ئەیالەتی دیاربەکریش لە ڕۆژئاواوەیە[٤٠] کاتێ باسی چیاکانی کوردستانیش، دەکات دەڵێت لە سنووری فارس و کرمانەوە دەست پێدەکات و تا دەگاتە چیاکانی وان و ئەرزەڕۆمەوە[٤١]، چەند نموونەی دیکەش.

دەکرێت زانیارییەکانی ناو کتێبی ((جیهان نوما)) سەبارەت بە کورد و کوردستان بکەینە چەند دەروازەیەك بەم شێوەیە:

١- مێژووی سیاسی:

کتێبەکە لە بابەتە پەڕاگەندەکانیدا لایەنی مێژووی سیاسی کوردی لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئیسلامی و لە سەدەی شازدەمیندا لەخۆگرتووە. بەشێکی ئەو لایەنە لەو بەشانە دایە کە کاتب چەلەبی نووسیویەتی و ئەوی دیکەشی لەوەی کە ئەبو بەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقی نووسیویەتی دایە، لە کتێبی "شەڕەفنامە"دا وەرگیراوە، ئەمەش بەپێی ئەو ئاماژانەی کە لە هەندێ بڕگەی کتێبی ((جیهان نوما))دا هاتووە، بەدەردەکەوێت.

یەکەمین جار کە دێتە سەر باسی مێژووی سیاسیی کورد و کوردستان لە کتێبی "جیهان نوما"دا، ئەوا لەو بەشەدایە، کە تایبەتە بە هەرێمی فارس،

وردتـریش لـە بابـەتی تایبـەت بـە هـەردوو هـەرێمی خوزسـتان (واتـە ئـەهواز) و لوڕستان، ئەو بەشانەش کاتب چـەلەبی نووسـیویەتی. بـە کـورتی باسـی ئـەو دوو میرنشـینەی کـردووە کـە لـە لوڕسـتان فەرمانڕەوایـەتییان کـردووە، ئـەوانیش میرنشـینی (کاتـب چـەلەبی نـاوی لێنـاوە دەوڵـەتی) ئەلفەزلەوییـە یـان لوڕسـتانی گەورە (لورِ بزُرگ) لە باشوور و ڕۆژهەلاتی لوڕستان لە نێوان هەردوو ساڵی ٥٥٠ – ٨٢٧ك/ ١١١٥ – ١٤٢٣ز و میرنشینی خورشیدی یان لوڕستانی بچووك (لور كوجك) لە باكوور و خۆرئـاوای لوڕسـتان لـەنێوان هـەردوو سـاڵی ٥٨٠ – ١٠٠٦ك/ ١١٨٤ – ١٥٩٧ز یان ١٥٩٨ز[٤٢].

سەبارەت بەو دوو میرنشـینەی باسـیان کـرا، کاتـب چـەلەبی زۆر بـە کـورتی باسی میرەکانیان و ماوەی دانیشتنیان لەسەر تەختی میرنشینی دەکـات. وادیـارە پشتی بـە پـتر لـە سەرچـاوەیەك بەسـتووە، نـەك کتێبـی "شـەرەفنامە" بەتـەنیا، چونکە هەندێ جار جیاوازی لە زنجیرەی میرەکانیـان لـە هـەردوو کتێبـی "جیهـان نوما" و "شەرەفنامە"دا هەیە، بەتایبەتیش سەبارەت بە میرنشینی فەزلەوییە کـە کاتب چەلەبی بەشێوەیەکی ورد باسی ناکات، هـەروەك لـەو بـەراوردەی خـوارەوە دەردەکەوێت[٤٣].

ڕیزبەندی میرەکانی میرنشینی فەزلەوییە

ڕیزبەندی لە کتێبی "جیهان نوما"دا	ڕیزبەندی لە کتێبی "شەرەفنامە"دا
– محەمەد کوڕی عەلی	– ئەبو تاهیر کوڕی محەمەد کوڕی
– هەزار ئەسپ	– هەزار ئەسپ
– عیمادەددین ئەبو تاهیر کوڕی محەمەد	– تەکلە کوڕی هەزار ئەسپ
– نەسرەت ئەلدین هەزار ئەسپ کوڕی عیمادەددین	– شەمسەددین ئەلەب ئەرغون
– موزەفەرەددین تەکلە کوڕی نەسرەت ئەلدین	– یوسف شا کوڕی ئەلەب ئەرغون
ئەرغون کوڕی نەسرەت ئەلدین	– ئەفراسیاب کوڕی یوسف شا
– یوسف شا کوڕی ئەرغون	– نەسرەتئەلدین ئەحمەد کوڕی یوسف شا
– ئەفراسیاب کوڕی یوسف شا	– روکن ئەلدین یوسف شا کوڕی ئەحمەد

– نەسرەددین ئەحمەد کوڕی یوسف شا – موزەفەرەددین ئەفراسیاب ئەحمەد کوڕی یوسف شا

– یوسف شا کوڕی نەسرەت ئەلدین ئەحمەد – بشەنگ کوڕی یوسف شا

– محەمەد موزەفەر (کوڕی نەبووە و هەر لە ئەویشەوە فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکە کۆتایی دێت)

– ئەحمەد کوڕی بشەنگ – ئەبو سەعید کوڕی ئەحمەد

– شاحوسێن کوڕی ئەبی سەعید ئەحمەد

به پێچەوانەی ئەو جیاوازییە لە ڕیزبەندی میرەکانی بنەماڵەی فەزلەوییە لەنێوان هەردوو نووسەری ناوبراودا، دەبینی لە ریزبەندی میرەکانی بنەماڵەی خورشیدی وەکو یەکە، کە جگە لە یەك حاڵەت نەبێت، ئەویش ژمارەی میرەکان لە کتێبی "شەرەفنامە"دا (١٣) سێزدە میرن، کەچی ژمارەکە لە "جیهان نوما" دوازدەن، لەوێ ناوی میر سەمسامەددین مەحموود کوڕی نورەددین محەمەد نەهاتووە، کە بەپێی ڕیزبەندی "شەرەفنامە"، میری پێش کۆتاییە. هەروەها لە باسی ڕیزبەندی میرانی بنەماڵەی حوسێنییەشدا، کە لە دوای بنەماڵەی خورشیدییە فەرمانڕەوایەتی میرنشینی لوڕستانی بچووکیان کردووە، هەردوو کتێب وەکو یەکن، بەڵام کاتب چەلەبی هەر تەنیا ناوی نۆ میری ئەو بنەماڵەیەی بردووە، لە نك میر ڕۆستەم کوڕی جیهانگیر ڕادەوەستێت، کە لە ساڵی ٩٤٩ك/ ١٥٤٢– ١٥٤٣ز دوای کوشتنی میر جیهانگیری کوڕی ڕۆستەمی باوکی بە فەرمانی شا تەهماسبی سەفەوی (١٥٢٤ – ١٥٧٨ز) فەرمانڕەوای گرتە دەست[٤٤]. ئیدی ناوی ئەوانی دیکە ناهێنێت و قسەکانی ئاوا کۆتا دەهێنێت: "لە سەروبەندی لەشکرکێشییەکانی بەغدا حوسێن خان فەرمانڕەوای لوڕستان بووە"[٤٥]. وەك زانراوە حوسێن خان لە نێو ئەو فەرماندانەی هێزەکانی سەفەوی بوو، کە شا عەباسی یەکەم (١٥٨٨ – ١٦٢٩ز)، لە ساڵی ١٦٢٣ز بۆ داگیرکردنی بەغدای ناردبوو[٤٦] لەلایەکی دیکەوە لە کتێبی "جیهان نوما"دا نووسراوە، شوجاعەددین خورشید دامەزرێنەری میرنشینی خورشیدی لە جەنکیزیەکانە "جەنکیزیاندن"!!، بەڵام ڕاستییەکەی بەپێی ڕای فلادیمیر مینورسکی V. Minorsky ڕۆژهەڵاتناسی ناسراوی ڕووسیایی لە عەشیرەتی لوڕییە جەنگردی یان جەنگریی پێ دەڵێن. وا

دیارە رایەکی دیکەش هەیە دەڵێت، جەنگروی ناوی عەشیرەت نییە، بەڵکو شوێنێکە لە لورستان لە ناوچەی کوهیدەشتی نزیك خورەم ئاوا و شوجاعەددین جاروبار دەیکردە بارەگای هاوینەی فەرمانڕەوایەتی خۆی[47].

لە بابەتێکی دیکەدا کاتب چەلەبی لە مێژووی دامەزراندنی شاری بەدلیس دەدوێت و لەوەدا پشت بەوە دەبەستێت، کە شەرەفخانی بەدلیسی لە کتێبی "شەرەفنامە"دا نووسیویەتی، دروستکردنی دەباتەوە بۆ فەتحکەری یۆنانی ئەسکەندەر مەکدونی (فەرمانڕەوایەتییەکەی لەنێوان هەردوو ساڵی ٣٣٦ – ٣٢٢ پ. ز بەردەوام بووە)، هۆکارەکانی هەڵبژاردنی شوێنەکە، ناونانی بەناوی کۆیلەیەکی خۆی بەناوی بەدلیس، دەخاتە ڕوو. کاتب چەلەبی لە سەرچاوەی زانیارییەکانیدا ئاماژە بەو دەستەواژەیە دەکات "شەرەفخان بارودۆخی بەدلیسی بە دوورودرێژی لە مێژووەکەیدا باس کردووە" یان دەستەواژەی "ئەوە لە مێژووی شەرەفخاندا باس کراوە"[48].

ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقیش لە شوێنێکی دیکەی کتێبی "جیهان نوما"دا لە مێژووی سیاسیی میرنشینی جمشکزکی کورد دەدوێت، کە دەکەوێتە ناو ئەیالەتی دیاربەکر. ئەو نووسیویە، فەرمانڕەواکەی لە (٣٠) قەڵا و (١٥) ناحیەدا قسەی دەڕوات، پاشان باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی سوڵتانی عوسمانی سلێمانی قانوونی (١٥٢٠ – ١٥٦٦ز)دا، دەستی لە کاروباری وەرداوە و هەندێ لە داهاتەکەی بۆ گەنجینەی تایبەتی سوڵتان (خاص همایونی) تەرخان کراوە، کراوەتە دوو میرنشین و ١٤ دەرەبەگی لە جۆری زەعامەت و تیمار[49]. لە کاتێکی دواتریشدا هەر ئەو میرنشینە بە فەرمانی هەر ئەو سوڵتانە، بووەتە سێ میرنشین کە ئەمانەن: مەجەنکورد، برتەك، سەغمان[50]. هەرچەندە دیمەشقی ئاماژە بە سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی ناکات، بەڵام بە بەراورد دەردەکەوێت سەرچاوەکەی کتێبی "شەرەفنامە"یە[51]. نموونەی دیکەش سەبارەت بەو زانیارییە مێژوویانەی کە لەو سەرچاوەدا وەرگیراوە لە زۆر بابەتەکانی کتێبی "جیهان نوما"دا هەن.

زانیاریی دیکەش کە پێوەندی بە مێژووی کورد و کوردستانەوە، هەیە و بە بڕگەی پەرش و بڵاو لە سەرچاوەی عوسمانییەوە. وەرگیراون لە کتێبی "جیهان

نوما"دا هەن. بۆ نموونە دەنووسێت قەڵاتی گوڵعەنبەر لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی دروست کراوە و بووەتە بارەگای والییەکانی ئەیالەتی شەهرەزوور، شا عەباسی یەکەمی سەفەوی دەستی بەسەرداگرت و وێرانی کرد، بەڵام عوسمانییەکان جارێکی دیکە لە غەرەی مانگی شەعبانی ساڵی ١٠٣٩ك/ ١٦٣٠ز نۆژەنیان کردەوە[٥٢]. لە سەرچاوە مێژووییەکاندا پێمان دەڵێن ئەوەی فەرمانی بە نۆژەنکردنەوەی قەڵاکەی ناوبراو، داوە خەسرۆ پاشای سەروەزیر بووە، کاتێ فەرمانی ئەو لەشکرکێشییەی دەکرد، بۆ ئەوەی بەغدا لە سەفەوییەکان بستێنێتەوە، ئەوە بوو لە ٢٣ی ڕەمەزانی ١٠٣٩ك/ ٦ی ئایاری ١٦٣٠ز کاری نۆژەنکردنەوەکە تەواو بووە[٥٣]. ئەبوبەکر دیمەشقی لە شوێنێکی دیکەدا بە شێوەیەکی ورد باسی ناوەڕۆکی پەیماننامەی "زەهاو" دەکات، کە لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی لە ١٠٤٩ك/ ١٦٣٩ز بەسترا، دوای ئەوەی سوڵتان مورادی چوارەم لە ساڵی پێشوو بەغدای لە سەفەوییەکان وەرگرتبووەوە[٥٤].

ئەو پەیماننامەیە لەو پەیماننامە گرنگانەیە، کە بەشێکی فراوانی خاوەندارێتی خاکی کوردستانی لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی دیاری کرد.

ئەوەی جێی سەرنجە یەك ڕووداوی مێژوویی سەبارەت بە میرە کوردەکانی هەکاری کە بە بنەماڵەی "شەنبو" ناسراون، دووبارە دەبێتەوە. کاتب چەلەبی لە دەمی باسکردنی ئەیالەتی "وان"دا باسی دەکات، ئەبوبەکر دیمەشقیش کە باسی ئەیالەتی شارەزوور دەکات، دووبارەی دەکاتەوە. هەر کە باسیش دێتە سەر قەڵای بایان هەردووکیان لێی دەدوێن، کە بە یەکێك لە قەڵا قایمەکانی کوردستان هەژمار دەکرێن، لە سلێمان بەگی بیژن ئۆغلی دەدوێت، کە یەکێکە لە فەرمانده گەورەکانی فەرمانڕەوای میرنشینی ئاق قۆینلوی تورکمانی حەسەن بەك (مەبەست ئۆزون حەسەنە، کە لە نێوان هەردوو ساڵی ١٤٥٢ – ١٤٧٨ز دا فەرمانڕەوایەتی میرنشینەکەی کردووە)، گەمارۆی قەڵای ئامێدی داوە، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە بیگرێت، گەمارۆکەی بەناچاری هەڵگرتووە و ڕووی لە ناحیەی سروی یان سیروی کردووە، بۆ ئەوەی وەرزی زستان لەوێ بەسەرببات. لەو سەروبەندەی

کە بە ڕێگاوە بوو بۆ ئەو ناحیەیە، عزەددین شێری فەرمانڕەوای هەکاری کە خۆی لـە قـەڵای بایـان قـایم کردبـوو، دوای ئـەوەی ئـاق قوینلوەکـان دەسـتیان بەسـەر زۆربـەی قـەڵاکانی سـەر بـەو فەرمانڕەوایـەدا گرتبـوو، نامەیـەکی مەیـدانخوازی و گاڵتەپێکردنی بۆ ناردووە و تێیدا دەڵێت:

"هەتا قەڵاکانی ئامێدی کورکیل و سری یازلولی (دیمەشقی ناوەکەی بە سوی بازوکی نووسیوە)، بایان لە دەستی ئێمەدا بێت، ئێمە هەنووکە ئەو ترسەمان نییە و لێتـان ناترسـین، چـادرەکانی ئێـوە لـە بیابانـدا بـەلای کـوردەوە وەك کۆمەڵـە تەپاڵەی گامێشە". کاتب چەلەبی و ئەبوبەکر دیمەشقی پێیان وایە ناوی بنەماڵەی فەرمانڕەوای هەکاری بەناوی "شەنبو" لەو دەستەواژەیەدا هاتووە "شـنبو بزلـرك الندە اولە"[٥٥]، واتە هەنووکـە لـە دەسـتی ئێمەدایـە. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا رای دیکە هـەن لەگـەڵ ئـەو رایـە جیـاوازە، نووسـەری کتێبـی "شـەرەفنامە" جـارێکی دەڵێت ناوەکە لە وشەی (شنبە) واتـە ڕۆژی شـەممە بـە زمـانی کـوردی، جـارێکی دیکـەش دەڵێـت لـە وشـەی "شمـو" داتاشـراوە کـە سـووککراوەی وشـەی شەمسەددینە[٥٦].

دووبـارە باسـکردنەوەی ئـەم ڕووداوە یـەك لـەو دووانەیـە، یەکـەمیان ئـەو سەرچاوەی کە کاتب چەلەبی و ئەبو بەکر دیمەشقی پشتیان پێ بەستووە، یەکـە، یان دیمەشقی لە دەستنووسی "جیهان نوما"ی ڕاگوازتووە و لەو شـوێنەی دانـاوە کە باسی قەڵای بایان لەناو ئەیالەتی شەهرەزووردا کراوە.

کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی لە کوردستان

دەکرێت بڵێین کتێبی "جیهان نوما" لەو سەرچـاوە باشـانە دەژمێردرێـت بـۆ لێکۆڵینەوە لە کارگێڕی عوسمانی لە کوردستان لـە هـەردوو سـەدەی شـازدەیەم و حەڤدەیەمدا، لەبەر ئەوەی زانیاری لەو لایەنەوە تێدایە. لەپێشەوەی ئەوانەشەوە، دابەشبوونە کارگێڕییەکەی ئەیالەتەکانی عوسمانی دێت، بـەو ئەیالاتانەشـەوە کـە کورد زۆربـەی دانیشـتووانی پێـك دێـنن، یـان بەشـێکیان کـوردن. کاتـب چـەلەبی، هەروەها ئەبوبەکر کـوڕی بـەهرامی دیمەشـقیش، نووسـینەکانیان بـە دابەشـبوونی ئەیالەتەکانی عوسمانی دەست پێ کردووە، کە کراونەتە یەکەی کارگێڕی بچووکتر

هەریەکەیان بەناوی سنجق (واتە لیوا)یە، لەگەڵ ئاماژەکردن بۆ شێوازی کارگێڕی هەر سنجقێك لەوانە. بەر لە خستنەڕووی دابەشبوونی کارگێڕی عوسمانی لە ناوچە کوردییەکاندا هەروەك لە کتێبی "جیهان نوما"دا هاتوون، وا پێویست دەکات بەکورتی شێوازەکانی کارگێڕی سنجقەکان ڕوون بکەینەوە، کە بەو شێوەی خوارەوەیە[٥٧]:

أ- سنجقی ئاسایی: ئەو سنجقانەن کە میر لیوا "سنجق بەگی" بەڕێوەی دەبات و دامەزراندن و لادانی بەدەست حکومەتی عوسمانییەوەیە لە ئەستەنبۆڵ، هەموو قانوون و ڕێککارەکانی عوسمانی تێدا جێبەجێ دەکرێت، داهاتەکەشی بە ڕێگای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بۆ حکومەتی ناوەندی وەردەگیرێت.

ب- ئەو سنجقانەی کە بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەواکان بەڕێوە دەبراو لە دوای شەڕی چالدێران (٢٣ی ئابی ١٥١٤ز)، بەهەوڵ و کۆششی مەلا ئیدریس بەدلیسی راوێژکاری سوڵتانی عوسمانی سەلیمی یەکەم (١٥١٢ - ١٥٢٠ز)، لایەنگیری خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەربڕیبوو، یان ئەوانەی لە دوای ئەوەی عوسمانییەکان ناوچەکانیان داگیرکرد لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی، ملکەچی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕاگەیاندبوو. سەرچاوە عوسمانییەکان ئاماژە بەو جۆرە سنجقانە بەناوی "حکومەت"، یان حکومەتی کورد "کرد حکومتی" دەکەن، هەروەها لە دەفتەری دامەزراندنی عوسمانیشدا بەناوی "ئەیالەت" ئاماژەی پێدەکەن. لە بەرانبەر ئەو ملکەچییە بۆ عوسمانییەکان، بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەواکان لەو سنجقانەدا لە کاروباری کارگێڕی و داراییدا سەربەخۆیی خۆیان هەبووە، فەرمانڕەوایەتی لەو بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەوایانەدا، پشتاوپشت (وراثـي) بووە. هەروەها هەموو داهاتی دارایی و عەینیی ئەو سنجقانە دەچووە گەنجینەی ئەو میرە کوردەی کە فەرمانڕەوای سنجقەکە بوو. ئەو سنجقانە کرداری کێومال "تحریر" کە دەوڵەتی عوسمانی لە زەویوزار و موڵك و ماڵ و دانیشتوانی لە سنجقە ئاساییەکاندا بەڕێوەی دەبرد، بەمەبەستی هەژمارکردنی ئەو باج و ڕەسمانەی کە بۆ خەزینەی حکومەتی ناوەندی وەردەگیران، ئەوانەی نەدەگرتەوە بۆیە ئەو سنجقانەی کە بنەماڵە کوردییە فەرمانڕەواکان فەرمانڕەوایەتییان دەکرد وا وەسف دەکران کەوا "مفروزة

القلم ومقطوعة القدم" واته له دەرەوەی شیرازەی کردارەکانی کێومالکردندا بوون و چەکمەی فەرمانبەرانی عوسمانی به خاکەکەیان نەدەکەوت.

ج- ئەو سنجقانەی کە بەشێوازی "ئوجاقلق"، واتە بە درێژایی تەمەن بەڕێوەبردنی بەدەست میرە خۆجێیەکانەوەیە، دوای مردنیشیان پشتاوپشت بۆ کوڕ و براکانیان دەستاودەست دەکات. ئەو سنجقانە وەك "حکومەت"ی کوردی سەربەخۆیی کارگێڕی و داراییيان نییە. دەبوا فەرمانڕەوایانی ئەو سنجقانە بەشدارییان له لەشکرکێشی هەڵمەتی سەربازی بە فەرمانـدەی والی ئەو ئەیالەتە بکات کە سنجقەکەی لێیە، هەروەها دەبوا باج بدەنە حکومەتی عوسمانی. هەروەها ئەم سنجقانە کرداری کێومالێش دەیانگرێتەوە، کە دەوڵەتی عوسمانی سازی دەکرد، تێیدا شێوازی دەرەبەگی سەربازی عوسمانی تێدا بەکاردەهات، کە دواتر دێینەوە سەری. دەوڵەت ئەو میرەی لادەبرد کە پابەندی ئەرکەکانی بەرانبەر دەوڵەت نەدەبوو، یان لە فەرمانەکانی دەردەچوو، ئەو کاتە دەوڵەتی عوسمانی بەڕێوەبردنی سنجقەکەی دەدایە کەسێکی دیکە لە بنەماڵەی میری لادراو، بەڵام لەکاتی مردنی فەرمانڕەوای هەر سنجقێکی لەو جۆرەی بەبێ پشت (وریث) له بنەماڵەکەی، ئەوا کارگێڕی سنجقەکە دەدرایە میرلیوا "سنجق بەگی" و بەهەمان شێوازی سنجقە ئاساییەکانی عوسمانی بەڕێوە دەبردرا.

د- ئەو سنجقانەی بەڕێوەبردنیان له هەندێ ناوچەدا دراوەتە سەرۆك هۆزە کوردییەکان، ئەو جۆرەش بەناوی سنجقی عەشیرەت "عشيرت سنجقى" ناسراوە، ئەو سنجقانە لەو ناوچانەی کە دەوڵەت پێویستی بەو سەرۆکانە هەیە بۆ بەرزەفتکردنی ئارامی و ئاسایش و (الامن والنظام) بەزۆریش ئەو سنجقانە هەر بە ناوی عەشیرەتەکەوە بوو.

کارگێڕییەکان لەو هەردوو ئەیالەتە عوسمانییەی کە سنجقی کوردی لێ هەبوون و باسیان دەکات، ئەو دووانەن:

١- ئەیالەتی "وان"، کاتب چەلەبی دوو دابەشبوونی کارگێڕی بۆ ئەیالەتی "وان" نووسیوە: یەکەمیان بە پشت بەستن بەو نووسینەی له کتێبی عەینی عەلی ئەفەندی له دەیەی یەکەمی سەدەی حەڤدەیەم نووسیویە، بەپێی ئەوە، ئەو ئەیالەتە له (١٣) سنجق و یەك حکومەتی پشتاوپشت، کە حکومەتی هەکارییە

پێك هاتووە، سنجقەکانیش ئەمانەن: وان، عادالجواز، ئەرجیش، موش، بارکیری، کارکار، کسانی، ئەسبایرد، ئەغاکیس، کوردان بەنی قتوور، قەلای بایەزید، بەردەع، ئەوەجك.

دوای باسکردنی ئەو دابەشکردنە، کاتب چەلەبی دەڵێت "ئەوە ئەوەیە کە عەینی عەلی ئەفەندی نووسیویە، بەلام قوجەنیشانچی بەو شێوەیە دەیانژمێرێت..." پاشان ئەوەی قوجەنیشانچی لە ساڵی ١٥٢٢ز سەبارەت بە سنجقی ئەیالەتی وان نووسیویەتی هێناوەتەوە، کە ئەمانەن: وستان، خیزان، هەکاری، مکس، سیروی، ئەلقاق (راستییەکەی ئەلباق)ە، سەلماس، دنبلی، ئەستون. پاشان دەڵێت ئەو جیاوازییانەی لەو دابەشبوونە کارگێڕییانەدا جێگیرنین و بەپێی پێویستی دۆخەکە و تێپەڕینی کات دووچاری گۆڕانکاری هاتووە[٥٨].

ئەوەی جێی سەرنجە لەو دابەشبوونە کارگێڕییەی کاتب چەلەبی باسی دەکات لە ئەیالەتی "وان"، ئەوا دابەشبوونێکی کارگێڕییە، هیچ ئاماژەیەکی بۆ شێوازی بەڕێوەبردنی سنجقە کوردییەکان لەو ئەیالەتە تێدا نییە، هەروەها لەو دابەشبوونە کارگێڕییانەی ئەو ئەیالەتانەش جیاوازە لەو ماوەیەی کە کاتب چەلەبی تێیدا ژیاوە، بەر لە نووسینی دانەی دووەمی کتێبی "جیهان نوما"ش. یەکێك لەو دابەشبوونانەی کە لە ساڵی ١٠٤١ك/ ١٦٣١ – ١٦٣٢ز، کراوە، بۆمان دەردەخات، چوار سنجقی کوردی لە ئەیالەتی "وان" لە جۆری "حکومەت" هەبوونە، واتە میرنشینە کوردییەکان کە ئەمانەن: بەدلیس، خیزان، هەکاری، مەحموودی و نۆ سنجقی کوردی دیکە، کە بەشێوازی"ئۆجاقلق"بەڕێوە دەبران کە ئەمانەن : بارکیری، زیدکی، شورەڤ، کشاب، شتاق، ئەلباق، ئەسبایرت، قوتوور[٥٩]. جێی ئاماژەیە کاتب چەلەبی، کە دێتە سەر باسی شار و شارۆچکەکانی ئەیالەتەکە سەبارەت بە هەندێ گۆڕانکاریی کارگێڕی دواتر، ئاماژەی بەوە کردووە و نووسیویەتی کارکار جاران سەربە موکس بووە، پاشان جیاکراوەتەوە و بۆتە میرنشینێکی سەربەخۆ، لەشوێنێکی دیکەشدا سەبارەت بەخۆشاب دەڵێت، بارەگای حکومەتی مەحموودییەکان بووە، کە لە میرەکانی کوردستانن و بەشێوازی "ئۆجاقلق"[٦٠]، بەڕێوە دەبردران. لەبارەی قەلای قوتووریش نووسوویەتی"ناحیە و لیوایە" قەلایەکی بچووکی هەیە، کە مورادخان

(مەبەستی سوڵتان مورادی چوارەمە) لە لەشکرکێشیی ڕوان (واتە یەریڤان) گەڕایەوە، ڕووی تێ نەکرد داگیری بکات، بەڵکو بە چۆڵی هێشتییەوە، هەنووکەش سەر بە ئەیالەتی تەورێزە[٦١]. ئەو قسەیەی کاتب چەلەبی بۆیە ڕاستە چونکە لە پەیمانی "زەهاو"دا هاتووە، قەڵای قوتوور لەناو ئەو ناوچانەدایە کە سەر بەدەوڵەتی سەفەوین.

٢- ئەیالەتی جیلدیرCildir: ئەو ئەیالەتە لە ساڵی (١٥٧٩ز) دامەزراوە و دەکەوێتە سەر درێژایی سنووری باشووری ڕۆژئاوای قەوقاز، سنجقی جیلدیر تا ساڵی (١٦٢٨ز) مەڵبەندی ئەو ئەیالەتە بووە. پاشان تا ساڵی (١٨٢٩ز) ئەخسخە Ahiska بووەتە مەڵبەندی. هەرکە ڕووسەکانیش دەستیان بەسەر ئەخسخەو ناوچەکانی دەوروبەری ئەو ئەیالەتە داگرت لە شەڕی ڕووسیا - عوسمانی (١٨٢٨-١٨٢٩ز)، لە هەواری دواتردا بڕیاردرا جیلدیر بکرێتە سنجق و خرایە سەر ئەیالەتی ئەرزەرۆمی عوسمانییەوە هەروەك ئەیالەتەکانی دیکەی عوسمانی، دابەشبوونی کارگێڕی ئەو ئەیالەتەش جیاواز بوو، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمینەوە لە١٣ سێزدە سنجق پێکهاتووە، چواریان بەشێوازی ئۆجاقلق بەڕێوە دەبران، لەنێوان هەردوو ساڵی(١٦٨٢-١٧٠٢ز)، ژمارەی سنجقەکان بیست و دوو (٢٢) بووە، پازدە سنجق ئۆجاقلق بوونە، ژمارەی سنجقەکانی ئەو ئەیالەتە لەنێوان (٢٠-٢١) سنجق بووە لە سەدەی هەژدەمیندا[٦٢]. ئەوەی سەروکاری بەکوردیشەوە هەبێت، سەرچاوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ژمارەیەکی زۆر عەشیرەتی کوردی ڕەوەند لەو ئەیالەتەدا هەن، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین ژمارەی سنجقە کوردییەکانیشی لە ١٩ سنجق بوونە لەکۆی ٢٢ سنجق، زۆربەشیان بەشێوازی ئۆجاقلق بەڕێوە دەبران[٦٣].

کاتب چەلەبی لە"جیهان نوما"دا باسی ئەیالەتی جیلدیری کردووە و نووسیویە لە بیست سنجق پێك هاتووە، لەوان چواریان بەشێوازی ئۆجاقلق بەڕێوە دەبران، سنجەقەکانی دوایش ئەمانەن: بتکرك (ڕاستییەکەی بەرتکرك)ە، شەوشاد، لیوانە، نیوەی لیوانە[٦٤]،

بەڵام لەو ئەیالەتەدا هیچی لەبارەی کوردەوە نەنووسیوە، ئەگەرچی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان هەبوونی کورد لەو ناوچانەدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ،

کە هەزار ساڵ پتر دەبێت، پشتڕاست دەکەنەوە، ئەمە سەرباری دامەزراندنی میرنشینەك لەوێ، ئەویش میرنشینی شەدادییە، کە لەنێوان هەردوو ساڵی (٣٤٠-٤٦٨ك/٩٥١ز-١٠٧٥ز) درێژەی هەبووە[٦٥].

بەهەمان شێوازی کاتب چەلەبی، ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقیش سەرەتای باسکردنی لەبارەی هەریەك لە ئەیالەتی عوسمانی، دابەشبوونە کارگێڕییەکان دەست پێدەکات، بەڵام لەم ڕووەوە ئاماژە بە سەرچاوەی زانیارییەکان ناکات. ئەوەی سەروکاریشی بەبابەتی ئەو توێژینەوەیە هەیە، ئەوا دیمەشقی دابەشبوونی ئەو ئەیالەتانەی زۆربەی دانیشتووانیان کوردن باس کردووە، وەك ئەیالەتی شەهرەزوور و دیاربەکر و ئەرزەڕۆم و ئەو ئەیالەتانەی سنجقی کوردیان لێنە، وەك هەردوو ئەیالەتی مووسڵ و بەغدا. بەرلەوەی باسی ئەو نموونانەی دابەشبوونە کارگێڕییەکان بکەین، دەبێ ئاماژە بەهەندێ لەو تێکەڵییە بکەین، لەنێوان ئەوەی کاتب چەلەبی باسی کردووە و لەگەڵ ئەوەی ئەبوبەکری دیمەشقی باسی کردووە، ئەوەش لەبەر ئەو گۆڕانکارییانەیە، کە ناوە ناوە لەو دابەشکارییانەدا ڕوودەدات، یان جیاوازی ئەو سەرچاوەیەی کە هەر یەکەیان پشتی پێ بەستووە. کاتب چەلەبی شارۆچکەی خنوسی (واتە خینیس) شارۆچکەیەکە سەر بە سنجقی بەدلیس لە ئەیالەتی "وان"دا، کەچی دیمەشقی نووسیویەتی مەڵبەندی سنجقەکە یان لیوایەکە لەناو ئەیالەتی ئەرزەڕۆمە. هەمان شتیش لەسەر ئەو ئاماژەیەی کاتب چەلەبی جێبەجێ دەبێت، کەوا ئامێدی سەر بە حکومەت یان میرنشینی هەکارییە، کە کەوتووەتە ناو ئەیالەتی "وان"، کەچی دیمەشقی نووسیویە حکومەت یان میرنشینێکی سەربەخۆیە لەناو دابەشبوونە کارگێڕییەکانی ئەیالەتی بەغدایە[٦٦]. زانیاریی دووردرێژیشی لەبارەیەوە نووسیوە، دواتر لێی دەدوێین. بەپێی ئەوەی لە کتێبی "جیهان نوما"دا نووسراوە، ئەیالەتی ئەرزەڕۆم لەو یازدە سنجقە پێك هاتووە و ئەرزەڕۆم (مەڵبەندی ئەیالەت)، ئیسبر، باسین، تورتوم. خنوس (ڕاستییەکەی خنس)، قەرە حەساری ڕۆژهەڵاتی، قیزئۆجان، مامروان، کیفی، مەجنکرد، مەلازگرد، تکمان، ئەلشکرد، بایەزید. هەر کە دەکەوێتە سەر باسی هەر یەك لەو سنجقانە و شارۆچکانەی بەندیوارییان پێیەوە هەیە، ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بەو

توێژینەوەیە هەیە، نووسیوەتەوە. لەباسی لیوا یـان سـنجقی خـنس ئامـاژە بـەوە دەکـات، کـە زۆرینـەی دانیشـتوانیان کـوردن و لـە عەشـیرەتی بسـیانن "بسـیایان طائفەسی"، هەروەها سەبارەت بە هەردوو سنجقی کیفـی و قزئۆجـانیش. هەرچـی سنجقی مەلازگردە، کوردەکانی لە عەشیرەتێکن پێسـتیان ڕەشـە و پێیـان دەڵـێن باترك"سیاه اکراد بر طـائفـە کـەأنلره بـاترك دیرلـر"[٦٧]. سـنجقی بایەزیـدیش بـە شێوازی ئۆجاقلق بەڕێوە دەچوو، دانیشتوانەکەشـی کـوردی عەشـیرەتی بسـیانن. بەڵام سنووری ئەو ئەیالەتە ئاوایە: ئەیالـەتی روان و قـارس لـەلای ڕۆژهەڵاتـەوەن، ئەیالەتی ترابزۆنیش لە باشوورە، ئەیالەتی سیواسـیش لـە ڕۆژئـاواوەوە و هـەردوو ئەیالەتی دیاربەکر و وانیش لە باشوورە[٦٨].

هەرچی ئەیالەتی دیاربـەکرە لـە ١٩ سـنجق و ٥ حکومـەت، واتـە میرنشـینی کـوردی پێـك هـاتووە. ٨ لـە سـنجقەکان بەگـە کوردەکـان بەشـێوازی ئۆجـاقلق بەڕێوەیان دەبرد، کە ئەمانەن: ئەتاق، برتك، ترجیل، جباقجور، جرمیك، ساغمان، قولب، مهرانی. سنجەقە ئاساییەکانیش ئەمانە بوون ئامەد (مەڵبەندی ئەیالەتـە)، ئەرغـەنی، ئەقجەقـەڵا، جمشـکزك، حەسـەنکێف، خـابوور، خـەرپوت، سـەعرەت، سنجار، سیوەرك، مفارقین(=میافارقین)، نوسەیبین، مازکرد. ئەو پێنج حکومەت و میرنشینە کوردییانەی دەکەوتنە نـاو ئەیالەتەکـەش ئەمانـە بـوون: ئـەکیل، پـالو، جـەزرە، خـزو، گـەنج. سـنووری ئەیالەتەکـەش ئـاوا بـووە: ئەیالـەتی وان لـە ڕۆژهەڵاتەوە، ئەیالەتی ئەرزەڕۆم لە باکوورەوە، ئەیالـەتی سـیواس لـە ڕۆژئـاواوە، ئەیالەتی مووسڵ و ڕەقە لە باشوورەوە. ئەو دابەشبوونە کارگێڕییەی ئەو ئەیالەتە لەگـەڵ قسـەکانی ئـەولیا چـەلەبی گەڕیـدەی بـەناوبانگی عوسمـانی لـە سـەدەی حەڤدەمین ڕێك دێتەوە[٦٩].

ئەیالەتی شەهرەزووریش لەو ئەیالەتە سـنوورییانەی سـەردەوڵەتی سـەفەوی بوو لە ئێران، لەگەڵ سنووری هەردوو ویلایەتی بەغدا و مووسڵ و حکومـەت (واتـە میرنشـینی)ی ئامێـدی، هـەکاری و ئازەربایجـان و عێراقـی عەجـەمیش هـاوتخووب بوون. لە ڕووی دابەشبوونی کارگێڕی ئەو ئەیالەتە لە (٢٣) لیـوا یـان سـنجق پێـك دەهـات، کـە ئەمانـە بـوون: کـەرکوك (مەڵبـەنـدی ئەیالـەت)، هـەولێر، شـەمامك، هەریر، کۆی، ئەبرومان، ئۆشنی، باف، برند، بلقاس، بیـل ئۆتاریا،=(تیـل طـاری)،

چیای حەمرین، جنکولە، دورامان ناوەکەی دیکەشی داوران (=داودان)، دولجوران (دلخوران یان دولقران)، سروچك، سەید بورنجین (=سبەورنجین)، شەهربازاڕ، شەهرەزوور، عجور، قەڵای غازی، کشان(=کوشاف)، مرکاوە (=مزکاوە)، هەزارمێرد، رودین، مەهروان، شمیراە (=شەمیران)، قەرەتاغ (=قەرەداغ)، جاغان (=جغات کدیکی یان کدودکی)، قزلجە–بەبە (=بابان)، زنکە (=زەنگەنە)، ئەنجیران[٧٠].

کتێبی "جیهان نوما" هیچ ئاماژەیەکی بۆ سەرچاوەی زانیارییەکانی پێشوو سەبارەت بە دابەشبوونی ئەیالەتی شەهرەزوور تێدا نییە، ڕاستییەکەی زۆر لەو سەرچاوە و بەڵگەنامانەی سەدەی حەڤدەمین، ئەو سەدەیەی کە ئەبوبەکر دیمەشقی تێیدا ژیاوە، ئەوەندە ژمارەی سنجقەکانی لە ئەیالەتی شەهرەزوور نانووسێت، هەر بۆ نموونە لیستی عەینی عەلی ئەفەندی کە لەساڵی (١٠١٦ک/١٦٠٧ز) نووسراوە، دەڵێت ئەو ئەیالەتە لە ٢٠ سنجق پێك هاتووە، کە ئەمانەن: سروچك، ئەربیل (هەولێر)، کوشاف، شەهربازاڕ، جنکولە، مزکاوە، چیای حەمرین، هەزارمێرد، دلخوران، هەریر و دوین، تیل تاری، سبەورنجین، عەجور، ئەبرومان، داودان، أق(باق؟) برندە بلقاس، قەڵای غازی، ئاشتی[٧١]، کەچی لەو دەستنووسەی کە لە کتێبخانەی فاتیح (سلیمانیە) لە ئەستەنبوڵ بە ژمارە (٣٥١٤) هەیە، کە لە ناوەڕاستی ڕەمەزانی (١٠٦٣ک/ ناوەڕاستی تەمووزی ١٦٥٣ز) روونووس کراوە، ژمارەی سنجقەکانی ئەیالەتەکە ١٩سنجقە، کە ئەمانەن: شەهرەزوول (ئەو ناولێنانە لە زۆر لە بەڵگەنامە و سەرچاوە عوسمانییەکان لە جیاتی شەهرەزوور هاتووە)، ئەربیل، سرۆچك، هەزارمێرد، مزکاوە، عەجور، کوشاف، شەهربازاڕ، باوە، نی تاری، سبەرنجین، ئەبرومان، داودان، برند، بلقاس، چیای حەمرین، دولخوران، هەریر و رودین، قەڵای غازی (قران)[٧٢]. ئەوەی جێی سەرنجە، ناوی هەندێ سنجق لە کتێبی "جیهان نوما"دا بەشێوەی جیا لەگەڵ ئەوانەی لە سەرچاوەکاندا هاتوون، ئەوەشمان لەبەرانبەر ناوی ئەو سنجقانە روون کردووەتەوە، ڕەنگە ئەوە بەهۆی هەڵەی چاپیشەوە بێت.

سەرنجێکی دیکە ئەمەیە، کتێبی "جیهان نوما"، لە بابەتی ئەیالەتی شەهرەزووردا ناپرژێتە سەر شێوازی بەڕێوەبردنی سنجەقەکانی، کەچی بەڵگەنامە

و سەرچاوە عوسمانییەکان ئەوە دەردەخەن، کە زۆربەی سنجقەکان یان لیواکان لەو ئەیالەتەدا، بنەماڵە خۆجێیەکان پشتاوپشت باوك لە باپیرەوە بەڕێوەیان بردووە. لەکۆی ئەو ١٩ سنجەقەی کە ئەیالەتی شەهرەزووری لە (١٦٥٣ز) پێك دەهێنا، بەپێی ئەو دەستنووسەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا، تەنیا ٦ یان لەلایەن ئەو میرانەی سنجەقەکان بەڕێوەدەبران، کە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە ئەستەنبۆڵ دادەنران، کەچی ئەوانی دیکە بەپێی شێوازی ئەلئۆجاقلق بەڕێوە دەبران، "هەروەها میری عەشیرەت"یشی لێ بووە[٧٣]. سنجەقەکانی کۆیە و زەنگەنە و جەغان کدیکی و دلخوران لەو سنجەقانە بوون، کە بە شێوازی ئەلئۆجاقلق بەڕێوە دەبران، کەچی هەردوو سنجقی هەولێر و شەهر بازاڕ لەو سنجەقانە بوون، کە لەلایەن سنجقبەگییەوە بەڕێوە دەبران و لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە ئەستەنبوڵ دادەنران[٧٤].

کتێبی "جیهان نوما"، زانیاریمان لەبارەی ئەو ئەیالەتانە دەداتێ، کە ژمارەیەك سنجقی کوردی لە خۆدەگرێت، لەوانەش هەردوو ئەیالەتی بەغدا و مووسڵ. یەکەمیان بەپێی "جیهان نوما". لە هەژدە سنجق پێك دەهات، بێ ئەوەی ئاماژە بە ناسنامەی کوردبوونی ژمارەیەك لەو سنجەقانە بکات. لەو سنجەقانەشی: درنە، (دەرتەنگ لە جیهان نومادا بەشێوەی ترتنگ هاتووە)، جەنکولە، دەبالا، کرنە!!(لەشوێنێکی دیکەدا بە"کرند"ناوی هێناوە، کە ئەمەیان دروستە، کیلان. هەروەها حکومەت (واتە میرنشینی) ئامێدی سەر بە ئەیالەتی بەغدا بووە)[٧٥]. دووەمیشیان واتە ئەیالەتی مووسڵ، لە شەش سنجق پێك دەهات، کە ئەمانەن: مووسڵ، ئەسکی مووسڵ، باجوانلو، تکریت، هروبانە!!(=هروروبانە)، قەرەداسنی و بوداسنی. ئەو دابەشکردنانە تا ئەندازەیەك لەگەڵ لیستی عەینی عەلی ئەفەندی ڕێك دێتەوە، بێجگە لەوەی کە کتێبی "جیهان نوما" هەردوو سنجقی هورون و بانەی لە یەك سنجقدا بەناوی "هروبانە"!!تێکەڵ کردوون، سنجقێکیشی بەناوی "قەرەداسنی و بوداسنی"خستووەتە سەر[٧٦]. لە کتێبی "جیهان نوما"دا ئاماژە بە سنجقی باجوانلوی نزیك کەرکوك کراوە، کە خەڵکەکەی لە عەشیرەتی باجەلانی کوردن، دانیشتوانی سنجقی بانەش لە عەشیرەتە کوردەکانن، بەڵام ئەوەش دەڵێت کە لیوا یان سنجقی هرور لیوایەکە لە

ولآتی هەکاری، بەلآم سەبارەت بە سنجقی قەرەداسنی بوداسنی، ئەوە کتێبەکە هیچی لەبارەیەوە نالێت، جگە لەوە کە دەلێت ئێزیدینە[٧٧].

سەبارەت بەکارگێڕی لە میرنشینە کوردییەکاندا، کە"حکومەت"ی پێدەلێن، کتێبی"جیهان نوما"، هەندێ زانیاریی بەکەلکی لەو لایەنەوە تێدایە. سەبارەت بە میرنشینیی جەزیرە (=بۆتان) لە ئەیالەتی دیاربەکردا، کتێبەکە ناوی شارۆچکە و قەلآکانی سەربەو میرنشینە دەبات، شارۆچکەکانیش ئەمانەن: کورکیل، برکە قەلآیەکی هەیە پێی دەلێن "برسبی"، ئەروخ، بروز، بادان، تەنزی قەلآیەکی هەیە ناوی "کلهوك"ە، فیك، هیتم، شاخ، شارۆچکەی قەلآی تش ئەتلێ و قەلآی ئەرمشات، شارۆچکەی قەلآی کیر کە "قیمز"یشی پێ دەلێن، شارۆچکەی دیر قەلآی لاری لێیە، شارۆچکەی فنك کە دەکەوێتە بەرانبەر جەزیرە و شارۆچکەیەکی ئاوەدانە و قەلآ و سەرا (واتا بارەگای حکومەتی) میرەکانی جەزیرەی لێیە[٧٨].

سەبارەت بە میرنشینیی هەکاریش لە ئەیالەتی "وان"، کتێبەکە لە لایەنەکانی مێژوویی و کارگێڕیی ئەو میرنشینە دواوە، دوای ئەوەی باسی هەلکەوتی میرنشینەکە دەکات، کە کەوتووەتە سەر سنوور لەگەل قزلباش (مەبەستی دەولەتی سەفەوییە)، کە وای لێ کردووە زۆربەی ناوچەکانی چۆلێ بن، کتێبەکە دەلێت، بارەگای میرەکانی ئەو میرنشینە لە جۆلەمێرگە، کە شارۆچکەیەك و قەلآیەکە، دەسەلآتی ئەو میرانە، جاران تا "وان"و وستان دەڕۆیشت، بەلآم پەیدابوونی سەفەوییەکان و هاتنی دەسەلآتی عوسمانی بۆ ناوچەکە و پێکهێنانی ئەیالەتی "وان"، وای کرد، دەسەلآتی میرەکانی هەکاری کەم بێتەوە. کتێبەکە ئەو میرنشینە وا وەسف دەکات، کە ولایەتی عەشیرەتی کوردی هەکارییە"اکرد دن حکاری طائفەسی ولایتیدر"، کتێبەکە ناوی هەندێ شوێنی سەربەو میرنشینە دەبات، لەوانە: شارۆچکەی کوز لە ڕۆژهەلآتی قەلآی جۆلەمێرگ، لیوای جل، قەلآی میر داود و برادۆست لە نزیك جۆلەمێرگ، شارۆچکەی شقاقی سەرچیای باکووری جۆلەمێرگ، هەردوو قەلآی شیروی و بیستون، هەروەها ئامێدی کە کاتب چەلەبی بە بەشێك لە میرنشینی هەکاری داناوە[٧٩]. پێشتر گوتمان کاتب چەلەبی ئامێدی بە بەشێك لە هەکاری داناوە، کەچی ئەبوبەکر دیمەشقی بە بەشێك لە ئەیالەتی بەغدای داناوە.

زانیاری لەبارەی میرنشینی مەحموودیش لە خۆشابی سەر بە ئەیالەتی "وان"یش تێدایە، زۆربەی ئەو زانیارییانە کورتکراوەی ئەوەیە، کە لە کتێبی "شەرەفنامە"دا لەبارەی ئەو میرنشینە گوتراوە. گرنگترینیان : بارەگای فەرمانڕەواکانی ئەو میرنشینە بووە لە قەڵای ئاشوب (ڕاستییەکەی ئاشوتە)، میرەکانی مەحموودیی جاران شارۆچکەی ئەلباقیشیان حوکم کردووە، کە سەر بە هەکاری بووە لە سەدەی شازدەیەم و قەڵای کارحیکانە (ڕاستییەکەی کارجیکان)، سیرومە (سلدوز لە شەرەفنامە) کە لەلای مەراغەیە، قەڵای ماکیان خستۆتە سەر میرنشینەکەیان، هەروا دەسەڵاتیان تا ئاقجە قەڵا و سکمان ئاباد و باکیریش بڕی کردووە. هەروەها ئەوەش لە شەرەفنامەدا ڕادەگوێزێت، کەوا حەسەن بەگی میری مەحموودی، کە لە شەڕێکدا لەگەڵ سەفەوییەکان لەساڵی (٩٩٣ك/١٥٨٤ز)، کوژراوە، یەکەمین میری مەحموودی بووە، کە وازی لە ئۆلی ئێزیدییاتی هێناوە و بووەتە موسڵمان[٨٠].

دیمەشقی کە دێتە سەر باسی ئەیالەتی بەغدا، هەندێ زانیاری لەبارەی "حکومەتی ئامێدی"و ئەو شوێنانەی سەربەو حکومەتەمان بۆ دەنووسێت. بارەگای میرەکانی لە قەڵای ئامێدی بووە، هەرچی شارۆچکە و قەڵاکانی سەربەو میرنشینە بوونە، ئەمانەن: قەڵای ئاکرێ و شارۆچکە ئاوەدانەکەی، قەڵای دهۆك و قەڵای دێر مەقلوب کە لەلایەن میرەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای ئامێدییەوە حوکم دەکرا، قەڵای بی بشر کە لە بندەستی عەشیرەتی ڕێکانی دابووە، قەڵای قەڵاتە، قەڵای شوش، قەڵای ئەحمەرانی، قەڵای بازی رانی کە لەبندەستی عەشیرەتی زێباری دابووە، شارۆچکەی کەرمەلێس کە کەوتووەتە نێوان زێ و باشقەرە و بەرزان، زاخۆ کە شارۆچکەیەکی گرنگی سەربەمیرنشینی ئامێدییە، خەڵکەکەی بەزاخۆ دەڵێن "ولایەتی سندیان" (ئەویش لەبەر عەشیرەتی سندی). زۆربەی ئەو زانیارییانەش لە کتێبی "شەرەفنامە"دا وەرگیراوە[٨١].

بەپێچەوانەی ئەو زانیارییە باشانەی لەبارەی دابەشبوونە کارگێڕییەکان، ئەوا کتێبی"جیهان نوما" زانیارییەکی وا لەبارەی دەزگای کارگێڕی و سەربازی و دادوەری بەدەستەوە نادات، هەموو ئەوەی تێدا هاتووە هەندێ ئاماژەی کەم و پچڕ پچڕە. هەر بۆنموونە، کاتێ کاتب چەلەبی لەبارەی ئەیالەتی "وان"ەوە

دەدوێت، باسی قایمەکاری شاری "وان"ی مەڵبەندی ئەو ئەیالەتە دەکات، دەڵێت دوو قەڵای لێ هەن، یەکەمیان لەناو شارەکەیە، کە "دزداری" واتە هێزی پاسەوانی قەلاّ و هێزی ئینکشاری تێدایە، کە دەوڵەت بەنۆرە دەیاننێرێت لەو ئەیالەتانە خزمەت بکەن "نوبتجی یکیجریلر"[82]. هەرچی قەڵای دەرەوەیە ئەوا (١٥٠٠) پیاوی سەر بە والی و میری سەراکانی "قول أغالری" تێدان[83]. سەبارەت بەشاری موشیش نووسیویە، هێزی پاسەوان لە قەلاّکەی لە ٥٠ پیاو پێکهاتووە[84]. لەبارەی سنجقی خنسیش دەڵێت، عوسمانییەکان شێوازی ئەقتاعی سەربازییان (الاقطاع العسكري) تێدا جێبەجێ کردووە، زۆربەی گوندەکانی ئەقتاعاتی"تیمار" و "زەعامەت"ن. خاوەنی ئەو ئەقتاعانە دەبوا ٤٠٠ سواری ساز و ئامادە بدەنە دەوڵەت، کە پێویستی پێیان دەبوو لەدەمی شەڕوشۆڕدا[85].

ئەبوبەکری دیمەشقیش جیاوازی لەگەڵ کاتب چەلەبی نییە لەلایەنی قەبارەی ئەو زانیارییانەی کە لەو لایەنەوە تۆماری کردوون. بۆ نموونە کاتێ باسی ئەیالەتی ئەرزەڕۆم دەکات، هەرئەوەندە دەڵێت کە (٥١٥٧) تیماری لەو جۆرەی لێیە، کە بەهۆی تەزکیرە "تذكره لود" وە بەخشرا، لەو جۆرەشی کە بێ تەزکیرە"تذكرەسز" دەبەخشران[86]. ژمارەی ئەو سوارانەی کە خاوەنی ئەو ئەقتاعانە دەبوو لەکاتی پێویستیدا ئامادەی بکەن (٧٨٠٠) سوار بووە، پتریش دەڵێت جۆرێك تیمارات هەن، تەنیا لەو ئەیالەتەدا هەیە، بەتیماری بەنۆرە"نوبلرتيمار" ناسراوە، تیمار بەشێوەیەکی هاوبەش دەدرێتە سێ یان چوار کەس بە نۆبەت خزمەتی سەربازی لەکاتی پێویست دەدەنە دەوڵەت[87].

هەروا ئاماژە بەوە دەکات، کە دادوەری ئەرزەڕۆم لە پلەی "مەولەوییە"یە[88]، (ڕۆژانە) ٥٠٠ ئاقچە وەردەگرێت [89]. کە دێتە سەر باسی کەماخی سەر بە ئەرزەڕۆمیش، ئاماژە بە فەرمانبەرێك دەکات، کە سەرپەشتی کانزای زیو دەکات، کە لەوێ دەردەهێنرێت، هەروا ئاماژە بەفەرمانبەرێکی دیکەش دەکات کە لەلایەن والی ئەرزەڕۆمەوە ڕاسپێردراوە بۆ سەروکارکردنی بەکارهێنانی ئەو جۆگە ئاوە بچووکەی لەوێیە، بەو فەرمانبەرە دەڵێن "صوباشی"-(میراو-و.ك)[90]. سەبارەت بە ئەیالەتی دیاربەکریش دەڵێت ٧٣٠

"قلـیج"ی لێیـە[٩١]. واتـا ئـەقتاعی سـەربازی، (٤٢) یـان لەجۆری"زەعامـەت"و (٦٨٨)یان لەجۆری تیمارن، کە بە تەزکیرە دەبەخشرێن و ئـەو جۆرەشـی کـە بـێ تەزکیرە دەبەخشرێن، ژمارەی سەربازەکانیشی لە سوارەی ئەقتاعی دەگاتە ١٨٠٠ سـوار. هـەروەها دەڵێـت دادوەری شـاری ئامـەد، کـە مەڵبەنـدی ئەیالەتـە، لـە پلەی"مەولەوییە"یە و ٥٠٠ ئاقجە وەردەگرێت[٩٢].

کتێبی"جیهان نوما"، هیچ زانیارییەکمان لەبارەی دامودەزگای عوسمانی لـە ئەیالەتی شەهرەزووردا ناداتێ، بەوەشەوە کە خـۆی لـە ئامـاژەکردن بـەو شـێوازە ئەقتاعـەی عوسمـانی بـواردووە، کـە لەوێـدا جێبـەجێ دەکـرا. هـەروا هـیچ زانیارییـەکیش سـەبارەت بـە دامودەزگـای عوسمـانی لـە ئەیالـەتی بەغـدامان بـۆ نانووسـێت، بێجگـە لـەو ئاماژەیـەی کـەوا سـنجەقەکانی لەڕێگای"موقاتەعە"واتە"ئیلتیزام"دەدران[٩٣]. مەبەستی لـەوە شـێوازی ئـەقتاعی سـەربازی عوسمـانی لـەو ئەیالەتـەدا نـەبووە، ئەوەشـی لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە سەرچاوەیەکی عوسمانی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم ڕێك نایەتـەوە، کەوا ئـەو شێوازە لە٨ لە سنجەقەکانی ئەیالەتی بەغدا جێبەجێ دەکرا، کەئەو سـەردەمە لـە ٢٥ سنجق پێك دەهات، بەگوێرەی ئەو سەرچاوەیە[٩٤].

١- وەسفی شار و شارۆچکە و قەڵاکان:

کتێبی "جیهان نوما"ناوی دەیان شـار و شارۆچـکە و قـەڵای لـە کوردسـتان تێدایە، ئەوە وێڕای ئەو گوندە زۆرانەی کە کەوتوونەتە سەر ئەو ڕێگایانـەی نێـوان ئەو شار و شارۆچکانە کە بەیـەکیان دەبەستێتەوە. ئـەو کتێبـە وەسـفێکی باشـی ژمارەیـەکیان دەکـات، پێناسـەیەکی چڕوپڕی هەنـدێکی دیکەشـیان دەکـات، بـۆ ئەوانەی دیکەش تـەنیا هەڵکـەوتی جوگرافییـان دەنووسـێت. یـەکێك لـە توێـژەرە تورکەکان ئەوە بەو پاساوە دەهێنێتەوە، کە هەر ئەوەندە زانیارییـە لەبەردەسـتی کاتب چەلەبیدا بووە[٩٥].

سەرچاوەی زانیارییەکان، دانراوە جوگرافی و مێژووییە ئیسـلامییە، زانیـاری دواتـری هـەر دوو سـەدەی شـازدەیەم و حەڤدەیـەم، لـە سەرچـاوە مێژووییـە عوسمانییەکانەوە وەرگیراون، ئەوەی دیکەشی ڕاستەوخۆ لەکاتی تێپەڕبوونی بـەو شـار و شارۆچـکانەی کـە لـەکاتی سـەردان و بەشـداریکردنی لـە پـەلامارە

سەربازییەکاندا بەدەستی دەکەوتن. کاتب چەلەبی زۆربەی ناوچەکانی ئەنادۆڵ و ناوچەی دیکەی لە ئازەربایجان و ولاّتی شام و عێراق و حیجاز بەسەرکردووەتەوە، کەڵکی لەو زانیارییانە وەرگرتووە بۆ ڕوونکردنەوەی کەموکورتی و تەنانەت ئەو هەڵانەشی کە لەو دانراوانەی لەبارەی ئەو ناوچانەوە تۆمار کراون[٩٦]، یان بەراوردکرنی لەگەڵ ئەوەی پێشتر دانراون و ئەوەی کە لە سەدەی حەڤدەیەمدا بەسەریاندا هاتووە. بۆ نموونە کاتێ کاتب چەلەبی لەبارەی شاری وستان لە ئەیالەتی وان دەدوێت، دەڵێت" لە ڕۆژژمێردا (مەبەستی کتێبی-تقویم البلدان-ی ئەبی فیدا ٦٧٢-٧٣٢ك/١٢٧٣-١٣٣١ز)، وستان شارۆچکەیەکە دەکەوێتە باشووری خۆرهەلاّتی شاری وان بەماوەی هەوارە ڕێیەك، دەشتێکی پانە لە پاڵ گۆلێکدا... هەنووکە ئەوەندەی دێیەکە"[٩٧].

لەو توێژینەوەیەدا بوار نییە، هەرچی لە کتێبی "جیهان نوما"دا لەبارەی وەسفی ئەو شار و شارۆچکە و قەلاّ کوردییانە بنووسرێت، بۆیە تەنیا هەندێ نموونە و تێبینی لەبارەیانەوە دەخەینە ڕوو.

لەباسی شاری واندا، کاتب چەلەبی نووسیویە، شارێکی بەناوبانگە، قەلاّیەکی قایمە دەکەوێتە بیابانێکی تەخت لەلای ڕۆژهەلاّتی دەریاچەی ئەرجیش (=وان)، لە سەروبەندی پەلاماری سوڵتان سلێمانی قانوونی لە دژی دەوڵەتی سەفەوی، کە بە "پەلاماری عێراقییەکان-حملة العراقيين" ناسراوە[٩٨]، لە ساڵی (٩٤٠ك/١٥٣٤ز) کەوتە بندەستی عوسمانییەکان و خەڵکەکەی لایەنگیری و ملکەچییان بۆ سەروەزیران ئیبراهیم پاشا دەربڕی، عوسمانییەکان قەلاّکەیان نۆژەن کردووەتەوە و کردیانە ئەیالەتێکی سەربەخۆ. پاشان نووسیویە، شارەکە دوو قەلاّی هەنە، یەکەمیان لەناوەوەیە و دووەمیان لە دەرەوەیە و شوورە و کۆنگرە و قولەی سەختی هەن، هەموو خانوو و گەڕەك و قشڵە (واتا بارەگا)ی والی و بازاڕ و گەرماو و مزگەوت لەناو شوورەکەدایە. پاشان باسی زیادکردنی هەندێ ئاوەدانی دەکات لەلایەن والییە عوسمانییەکانەوە، خەسرۆ پاشا (یەکەمین والی عوسمانیی ئەوێ بووە)، مزگەوت و خوێندنگا و گۆڕستانی دروست کردووە و ئەوقافیشی بۆتەرخان کردوون، لە مانگی ڕەجەبی (٩٥٧ك/ لە کتێبەکەدا بەهەڵە (٩٧٥ك) نووسراوە، ڕەنگە ئەوە هەڵەی چاپ بێت) و بینایەکەی تەواوکراو

نوێژیشی لێ کرا. لە ساڵی (٩٥٨ك) ڕۆستەم پاشا (کە ئەوەش والییەکی دیکەی ئەوێیە) گەرماوێکی لە شارەکە دروست کردووە[٩٩]. پاشان دەچێتە سەر باسی هێزەکانی سەربازی عوسمانی کە لە هەردوو قەڵای شارەکەدا هەبوون، پێشتر ئاماژەی پێکرا.

کاتب چەلەبی وەسفێکی باشی شاری بەدلیس و شوێنە گرنگەکەی و ئاووهەواکەی و کەمێکیش لە مێژووەکەی و هەندێ سیمای ئاوەدانییەکەی بەتایبەتیش پردە بەردینە حەوت کونەکەی کە هەردوو لای شارەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کردووە، لەگەڵ مزگەوت و خوێندنگا و زانا و ناودارەکانی و ئەوەشی کە والی ئەیالەتی"وان" خەسرۆ پاشا لە ساختمان و دامەزراوەی بۆ شارەکەی کردبووی لە ساڵی (٩٨٥ك)، کە دوو گەرماو و دوو خانی فراوان بۆ کاروانە بازرگانییەکان و ڕێبواران "کاروان سەرای" و ١٠٠ دووکان و دوو کارگەی پیستە خۆشکردن و چەند شوێنی دیکەشی کردووەتە وەقف بۆ ئەو گۆشەیەی (ألزاوية) کە لە شارۆچکەی ڕاهوای سەربە بەدلیس (کە دواتر باسی دەکەین)، کردووە. بەڵام کاتب چەلەبی هیچ شتێکی نوێی لەو دەروازەیەوە نەگوتووە، چونکە هەمووی لە کتێبی"شەرەفنامە"دا ڕاگواستووە.[١٠٠]

هەمان سەرنجیش لەسەر ئەو زانیارییانە جێبەجێ دەبێت، کە لەبارەی شارەکانی دیکەی وەك ئەخلات و موش نووسیوە[١٠١]. بەڵام سەبارەت بە شارۆچکەی خیزان لە هەمان ئەیالەتدا، زانیارییەکانی هەر لە"شەرەفنامە"دا وەرگرتووە، کاتب چەلەبی دەڵێت: "شەرەفخان دەڵێت ناوی خیزان سووککراوەی سەحەر خیزان (واتە ئەوانەی پارشێو دەکەن)، (الاسحار)، خەڵکەکەی پابەندی نوێژ و چاکەن. قەڵای خیزان لە ساختمانە ئیسلامییەکانە لە نێو خەڵکەکەی وا باوە کە ئەوەی دروستی کردووە خاوەنی مەراغە تەورێز بووە، پاشان کاتب چەلەبی درێژەی پێدەدات و دەڵێت:"بەڵام بەلەنگاز" (مەبەست کاتب چەلەبییە) لەو کتێبە مێژووییانەی بەسەری کردوونەتەوە، نەگەیشتە ناوی دروستکەری مەراغە، بەڵام ئەوەم بینییەوە کە هەلۆخان نۆژەنی کردووەتەوە، (مەبەست قەڵایەکەیە) لەماوەی نزیکی ڕابردوودا و کردوویە داروموڵك[١٠٢]".

لەو بەشەی کە ئەبوبەکر دیمەشقی لە کتێبەکەدا نووسیویە، وەسفێکی شاری ئامەد، مەڵبەندی ئەیالەتی دیاربەکر دەخوێنینەوە، نووسیویە شارەکە شوورەیەکی مەزنی ڕەنگ ڕەش دەوری داوە، هەموو خانوو و گەڕەکەکانی کەوتوونەتە ناو شوورەکە، شارەکە چوار دەرگای هەیە، ئەمانەن: دەرگای ماردین "ماردین قبوسی"، (دەرگای چیا "طاغ قبوسی)"، (دەرگای ڕووبار یان یەکاو "شط قابوسي"، دەرگای ئەرزەڕۆم (أرضروم قبوسي). ئەوەش زیاد دەکات کە لە شارەکەدا ژمارەیەك مزگەوت و خوێندنگا و گەرماو و خان و "عمارت"[١٠٣] و قەڵای ناوەوە "إيج قلعة"، کە دەکەوێتە سەر یەکێك لەلایەکانی شارەکە، ئەو قەڵایە سەختە و سەرای سوڵتان (مەبەستی بارەگای والییە) و هەندێ خانوو و گەڕەکی تێدایە[١٠٤].

ئەوەی لەبارەی وەسفی هەولێرەوە نووسیویەتی، کەوا سنجقێك بووە لەناو ئەیالەتی شەهرەزوور، دەبینین وەسفەکەی زۆر پێش سەدەی حەڤدەیەمە و پشتی بەو سەرچاوە مێژوویی و نووسینانەی وڵاتناسە موسڵمانەکان بەستووە، لەبارەی هەولێرەوە ئەوە دەخوێنینەوە، کە "شارێکی نوێ کراوە لە وڵاتی چیادا، بنکەی وڵاتی شەهرەزوورە، لەنێوان هەر دوو زێی بچووك و زێی گەورەدایە، دوو هەوارە ڕێ لە مووسڵ دوورە. هەولێر کەتووەتە ناو شوورا، لەلایەکی شارەکەدا گردێکی بەرز هەیە و قەڵایەکی بەسەرەوەیە، شوێنی هەولێر تەختاییە و کارێزی ئاوی زۆری هەیە، دوو کارێزیان دەچنە ناو شار بۆ مزگەوت و بارەگای دەسەڵاتدار (دار السلطنة)..."[١٠٥]. دوای ئەوە درێژە بە باسکردنی هەولێر لە سەردەمی موزەفەرەددینی گۆگبۆری (لەنێوان ساڵانی ٥٨٦/٦٣٠ك-١١٩٠/١١٣٢ز، فەرمانڕەوای بووە)، دەدات، کە لەڕووی ئاوەدانی و چالاکی زانستی، ئەو کارە چاکانەی کردوونی، ئەمە سەرەڕای بایەخدان بە ئاهەنگی بیرەوەریی لەدایکبوونی پێغەمبەری سەروەر، لە چ ئاستێکدا بووە[١٠٦].

سەبارەت بەو پێناسە چڕوپڕەی بۆ هەندێ شار و شارۆچکە و قەڵاکانی کردووە، لە کتێبەکەدا، نموونە زۆر زۆرە، کە دەکرێ باسی هەندێکیان بکەین. لەبارەی سنجەقی بارکیری لە ئەیالەتی "وان ئەوە دەخوێنینەوە کەوا" بارکیری دەکەوێتە باکووری (شاری) وان و ماوەی نێوانی ئەو و شاری ئەرجیش بەڕووی

ڕۆژهەلأتدا ٨ فەرسەخە، خۆی شارۆچکەیەکی بچووك و سنجەقە، قەلأکەی وێرانە و سولّتان سلێمان خان نۆژەنی کردووەتەوە[١٠٧].

هەرچی شارۆچکەی ڕاهوای سەر بە بەدلیسە، ئەوا لەبارەیەوە نووسراوە ئەو"دەکەوێتە نێوان بەدلیس و گوندی تاتوان، کەوتۆتە نیو هەوارەڕێ بەرەو ڕۆژهەلأتی بەدلیس. خەسرۆ پاشا، دوو خانی گەورەی بۆ ڕێبواران و کاروانە بازرگانییەکان (کروان سرای)، گۆشەیەك و گەرماوێك و ١٠ دووکان و مزگەوتێکی لێ دروست کردووە و ئاویشی لە شوێنێکەوە بۆ ڕاکێشاوە کە دەوروبەری ١٢٠٠٠ گەز دوورە، هەروەها سی بنەماڵەی رەعیەتەکانی هێناوەتە ئەوێ و لێی نیشتەجێ کردوون، ئەو ڕێبوارانەی کە بەوێدا تێدەپەڕین لە چوون و هاتندا، و خۆراکیان لەو ساختمانە (مەبەست گۆشەکەیە) دەست دەکەوت. جارانیش لە نێوان بەدلیس و تاتواندا خانی زۆر هەبوون، بەلأم وێران بوونە، ئەوانەی بەو ڕێگایەدا گوزەریان دەکرد، بەهۆی دژیی سەرما و سۆڵەوە، دووچاری مردن دەهاتن. چەند جارێکیش سولّتان و فەرمانڕەواکان ویستیان ئەو شوێنە(وەك خۆی) ئاواکەنەوە، هەندێکیان دەستیشیان بە بینا کردووە، بەلأم کارەکە تەواو نەکراوە، ئەویش لەبەر پەیدابوونی هەندێ کۆسپ. لە دەوروبەری ساڵی ٩٨٠ك/ دروستکردنی ئەو ساختمانە تەواو کرا"[١٠٨]. لەبارەی لیوا یان سنجەقی مەجنگرد لە ئەیالەتی ئەرزەڕۆم کە "باسینی خوارووشی پێدەلێن، قەلأیەکی پتەو و سێ شارۆچکەی هەن، ئەمانەن: خوراسان، بارەگای میری سنجەقەکەیە، زووین، وسغا، قەلأکەش دەکەوێتە سەر لێواری ڕووباری ئاراس"[١٠٩]. لەبارەی قزلّجە قەلأش لە ئەیالەتی شارەزوور "قەلأیەکی بەناوبانگ و بە ڕوومەتە لە پشت دەربەندی جغانەوە بە لای عێراقی عەجەمەوە"[١١٠]، هەروەها لەبارەی پلّنگان (ڕەنگە پلّنگان بێت–و.ك) لە ئەیالەتی شارەزوور ئەویش"قەلأیەك و شارۆچکەیەکە، دەکەوێتە رووی قزلجە" قەلأکەشی لەسەر چیایەکی بەرزە، کە لە بنجدا بارەگا (دارولمولّکی) میرەکانی گۆران بووە، قەلأکەشی بەرزە، مەحاڵە بە شەڕ بگیرێت[١١١]. سەبارەت بە سنجقی دەرەتەنگیش لە ئەیالەتی بەغدا ئەوا دەکەوێتە سەر سنووری قزلّباش (واتە دەولّەتی سەفەوی)، قەلأیەکی پتەوە لەسەر چیایەکی بەرز و دەڕوانێتە هەنداو گەرووییەك..."[١١٢].

لەبارەی ئەو سنجق و شارۆچکە یان قەڵایانەی کە کتێبەکە تەنیا ئاماژە بە شوێنی جوگرافییان دەکات، بێ ئەوەی هیچ وردەکارییەکی دیکە باس بکات، ئەوا نموونەی زۆر لەبارەیانەوە لە کتێبەکەدا هەن. وا دیارە ئەو بەتەنیا و بەشێوەیەکی تایبەتی، هەر بۆ ئەو سنجقانە بووە، کە قەڵای دژوار بوونە لە سەر چیاکاندا، یان لەسەر سنوور لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویدا. هەر بۆ نموونە سەبارەت بە سنجقی هرور لە ئەیالەتی مووسڵ ئەوە دەخوێنینەوە کە "قەڵایەکی سەختە لە باکووری مووسڵەوە بەماوەی ٣٠ فەرسەخە، بەدووری ٣ فەرسەخیش لە ئامێدییەوە"، ئەو وەسفەش هەمان ئەو وەسفەیە کە لە دانراوەکانی جوگرافیاناس و وڵاتناسە موسڵمانەکانی پێشوو دەیخوێنینەوە[(١١٣)]. لەبارەی جباقجوریش لە ئەیالەتی دیاربەکر"جباقجور لەسەر کەناری رووباری موراد سووە بەلای ئەرزەرۆمەوە"[(١١٤)]. لەبارەی لیوا یان سنجقی ئوشنی (شنۆ-و.ك) لە ئەیالەتی شەهرەزوور "لیوایەکە لە ناو چیاکانی ئەودیوی ولایەتی هەریر"[(١١٥)]، لەبارەی لیوا یان سنجقی سروچکیش لە ئەیالەتی شەهرەزوور، ئەویش" قەڵایەکە لە چیاکانی شەهرەزوور، لیوایە شارۆچکەی زۆری هەن"[(١١٦)]، بۆ سنجقی کەرەندیش لە ئەیالەتی بەغدا ئەوا قەڵایەکە لە دامێنی چیایەکی نزیك بە دەرەتەنگ"[(١١٧)]. لەبارەی شارۆچکەی قۆچ حەساریش لە ئەیالەتی رەقەدا دەڵێت"شارۆچکە و قەڵایەکە لەسەر لووتکەی چیایەك لە نێوان روها (واتە ئورفە) و نوسەیبین"[(١١٨)].

- کۆمەڵ و ئابووریی کوردان:

کتێبی "جیهان نوما" زانیاریی بەکەڵکی لەبارەی کۆمەڵ و ئابووریی کوردان نووسیوە، تایبەت هۆزە کوردییەکان و هەندێ داهات و چالاکی ئابووری، وێڕای باسی سەرجەم بڕی ئەو باج و رەسمانەی کە دەدرانە دەوڵەت لە هەندێ ناوچەی کوردەواریدا. دەکرێ بڵێین سەرچاوەی بنەڕەتی زانیارییەکان لە بارەی کورد و هۆزە کوردییەکانەوە کتێبی "شەرەفنامە"یە، هەرچی سەرچاوەی زانیارییەکانی لەبارەی داهات و چالاکی ئابووری و سەرجەم بڕی باج و رەسمەکان سەرچاوەی ئیسلامی پێش ماوەی عوسمانییەکانە، بەتایبەتیش کتێبی"نزهة القلوب"ی

مستەوفی قەزوینی، هەروەها تۆماری عوسمانییەکان، ئەوە سەرەڕای سەرنجە ڕاستەوخۆکانی خۆی کاتێ بەو ناوچانەدا تێپەڕ بووە.

کتێبی "جیهان نوما" لەو بەشەی کە ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقی نووسیویەتی دووپاتی هەموو ئەو زانیارییانەی مێژوونووسی کورد شەرەفخانی بەدلیسییە کە لە کتێبی "شەرەفنامە"دا لەبارەی ئەوەی سەبارەت بە رەچەڵەکی کورد گوتراوە، کەوا چوار بەشن، زمان و خووڕەوشت و داب و نەریتیان جیاوازە، کە ئەمانەن، کرمانج و لوڕ و کەلهوڕ و گۆران، پاشان سنووری کوردستان دەناسێنێت، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکرا. پاشان دەچێتە سەر سروشت و خەسڵەتی کورد کەوا "زۆربەیان ئازان و سەرەڕۆ و خۆبەزلزانن، شانازی بە ئەندازەی دزیکردن و ڕێگریکردن دەکەن". زۆرینەی کورد موسڵمانن و لەسەر ئاینزای شافیعین، بەڵام ئالوسات (=هۆزەکانی) لە مووسڵ و شام ئێزیدین، وەك هۆزەکانی تاسنی (=داسنی) و خالوی (=خالتی)، لەگەڵ زانیاریی چڕ لەبارەی بیروباوەڕی ئێزیدییەوە[119].

لەبابەتی دیکەدا ئاماژەی پەرش و بڵاو لەبارەی لایەنگرانی ئاینیی دیکە نووسراوە، کاتب چەلەبی لە تۆمارەکانی عوسمانیدا، بێ ئەوەی مێژووەکەی بنووسێت، ئەوەی ڕاگوازتووە کە ژمارەی ناموسڵمانان (ذمي) (لێرەدا پێدەچێت تەنیا مەبەستی ئەرمەنە)، کە لە شاری موشی سەر بە ئەیالەتی "وان" تۆمار کراون دەگاتە ٤٠٠٠ کەس[120]، هەروەك ئەبوبەکر دیمەشقی بەڕاگواستن لە "شەرەفنامە"دا، دەنووسێت، شارۆچکەی ئاکرێ سەر بەئامێدی ١٢٠٠ماڵی موسڵمان و جوولەکەی لێیە[121]. دیمەشقی لە شوێنێکی دیکەشدا، بەڕاگواستن لە هەمان سەرچاوەوە، دەڵێت وشەی کورد واتە ئازا و بوێر، ناوی پاڵەوانە بەناوبانگەکانی کوردی وەك ڕۆستەمی زاڵ و بەهرامی چوبین و ئەوانی دیکە دەهێنێت، کە هەموویان لە هۆزی کەلهوڕن. دەنووسێت کورد لە سەر ناکۆکی و ناتەبایی ڕاهاتوون، ئەو گێڕانەوە نامۆ و لاوازەش دووبارە دەکاتەوە، کە گوایە ناتەباییان بۆ ئەو دووعایەی پێغەمبەر محەمەد (دروودی خوای لەسەر بێت) کە لێی کردوون، دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی لەو بابەتەوە ئاماژەیەك هەیە کە ژمارەیەك زانای کورد دەرکەوتوون، بەڵام ئەو لە پایەیان کەم دەکاتەوە کاتێ دەڵێت "بەڵام

ئەوانە ڕێگای زانستییان نەگرتە بەر، بۆ نموونە ئەوانە لە خەت و شیعر و داڕشتندا بەهرەدار نین". ڕاستییەکەی لەو قسەیەدا زێدەڕۆیی دەرهەق بەدەوری کورد و بەشداریکردنی بنیاتنەرانەی ئەدیب و زاناکانی کوردە لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، هەروەها لەگەڵ ئەو بابەتانەی دیکەی کە هەر لە کتێبەکەدا نووسراون، ناکۆکە و هەر بەڕاگواستنیش لە "شەرەفنامەدا"نموونەی لە زانا و ئەدیبانی کورد لە ئەخلات و بەدلیس هێناوەتەوە، لەبابەتی دیکەی کتێبەکەدا سەبارەت بە زانایانی پایەداری کورد لە ئامێدی و زاخۆوەی نووسیوە[١٢٢].

لە کتێبەکەدا ناوی زۆر هۆزی کوردی هێناوە، بەڵام بێ ئەوەی زانیاریی ورد لە بارەیانەوە بنووسێت. زۆربەی زانیارییەکانیشی لە کتێبی "شەرەفنامە"دا وەرگرتووە، کە هەندێ جار ناوەکانیشیان بەدروستی نانووسێت، ڕەنگە ئەمە هەڵەی چاپیش بێت، یان هەڵەی دانە دەستنووسەکانی"شەرەفنامە"بێت، کە ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقی پشتی پێ بەستووە. زۆربەی دانیشتووانی خنس لە هۆزی بسیانی کوردن، هەروا ئەو هۆزە لە لیواکانی کوجك و قیزئۆجان و قەڵای بایەزید لە ئەیالەتی ئەرزەڕۆمدا بڵاوبوونەتەوە، لەگەڵ ئاماژەکردنیش بەوەی کە قزڵباش واتە سەفەوییەکان، یەکجار لەو هۆزە دەترسن. هەرچی لیوای مەلازگردە لە هەمان ئەیالەتدا، ئەوا دانیشتوانەکەی کوردی پیست ڕەشن (=ئەسمەر) کە"باترك"یان پێ دەڵێن[١٢٣]. لە ئەیالەتی مووسڵیشدا دانیشتوانی لیوای باجوانلو کوری لە هۆزی باجەلانن، لەگەڵ ئەوەی لیوای بانە لە ئەیالەتی مووسڵ "لیوایەکە هەندێ هۆزی کوردن"[١٢٤]، بەڵام ناوی هیچ یەکێکیان ناهێنێت.

ئەیالەتی دیاربەکر لە ناوهێنانی بڵاوبوونەوەی هۆزەکانی بەسەر گوند و شارۆچکە و قەڵاکانی پشکی شێری بەرکەوتووە. حوسنکیف زێدی زۆر هۆزی کوردییە، هەر وەك لە "جیهان نوما"دا هاتووە، ئەمانەن، ئاشتی جەلکی، کوردلی گەورە، کوردلی بچووك، جانکی جزیونی کە بە جزە یان بوختیش ناسراوە، ئەستورکی، ڕەشانی، شقاقی. هۆزێکی ئێزیدیشی لێیە بەناوی خەندەقی بەهمەر! !، نجبومی هۆزێکی دیکەیە کە بە تورکاشکیش ناسراوە. هۆزی سەرهانی کە بەسەرهاتی بەشیریش ناسراوە، هەرچی کتێبی "شەرەفنامەیە" ئەوا هۆزە کوردییەکانی حوسنکیفی بەو جۆرەن : ئاشتی، مەهرانی (میرانی)، بجنوی

(بزنوی، بوشنەوییە)، شقاقی (شكاك)، ئەستوركی، كوردلی گەورە (بزورگ)، كوردلی بچووك (كوجك)، رەشان، كیشلی، جەلكی، خەندەقی، سوهانی و بیدیان[١٢٥]. بەڵام هۆزە كوردییەكانی ئەو شار و شارۆچكانەی سەر بە جەزیرەن (جەزیرەی ئیبن عومەر یان بۆتان)، هەروەك لە كتێبی "جیهان نوما"دا هاتووە، ئەوا بەو ئاوایە دابەش بوونە، لەگەڵ ناوهێنانی بەرانبەرەكانیان لە كتێبی "شەرەفنامە"دا، كەئەمانەن[١٢٦]:

– **شارۆچكەی كوركیل:** شەهرلوری، شەهرلی، كوركیلی، ئەستووری، ئەوانە هۆزی موسڵمانن. هەرچی هۆزە ئێزیدییەكانن لەو شارۆچكەیەدا ئەمانەن ؛ بنویدكاون، بورش، هیورل، بەڵام لە كتێبی"شەرەفنامە"دا ئەوا ناوەكانیان بەو شێوەیە نووسراوە، شهریوری شەهربلی، كوركیل، ئەستوری، ئەوانە هۆزی حوسێنیین (=موسڵمانن)، بەڵام هۆزە ئێزیدییەكان ئەوانەن : نیوید كاون، شوڕش، هیودل.

– **شارۆچكەی بەركە:** ئەو شارۆچكەیە تایبەتە بە عەشیرەتی بەركە و قەڵایەكیشی هەیە، هەر ئاواش لە كتێبی"شەرەفنامە"دا هاتووە.

– **شارۆچكەی ئەروخ:** هۆزی ئەروخی تێدا نیشتەجێن، قەڵایەكی بەروومەتیشی هەیە و هەر ئاواش لە كتێبی"شەرەفنامە"دا نووسراوە.

– **شارۆچكەی بەروز**(=بەرۆژ. و. ك): ئەو شارۆچكەیە تایبەتە بە هۆزی بەرۆژ و قەڵایەكی هەیە، ئەوانە(واتە هۆزی بەروژ) سێ بەشن، كە ئەمانەن: جاستولانی، بزم، كرامان. لە "شەرەفنامە"شدا نووسراوە كە قەڵای شارۆچكەی بەرۆژ لەبندەستی عەشیرەتی بەرۆژدایە، كە لە سێ هاوپەیمانیی هۆزایەتی پێك هاتووە كە ئەمانەن: جاستولان، بزم، كرافان.

– **شارۆچكەی بادان:** هۆزی كامرسی، "دووربادان"یشی پێ گوتراوە. لە كتێبی "شەرەفنامە"شدا نووسراوە، قەڵای بادان و شارۆچكەكەی لە بندەستی میری هۆزی كارسی دانە.

– **شارۆچكەی تەنزی:** قەڵای ئەو شارۆچكەیە ناوی كەلهوڕیشی پێ دەڵێن، هەر لەو شارۆچكەیەدا هۆزی كارسی لێیە. هەر ئاواش لە "شەرەفنامە"دا هاتووە.

– **شارۆچکەی فنك:** چوار هۆزی لێیە کە ئەمانەن : بجبوی، شقاقی، سیرانی، کومیە. لە کتێبی"شەرەفنامە"شدا ناوەکانی بەو ئاوایە نووسراوە : نجبوری (یان بزنوی، یان بوشنەوییە)، شقاقی (شکاك)، میران، کونیە (کویان).

– **شارۆچکەی تور،** شارۆچکەی هەیتەمیشی پێ دەڵێن: زۆربەی دانیشتووانی ئەرمەنن، هۆزێکی لێیە (پێیدەڵێن قەبیلەی) جەلکی، هەمان هۆزیش لە کتێبی"شەرەفنامە"دا هاتووە، بە تێبینیی ئەوەش کە کتێبی دوایی شارۆچکەی تور و شارۆچکەی هەیتەمی وەك دوو شارۆچکەی لێك جودا ناوهێناوە.

– **شارۆچکەی شاخ:** دانیشتووانەکەی ئەرمەنن، هۆزێکی لێیە (پێیدەڵێن قەبیلەی) شیلوی. ناوی ئەو هۆزە بە شێوەی"شیلدی" لە کتێبی "شەرەفنامە"دا نووسراوە.

– **قەڵای تش ئەتل و قەڵای ئەرمشات:** قەبیلەی براسی لێیە، کە لە گەورەترین بەشەکانی هۆزی بوختییە، بەڵام لە کتێبی "شەرەفنامە"دا بەهەمان شێوە ناوەکەی هاتووە. وەرگێڕ (بەرازی) لەبەردەم دانراوە. هەروەها کتێبەکە قەڵای (نش ئەتل)ی بەشێوەیەکی جودا لە قەڵای (ئەرمشات) هێناوە و ناوی هیچ هۆزێکی کوردیشی لە بەردەمدا نەهێناوە.

– **شارۆچکەی قەڵای کیر،** قەمیزیشی پێیدەڵێن: قەبیلەکانی (کارس و قریشی)، ئەوانە سەر بە هۆزی تەنزین، کەچی لە کتێبی"شەرەفنامە"دا، دەستەواژەی"قەڵای کیور کە قەمیزیشی پێیدەڵێن، نووسراوە، کە بەرفەرمانی هەردوو هۆزی کارس و قریشین".

– **شارۆچکەی دیراندە قەڵای لار،** کە لە شارۆچکەکانی تەنزە: هۆزە کوردییەکانی ئەوێ ئەمانەن: هۆزەکانی والرسای ئەمانەن، دونبلی، نوکی، مەحموودی، شێخ تیزین ناوی دیکەشی بزنییە، ماسك رەشکی ناوی دیکەی رەشییە، مەرسی ئەلوتشیشی پێدەڵێن، موخ، نەهرانی، بیکانی، بلانی، ستووری، شیرویان، دووتورانی و هەروەها ئەردەنانیش کە ئێزیدیین. بەڵام لە کتێبی "شەرەفنامە"دا ناوی قەڵای"دیردە"وەك ئەوە هاتووە، کە سەر بە شارۆچکەی تەنزییە، هۆزە کوردییەکانیشی ئەمانەن: دونبلی، نوکی، مەحموودی، شێخ بزنی، رەشکی، مخ نهران، بیکان، بلان، بلاستوران، شیروان، دووتوران.

میرنشینیی ئامێدی له دوای ئەیالەتی دیاربەکرەوە دێت لە رووی ژمارەی ئەو هۆزە کوردییانەی که له کتێبی "جیهان نوما"دا ناویان هاتووە. گرنگترین هۆزەکانی ئەو میرنشینە مزوورییە، دووەمیشیان هۆزی زێباری دێت. هۆزەکانی دیکەشی رادکانی کە خەڵك بێژەکەی گۆڕیوە بۆ ریکان. هۆزە کوردییەکانی ئامێدی ئەمانەن: بەرواری، مەمی، سبایروی، تیلی، بهلی، بەحلەر. له زاخۆی سەر بە ئامێدیش ناوی دوو هۆز هاتووە کە ئەمانەن: سندی و سلێمانی (=سلیڤانی) ئەو زانیارییانەش له کتێبی"شەرەفنامە"دا وەرگیراوە[١٢٧].

ئەوەی نامۆیە، ئەو کتێبە هیچ شتێك لەبارەی هۆزە کوردییەکانی هەردوو ئەیالەتی شەهرەزوور و بەغدای نەنووسیوە، بێجگە لەو وتەیی که"شەهرەزوور ئەو ولایەتەیە کە زۆرینەی تایفە (واتە هۆزی) کورانن"[١٢٨]. هەرریریش مەڵبەندی تائیفەی سوهران (واتە سۆران)ە[١٢٩]، لە باشووری لیوای سماقلو لە ئەیالەتی شەهرەزوور "لیوای تائیفەی ئورکانی هەن"[١٣٠].

بەڵام هەندێ تێبینیی کەم لە کتێبەکەدا سەبارەت بە هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی هەن، لەوانە بۆ نموونە خەڵکی شاری بدلیس هاوینان دەچنە سەر باخەکانیان و شەش مانگ تا پایز لەوێ دەمێننەوە و هەنگین دێنەوە ئەوێ[١٣١]، خەڵکی شاری ئامەدیش، مەڵبەندی ئەیالەتی دیاربەکر، هاوینان دەچنە ناو ئەو باخ و کێڵگانەی نزیك رووباری دیجلە، کە بە دامێنی قەڵاکەدا رەت دەبێت و چەند رۆژێك لەوێ لەو کەپرانە دەمێننەوە کە لە قامیش دروستی دەکەن[١٣٢]. دەڵێن خەڵکی خیزان خەڵکێکی خێرخواز و چاکن بەری بەیانییان بۆ خواپەرستی هەڵدەستن. لەبارەی خەڵکی ئامێدیشەوە دەڵێت چاکەخوازن و مگێزیان لە کاری چاکەیە[١٣٣]. ئاماژەیەکیش بۆ شارۆچکەی دبیل هەیە لە ئەیالەتی "وان"، کەوا مزگەوتی موسڵمانەکان بەتەك کەنیسەی مەسیحییەکانەوەیە، بەڵام کە بەکتێبە جوگرافی و ولاتناسە ئیسلامییەکاندا دەچینەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەو زانیارییە کۆنە و ئەبولقاسم محەمەدی کوڕی حوقەل (کە لە٣٦٧ك/ ٩٧٧ز مردووە)، لە کتێبی"صورة الارض"دا[١٣٤]، باسی کردووە، واتە دەوروبەری حەوت سەدە بەر لە مێژووی دانانی کتێبی"جیهان نوما"دا، بۆیە ناکرێت وەك زانیارییەکی تایبەت بە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی پشتی پێ ببەسترێت.

ئـەو تێبینییـەی دوایـی لەسـەر بەشـێك لـەو زانیارییانـەی لـەبارەی لایـەنی ئابووریشدا هاتووە جێبەجێ دەبێت، چـونکە کاتـب چـەلەبی و ئەبوبـەکری کـوڕی بەهرامی دیمەشقی پشتیان بە سەرچاوەکانی سەدەکانی پێشوو بەستووە. هەر بۆ نموونـە کاتـب چـەلەبی پشـتی بـە کتـێبی"نزهـة القلـوب"ی مسـتەوفی قـەزوینی بەسـتووە، کـە سەرچـاوەیەکی سـەدەی (٨ك/١٤ز)، کەدێتـە سەرباسـی"الحقوق الدیوانیـة"، واتـە داهاتـەکانی دەوڵـەت لـە بـاج و ڕەسـم، لـە زۆر لـەو شـار و شارۆچکانەی ئەیالەتی "وان" وەك، ئەرجیش، موش، خۆشاب، دارموك، (ئـەرموك له نزهة القلوب)، ترکری (بارکری له نزهـة القلـوب)، خـرادین، سـلم، عـەیین، بـەلاَم دەبینین هەندێ جار جیاوازی له نێوان ئەو ژمارانەی کاتب چـەلەبی دەیاننووسـێت لەگەڵ ئەوانەی کە لە دانەی چاپکراوی کتێبی (نزهة القلوب)دا، هاتووە، هەیە[١٣٥]. تەنیا لە یـەك حاڵەتـدا کاتـب چـەلەبی بـەراوردی ئـەوەی کـە لـە (نزهـة القلـوب)دا نووسراوە، لەگەڵ ئەوەی لە تۆمارەکانی عوسمانیدا، سـەبارەت بـە شـاری مـوش، "بەپێی قسەی حەمەدوڵلاَ (مستەوفی)، ئەندازەی مافە دیوانییەکەی لـە سـەردەمی سوڵتانەکانی جەنگیزدا (٠٩٦٠٠) دینـارە، بـەلاَم لـە سـەردەمی سوڵتانەکانی ئـال عوسماندا گەیشتووەتە (١٥٠٠٠) دینار (؟) بەپێی ئەوەی کە لە دەفتەری خاقانیـدا هاتووە"[١٣٦].

بەچاوپۆشی لە سەرچاوەی زانیارییـەکانی کتێبی"جیهـان نومـا"، ئـەوا ئـەو کتێبـە ئامـاژەی خێـرای سـەبارەت بەلایەنـەکانی ژیـانی ئـابووری لـە کوردسـتان گرتووەتە خۆ. دەکرێت بڵـێین بـەپێی ئـەو ئاماژانـە، کشـتوکاڵ پیشـەی بەشـێکی هەرە گەورەی خەڵکی کوردسـتان بـووە. کـەم وایـە نـاوی شـار و شارۆچـکەیەك و گوندێکی کوردستان بێت، بێ ئەوەی ئاماژە بەهەبوونی باخ و کێڵگـە تێیانـدا و لـە دەوروبەریـدا نـەکردبێت، هەنـدێکیان ناوبانگییـان بـە بـەروبوومێکی کشـتوکاڵی دیاریکراوەوە دەرکردووە. هەر بۆ نموونە نـەك هـەمووی، ئـەوا دەوروبـەری شـاری ئـەرجیش پـڕ بـاخ و داری گـوێز بـووە، هـەروەها لۆکـەش لـە بەروبوومـەکانی بووە[١٣٧]. ئەخلاتیش بەکێڵگە و مەزرا و باخ و میـوەی زۆر بـەناوبانگ بـووە[١٣٨]. بەدلیس بە بەروبوومی سـێو و هـەرمێ نـاودار بـووە[١٣٩]؛ هەرچـی بـایبرت (واتـە بـایبورد)ە، بەبرشـتی بـەروبوومی دانەوێڵـە نـاوی دەرکـردووە[١٤٠]. خێـزانیش بـە

هەبوونی دار بندەقی زۆر ناودار بووه[١٤١]. حسنکێفیش بـه جـۆره ترێیـەکی جـوان بـەناوبانگ بـووه بـەناوی ترێـی حەسـی (رەنگـه مەبەسـتی حەسـەنی بێـت)[١٤٢]، سەعرەت هەنجیر و هـەناری زۆری لـێ هـەبووه. هـەر ئـەو شـاره بـەجۆره ترێیـەك بەناوبانگ بووه پێی دەڵێن "ترێی شافیعی"، تەواوی دارەکانی ئەو شاره بـەباران ئاو دەدرێن[١٤٣]. نوسێبینیش باخی زۆر زۆری هەبووه و دەکەوێتـه سـەر رووبـاری هەرماس که بەتەکیدا تێدەپەرێت و دەڵـێن ژمارەکـەی دەگاتـه (٤٠٠٠٠) بـاخ [١٤٤]. ژەنگـاریش بـاخی زۆری هـەبووه و تاکـه شارۆچـکەیه کـه لـه ناوچـەی جـەزیرەدا دارخورمـای لێیـه [١٤٥]. خـەڵکی ئامـەد کاڵـەك لـه خـاکێکی لمـاوی (حاوییـه) لـه رووباری دیجله دەچێنن، لەوکاتەی که ئاستی ئاوەکـەی پاشەکشـێ دەکـات[١٤٦]. لەلایـەکی دیکـەوه ململانێـی عوسمـانی– سـەفەوی شـوێنەواری بـه سـەر چـالاکی کشـتوکاڵیدا جێـدەهێڵێت، زۆربـەی ناوچـەکانی هـەکاری چـۆڵەوار بـووه، چـونکه سنوورەکەی دراوسـێی قزڵباشـەکان بـووه[١٤٧]، واتـه دەوڵـەتی سـەفەوی. لەتـەك کشتوکاڵدا پیشەی شوانکارەیی سەرچاوەیەکی گوزەرانی بەشـێکی باشـی خـەڵکی کوردستان بووه. له کتێبی "جیهان نوما"دا ئاماژەی زۆری بۆ سـامانی ئـاژەڵی لـه کوردستان و پاوانه فراوانەی ناوچه جیاجیاکانی داپۆشیوه، هەیه. هەر بۆ نموونـه ژمارەی ئەو مەڕ و ماڵاتەی کـه خـەڵکی مـوش بـەخێویان دەکـردن زۆر زۆر بـووه، بەتایبەتیش مەڕ و گامێش "صوصغری"، هـەروا لـەوەڕێکی زۆریشـی هـەبووه[١٤٨]. خنسیش به لەوەڕگای هاوینه "یایلاق"ی فراوان بەناوبانگ بووه، بـەناوبانگترینیان لـــەوەڕگای "بیـــك کول"، "صوشهر"، "چـــیای شـــەڕەفەددین"ن. کاتـــب چـــەلەبی سەبارەت بەو لەوەرگایەی دوایی دەڵێت "بـاوك و بـاپیرانی مـیر شـەڕەف (خـان) و هۆزەکانی کورد لەوێ دادەنیشتن"، خـنس بـه بـەخێوکردنی جـۆره ئەسـپێکی زۆر بـەناوبانگ ناسـرابوو[١٤٩]. لـه چـیای سـیپانی نزیـك ئـەخلاتیش ناوچـەی چـاکی لەوەڕاندن هەبووه[١٥٠]. زۆر لـه هـۆزه کوردییـەکانی حسـنکێف شـوانکاره بـوون و پەزیان بەخێو دەکرد[١٥١]. هۆز هەردوو پیشەی، کشتوکاڵ و شوانکارەیی دەکـرد، دانیشـتووانی لیـوای بـاجوانلوی نزیـك کـەرکووك، کـوردی کۆچـەر بـوون، بـەڵام دانەوێڵەشـیان لـه دەوروبـەری (قەرەجـەطـاغ)، دەچـاند، دوای دروێنـه و کـوتینی دانەوێڵەکان، لەناو چاڵدا هەڵیاندەگرت و بەپێی پێویست دەریان دەهێنا[١٥٢].

کتێبی "جیهان نوما" زانیاریی کەمی پەراگەندەی سەبارەت بە چالاکی دیکەی ئابووری لە کوردستان لە خۆ گرتووە، بەڵام بەشی ئەوەندە ناکات وێنەیەکی روون سەبارەت بە ژیانی ئابووری بە دەستەوە بدات، ئەگەر بە بەڵگەنامە و سەرچاوە مێژووییە عوسمانییەکان و کتێبی گەڕیدەکان بەشێوەیەکی تایبەت تەواو نەکرێت. سەبارەت بە چالاکیی بازرگانیش بۆ نموونە کتێبەکە ئاماژە بەهاتنی بەلەمەکان لە شارەکانی ئەرجیش و ئەخلات و عادلجواز دەکات بۆ لەنگەری شاری "وان"[١٥٣]. هەروەها لە شوێنێکی دیکەشدا ئاماژە بەهاتنی بازرگانێکی زۆری عەجەم (واتە فارس) دەکات بۆ ئەرزەڕۆم، بۆ بازرگانی و رەسمی گومرگییان لێ وەرگیراوە، لەوەشەوە سامانێکی زۆر بەدەست هاتووە[١٥٤]. لەبارەی پارچە دار و بازرگانی پێکردنی لە شاری بایبورد لە ئەیالەتی ئەرزەڕۆم، نووسەر دەنووسێت چیایەك بەدووری دوو رۆژەڕێ لە شارەکەدا هەیە و داری لێ دەبڕدرێت، پاشان دەهاویشترێتە ناو رووباری جوراق کە بەتەنیشت شارەکەدا دەڕوات و بۆ بایبورد دەنێردرێت، کە دەگاتە ئەوێ، لە رووبارەکە دەیانگرتنەوە و هەرکەسە و دارەکانی بە شەقڵێك (علامـة)ی دیاریکراو، دەناسییەوە، کە پێشتر دارەکەی پێ شەقڵ کردووە [١٥٥].

لە کتێبەکەدا شتێکی وا لەبارەی بەرهەمی پیشەیی لە کوردستاندا نەگوتراوە، بەڵام هەندێك زانیاری سەبارەت بە سامان و کەرستەی سروشتی هەیە، کە خەڵك کەڵکیان لێ وەردەگرت، خەڵکی خنس کەڵکیان لە دەرهێنانی خوێ لەو دوو زێیە یان جۆگەیەی کە بەناوچەکەدا دەڕۆیشتن وەردەگرت و دەستکەوتەکەیان دەگەیشتە نرخی ٤٠٠٠ "ئاڵتون"[١٥٦]، واتا لیرەی زێڕ. لە نزیك کەماخیش کانگایەکی دەرهێنانی زیو هەبووە، هەروەها مس و زێڕیش لە دەوروبەریان دەردەهێنرا، مافی دەرهێنانی ئەو کانزایانەش بەشێوازی"موقاتەعە– مُقاطعـة" دەبەخشرا[١٥٧]. واتە بۆ مولتەزیمەکان بەڕێگای زیادکردنی ئاشکرا. کانزای کوهەرجله" لەنزیك شارۆچکەی تورتوم لە ئەیالەتی ئەرزەڕۆم هەبووە[١٥٨]، ئەو کانزایە بۆ دروستکردنی بارووت بەکاردەهێنرا[١٥٩]، لە کتێبەکەدا نموونەی پەرش و بڵاوی دیکە سەبارەت بە سامانی کانزایی هەیە. هەر لە کتێبەکەدا ئاماژەی دیکە بە داهات و خێر و بێری سروشتی دیکەش لە کوردستاندا هەن،

زانیاریی تێروتەسەل لەبارەی هەبوونی و سامانی زۆری ئاو لە زۆربەی ئەو لاپەڕانەی کتێبەکەدا هەن، کە تایبەتن بەناوچە کوردەوارییەکان. ئاماژەیەکیش هەیە سەبارەت بەجۆرە ماسییەك لە گۆلی ئەرجیش=(وان) بە ناوی (تەریح– الطریح)، (ڕاستییەکەی تەریخ– (الطریخ) هەیە، کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکانی پێشوودا وەرگێراوە، کە لەڕۆژانی دیاریکراوی ساڵدا پەیدا دەبن و لەگەڵ ناوچەکانی دیکەدا ئاڵوێری پێدەکرێت[١٦٠]. هەنگوینی نایابی مێش هەنگین لە هەندێ ناوچەی کوردستانی وەك لیوای ئەسبر لە ئەیالەتی ئەرزەرۆم هەیە[١٦١]، هەروەها لە هەندێ شوێنی چیای جوودیشدا، کە تیرەیەکە لەچیای کارە (گارە. و. ك)، هەنگوینی ئەو چیایە بۆنێکی زۆر خۆشی وەك عەنبەری هەیە[١٦٢]. هەر لەهەمان بابەتدا لە کتێبەکەدا، ئاماژە بە بارینی گەزۆ (المَن) دەکات بەسەر داری "مازوو" لە چیاکانی کوردستان لە هاوین و لە وەرزی دروێنەدا، خەڵکی ئەو ناوچانە سوودێکی زۆری لێ وەردەگرن، کتێبەکە چۆنیەتی کەڵك لێوەرگرتنی ڕاڤە کردووە و دەڵێت ئەوەی لەهاویندا دەبارێت وشکە، ڕایەخێك ڕادەخرێت لەسەر زەوییەکە و لە ژێرەوەی دارەکاندا لکەکان دادەتەکێنرێن و گەزۆ باریوەکە کۆ دەکرێتەوە، بەکوردی"کزنکوی" پێیدەڵێن. بەڵام ئەوەی لە وەرزی خەرمانکوتدا دەبارێت لەسەر مازووەکە خۆی دەکەوێت و تەڕەکە یان نوێیەکەی کۆدەکرێتەوە و لەگەڵ ئاو تێکەڵ دەکرێت، پاشان لەناو مەنجەڵدا دەکوڵێنرێت تا چڕ دەبێتەوە و کورد پێی دەڵێن"جزك"[١٦٣].

ئەو وەسفەش تا ئەندازەیەکی زۆر لەگەڵ نووسینی گەڕیدە ئەوروپاییەکان لەبارەی "گەزۆی ئاسمان" لە کوردستاندا ڕێك دێتەوە[١٦٤].

- ڕێگاوبان:

کتێبی"جیهان نوما"، وەك کتێبێکی جوگرافیایی مێژوویی، زانیاریی باشی لەبارەی جوگرافیای کوردستان لەڕووی وەسفی دیاردە سروشتییەکان بە چیا و دۆڵ و ڕووبار و گۆڵ و ئەوانەی لەو جۆرەی تێدایە[١٦٥]، ئەگەرچی سەرچاوەی بەشێکی ئەو زانیارییانە دانراوەکانی جوگرافیایی کۆنی ئیسلامییە[١٦٦]، بەڵام لەهەر هەموو ئەوانە گرنگتر ئەو وردەکارییانەیە، کە لە کتێبەکەدا لەبارەی ڕێگای هاتوچۆی نێوان گوندەکان و ناوهێنانی ئەو شارۆچکە و گوندانەی کەوتوونەتە

سەر ئەو ڕێگایانە، تۆمارکردنی ماوەی نێوانیان، لەگەڵ جاروبار وەسفی سروشتی ئەو ڕێگایانەیە. کتێبی "جیهان نوما" لە سەر ڕێبازی دانراوە جوگرافیاییە ئیسلامییەکانی کۆندا ڕۆیشتووە و هەندێ جاریش پشتی پێ دەبەستێت[١٦٧]. ڕاستییەکەی هەردووکیان کاتب چەلەبی و ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقی لەسەر هەمان ڕێچکە ڕۆیشتوون، لە ئاماژەکردن بۆ لایەکان و ماوەی نێوان شار و شارۆچکەکانی ناو ئەیالەتەکە لەکاتی باسکردنیاندا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو بەشەی کە ئەبوبەکر دیمەشقی نووسیویەتی، کە باسی ئەیالەتەکان دەکات، هەندێ جار کۆتاییان بە باسێکی دوورودرێژ لەبارەی ڕێگاوبانەکانی نێوان مەڵبەندی ئەیالەت و ئەیالەتەکانی دەوروبەری دەهێنێت. ئەو وردەکارییانەی لە کتێبی "جیهان نوما"دا لەبارەی ڕێگاوبانەکان نووسراون، دواتر بوونەتە جێبایەخی گەڕیدەکان. بەگوێرەی نووسینی یەکێك لە توێژەرە تورکە هاوچەرخەکان، ئەوا زۆر لەو گەڕیدە ئەوروپاییانەی کە بەئەنادۆڵدا گەڕاون، پشتیان بەو کتێبە بەستووە وەك سەرچاوە یان ڕێبەرێکی گرنگی ڕێگاو شوێنە جوگرافییەکان[١٦٨].

بەر لەوەی نموونە لە کتێبەکە سەبارەت بەوەسفی ڕێگاوبانەکان بهێنینەوە، دەبێ ئاماژە بەو یەکانە بکەین، کە لە پێوانی ماوەکاندا پشتی پێ بەستراوە و بە کیلۆمەتریش دەکاتە چەند، بۆ ئەوەی بابەتەکە ڕوون بێت، پشت بە سێ یەکەی پێوان بەستراوە، کە ئەمانەن، فرسەخ، هەوار (قۆناغ)، سەعاتەڕێ، ئەگەرچی میلیش ناسراو بووە، وەك پێوانەی نەخشەکێشان لە هەندێ نەخشەی ناو کتێبەکەدا بەکارهاتووە[١٦٩]، بەڵام ئێمە تێبینیمان نەکرد، کە وەك یەکەی پێوان لەکاتی باسکردنی ڕێگاوبانەکان پشتی پێ بەسترابێت. فەرسەخ ٥٥٦٥ مەترە لای حەنەفی و مالیکییەکان، بەرانبەر بە دوو هەندەی ئەوە، واتە ١١١٣٠ مەتر لای شافیعی و حەنبەلییەکان. هەمان شتیشی بۆ هەوارە، کە بەرانبەر ٥٢٠و٤٤کم لای حەنەفی و مالیکییەکان ٨٩٠٤٠کم لای شافیعی و حەنبەلییەکان، لەسەر ئەو بنەمایەش هەر هەوارێك دەکاتە ٨ فەرسەخ[١٧٠]. لەبەر ئەوەی ئاینزای حەنەفی ئاینزای ڕەسمی دەوڵەتی عوسمانی بوو، کاتب چەلەبیش حەنەفی بووە، ئەوا درێژیی فەرسەخ و هەوار لە کتێبەکەدا یەکسانە بەوەی لای حەنەفییەکان بەکارهاتووە. سەبارەت بەپێوانەیەکی دیکە، کە لە کتێبەکەدا پشتی پێبەستراوە،

سەعاتەڕێیە، بەگوێرەی یەکێك لە توێژەران ئەوا حەوت سەعاتەڕێ ڕۆیشتن بەرانبەر بەو ماوەیە، کە کاروان ڕۆژانە دەیبڕێت[١٧١]. ئینجا ئەگەر زانیمان هەوار بەرانبەر ئەو ماوەیەیە، کە ڕێبوارێك لە ڕۆژێکدا بەڕۆیشتنێکی ئاسایی بەسواری ولاخ دەیبڕێت، کە بەدەوروبەری ٢٤ میل دەخەملێنرێت [١٧٢]، ئەوا ڕۆیشتنی هەر کاتژمێرێك بەرانبەر دەوروبەری ٥،٣ میل یان لە سنووری ٦کم. ڕاستییەکەی کاتب چەلەبی خۆی زاراوەی"هەوار ـ مرحلة"ی وەك هاوتای ڕۆژەڕێییەکە بەکارهێناوە، کە لە دانراوی جوگرافییە کۆنەکاندا بەکاردەهات. هەر بۆ نموونە لە هەردوو کتێبی"صورة الارض" و "تقويم البلدان"دا، ماوەی نێوان هەردوو شاری ئەرجیش و ئەخلات سێ ڕۆژە ڕێیە، کاتب چەلەبیش نووسیویە ماوەی نێوانیان سێ هەوارە، ئەو نووسیویە"عادالجواز (وەك خۆی) دەکەوێتە ماوەی دوو هەوار بۆ ڕۆژئاوای ئەرجیش... ئەخلاتیش دەکەوێتە ماوەی یەك هەوار بۆ ڕۆژئاوای عادالجواز..."[١٧٣].

ئەبوبەکر دیمەشقی لەو بەشەی کە نووسیویەتی و خراوەتە سەر دانە چاپکراوەکەی کتێبی"جیهان نوما"، زانیاریی وردی زیاتری لەبارەی ڕێگاوبانەکان نووسیوە، بۆ نموونە باسی ئەو ڕێگاوبانانە دەکەین کە لە کۆتایی باسکردنی ئەیالەتی دیاربەکردا نووسیویەتی، کە ئەمانەن[١٧٤]:

١– ڕێگای نێوان دیاربەکر و شاری حەلەب:

لە دیاربەکرەوە بۆ جانفزجایری، واتە مەرج جانفزا (دووکاتژمێر) ـ قزل دبە (چوار کاتژمێر– قۆجەتاغ(سێ کاتژمێر)–ئەلو(سێ کاتژمێر)– ئاجی کوز (سێ کاتژمێر)– عابدون (شەش کاتژمێر) ئەو ڕێگایە بەردەلانە و ئاوی ساردی لێیە– ڕووباری جلاب (چوار کاتژمێر)–رەها، واتە ئورفە (پێنج کاتژمێر)– ئۆج بیکار (حەوت کاتژمێر)– خان شەقەف، ناوی دیکەی بشدە بەیە لەو ڕێگایەدا کانیاوی جوان هەن، دیمەنی مەشهد بیکارە(سێ کاتژمێر) ئەوڕێگایانەش جوانن ئاوی ساردیان هەیە– بیرەجك نزیك فورات (پێنج کاتژمێر)– نیزیب (دوو کاتژمێر)– مەزار (دوو کاتژمێر)– تەل بەشار (سێ کاتژمێر)– عینتاب ئەو ڕێگایەش جوانە و دوو پرد دەبڕێت، یەکیان ناوی پردی تەل قارنام (شەش کاتژمێر)– مەرج دابق (سێ کاتژمێر) ئەو ڕێگایە تەختە و ڕووباری عینتابی پێدا دەڕوات، سوڵتان سەلیم

لەگەڵ غورییەکان[١٧٥] لەو بیابانەدا بەشەڕهات، لەچیاکەی بەرانبەر ئەو هەوارە (منزل)ی هەوارەکانی ڕێگا مەقامی داود پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لێیە، لە کلیس و عزاز – پردی سموق (سێ کاتژمێر) لەو هەوارەی هەوارەکانی ڕێگاکە، ئەو ڕووبارەی کە لە عینتابەوە دێت بەهۆی پردێکەوە لێی دەپەڕنەوە، ڕووبارەکەش لێرە قووڵەو ڕێگاکەشی بەردەڵانە– جبلان (دوو کاتژمێر) – لەوێشەوە بۆ حەلەب (سێ کاتژمێر).

٢– لە دیاربەکرەوە بۆ مووسڵ:

لە دیاربەکرەوە بۆ قەرەکوپرو (سێ کاتژمێر) و ڕووباری کوك سو لە ناوەڕاستی ڕێگاکەیە و کاروانسەرایەکیش (خانێکی)شی لێیە، کانیاوێك لە نزیکییەوە لە زەوییەکەوە لەچوار یان پێنج شوێن ئاوی لێ هەڵدەقوڵێت، ئەو ڕێگایەش جوانە– شهود بیکاری (سێ کاتژمێر) بۆ گەیشتنی بەو هەوارەی لەو هەوارانەی ڕێگاکە بە مادیدا تێپەڕ دەبێت، بەڵام تەسك نییە – شێخ زولی (سێ کاتژمێر) ئەو ڕێگایە چیا و دۆڵی لێیە– حەرزم (پێنج کاتژمێر)– قەرەدرە (پێنج کاتژمێر)–نوسەیبین (پێنج کاتژمێر) ئەو ڕێگایەش تەختەو بێ بەردە– ڕووباری جەراح (پێنج کاتژمێر) هەروەها شماخی (چوار کاتژمێر)، لە سێ چوار جێگاوە ئاوەکە بواری پەڕینەوەی هەیە لەو ڕێگایەدا– دلیکار (شەش کاتژمێر) و ڕێگای ڕووباری سەفوان بەردەڵانە و دۆڵەکانیش بەئاون– خابور (چوار کاتژمێر)، ئەو ڕێگایەش تەختە – کفرزمان (شەش کاتژمێر)، لە هەندا و کفرزماندا ڕووبارەکە بواری پەڕینەوە دەدات– ئەبو سەعید (سێ کاتژمێر)– دلفسمە، ناوەکەی دیکەی ئەبو شەعبە (پێنج کاتژمێر)، ڕێگاکەی دلڕفێنە و ئاوی پێدا دەڕوات، بەڵام بتاغی (؟) لێیە–ئەسکی مووسڵ (پێنج کاتژمێر)– فرەسەیدی (چوار کاتژمێر)– مال کەندی (سێ کاتژمێر) ڕێگایەکی دلڕفێنە– مووسڵ (سێ کاتژمێر).

٣– لە دیاربەکرەوە بۆ وان:

لە دیاربەکرەوە بۆ ئەربەچای (دوو کاتژمێر)– قەرە دبە (شەش کاتژمێر)– بەتمان سوی (باتمان و.ك) واتە ڕووباری بەتمان (پێنج کاتژمێر)– خەتو (هەشت کاتژمێر)– ئەوس قەرەنی (شەش کاتژمێر) – ئەشك مەیدانی (پێنج کاتژمێر) – کفندر (چوار کاتژمێر) لەو هەوارەدا بە کوناودەری "دەلکلوتاشدن" یان ڕێڕەوێکی

بەردەلأندا دەڕۆیت، دەلێن له ڕۆژگاری کۆن بەدرێـژی ٣٠ گـەز (زراع) و پـانی (١٠) گەز، بەرزی سێ بـەژنی مـرۆڤ دەبێـت، هەڵکەنـدراوە–بـەدلیس (پێـنج کاتـژمێر)– تـاتوان (پێـنج کاتـژمێر) – کـارموخ (پێـنج کاتـژمێر) – سـور (چـوار کاتـژمێر) – عادالجواز (شەش کاتژمێر) – کترەك (نۆ کاتـژمێر) – ئـەرجیش (سـێ کاتـژمێر)– قـەرەکوی (چـوار کاتـژمێر) – بەنـد مـاهی (چـوار کاتـژمێر) – جایکـل (پێـنج کاتـژمێر)– قاسـم ئۆغلۆچـایی، واتـە رووبـاری قاسـم ئۆغلـو (پێـنج کاتـژمێر)– لەوێشەوە بۆ "وان"(دوو کاتژمێر).

٤– لە دیاربەکرەوە بۆ مەلأتییە:

لە دیاربەکرەوە بۆ شلبە کوی (دوو کاتـژمێر)– ئەرغەنی(شـەش کاتـژمێر)– سوجق بیلاقی (پێنج کاتژمێر) لەو هـەوارەدا چـیای زۆر بـەرز دەبـڕی– بـەهرەمار (شەش کاتژمێر)– کول باشی (پێنج کاتژمێر) شاخی زۆر بەرزیش دەبڕی– گوندی مـالقوج ئەفەنـدی، ناوەکـەی دیکـەی قـەرەباغتك (شـەش کاتـژمێر) ڕێگاکـە لێـرە تەختـە و لەگـەڵ لێـواری رووبـاری فوراتـدا (شـەش کاتـژمێر)[١٧٦]، لێـرەوەش بـۆ مەلأتییە (حەوت کاتژمێر).

ڕێگایەکی دیکەش لە دیاربەکرەوە بۆ مەلأتییـە هەیـە، لـە دیاربـەکرەوە بـۆ بیابانی ئەرغەنی(دوازدە کاتژمێر)– قیزدرەسی، لێرەدا چـیای زۆر بـەرز دەبـڕی– گوندی خوخ خان – سنان پاشا– مەلأتییە.

لـە کتێبەکـەدا نموونـەی زۆری دیکـەی ڕێگاوبـان هـەن لـەنێوان مووسـڵ و ناوچەکانی ناو ئەیالەتی شەهرەزوور[١٧٧]، ئەمە سەرەڕای ڕێگاوبان لە ناوچـەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانیدا.

پوختە:

بەدڵنیاییەوە کاتب چەلەبی نووسەرێکی بەرزی عوسمانییەکانە، ئەگەر بەرزترینیان نەبێت، لە سەدەی یازدەیەمی کۆچی (حەڤدەیەمی زایینی، نازناوی"سیووتی عوسمانییەکان"یان لێناوە، ئەویش لەبەر ئەو دانراوانەی کە لە بیست کتێب و دانراو و نامە کە لە بابەتەکانی مێژوو و جوگرافیا و گەردووناسی و ژیاننامە و پێڕستکاریدا هەیەتی، ئەمە سەرەڕای دەستنیشانکردنی کەم و کورتییەکان لەناو دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا و پێشنیازکردنی چارەسەری پێویست بۆیان. هەر بەهۆی بایەخی ئەو دانراوانەیە، کە زۆربەیان لێ چاپ کراون و بۆ زمانێك پتریش وەرگێڕدراون، ئەوا کاتب چەلەبی ناوبانگێکی زۆری لە نێوەندە ئەکادیمییەکانی سەرتاسەری جیهاندا پەیدا کرد. لەگەڵ ئەوەی هەموو دانراوەکانی بایەخدارن، بەڵام دەکرێت بڵێین هەندێ لە دانراوە دیاریکراوەکانی دەوری گەورەیان لە ناساندنی کاتب چەلەبی بە رۆژئاواوە، هەبووە، کە هەرە دیارترینیان هەردوو کتێبی"كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون" و "جیهان نوما"ن، کتێبی دواییان، کە تەوەری ئەو لێکۆڵینەوەیە، لە چاپخانەی ئیبراهیم موتەفەریقە لە ئەستەنبوڵ ساڵی(١١٤٥ك/١٧٣٢ز) چاپ کراوە.

کاتب چەلەبی بایەخێکی زۆری بە جوگرافیا داوە، بەوپێیەی زانستێکە سەروکاری بەهێزی دەوڵەت و سەرکەوتنییەوە هەیە، بەری ئەو بایەخدانەشی دانانی کتێبی "جیهان نوما"یە بە پشتبەستن بە زۆر لە دانراوە جوگرافیا ئیسلامی، عەرەبی و فارسی و تورکییەکان، لەپاڵ زۆر لە دانراوە جوگرافیا ئەوروپاییە نوێیەکاندا. کاتب چەلەبی یەکەمین نووسەری عوسمانی نییە پەنا بۆ ئەو دانراوانەی رۆژئاواییەکان نوسیویانە و ئەو نەخشانەی جیهان کە کێشاویانە، بردووە، بەڵام یەکەمی ئەوانەیە کە بەرێگایەکی بابەتییانەی رێکوپێك ئەوەی کردووە، بۆیە بەمە کتێبەکەی سیفەتی پێشەنگی لە مێژووی ئەدەبی جوگرافی عوسمانی لەو لایەنەوە وەرگرتووە. جێی داخە تەمەنی کاتب چەلەبی ئەوەندە درێژ نەبوو پرۆژەکەی تەواو بکات، چونکە لە ساڵی (١٦٥٧ز) کۆچی دوایی کردووە، بۆیە ئیبراهیم موتەفەریقەی بڵاوکراوەی کتێبەکە ناچاربووە ناتەواوییەکانی تەواو بکات، ئەویش بەخستنەسەری ئەوەی کە جوگرافیاناسێکی

دیکەی عوسمانی ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقی کە لە ساڵی (١٦٩١ز) کۆچی دوایی کردووە، نووسیویەتی، بخاتە سەر دانە چاپکراوەکەی کتێبەکە، ئەوەی خراوەتە سەری دەوروبەری سێیەکی قەوارەی دانە چاپکراوەکە دەبێت، بۆیە هەق بوو بڵاوکەرەوەی کتێبەکە ناوی ئەبوبەکر دیمەشقیش بخاتە سەر بەرگی کتێبەکە، لە تەنیشت ناوی کاتب چەلەبی.

هەروەك پێشتر لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێکرا، بەشی هەرە گەورەی لەوەی تایبەتە بەکورد و کوردستان لە"جیهان نوما"دا دەکەوێتە ناو ئەو بەشەی کە خراوەتە سەر لە کتێبە چاپکراوەکەدا، واتە ئەوەی دیمەشقی نووسیویەتی، لەبەر ئەوەی کاتب چەلەبی بە ماوەیەك دوای دەستکردن بەنووسین لە بارەی هەرێمەکان، یان ئەیالەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی، مردووە، ئەوەی ئەو کاتە نووسیبووی تایبەت بوو تەنیا بە ئەیالەتی قارس و ئەخسخە"ئەیالەتی جلدەر" و "وان". بەپێی ئەوەی سەروکاری بە بابەتی ئەو توێژینەوەیەوە هەیە، ئەوا کەڵك لەو نووسینە وەرگیراوە کە کاتب چەلەبی لەبارەی کوردەوە لە هەردوو ئەیالەتی جلدەر و وان، لەو بەشەی کە تایبەتە بە وڵاتی چیا یان عێراقی عەجەم، نووسیویەتی، هەروەها کەڵك لەوەی ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقیش لەبارەی کوردەوە لە ئەیالەتەکانی دیکەی عوسمانییەوە نووسیویەتی، وەرگیراوە.

سەبارەت بەو زانیارییانەی لە کتێبەکەدا، لە بارەی کورد و کوردستانەوە نووسراوە، دەکرێت ئەو تێبینییانە بخەینەڕوو:

١- بەشێوەیەکی گشتی، کتێبەکە، سەرچاوەیەکی باشە بۆ ئەو زانیارییانەی لەبارەی کورد و کوردستانەوە لە چەندین لاوە سەروساختیان بە مێژووی سیاسی، کارگێڕی عوسمانی، وەسفی شار و شارۆچکە و قەڵاکان، کۆمەڵ و ئابووری، جوگرافیای کوردستان، ڕێگاوبانەکانییەوە هەیە.

٢- هەندێ جار کتێبەکە زانیاری نووسیوە بێ ئەوەی ئاماژە بە ڕێڕەوی ڕۆژگارەکە بکات. کاتب چەلەبی و ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقی پشتیان بە زۆر سەرچاوەی جوگرافیای ئیسلامی سەدەکانی پێش دانان و چاپکردنی کتێبی "جیهان نوما"، بەستووە، بەڵام لەزۆر باردا، بێ ئەوەی لە کاتی نووسینی ئەو زانیارییانە ئاماژەیان پێ بکات. بۆیە لێرەدا ئەو توێژەری پشت بەو کتێبە

دەبەستێت وەك سەرچاوە، دەبێ ئاگاداری ئەوە بێت، چونکە زۆربەی ئەو زانیارییانەی تێدا نووسراوە، تایبەت نییە بە سەردەمەکەوە.

٣- کتێبی"شەرەفنامە"ی میر شەرەفخانی بەدلیسی، سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو زانیارییانەیە کە لە کتێبی"جیهان نوما"دا لەبارەی کورد و کوردستانەوە گوتراون.

٤- وێڕای ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە جوگرافییە ئیسلامییەکانی پێشووەوە و لە کتێبی"شەرەفنامە"دا وەرگیراون، ئەوا زانیاریی باشیش لەو کتێبەدا لەبارەی کورد و کوردستانەوە لە هەوارەکانی یەکەمی سەردەمی عوسمانی، واتە هەردوو سەدەی شازدەم و حەڤدەیەمی زایینی، تایبەت لە بابەتی کارگێڕی عوسمانی لە کوردستان، ڕێگاوبانەکان، هەندێ زانیاریش لەبارەی مێژووی سیاسی، وەسفی شار و شارۆچکە کوردییەکان، کۆمەڵ، ئابووری کوردی، بەشێك لەو زانیارییانە لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکان و لە سەرچاوەی مێژووی عوسمانی وەرگیراون.

٥- وێڕای ئەوەی کاتب چەلەبی سەردانی عێراق و هەندێ ناوچەی لە ئەنادۆڵ کردووە، ئەویش لەو کاتەی کە بەشداری لە شاڵاوە سەربازییەکانی عوسمانی کردووە، گەڕان و سووڕانی ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقیش لە ناوچە جیاجیاکاندا ڕاستەوخۆ ئاگادار بوون یان لە بارودۆخی زۆر شار و شارۆچکە و دانیشتووانیان بەڵام ئێمە، ئەو ئاگادارییە ڕاستەوخۆیە بەئەندازەی ئەوەی سەروکاری بەکورد و کوردستانەوە هەیە کاریگەریی، لەو زانیارییانەی کە لەبارەی شار و شارۆچکە کوردییەکاندا، لە کتێبی"جیهان نوما"دا نووسراوە، هەست پێناکەین. چونکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە وەسفکردنیاندا جاروبار پشتی بەو زانیارییانە بەستووە، کە لە کتێبە جوگرافیاییە ئیسلامییە کلاسیکییەکان نووسراوە. سەبارەت بەو زانیارییانەی لەبارەی شاری هەولێرەوە نووسراوە، تایبەتن بە سەدەکانی پێشووی بەر لە دانان و چاپکردنی کتێبی"جیهان نوما"، نموونەیەکی چاکی ئەوەیە. ڕاستییەکەی ئەو زانیارییانەی لە بارەی شار و شارۆچکە کوردییەکان، بارودۆخی دانیشتووانیان نووسراوە، ناکرێت لەگەڵ ئەو زانیارییە تێروتەسەل و دەوڵەمەندەی لە کتێبی گەڕیدەیەکی عوسمانی هاوچەرخی

کاتب چەلەبی و ئەبوبەکر کوڕی بەهرامی دیمەشقی، مەبەستم کتێبی"سیاحەتنامە"ی گەڕیدەی بەناوبانگ ئەولیا چەلەبییە، بەراورد بکرێت.

٦- بێگومان سەرلەنوێ چاپکردنەوەی کتێبی"جیهان نوما" لەلایەن کۆمەڵەی جوگرافیایی مێژووی تورکیا، دەستپێشخەرییەکی زانستییە، شایانی ڕێزە، بەڵام وا باشتر بوو دوای ساخکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەلایەن ئەکادیمییەکان و پسپۆڕانی ئەو بوارەوە، ئینجا سەرلەنوێ چاپ بکرابایەوە، ئەوا کەڵکی بۆ توێژەر و خوێنەرانەی پەرۆشین گەورەتر دەبوو.

پەراوێزەکان

(1) George N.Vlahakis, Imperialism and Science: Social Impact and Interaction (Santa Barbara-2006)p.80.

(٢) مصطفى بن عبدالله القسطنطيني العثماني المعروف بكاتب جلبي وحاجي خليفة، سُلم الوصول إلى طبقات الفحول (استانبول – مركز الأبحاث للتاريخ والفنون والثقافة الإسلامية – ٢٠١٠) ج١، ص ١٢ من التقديم الذي كتبه أكمل الدين إحسان أوغلي.

(3) Islam Ansiklopedisi, cilt 5(Istanbul-1940) s.432 .

(٤) حاجي خليفة، فذلكة أقوال الأخيار في علم التاريخ والأخبار، حققه وقدم له الدكتور سيد محمد السيد (أنقرة – مؤسسة العالي أتاتورك للثقافة واللغات والتاريخ – ٢٠٠٩) ص ص ٢٤–٢٧ من الفصل الأول الذي كتبه المُحقّق عن كاتب جلبي؛

Gottfried Hagen, Katib Celebi 1609-1657, Available on Website: www.ottoman historians.com.

(5) Islam Ansiklopedisi, cilt 5, s.432.

(6)Mehmet Zeki Pakalin,Osmanli Tarih Deyimleri ve Terimleri Sozlugu (Istanbul-1993)s.709.

(٧) حاجي خليفة، فذلكة أقوال الأخيار، ص ص ٣١–٣٤؛ حاجي خليفة، سُلم الوصول، ج ١، ص ١٧.

(٨) حاجي خليفة، فذلكة أقوال الأخيار، ص٢٦؛Hagen,op.cit.

(9) Islam Ansiklopedisi, cilt 5, s.433.

(١٠) کاتب چەلەبی کوڕێکی تاقانەی هەبووە بە گەنجی بەر لە مردنی باوکی کۆچی دوایی کردووە، بەشێك لە کتێبخانەکەی کاتب چەلەبی لە ساڵی (١٠٦٩ك/ ١٦٥٩ز)، دوای کۆچی دوایی خێزانەکەی فرۆشراوە. لیفنوس وارنر کتێبی زۆری لێ کڕیوە ئێستاکە لە کتێبخانەی زانکۆی لیدن لە هۆڵەندا پارێزراون، کۆنە برادەرێکی کاتب چەلەبیش بە ناوی فشنی زادە محەمەد عززەتی کە لە (١٠٩٢ك/ ١٦٥٩ز مردووە) کۆمەڵێك کتێبی دیکەی ئەو کتێبخانەیەی کەوتووەتە دەست و لەویشەوە بووەتە هی جوگرافیناسی عوسمانی ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقی (لە ١١٠٢ك/

١٦٩١ز مردووە)، پاشان جوگرافیناسی عوسمانی ئیبراهیم موتەفەریقە (لە ١١٥٨ك/ ١٧٤٥ز مردووە) بووەتە خاوەنی هەر ئەویش لە ساڵی (١١٤٥ك/ ١٧٣٢ز) کتێبی "جیهان نوما"ی له چاپخانەکەی خۆی چاپ کردووە.

Hagen, op.cit., Christiane J.Gruber (ed.),The Islamic Manuscript Tradition (Indiana University Press-2010) p.219.

(١١) حاجي خليفة، فذلكة أقوال الأخيار، ص ٣٠.

(١٢) اغناطيوس يوليانوفتش كراتشكوفسكي، تاريخ الأدب الجغرافي العربي، ترجمة صلاح الدين عثمان هاشم (القاهرة– مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر– ١٩٦٥) ق٢، ص٦١٩؛ Hagen, op.cit.

(13) Hagen, op.cit.

(١٤) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کاتب چەلەبی و ڕا و بۆچوون و بیری بڕوانە: حاجي خليفة، فذلكة أقوال الأخيار، ص ص ٣٩–٤٦.

Islam Ansiklopedisi, cilt 5, pp. 434-436; Robert Dankoff, An Ottoman Mentality: The World of Evliya celebi (Lieden-Brill- 2004)pp.228-230.

(١٥) فيليب حتي وآخرون، تاريخ العرب (مطوّل)، الطبعة الثانية (بيروت–١٩٥٣) ج٣، ص ٨٧٣.

(١٦) كراتشكوفسكي، المصدر السابق، ص ٦٢٠؛ Hagen, op.cit

(١٧) بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دانراوەکانی کاتب چەلەبی بڕوانە: بروسەلی محەمەد طاهر، عثمانلى مؤلفلى (استانبول – مطبعة عامرة – ١٣٢٤هـ)، ج٣، ص ص ١٢٥–١٣١؛ حاجی خليفة، سُلّم الوصول، ص ص ١٩–٢٧،

Islam Ansiklopedisi, cilt 5, ss 436-438.

(18) Feray coskon, A Medieval Islamic Cosmography in an Ottoman Context: A Study of Mahmud El-Hatibs Translation of the Kharidat al-Ajaib, M.A.Thesis, Institute for Graduate Studies in the Social Sciences, Bogazici University, 2007, ss 52-53.

(١٩). كراتشكوفسكي، المصدر السابق، ص ٦٣٢؛
Gabor Agoston & Bruce Masters, Encyclopedia of the Ottoman Empire (New York-2009) p.310.

جێی ئاماژەیە سەرەتای بایەخدانی عوسمانییەکان بە ئەدەبی جوگرافیای ئەوروپایی و بە ئاگابوون لێی بۆ سەدەی پازدەیەمی زایینی دەگەڕێتەوە، سولتانی عوسمانی محەمەد ئەلفاتح (١٤٥١–١٤٨١ز) لە هەمووان پتر بایەخی بە قوتابخانەی جوگرافیای ڕۆژئاوا دەدا. لە سەدەی شازدەیەمی زاییندا سەرکردەی دەریاوانی عوسمانی بیری ریس (لە ١٥٥٤ز مردووە)، کەڵکی لەو نەخشانە وەرگرتووە کە ئەوروپاییەکان کێشابوویان، لە ئامادەکردنی نەخشەی یەکەم لەبارەی ئەمریکاوە (لە ساڵی ٩١٩ك/ ١٥١٣ز) ئەو نەخشەیەی جیهانیش کە مێژووی (٩٣٢ك/ ١٥٢٨ز) بەسەرەوەیە، هەروەها کەڵکیان لە سەرچاوە جوگرافیا عەرەبی و ڕۆژئاواییەکان وەرگرتووە بۆ دانانی ئەو کتێبەی بەناوی "کتابی بحریە"دا. کتێبێکی دیکەش هەیە باس لە دۆزینەوە جوگرافییە ئەوروپاییەکان دەکات و زانیاری لەبارەی جیهانی نوێ تێدایە و لە ساڵی (١٨٥٣) پێشکێشی بە سولتانی عوسمانی مورادی سێیەم (١٥٧٤– ١٥٩٢ز) کراوە، نازانرێت کێ دانەری کتێبەکەیە کە پشتی بە سەرچاوە جوگرافییەکانی ئەسپانیایی و پورتوگالی بەستووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: اكمل الدين احسان اوغلى "الحياة التعليمية والعلمية وادبيات العلوم عند العثمانيين" لە کتێبی، الدولة العثمانية: تأريخ وحضارة، إشراف وتقديم: اكمل الدين احسان اوغلى، ترجمة: صالح سعداوي (استانبول – ١٩٩٩)، ج٢، ص ص ٦٥١– ٦٥٣" محمد حرب، العثمانيون في التأريخ والحضارة (دمشق– ١٩٨٩) ص ص ٣٨٢– ٣٨٤؛

A.Afetinan, Life and Works of Piri Reis: The Oldest Map of America, trans. by L.Yolas & E.Ozmen (Ankara-1975) pp,9-117; Coskon,op.cit, pp.53-55.

(٢٠) محەمەد عاشق لە شاری ترابزوون لە دەوروبەری ساڵی (٩٦٢ك/ ١٥٥٥ز) لە دایک بووە، باوکی وانەبێژ بووە. محەمەد لە تەمەنی بیست ساڵیدا زێدی خۆی بەجێهێشتووە، گەڕان و سووڕانە درێژەکانی چەندین ساڵ درێژەی کێشا، بەزۆریش بە مەبەستی کۆکردنەوەی کەرەستەی پێویست بوو بۆ دانانی کتێبەکەی. لە

گەڕانەکانیدا تا شاری دەربەند چووە لە ساڵی (٩٩٠ك/ ١٥٨٢ز). لە دەستپێکی ساڵی (١٠٠٥ك/ ١٥٩٦ز) لە دیمەشق نیشتەجێ بووە و کتێبەکەی "مناظر العوالم" بە دوو ساڵ لەوێ تەواو کرد نزیکەی دووساڵ دوای ئەوە کۆچی دوایی کرد. لە ڕووی بابەتبەندییەوە نموونەیەکی باشی شێوازی کوزموگرافیایە کتێبەکانی وەسفی جیهان یان (پەیکەری گەردوون) کە لای ئەبو عەبدوڵلا زەکەریا ئەلقەزوینی (لە ٦٨٢ك/ ١٢٨٣ز مردووە). لە کتێبی "عجائب المخلوقات"، شەمسەدین ئەبی عەبدوڵلا محەمەد ئەلدیمەشقی (لە ٧٢٧ك/ ١٣٢٧ز مردووە) لە کتێبی "نخبة الدهر في عجائب البر والبحر"، مستەوفی ئەلقەزوینی لە (٧٥٠ك/ ١٣٤٩ز) مردووە خاوەنی کتێبی "تاريخ گزويده" "نزهة القلوب"، ناسراوە. محەمەد عاشق لە دانانی کتێبەکەی "مناظر العوالم"دا پشتی بە سەرچاوە کلاسیکییە عەرەبی و فارسییەکان، وێڕای بینینەکانی خۆی لە گەشتەکانیدا، بەستووە، بڕوانە:
کراتشکوفسکی، المصدر السابق، ص ٦١٥، Dankoff, op. cit. 227.

(٢١) کراتشکوفسکی، المصدر السابق، ص٦٢٩؛

K.N.Singh & M.Zaki Kirmani, Encyclopaedia of Islamic Science and Scientists (New Delhi- 2005) p.299.

(٢٢) ثريا فاروقي، الدولة العثمانية والعالم المحيط بها، ترجمة د. حاتم الطحاوي (بيروت –دار المدار الإسلامي– ٢٠٠٨) ص ٣٣١.

(23) The Encyclopaedia of Islam, new edition,vol. 1V(Leiden- Brill- 1986) p.761.

(24) Singh & Kirmani, op.cit,p.299.

(٢٥) كراتشكوفسكي، المصدر السابق، ص ٦٣٠.

(٢٦) كاتب جلبي، كتاب جهان نُما (أنقرة–٢٠٠٩) ص ص ١–٢.

(٢٧) كراتشكوفسكي، المصدر السابق، ص ٦٣٠.

(٢٨) فاروقي، المصدر السابق، ص ص ٣٣١–٣٣٢.

(٢٩) ئیبراهیم موتەفەریقە بەڕەچەڵەك مەجەرییە لە کاتێکی نێوان ساڵانی (١٦٧٠–١٦٧٤ز) لە دایك بووە لە یەکێك لە شەڕەکاندا، بە دیلی کەوتە دەست هێزەکانی عوسمانی بەوردی نازاندرێت کەی بۆتە موسڵمان یان چۆن ڕۆشنبیریی ئیسلامی

بەرایی پەیداکردووە. دواتر لە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بووە لەگەڵ ئەوانەی بە موتەفەریقە ناسراون، ئەوەش ناوێکە بە هەندێ لەوانە گوتراوە، کە لە خزمەت وەزیرەکان و ئەوانەی کە لە دەرباری عوسمانی کاریان دەکرد. دەوڵەتی عوسمانی زۆر ئەرکی دیپلۆماسی لە دەرەوە پێسپاردووە، بەڵام ناوبانگەکەی لەوەوە سەری هەڵدا کاتێ یەکەمین چاپخانەی لە جیهانی ئیسلامیدا دامەزراند و بەڕێوەی برد، ئەویش "چاپخانەی ئیبراهیم موتەفەریقەیە" کە هەر لە دامەزراندنییەوە لە ساڵی (١٧٢٨ز) تا کۆچی دوایی لە ساڵی (١٧٤٥)، بەڕێوەی بردووە و سەرپەرشتی کردووە. بڕوانە: خالد زیادة "اكتشاف التقدم الاوربي": دراسة في المؤثرات الاوروبية على العثمانيين في القرن الثامن عشر (بيروت، ص ص ٣٧–٣٨، ١٩١٨).

(٣٠) کاتب چەلەبی، جیهان نما، ص٤٢٢. لێرەدا جێی ئاماژەیە، بابەتی دیکە لە کتێبەکەدا هەیە کە ئەبوبەکر دیمەشقی نووسیویەتی و خراوەتە سەری، بۆ نموونە لە کۆتایی، باسی گورجستان، واتە جۆرجیا، لەلاپەڕە (٤٠٧)دا، تێبینییەك دەخوێنینەوە، کەوا ئەبوبەکری کوڕی بەهرامی دیمەشقی هەندێ دەستەواژەی لەو بابەتەدا خستۆتە سەر.

(٣١) كراتشكوفسكي، المصدر السابق، ص ٦٤٦.

(٣٢) إحسان أوغلي، المصدر السابق، ص ٦٥٨.

(٣٣) كراتشكوفسكي، المصدر السابق، ص ٦٤٦؛Vlahakis, op.cit,pp.81-82.
Sing & Kirmani, op.cit,p.300 کەچی کتێبی " جیهان نوما" بە دەستەواژەی "وەرگێڕی جوگرافیای گەورە" ئاماژەی پێکردووە، بڕوانە: كاتب جلبي، المصدر السابق، ص ٤٢٢.

(٣٤) إسماعيل باشا البغدادي، هدية العارفين أسماء المؤلفين وآثار المُصَنفين، ج١ (استانبول–١٩٥١) ص ٢٤٠.

(٣٥) بۆ وردەکاریی پتر سەبارەت بە سەرچاوە پشت پێبەستراوەکان لە دانانی کتێبەکەدا بڕوانە، کاتب جلبی، جیهان نما، ص ص ٨–١٤.

(٣٦) المصدر نفسه، ص ٣٠٢.

(٣٧) المصدر نفسه، ص ٤٤٩.

(٣٨) المير شرف خان البدليسي، شرفنامه، ترجمة محمد جميل الملا احمد الروزبياني، الطبعة الثانية (بيروت– ٢٠٠١) ص ٥٠.

(٣٩) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە، کاتب جلبی، جهان نما، ص ص ٤٥٠–٤٥١ ؛
Hamd-Allah Mustawfi of Qazwin, Nuzhat Al-Qulub, trans.by G.Le Strange (Leiden- Brill – 1919) pp.105-107.

(٤٠) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤١١.

(٤١) المصدر نفسه، ص ٤٥٠.

(٤٢) سەبارەت بەو دوو میرنشینە، بڕوانە: شرف خان البدليسى، المصدر السابق، ص ص ١٢٨–١٧٢ ؛
The Encyclopaedia of Islam, new edition, vol, v (Leiden- Brill-1986) pp.827-829.

(٤٣) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە لە، شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ١٢٨– ١٤٣؛ كاتب جلبي، جهان نُما، ص٢٨٧.

(٤٤) شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ١٦٢.

(٤٥) المصدر نفسه، ص ص ١٤٣–١٧١؛ كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٢٨٧–٢٨٨.

(٤٦) حسين محمد القهواتي، العراق بين الإحتلالين العثمانيين الأول والثاني ١٥٣٤– ١٦٣٨م: دراسة في الأحوال السياسية والاقتصادية، رسالة ماجستير، كلية الآداب – جامعة بغداد، ١٩٧٥، ص ١٩٩.

(٤٧) كاتب جلبي، جهان نُما، ٢٨٧؛ Encyclopaedia of Islam,vol,v,p.828.

(٤٨) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤١٣–٤١٤.

(٤٩) عوسمانییەکان شێوازی ئەقتاعی سەربازییان لە زۆر لە ئەیالەتی دەوڵەت جێبەجێ دەکرد. بە گوێرەی ئەو شێوازە داهاتی گوندەکان یان ناوچەیەکی دیاریکراو بۆ خاوەنی ئەقتاعییەکان تەرخان دەکرا، لە بەرانبەر پابەندبوونیان بە پێشکێشکردنی خزمەتی سەربازی کە بریتی بوو لە ئامادەکردنی سوارەی شەڕڤان (سباهیە) لە کاتی شەڕدا، کە لەگەڵ داهاتی ئەقتاعەکە بگونجێت. داهاتی ئەقتاعی جۆری "تیمار" لە نێوان (٢٠٠٠ و ١٩٩٩) ئاقچە (= درهەمی زیو)ی عوسمانی بووە. هەرچی داهاتی ئەقتاعی جۆری "زەعامەت"ە لە نێوان(٢٠٠٠٠و ٩٩٩٩٩) ئاقچە

بووه، ئەو ئەقتاعانەی داهاتیان لە (١٠٠٠٠) ئاقچە زیاتر بووه پێیان دەگوت "خاص"، ئەوەی دواییان بۆ والی و گەورە پیاوانی دەوڵەت تەرخان دەکرا و داهاتەکەشی لە (١٠٠٠٠٠) ئاقچە تێدەپەڕی. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: هاملتون جب و هارولد بوون، المجتمع الاسلامي والغرب، ترجمة: د. احمد عبدالرحیم مصطفى (القاهرة– ١٩٧١)، ج١، ص ص ٦٧–٧٧.

(٥٠) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٣٩.

(٥١) شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ص ٣٣٤–٣٤٢.

(٥٢) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٤٥–٤٤٦.

(٥٣) بۆ زانیاریی پتر، بڕوانە: فاضل بيات، الدولة العثمانية في المجال العربي: دراسة تأريخية في الاوضاع الأدارية في ضوء الوثائق والمصادر العثمانية حصراً (بيروت– ٢٠٠٧)، ص ص ٣٥٢–٣٥٣.

(٥٤) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٥٧، وللمزيد بخصوص تلك المعاهدة يُنظر، علي شاكر علي، تاريخ العراق في العهد العثماني ١٦٣٨–١٧٥٠: دراسة في أحواله السياسية (نينوى – ١٩٨٤) ص ص ٧٦–٨٢.

(٥٥) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٢١، ٤٤٩.

(٥٦) شرفخان البدليسي، المصدر السابق، ص ٢٤٣.

(٥٧) لمزيد من التفاصيل عن إدارة السناجق العثمانية، وعلى وجه الخصوص السناجق الكردية، يُنظر، بيات، المصدر السابق، ص ص ٨١–١٠٣؛

Orhan Kilic, " Yurtluk – Ocaklik ve Hukumet Sancaklar Uzerinde Bazi Tespitler " OTAM, Sayi, 10 (Ankara – 1999) PP. 119 – 137, Orhan Kilic, " Van Eyaletine Bagli Sancaklar ve Idari Statuleri 1558 – 1740", Osmanli Arastirmalari, xxi,(Istanbul – 2001)pp. 189 – 210, Orhan Kilic, "Ocaklik Sancaklarinin Osmanli Hukukunda ve Idari Tatbikattaki Yeri ", Firat Universitesi Sosyal Bilimler Dergisi, cilt 11,sayi. 1, Ocak – 2001, pp. 257 – 274, Hakan Ozoglu, Kurdish Notables and the Ottoman State: Evolving Identities, Competing Loyalities and Shifting Boundaries(New York – 2004) pp.53 – 59

(٥٨) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤١١.

(٥٩) بڕوانە خشتەی دابەشبوونی کارگێڕی سنجقەکانی ئوجاقلق و حکومات لە:
Kilic, Ocaklik Sancaklarinin…s.262.

(٦٠) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤١٩، ٤٢١.

(٦١) المصدر نفسه، ص ٤١٧.

(٦٢) بۆ زانیاریی پتر بڕوانە:
Mehmet Inbasi, " XVIII. Yuzyilin Ikinci Yarisinda Cildir Eyaleti ve Idarecileri ", A.U, Sosyal Bilimler Dergisi, cilt VII,Sayi, I, Erzrum, 2006, ss, 77 – 82.

(٦٣) جب و بوون، المصدر السابق، ص ٢٣٠.

(٦٤) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٠٧–٤٠٨.

(٦٥) زرار صدیق توفیق، کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا ١٦–٦٥٦هـ/٦٣٧–١٢٥٨ ز، چاپی دووەم (هەولێر –چاپخانەی ڕۆژهەڵات –٢٠١٢) ل ل١٤٢ – ١٥٥.
V.Minorsky, Studies in Caucasian History (London-Cambridge Uiversity press-1953) pp.1-105; Thomas de Wall, The Caucasus: An Introduction (Oxford – Oxford University Press – 2010) p.17.

(٦٦) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤١٦، ٤٢٠، ٤٢٢، ٤٥٧.

(٦٧) المصدر نفسه، ص ص ٤٢٥ –٤٢٦.

(٦٨) المصدر نفسه، ص ٤٢٢.

(٦٩) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە لە، المصدر نفسه، ص ٤٣٦؛ رحلة أوليا جلبي في كوردستان عام ١٠٦٥هـ/١٦٥٥م، ترجمة رشيد فندي (دهوك –مطبعة خاني – ٢٠٠٨) ص ص ٤٠–٤١.

(٧٠) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٤٥.

(٧١) بيات، المصدر السابق ن ص ٣٦٩.

(72) Ilhan Sahin, " Timar Sistemi Hakkinda Bir Risale ", Istanbul Universitesi Edebiyat Facultesi, Tarih Dergisi,Sayi, XXXII, 1979, s,919.

(٧٣) بيات، المصدر السابق، ص ٣٦٨.

(٧٤) بۆ زانیاریی پتر لە بارەی شێوازەکانی بەڕێوەبردنی سەنجقەکانی ئەیالەتی شەهرەزوور بڕوانە، المصدر نفسه، ص ص ٣٦٠- ٣٧٥.

(٧٥) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٥٧، ٤٦٦.

(٧٦) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە لە، المصدر نفسه، ص ٤٣٣؛ بيات، المصدر السابق، ص ٣٨٨.

(٧٧) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٣٣-٤٣٥.

(٧٨) المصدر نفسه، ص ٤٤٠.

(٧٩) المصدر نفسه، ص ٤١٩.

(٨٠) المصدر نفسه، ٤١٩.

(٨١) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە لە، المصدر نفسه، ص ص ٤٦٦-٤٦٧، شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ٢٥٧.

(٨٢) بارەگای سەرەکی هێزەکانی ئینکشاری لە ئەستەنبۆڵی پایتەخت بوو، بە گوێرەی ئەو پێڕەوەی لە دەوڵەتی عوسمانی کاری پێدەکرا، یەکەکانی سوپای ئینکشاری بە شێوەیەکی دەوری بۆ خزمەتکردن دەنێردرانە دەرەوەی پایتەخت لە ئەیالەتە جۆراوجۆرەکانی ئەو دەوڵەتە. ماوەی خزمەتی دەوری بە سێ ساڵ دیاری کرابوو، پاشان یەکەی نوێ دەنێردران شوێنی هێزەکانی پێشوویان دەگرتەوە، ئەوانیش دەگەڕانەوە سەربازخانەکانیان لە ئەستەنبۆڵی پایتەخت، بۆ زانیاریی پتر سەبارەت بە خزمەتی دەوری هێزەکانی ئینکشاری بڕوانە: خليل علي مراد، تأريخ العراق الأداري والأقتصادي في العهد العثماني الثاني (١٦٣٨- ١٧٥٠م)، رسالة ماجستير- كلية الأداب – جامعة بغداد، ١٩٧٥، ص ص ١٣٢- ١٣٩.

(٨٣) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤١١.

(٨٤) المصدر نفسه، ص ٤١٦.

(٨٥) المصدر نفسه، ص٤١٦.

(٨٦) لە سەرەتاوە بەگلەربەگییەکان، واتە والی ئەیالەتەکان ئەقتاعاتی سەربازییان دەبەخشی، کاتێك ئەقتاعەکەیان دەبەخشی والی بڕوانامە یان بەڵگەنامەیەکی تایبەتی دەدایە خاوەن ئەقتاعەکە پێیان دەگوت "بەراءت". بەڵام حکومەتی

ناوەندی ئەو مافەی بە شێوەیەك لە ساڵی (١٥٣٠ز) لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی وەرگرتەوە، لەو دەمەوە دەوڵەت مافی دەرکردنی "بەرائەتەکان"ی بۆ خۆی هێشتەوە، بێجگە لەوەی کە سەروساختی بە تیمارە بچووکەکانەوە هەبوو، والییەکان پاڵێوراوی یەکێك لەو ئەقتاعانەی لەو جۆرە یادداشت یان نامەیەکی ڕاسپاردەیان پێدەدا، پێیان دەگوت "تەزکیرە". پێشکێشی نووسینگەی تایبەتی دەکرا لە پایتەخت، ئەویش بەرائەتی دەدایە پاڵێوراوەکە، ئەگەر بیزانیبا مافی ئەو پێ بەخشینەی هەیە. لەسەر ئەو بنەمایە لەو دەمەوە دوو جۆر تیمار پەیدا بوون، جۆری یەکەمی تیمار پێویستی بە وەرگرتنی "تەزکیرە" هەبوو لە والی و بە "تزکرەلی تیمار" ناسراوە، جۆری دووەمیانیش پێویستی بەو تەزکیرە نەبوو بە "تذکرەسز تیمار" ناسرا بوو. بڕوانە: جب و بوون، المصدر السابق، ج١، ص٧٢.

(٨٧) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٢٢.

(٨٨) مەولەوییە پلەیەکی دادوەرییە لە دەوڵەتی عوسمانی، ئەوانەی دەگرێتەوە کە پایە بەرزەکانی دادوەری مەڵبەندەکانی ئەیالەت و سەنجەقەکانی دەگرتەوە. دادوەرەکانی مەولەوی چوار پلە بوون بەپێی مەڵبەندە دادوەرییەکان و خوێندنی زانستییان. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: مراد، المصدر السابق، ص ص ٢٢٥–٢٢٧.

(٨٩) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٢٢.

(٩٠) المصدر نفسه، ص ٤٢٣.

(٩١) وشەی "قلیج" لە زمانی تورکیدا واتە شیر، بەڵام لێرە مانەی ئەو ئەقتاعەیە کە دەدرێتە گەورە فەرماندە و ئەفسەران و سەربازان، ئینجا ئەگەر خاوەنی هەر ئەقتاعێك زەوییەکی زیادەی وەك ڕێزلێنان یان لەبەر هەر هۆیەکی دیکە بێت ئەوا ئەو زیادەیە پێی دەڵێن "ترّقی". بڕوانە: جب و بوون، المصدر السابق، ج١، ص٧١.

(٩٢) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٣٦.

(٩٣) المصدر نفسه، ص ٤٥٧.

(94)Sahin, op.cit, s 920.

(95) Mesut Elibuyuk," Tarihi Cografya Bakimindan Bir Kaynak: Cihannuma ",Cografi Bilimler Dergisi,cilt 7,sayi 2, 2009 (Ankara

Universitesi), s.104.

(96) Ibid, p. 108.

(٩٧) کاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤١٧.

(٩٨) ئەو شالاوەی سولتان سلێمانی قانوونی لە دژی دەوڵەتی سەفەوی لە ساڵی (١٥٣٤ز)، کە بووە هۆی دەست بەسەرداگرتنی عوسمانییەکان بەسەر بەغدا و ناوەڕاستی عێراق، بە شالاوی عێراقییەکان "عراقين سفري"، ئەویش لەبەر عێراقی عەرەبی (= ناوەڕاست و باشووری عێراق) و عێراقی عەجەمی (= ناوچەکانی ڕۆژئاوای ناوەڕاست لە ئێران)، ناسراوە.

(٩٩) کاتب چلبی، جیهان نُما، ص ص ٤١١– ٤١٢. ئەوەی لەو بڕگەیەی کتێبەکەدا تێبینی دەکەین کاتب چەلەبی ناوی "گوڵی ئەرجیش"ی بەکارهێناوە، ئەوەش بە کاریگەریی سەرچاوە ئیسلامییەکان کە ناوی "گوڵی ئەرجیش" یان "گوڵی ئەخلات" یان بە گوڵی وان گوتووە، چونکە ئەو دوو شارە کەوتوونەتە سەر ئەو گۆڵە، کەچی زۆر لە سەرچاوە عوسمانییەکان لە هەردوو سەدەی شازدەیەم و حەڤدەیەمی زایینی ناوی "گۆڵی وان"یان بەکارهێناوە. بەڵام لە سەدەی هەژدەیەمی زایینییەوە بەکارهێنانی ئەو ناوەی دواییان لە بەڵگەنامە و سەرچاوە عوسمانییەکاندا بووەتە باو. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە:

Serdar Genc, " XVIII Yuzyilin Ilk Yarisindaki Sark Seferlerinde Van Golunde Ulasim ",CIEPO, Uluslararasi Osmanli Oncesi ve Osmanli Tarihi Arastirmalari, 6 Ara Donem Sempozyum Bilimler, 14-16 Nisan 2011 (Izmir -2011) cilt. III, ss 1405-1406 .

(١٠٠) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە لە: المصدر نفسه، ص ص ٤١٣–٤١٤، شرف خان البدليسی، المصدر السابق، ص ص ٥٧٠–٥٨٦.

(١٠١) بڕوانە بەراوردی نێوان، کاتب چەلەبی، جیهان نُما، ص ص ٤١٢–٤١٦،٤١٣، شرف خان البدليسی، ص ص ٥٧٠– ٥٩٥، بکە.

(١٠٢) کاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٢١؛ شرف خان البدليسي، المصدر السابق، صص ٣٧٩–٣٨٠.

(١٠٣) زاراوەی "عەمارەت" له دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ ناسینەوەی ئەو دامودەزگا یان شوێنە خێرخوازییانە بەکارهاتووە، کە خواردن (خۆراك) دەدەنە هەژار و نەداران، ئەوەش لە زۆر شاری عوسمانیدا هەن، خەرجییەکانیشی لەو وەقفەی بۆی تەرخان کراوە دابین دەکرێت، بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە:

Nina Ergin & Others, Feeding People Feeding Power: Imarets in the Ottoman Empire (Istanbul- Eren Yayinevi -2007.

(١٠٤) کاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٣٦.

(١٠٥) المصدر نفسه، ص ٤٤٦: دەکرێت هەمان وەسفی شاری هەولێر لە سەرچاوە جوگرافی و وڵاتناسە موسڵمانەکان بەر لە چەندین سەدە لە دانانی کتێبی "جیهان نوما"دا بخوێنینەوە. بۆ نموونە بڕوانە: عمادالدين اسماعيل بن محمد المعروف بأبي الفداء(ت ٧٣٢هـ/ ١٣٣١م)، تقويم البلدان، (بيروت – دار صادر – د.ت)، ص٤١٣.

(١٠٦) کاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٤٦–٤٤٧.

(١٠٧) المصدر نفسه، ص ٤١٢.

(١٠٨) المصدر نفسه، ص ص ٤١٥–٤١٦.

(١٠٩) المصدر نفسه، ص ٤٢٥.

(١١٠) المصدر نفسه، ص ٤٤٨.

(١١١) المصدر نفسه، ص ٤٤٨.

(١١٢) المصدر نفسه، ص ٤٦٥.

(١١٣) بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی ئەو زانیارییەی کتێبی "جیهان نوما" لەگەڵ ئەوەی لە کتێبی "معجم البلدان"ی یاقوت حەمەوی بکەین، دەبینین وەك یەکن، جگە لەوەی کە کتێبی یەکەم دەڵێت "لیوایەکە لە وڵاتی هەکاری"، کەچی حەمەوی دەڵێت: "قەڵایەکی سەختە سەر بە مووسڵە....."، بڕوانە: المصدر نفسه، ص٤٣٢، شهاب الدين أبي عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموي (ت ٦٢٦هـ/ ١٢٢٩–١٢٣٠م)، معجم البلدان (بيروت– دار صادر– الطبعة الثانية– ١٩٩٥)، ج٥، ص٤٠٣.

(١١٤) کاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٣٩.

(١١٥) المصدر نفسه، ص ٤٤٨. لێرە مەبەست لە ولایەتی هەریر حکومەت یان میرنشینیی سۆرانە، کتێبەکە ئەو زاراوەی دواییان لە شوێنێکی دیکەش

بەکاردەهێنێت. بڕوانە: المصدر نفسه، ص ٤١٩. جێی گوتنە بەکارهێنانی زاراوەی ولایەت یان ئەیالەت وەك نیشانە بۆ میرنشینە کوردییەکان لە زۆر لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی عوسمانیشدا دێت. المصدر السابق، ص ٩٠.

(١١٦) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٤٨.

(١١٧) المصدر نفسه، ص ٤٦٦.

(١١٨) المصدر نفسه، ص ٤٤٤.

(١١٩) المصدر نفسه، ص ص ٤٤٩–٤٥٠؛ شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ص ٤٧–٦٠.

(١٢٠) كاتب جلبي، المصدر السابق، ص ٤١٦، جێی ئاماژەیە کاتب چەلەبی نووسیویە ئەو ژمارەیە لە "دەفتری خاقانی"دا هاتووە، ئەو ناوە بەو تۆمارانە دەگوترێت کە ئەنجامەکانی کرداری کێوماڵی ئەیالەتەکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها بە دەفتەری نووسینیش "تحرير دفتری"و "دەفتەرەکانی تاپۆش ناسراوە. ئەو تۆمارانە بە زۆری ناو و ژمارەی کوڕە بالق بووەکان تۆمار دەکات، ئەو کارانەی کێوماڵکردن پاش ماوەیەك بەڕێوە دەچێت، کاتێ هەر ناوچەیەك ڕاستەوخۆ کەوتە بەر حوکمی عوسمانییەکان، بەپێی قانوون دەبێ ئەو کارە هەر ٣٠ ساڵێك دووبارە بکرێتەوە، بەڵام هەندێ جاریش کە سوڵتانی نوێ حوکمی دەگرتە دەست یان کە بارودۆخ پێویستی بکردبایە، بەڕێوە دەچوو. بۆ زانیاریی پتر بڕوانە: نجاتي أقطاش و عصمت بينارق، الارشيف العثماني: فهرس شامل لوثائق الدولة العثمانية المحفوظة بدار الوثائق التابعة لرئاسة الوزراء بأستانبول، ترجمة: صالح سعداوي صالح (عمان – ١٤٠٦هـ/ ١٩٨٦م)، ص ص ٣٢٩–٣٣٥. بە گوێرەی پێڕستی تۆماری کێوماڵ کە لەو کتێبەدا هاتووە یەك دەفتەر لە بارەی موشەوە هەیە ژمارەکەی (٧٣٠)، بەڵام تۆمارەکە مێژووی بەسەرەوە نییە (بڕوانە: لاپەڕەکانی ٣٦٠ و ٣٨٤ ی کتێبەکە).

(١٢١) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٦٧؛ شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص٢٥٧.

(١٢٢) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤١٢–٤١٤، ٤٦٧.

(١٢٣) المصدر نفسه، ص ص ٤٢٥–٤٢٦.

(١٢٤) المصدر نفسه، ص ٤٣٥.

(١٢٥) المصدر نفسه، ص٤٣٨.؛ شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ٣١٠.

(١٢٦) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٤٠.؛ شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ص ٢٧٣-٢٧٤، ٣٠٥.

(١٢٧) بڕوانه و بەراوردی نێوانیان بكه له، كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٦٧.؛ شرف خان البدليسي، المصدر السابق، ص ص٢٥٤-٢٥٧.

(١٢٨) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٤٥.

(١٢٩) المصدر نفسه، ص ٤٤٥.

(١٣٠) المصدر نفسه، ص ٤٤٨.

(١٣١) المصدر نفسه، ص ٤١٤.

(١٣٢) المصدر نفسه، ص ٤٣٧.

(١٣٣) المصدر نفسه، ص ص ٤٢١، ٤٦٧.

(١٣٤) بڕوانه و بەراوردی نێوانیان بكه لـه، المصدر نفسه، ص ٤١٨.؛ أبي القاسم بن حوقل النصيبي، كتاب صورة الأرض (بيروت — دار مكتبة الحياة — ١٩٩٢) ص ٢٩٤.

(١٣٥) كاتب چەلەبی نووسیویه ئەو "مافی دیوانی"یەی كه له ئـەرجیش دەستكەوتووە ٧٤٠٠٠ دینار بووە. كەچی مستەوفی قەزوینی نووسیویه گەیشتووەته ٨٠٠٠٠ دینار، سەبارەت به شاری موش كاتب چەلەبی نووسیویه ٦٩٠٠٠ دینار بووە. لای قەزوینی ٦٩٥٠٠ دینـارە، سـەبارەت بـه شارۆچـكەی دارمـوكیش كاتـب چـەلەبی نووسـیویه ١٣٠٠٠ دینارە، كەچی قەزوینی نووسیویه ١٦٦٠٠ دینارە، سەبارەت به شارۆچـكەی عەینیش كاتب چـەلەبی نووسـیویه مـافی دیوانییەكـەی گەیشـتووەته ٤٣٠٠ دینـار، هەرچی قەزوینییه نووسیویه ١٥٠٠٠ دینارە، بڕوانه و بـەراوردی نێوانیـان لـه كاتـب جلبی جیهان نُما، ص ص ٤١٢، ٤١٦- ٤١٨.

Mustawfi of Qazwin, op.cit,pp.100-101, 105.

(١٣٦) كاتب جلبی، جیهـان نُمـا، ص٤١٦. نـازانین كاتـب چـەلەبی مەبەسـتی لـه دینـار چییه، چونكه هیچ دراوێكی عوسمـانی بـەو نـاوەوە نییـە، ڕەنگـە مەبەسـت ١٥٠٠٠ كاشی زێڕی عوسمانی بێت.

(١٣٧) المصدر نفسه، ص ٤١٢.

(١٣٨) المصدر نفسه، ص ٤١٢.

(١٣٩) المصدر نفسه، ص ٤١٤.

(١٤٠) المصدر نفسه، ص ٤٢٤.

(١٤١) المصدر نفسه، ص ٤٣٧.

(١٤٢) المصدر نفسه، ص ٤٣٧.

(١٤٣) المصدر نفسه، ص ٤٣٩.

(١٤٤) المصدر نفسه، ص ٤٣٨.

(١٤٥) المصدر نفسه، ص ٤٣٨.

(١٤٦) المصدر نفسه، ص ٤٣٧.

(١٤٧) المصدر نفسه، ص ٤٢٠.

(١٤٨) المصدر نفسه، ص ٤١٦.

(١٤٩) المصدر نفسه، ص ٤١٦.

(١٥٠) المصدر نفسه، ص ٤١٣.

(١٥١) المصدر نفسه، ص ٤٣٨.

(١٥٢) المصدر نفسه، ص ٤٣٥.

(١٥٣) المصدر نفسه، ص ٤١٢.

(١٥٤) المصدر نفسه، ص ٤٢٣.

(١٥٥) المصدر نفسه، ص ٤٢٤.

(١٥٦) المصدر نفسه، ص ٤١٦.

(١٥٧) المصدر نفسه، ص ٤٢٣.

(١٥٨) المصدر نفسه، ص ٤٢٦.

(١٥٩) ش. سامي، قاموس تركي (در سعادت — ١٣١٧هـ) ص ١٢٢٠.

(١٦٠) كاتب جلبی، جیهان نُما، ص ٤١٢. ئەو زانیارییانەی كاتب چەلەبی لێرە نووسیویەتی دووپاتی ئەوەیە كە لە دانراوە جوگرافییە ئیسلامییەكانی پێشوو نووسراوە، بۆ نموونە بڕوانە: إبن حوقل، المصدر السابق، ص ٢٩٧، الحموي، المصدر السابق، ج٢، ص ٣٨١.

(١٦١) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤٢٥.

(١٦٢) المصدر نفسه، ص ٤٤١.

(١٦٣) المصدر نفسه، ص ٤٤١.

(١٦٤) لەو ئەوروپاییيانە كلوديوس جيمس ريچی جێنشينی سياسی بەريتانيایی لە بەغدا، كە لە گەشتەكەيدا بۆ كوردستان لە (١٨٢٠ن) گوتوويە: "گەزۆ لەسەر داری بەڕوو دروست دەبێت، دەڵێن زۆر داری ديكەش بەرهەمی دەهێنن، بەڵام بە ئەندازەيەكی زۆر نا و لە جۆرە باشەكەش نييە. كۆكردنەوەی گەزۆيەكە بە كۆكردنەوەی گەڵای دارەكان دەبێت و وشك دەكرێتەوە و بە نەرمی داتەكێندرێت بۆ ئەوەی بكەوێتە سەر ئەو قوماشەی راخراوە، بەو جۆرە دەنێردرێتە بازاڕەكان بە بارستايی تێكەڵاو لەگەڵ زۆر لەو گەڵا وەريوانەی كە دوای كوڵاندنی پاك دەكرێتەوە........". هەروەها جيمس برانتيش لە گەشتەكەيدا بۆ كوردستان لە ١٨٣٨ز وەسفێكی وەك ئەوەی ريچ نووسيوە، نووسيويەتی، بڕوانە: كلوديوس جيمس ريج، رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠، ترجمة بهاء الدين نوري، (بغداد، مطبعة السكك الحديدية – ١٩٥١)، ص ٩٩، جيمس برانت، رحلة المستر جيمس برانت الى المنطقة الكوردية عام ١٨٣٨، ترجمة: حسين احمد الجاف، بغداد– مطبعة الجاحظ– ١٩٨٩)، ص ٣٨.

(١٦٥) بۆ نموونە بڕوانە: ل ل ٤٢٤– ٤٢٧ ی كتێبی "جيهان نوما" سەبارەت بە سامانی ئاوی لە هەكاری. ل ل ٤٢٤– ٤٢٧ سەبارەت بە ڕووبارەكان لە ئەيالەتی ئەرزەڕۆم، وەك ڕووباری جوراق، ڕووباری موراد، ڕووباری مەلازگرد، سەرەڕای زانياری لە بارەی ڕێڕەوی ڕووباری فورات، ل ٤٤١ لە بارەی وەسفی چيای كارە، كە كاتب چەلەبی ئاوا وەسفی دەكات كە مەزنترين چيای كوردستانە.

(١٦٦) بۆ نموونە بڕوانە: ئەوەی لە كتێبی "جيهان نوما". (ل ٤١٢)دا نووسراوە، لە "تقويم البلدان" (ل ٣٩٠) سەبارەت بە وەسفی گۆڵی ئەرجيش، واتە گۆڵی وان.

(١٦٧) لەوانە هەر بۆ نموونە پشت بەستنی ئەبوبەكری ديمەشقی لە وەسفی ڕێگای نێوان بەغدا و ئەسەد ئاوا لە ئێران، بەو نووسينەی مستەوفی قەزوينی لە "نزهة القلوب"دا. بڕوانە: كاتب جلبي، جيهان نُما، ص ٤٧٠.

Mustawfi of Qazwin, op.cit,pp.161-162 .

(168) Elibuyuk, op.cit, p.95.

(١٦٩). هەر بۆ نموونە بڕوانە پێوانەی وێنەکە لە نەخشەی کەنداوی بندوقییە و ئەو شوێنانەی کەوتوونەتە سەر کەنارەکانی و نەخشەی دوورگەکانی عوسمانی لە دەریای ناوەڕاست کە لە نێوان هەردوو لاپەڕەی (٧٧-٧٨)ی کتێبی "جیهان نوما" وا بلاّو کراونەتەوە، دەبینین میلی ئیسلامی "میل اسلامیان" کە لای حەنەفییەکان بارتەقای ٤٠٠٠ گەز یان ١٨٥٥ مەتر دەبێت، میلی فەڕەنگی " میل فرانجه"، میلی ئیتالی کە هەر میلەی بەرانبەر میل و نیوی میلێکی ئینگلیزییە. سەبارەت بە پێوانەی ئەو جۆرە میلانە، بڕوانە علی جمعە محمد، المكاييل و الموازين الشرعية (القاهرة- الطبعة الثانية- ١٤٢١ هـ /٢٠٠١م)، ص ٥٣، هەروەها:

Henry Curzun, The Universal Library or Compleat Summary of Science Containing Above Sixty select Treatises (London - 1712) p.397.

(١٧٠) محمد، المصدر السابق، ص ٩٧.

(171) Genc, op.cit,p.1408.

(١٧٢) محمد، المصدر السابق، ص ٥٦.

(١٧٣) بڕوانە و بەراوردی نێوانیان بکە لە، ابن حوقل، المصدر السابق، ص ٣٠٢ ؛ أبو الفداء، المصدر السابق، ص ٣٩٠ ؛ كاتب جلبي، جهان نُما، ص ٤١٢.

(١٧٤) كاتب جلبي، جهان نُما، ص ص ٤٤١-٤٤٢.

(١٧٥) شەڕی مەرج دابق لە ئابی ١٥١٦ز لە نێوان هێزەکانی عوسمانی بە سەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم (١٥١٢-١٥٢٠ز) و هێزەکانی دەوڵەتی مەملوکی لە میسر و وڵاتی شام بە سەرکردایەتی دوایەمین سوڵتانەکانی کە قانسوە ئەلغوری (١٥٠١-١٥١٦ز) بوو، شەڕەکە بە شکانی مەمالیکەکان و کوژرانی ئەلغوری و درێژبوونەوەی دەسەڵاتی عوسمانییەکان بۆ وڵاتی شام، تەواو بوو.

(١٧٦) دەستەواژەی (شەش کاتژمێر) دوو جار لە ڕستەکەدا دووبارە بووەتەوە، روون نییە ئاخۆ مەبەست لە دووەمیان ڕۆیشتنە لەگەڵ ڕووباری فورات بۆ ماوەی شەش کاتژمێر، یان شتەکە هۆیەکەی هەڵەی چاپە. بڕوانە: کاتب جلبی، جیهان نُما. ص ٤٤٢.

(١٧٧) بڕوانە: هەوارەکانی ڕێگا لە نێوان مووسڵ و شەهرەزوور لە: المصدر نفسه، ص ٤٢٥.

کورد و نەستۆری
لە سەفەرنامە و یاداشتەکانی ئۆژێن بۆرێ دا

د. موحسین ئەحمەد عومەر

وتەیەکی پێویست

ئەو سەرچاوانەی باس لە کریستیانەکانی کوردستان بە تایبەتی و رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی دەکەن گەلێك زۆرن و کۆمەڵێك بواری فراوان دەگرنەوە. ئەم سەرچاوانە کەرستەی زۆری لێکۆڵینەوەیان تێدایە و تا ئێستا بەگوێرەی ئاگاداریی من نە لە ناو کورد، نە لە ناو هاوسێکانیدا بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەدراوە. هێشتا ئەم بوارە مافی خۆی بە تەواوی نەدراوەتێ و کەمترین نووسین و تۆژینەوەمان لەم بارەیەوە بە کوردی هەیە، لە کاتێکدا ژیانی کریستیانەکانی کوردستان هەردەم بەشێك بووە لە ژیانی کوردستان و کۆمەڵگە و مێژووی کورد، لێرەوە جێگای خۆیەتی ڕەخنەیەك لە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردی بگرم، کە باس لە مێژووی کورد و کوردستان دەکرێ، زۆربەی مێژوونووسەکان فاکتەر و بوونی ئاشووری و کلدانی و نەستۆری و سریانی لە مێژووی خۆیان دوور دەخەنەوە و باسی ناکەن، لە کاتێکدا مێژووی کوردستان بە لە بەرچاو نەگرتنی ئەم پێکهێنەرانە مێژوویێك دەبێ ناتەواو، بە پێچەوانەوە، دەبینین مێژوونووسە کوردەکان وەك زۆر لە مێژوونووسانی میللەتانی تر، ئەوانیش هەردەم بە دوای ئەفسانەیەك دەگەڕێن بۆ دیاریکردنی مێژووی کەوناراو نەژادی کەونارا، وەك گەڕانەوەی سەرچاوە مێژووییە کوردییەکان سەرەڕای بوونی بەڵگەیەکی کەم بۆ مێدیاییەکان، کە گوایە باپیرە گەورەی کوردن، ئەم دەستگرتنەوە بەم ئەفسانەیە هەمان هەڵکەوتی لاوازی هەیە وەك ئەو دوورخستنەوە بێ لزوومەی فاکتەری ئاشووری و کلدانی و سریانی لە مێژووی کورد و کوردستان.

سەرچاوە ئۆروپییەکان لە بارەی کریستیانەکانی کوردستان: ئاشووری و کلدانی و نەستۆرییەکان و ئەرمەنییەکانیش دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ساسانی، بۆ سەدەی سێیەم و چوارەمی زایینی، بەڵکو زووتریش، بۆ سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئایینی کریستیانی لە کوردستان، بەلأم سەرچاوەکان زۆربەیان لەو دووریانە گرینگەوە تۆماریان هەیە کە بە کۆنگرەی ئەنجومەنی "ئێفێس"ی ساڵی ٤٣١ زایینی ناسراوە، واتە لە ڕۆژی سەرهەڵدانی ململانێی ئایینی بە هۆی لێکدانەوە و ڕوانینی جیاواز لە نێوان کریستیانەکانی ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوا. سەرەتاکانی بوونی ئایینی کریستیانی بە ئایینی ئیمپراتۆری بێزەنتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی، دەبێ ناکۆکییە ئایینییەکانیش لە زووێکەوە سەریان هەڵدابێ (...دوای مردنی ئیمپراتۆر کۆنستانتین لە ساڵی ٣٣٧ زایینی، سێ لە کوڕەکانی لەگەڵ دووان لە برازاکانی لەسەر جێگرتنەوەی لێیان دەبێتە ناکۆکی و ململانێ، سەرەنجام ژولیان ساڵی ٣٦١ دەبێتە ئیمپراتۆر. ژولیان هەوڵی دا ڕێ لە بڵاوبوونەوەی ئایینی کریستیانی بگرێ و ئایینی ڕۆمانی تەقلیدی بگەڕێنێتەوە. بەلأم کریستیانی لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەم بووە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆر. پاش مردنی تیۆدۆسیوسی یەکەم لە ٣٩٥ زایینی ئیمپراتۆری ڕۆمانی دابەشی دوو بەش بوو: ئیمپراتۆری ڕۆژهەلأت کە پایتەختەکەی کۆنستانتینۆپل (ئەستەنبۆڵی ئێستا) بوو و ئیمپراتۆری ڕۆمانی ڕۆژئاوا کە پایتەختەکەی ڕۆما بوو. لەم دابەشبوونەش جیاوازیی ئایینی ڕۆڵی کاریگەری خۆی هەبووە.)[1]

ئەم سەرچاوانە لە ناو ڕۆژئاواییەکان بە تایبەتی دوای سەردەمی کلاسیکی ئۆروپی، واتە دوای سەدەی حەڤدە و هەژدەهەم زۆر دەبێ، بە تایبەتی لەگەڵ دەستپێکردنی مسیۆنە ئاینییەکان لە ساڵی ١٧٦٢ بۆ ناو ئیمپراتۆری عوسمانی، لە لایەن جێزویت و دۆمنیکان و لازارییەکان، ئەوانەش کە بە "پیاوانی ئایینی Ecclésiastique ناسرابوون. زۆر لە مسیۆنێری تری سەربەخۆ کاریان بڵاوکردنەوەی ئایینی کریستیانی بوو لە جیهان، بە تایبەتی "کاتۆلیسیزم" لە ڕۆژهەلأت. کاتۆلیسیزم (واتە کاتۆلیکی سیاسی)[2] هەردەم ویستوویەتی بەپێی

پرۆژەیەکی دوورخایەن و سەرمایەی پێویست و بوونی دەستەڵاتێکی گەورەی پاڵپشت وەك فرانسا، کە هەردەم خۆی بە پارێزەری کاتۆلیکەکانی دنیا داناوە، توانیویانە تەواوێك لە کریستیانەکانی کوردستان بێننە سەر ئایینزای کاتۆلیکی. مسیۆنە ئایینییە کاتۆلیکییەکان لە کوردستان مێژوویێکی هەیە، ئەم مێژووەش سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم. (ئێمە زۆرجار لە بیر دەکەین کە کوردستان بۆ ماوەیەکی گەلێك درێژخایەن خاك و ئامانجی نیشتەجێبوونی مسیۆنێرەکان بووە. پرۆژەی مسیۆنێرەکان لە هەرێمی مووسڵەوە دەست پێدەکەن، سەرەتا کاپوسا - Capucins –ییەکان لێی نیشتەجێ دەبن، پاشان دۆمینیکانەکان لەوانە "پێر گارزۆنی کە لە ئامێدی دادەنیشێ.[3] ئەمانە هەوڵ و رەنجێکی زۆریان داوە نەستۆرییەکان بگەڕێننەوە بۆ سەر ئایینزای کاتۆلیکی. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە کوردستان دەبێتە گۆڕەپانی ململانێ و ناکۆکیی مسیۆنێرە کاتۆلیکەکان و پرۆتێستانەکان و مسیۆنێرە جووەکان، بێجگە لەوەی کوردستانیان پێ خۆش بووە لە هەمان کات بە "لانکی مرۆڤایەتی" یان بە "بەهەشتی عەدەن" یان داناوە، یان ئەو شوێنەی کە کەشتیی نوح لێی نیشتۆتەوە، (لەسەر چیای ئارارات یان لەسەر چیای جوودی ...؟)... هەرچی لازارییەکانن هەر لە ساڵی ١٨٣٧ – وە لە ناوچەی ورمێ نیشتەجێ دەبن،[4] پاشان، پێنج ساڵ دواتر مسیۆنیی پرۆتێستانەکان دەگەنە کوردستان بە تایبەتی (American Board of Commissioners for Foreign Missions.)، کە ڕق و کینەیەکی زۆر بەرامبەر بە مسیۆنێرە کاتۆلیکەکان پیشان دەدەن. هەر لەو سەردەمەش "هاوپەیمانی جیهانی ئیسرائیلییەکان (Alliance Israelite Universelle) لە هەمەدان نیشتەجێ دەبن. مسیۆنێرە ئینگلیزەکان کە بە "مسیۆنێرە ئەنگلیکانەکان" ناسراون و سەر بە "کلێسای باڵای ئینگلیزین High Church of England)، لە سەرەتای ساڵانی ١٨٨٠ –وە مسیۆنێری خۆیان دەنێرنە کوردستان. ئەم مسیۆنێرانە تەنیا ئامانجیان کریستیانەکان و جوولەکە[5] ونبووەکان بووە.)[6]

لەم تۆژینەوەیەدا ئێمە تەنیا بایەخ بە یەکێ لە سەرچاوە بەراییەکان دەدەین کە لە لایەن یەکێ لە قەشە لازارییە فرانسییەکان نووسراوە، ئەمەش گەشتەکەی ئۆژێن بۆرێ — یە بۆ کوردستان. ئۆژێن بۆرێ لە ساڵی ١٨٣٧ —ەوە هاتۆتە کوردستان کە ئەو سەردەمە کوردستان بەشێك بووە لە ئیمپراتۆری عوسمانی و فارس[٧] لە سەفەرنامەکەی بایەخێکی زۆری بە کورد و نەستۆری داوە، پەیوەندی و ژیانیان، پێکهاتە و هەندێ لایەنی ژیانیان و تایبەتمەندی ئەمانە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم سەرچاوەیە لە چاو ئەو سەفەرنامانەی لەو سەردەمە نووسراون سەرچاوەیەکی لاوازە و زانیاریی زۆر تۆکمە و جۆراوجۆری تێدا نییە، سەرەنجام چونکە سەدەی نۆزدەم بە سەردەمێکی زۆر دەوڵەمەندی سەفەرنامە و گەشت بۆ رۆژهەلآت ناسراوە، زۆر لە گەڕیدەی رۆژئاوایی پێش ئۆژێن بۆرێ بەو شوێنانەدا تێپەڕیون کە دواتر ئۆژێن بۆرێ ماوەیەك لێی ماوەتەوە، لێرەوە پرسیاری ئەوە دەکرێ، بێگومان زیاتر ئەم لاوازییەی تێبینی و بینینەکانیەتی کە سەرنجمان بۆ ئەم لایەنەوە دەباتەوە، دەشێ ناوبراو هەندێ لە زانیاری و یاداشتی گەڕیدەی تری خستبێتە ناو گەشتنامەکەی خۆی، ئەمەش لەو سەردەمە تا رادەیەك وەك مۆدێکی باوی لێ هاتبوو بە رادەیەك هەندێك کەس هەر تەنیا بۆ لاف لێدان لە کۆمەڵێك سەفەرنامە سەفەرنامەیەکی بۆ خۆی دروست دەکرد و بلآوی دەکردەوە، بەلآم ئەم سەفەرنامانە هەردەم دەناسرانەوە. سەفەری ئۆژێن بۆرێ لە ساڵی ١٨٤٠ دوای گەڕانەوەی بۆ فرانسا لە چاپ دراوە و بلآوکراوەتەوە. ناوی تەواوی گەشتەکەی و تێبینی و یاداشتەکانی بەم جۆرەیە:

— ((Eugène Boré, Voyages, Correspondence et Memoires d'un voyageur en Orient. 2 tomes, Olivier- Fulgence Librairie, Paris. 1840.

— ئۆژێن بۆرێ. سەفەر، پەیوەندی و یاداشتەکانی گەڕیدەیەك لە رۆژهەلآت. ٢ بەرگ، بلآوکراوەی ئۆلیڤیێ _فولژانس، پاریس، ١٨٤٠)). [٨]

ئۆژێن بۆرێ لە ساڵی ١٨٠٩ لە دایك بووە و لە ساڵی ١٨٧٨ کۆچی دوایی کردووە. ئەندامی ئەکادیمیای (Academie des Inscriptions et Belles-Lettres) و ئەندامی (کۆمەڵەی ئاسیایی Societe Asiatique) بووە. وەك

زماناس و مسیۆنێر لە خزمـەت بڵاوکردنـەوەی کاتۆلیسـیزم (کـاتۆلیکی سیاسـی) ناسراوە. ئۆژێن بۆرێ دوای خوێندنی سەرەتایی لە زێدی خۆی شاری (ئانژێ)، بـۆ تەواوکردنی خوێندنی دەچێتە پاریس لە "کۆلێـژی ستانسـیلاس" دەخـوێنێ و لـە تاقیکردنەوەی کۆنکوری فەلسەفی پلەی یەکەم بە دەست دەهێنێ کـە لـە هـەمان تاقیکردنەوە شاعیری رۆمانسی ناسراوی فرانسی "ئەلفرێد دو موسێ" لەگـەڵ ئـەو لە پێشبڕکێدا بووە. ماوەیەك قانون دەخـوێنێ پاشـان خـۆی تـەرخان دەکـات بـۆ زمانناسی. ساڵی ١٨٣٣ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی ئاسیایی بە هۆی ئـەو وتارانـەی بـۆ گۆڤارەکـەیانی دەنووسـی. سـاڵی ١٨٣٣ و ١٨٣٤ دەبێتـە مامۆسـتای زمـانی ئەرمەنی لە "کۆلێژ دو فرانس". ساڵی ١٨٣٧ وەك میسیۆنێر دەنێردرێ بۆ ڤێنیسا پاشان بۆ ئەستەنبۆڵ، دوایی بـۆ ئـەرمینیا. هـەر لـەو ماوەیـەش لـە نێـوان مـانگی یانزەی ساڵی ١٨٣٧ تا مانگی یـانزەی سـاڵی دواتـر ١٨٣٨ لـە کوردسـتان لـە زۆر ناوچە ژیاوە، بە تایبەتی لە ناوچـەی تەرگـەوەڕ و مەرگـەوەڕ و ڕۆژئـاوای ورمـێ و ناوچەی شەمزینان و هەکاری و وان تا دەگاتە نزیك ماردین لە باکوور و ئامێدی لـە باشوور. ساڵی ١٨٤٧ وەك میسـیۆنێر بـۆ بڵاوکردنـەوەی کاتۆلیسـیزم دەنێردرێتـە فەلەستین. پاشان لە ساڵی ١٨٤٩ دەبێتە بەڕێوەبەری "کۆلێـژی بەبـەك College de Bebek" لە ئەستەنبۆڵ و بۆ ماوەی پانزە ساڵ لەم کارەی دەمێنێتەوە. ساڵی ١٨٦٦ دەگەڕێتەوە فرانسا دەبێتە "بەڕێوەبەری گشتی میسیۆنەکان بۆ دەرەوەی فرانسا". پاشان ساڵی ١٨٧٤ دەکرێتە سەرۆکی گشتی "کۆڕی لازارییەکان "کە بە "کۆنگرێگاسیۆنی لازاری" ناسراوە. تا کۆچی دوایی لـەم پۆسـتەیدا دەمێنێتـەوە. لە نووسراوە هەرە دیارەکانی ئەو بریتین لە:

١- سان لازار یان مێژووی کۆمەڵگەی ئایینی ئەرمەنی مێکیتار، کە لە ساڵی ١٨٣٥ بڵاوی کردۆتەوە.

٢- گەشتنامەکەی کە لە پێشەوە ناوی هاتووە.

٣- ئاخاوتنی ئۆژێن بـۆرێ، لـە پـێش کۆنگرێگاسـیۆن لـە یـادی سـێ سـەد ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی لازارییەکان، وێڕای دەیان نووسینی تر) [٩] .

ئۆژێن بۆرێ بێجگە لەمە، ڕووەکناس و ماتماتیکناس و کانزاناسیش بووە. لە سەرەتای دیسەمبەری ساڵی ١٨٣٧ دەگاتە ئەستەنبۆڵ، بە درێژایی ئەو زستانەی کە لە ئەستەنبۆڵ دەمێنێتەوە خەریکی فێربوونی زمانی ئارامی و تورکی بووە. لەو ماوەیەش هەموو کەلوپەل و نووسراوەکانی[١٠] شۆلتزی پێدەگا.

لازارییەکان کە لە زمانی فرانسی بە "لازاریستەکان" یان بە کۆڕی لازارییەکان – کۆنگرێگاسیۆنی لازاری – ناویان دێ، کۆمەڵەیەکی ئایینی و کاتۆلیکی بوون ساڵی ١٦٢٥ لە لایەن "سان ڤانسا دو پۆڵ " دامەزراوە و ساڵی ١٦٣٣ لە لایەن (پاپا ئوربان هەشت Urbain VIII) دەناسرێ ناوی دەبێتە (کۆمەڵەی کەشیشانی میسیۆنی ئایینی). لازارییەکان هەر لە زووێکەوە مسیۆنی ئایینی بۆ دەرەوە دەنێرن، بە تایبەتی بۆ ڕۆژهەلات. ئامانجی لازارییەکان بلاوکردنەوەی ئایینزای کاتۆلیکی و ناساندنی مەسیح بووە بە جیهان، بە تایبەتی لە نێو هەژاران و چەوساوەکان...).[١١]

ئۆژێن بۆرێ هێشتا لە ڤیەننا بووە نامەیەك بۆ ئەکادیمیای فرانسی دەنێرێ (Academie des Inscriptions et Belles-Lettres) بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئامانجی سەفەرەکەی، لە لاپەڕە ٢٠ ی سەفەرنامەکەی دەڵێ: (لە دەشتە گەرمەکانی ئاشوور - Assyrie و بابیلۆن کە بایەخێکی زۆر مەزنیان هەیە، دوو جۆر دانیشتوان - Population – ی نوێ هەن پێویستە تۆژینەوەیان لە بارەوە بکەین، ئەمانەش [١٢] ئەرمەنییەکان و (...) کوردەکانن کە ژیانێکی شوانکارە و کۆچەرییان هەیە و گوایە دەگوترێ تێگەیشتن و وردبوونەوە لە زمانەکەیان و ناسینی ئەو کێشە ئاڵۆزە[١٣] چارەسەر دەکا کە پێی دەگوترێ زمانی کلدانی La langue Chaldéenne ، ئەو هەڵەیەش لێکدەداتەوە کە ئێمە بە زمانی بابیلۆنی دەڵێین کلدانی، لە کاتێکدا زمانی کلدانیی ڕاستەقینە گوایە زمانێکە پەیوەندییەکی زۆری هەبووە لەگەڵ زمانی فارسی، پەهلەوی، زمانی مێدیاییەکان و ئەرمەنییەکان). [١٤]

ئۆژێن بۆرێ لە ڤیەنناوە لە هاوینی ١٨٣٧ پلان و نەخشە دادەڕێژێ سەفەری ڕۆژهەلات بکا و بگاتە ئێران. بێ گومان سەفەرەکەی بە ئامانجی لێکۆڵینەوەی

زانستی بووە وەك چۆن لە سەرەتای گەشتنامەکەی باسی دەکات، (... بۆ خوێندن و فێربوونی عەرەبی و تورکی و قوولتر فێربوونی زمانی سریانی لە لای مارۆنییەکانی لوبنان، بێجگە لەمەش ئاواتێکی تریشی هەبووە ئەگەر بۆی بێتەدی ئەویش وەرگێڕانی کتێبی[١٥] پیرۆزی "ئەفرام" – ە، کە بە Saint –Ephrame ناسراوە بۆ سەر زمانی فرانسی)[١٦]. بەلاَم ئامانجی شاراوەی بلاَوکردنەوەی ئایینی کاتۆلیسیزم (کاتۆلیکی سیاسی) بووە لە رۆژهەلاَت، بە تایبەتی لە ناو نەستۆری و ئاشووری و کلدانەکانی کوردستان و بە مەبەستی هێنانەوەیان بۆ ناو کەنیسەی کاتۆلیکی وەك لە دوایین دێری نووسینەکەی ئۆژێن بۆرێ ئەم ئامانجە نهێنییە زۆر بە جوانی دەردەکەوێ.

ئۆژێن بۆرێ پێی وابووە سەفەرەکەی بۆ رۆژهەلاَت نەك هەر تەنیا بۆ زانست سوودی دەبێ بەلَکو بۆ شارستانی و بۆ کاتۆلیسیزمیش، ماوەیەکی زۆریش بوو خەونی بەوە دەبینی ببێتە گەڕیدە و مسیۆنێر. پێشتر "کۆڕی لازاری" ئەندامێکی خۆیان ناردبووە ئەرمینیا بۆ ئەوەی بتوانن خەلَکی ئەو ناوچەیە بهێننە سەر ئایینزای کاتۆلیکی، ئۆژێن بۆرێ کە بە دوای ئەم هاوکارەیدا دەچوو ئامادە بوو نەخشە و پلانی هەموو سەفەرەکەی خۆی تێکبدا، لە کوێ ئەو هاوکارەی وەستاوە لەوێوە دەست پێبکاتەوە، ئەو سەردەمە لە ڕوانگەی کاتۆلیسیزم تەواوی کریستیانە ئۆرتۆدۆکسەکانی رۆژهەلاَت (بە تایبەتی کەنیسەی ئاشووری یان نەستۆری ئەرتۆدۆکس) لە ڕوانگەی کاتۆلیکەکانەوە لە سەر ڕێگای ڕاستی باوەڕی کریستیانی دوور کەوتوونەتەوە و دەبێ بهێنرێنەوە سەر ڕێگا و ناو دەستەلاَتی کەنیسەی کاتۆلیکی جیهانی کە فرانسا بە هەموو هێزی خۆی نوێنەرایەتی ئەمەی دەکرد.

ئۆژێن بۆرێ لە ١٨٣٨/٥/٢ لەگەلّ کەشیشێکی تری لازاری بە ناوی "سکافیٍ Scafi " (؟) ئەستەنبۆلّ جێدەهێلّن و بە تێپەڕین بە لێواری دەریای ڕەش و بینینی کۆمەلّێك شاری وەك ئەماسیا و تۆکات و ئەرزنجان و ئەرزەروم و قارس و یەریڤان و بایەزید و وان و سەلماس دەگەنە تەورێز.

ئۆژێن بۆرێ لە تێپەڕینی بە کوردستاندا سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتای سەفەرنامەکەی باس لەوە دەکا کە کورد و ئەرمەنی و کلدانی و نەستۆرییەکان لە لای ئەو گرینگیی پلە یەکیان هەیە، بەڵام دەبینین کەمترین تێبینی و ڕوانینی لە بارەی نەستۆرییەکان و کورد تۆمار کردووە و لەو بڕوایەشداین راستەوخۆ لە شوێنی سەفەر و مانەوەی ڕوانینەکانی تۆمار نەکردووە بەڵکو ئەم کارەی دواتر کردووە، دەشێ سوودی لە هەندێ سەرچاوەی پێش خۆی و هەندێ سەفەرنامەی تری فرانسی وەرگرتبێ، چونکە لەو زانیارییانەی کۆی کردوونەتەوە شتێکی ئەوتۆی تێدا نییە جگە لە هەندێ تیبینیی تایبەت بە خۆی نەبێ، ئەوانی تر لە لای زۆربەی گەڕیدەکانی تر باس کراون. ئۆژێن بۆرێ پێی وایە لەو سەردەمە تورکەکان کە هەندێ جار لێرە وشەی تورك بە مانای موسڵمان بەکار هاتووە، ئەمەش تا ئەو سەردەمە ڕاستە کە هێشتا ناسیۆنالیزم لە ناو تورکەکان بڵاو نەبووبۆوە، واتە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم [17] دەبێ دەستەڵاتیان نەمێنێ بۆ ئەوەی ئەم خەڵکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەر ڕۆشنایی و ڕووناکی شارستانیی رۆژئاوا زیندوو بکرێنەوە و ببووژێنرێنەوە. تەواوی کریستیانەکانی کوردستان و ئیمپراتۆری عوسمانی لە ژێر چاودێری زیرەکیی لازارییەکانن بۆ یارمەتی و ژیانەوەیان.

ئۆژێن بۆرێ زۆر بە ڕوونی باس لەوە دەکا بالوێز و نێردراوەکانیان کە هەردەم لە ڕۆژهەلات هەبوونە، ئەرکیان پاراستنی ئایین و بووژاندنەوەی کریستیانەکان بووە، هەروەها باس لەوە دەکات کە لە ناو ئیمپراتۆری عوسمانی و ئێران (فارس)، فرانسا (بە ناڕاستەوخۆ کە پارێزەری کاتۆلیسیزمە) ڕووبەڕووی دژایەتییەکی زۆری بەریتانیا و ڕووسیا دەبێتەوە، بێ گومان لەم ناکۆکییەش جگە لە بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووری، جیاوازی مەزهەبی ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە، بە ڕای ئۆژێن بۆرێ شکان و لاوازبوونی یۆنانی و ئەرمەنی و کلدانییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمانە لە کاتۆلیسیزم دوورکەوتوونەتەوە. ئۆژێن بۆرێ لە تێبینییەکانی زۆر گرینگی بە تایبەتمەندی ئایینیی ئەرمەنییەکان و کلدانییەکان و نەستۆرییەکان دەدا، پێی وایە ئەمانە لە ڕووی ئایینییەوە لە ناو دابەشبوون

- SCHISME و کـوفر - HERETISME دەژیـن، بۆیـە دووچـاری داڕزان و دابەزینی ئەخلاقی بوونەتەوە، ئەو پێی وایە لە ئەرمینیا کەشیشێکی ئاسـایی ژنـی هەیە و خاوەن منداڵ و خێزانە، وەك هەر خەڵکێکی تـر کـار دەکـا بـۆ دابینکردنـی ژیـانی، ئەگـەر بـێ و ئـەو کەشیشـە لـە ڕووی مادییــەوە ژیـانی بـاش نـەبێ یـان نەخوێندەوار بێ، لە لایەن کەشیشە پایەبـەرزەکان وەك خوڵـامی خۆیـان سـەیری دەکـەن. لـە ڕوانەگـەی ئـەو، کەشیشـی نەسـتۆری لـە نـاو هەڵکـەوتێکی خراپـی کۆمەڵایەتیـدا دەژیـێ، ئــەوان دوچـاری دابەشــبوون SCHISME بوونەتــەوە و چونکە کەشیشە نەستۆرییەکان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان تـا حـەوت ژن و نیـو بهێنن. (لە لای نەستۆرییەکان بێوەژنێك بە نیو ژن حسێب دەکرێ) بـەڵام پیـاوانی ئایینیی ڕۆژئاوا و کاتۆلیسیزم بە هۆی پاکی و بەرزیی باوەڕ و ئیمانیان لـە ڕێگـای (کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی ئیمان) کە کۆمەڵەیەکی کاتۆلیکی فرانسی بوو، دەتـوانن ئەم لە ڕێ لادەرانە بهێننەوە سەر ڕێگای ڕاستی شارستانی.[١٨]

ئۆژێن بۆرێ و سکافی لە نۆڤەمبەری ١٨٣٨ دەگەنـە تـەورێز و زسـتانەکەی لەو شارە بەسەر دەبەن، لـەو سـەردەمە بـە پێـی تێبینـی ئـەوانیش ئینگلیزەکـان دەستەڵاتێکی زۆریان لە ئێران و لـەم شـارەدا هـەبووە، بـە تایبـەتی دوای ئـەوەی توانییان جەنەڕال گاردانی فرانسی لە ئێـران لـە ١٢ ئـاداری ١٨٠٩ دووربخەنـەوە و پەیوەندی فرانسا و ئێران لاواز بکەن.

لــە کــارە بەرچــاوەکانی ئــۆژێن بــۆرێ بــۆ بڵاوکردنــەوەی کاتۆلیســیزم و دامەزرانــدنی ناوەنــدێکی کــاتۆلیکی فرانســی، کردنــەوەی یەکــەم قوتابخانــەی کاتۆلیکی بوو لە گوندی ئەردەشێر (لە کوردستانی ئێران، لە ٢٠ ئۆکتۆبەری ١٨٣٩ ز)، بـۆ ڕۆژی دوایـی لـە ٢٢ ی ئۆکتۆبـەری ١٨٣٩ قوتابخانەیـەکی تـر لـە گونـدی "بابەر"ی نزیك ئەردەشێر دەکاتەوە، پاشان یەکێکی تریش لە "مـەڤانا" لەسـەر یەکەم شاخی کوردستان دەکاتەوە.[١٩] دواتر بە پشـتگیری حـاکمی شـاری تـەورێز مـەلیك قاسـم مـیرزا کـە فرانسـی زان و مـامی شـا بـوو و بـە قسـەی ئـۆژێن بـۆرێ مرۆییێکی پڕ لە لێبـوردەیی بـووە، قوتابخانەیـەکی تـری لـەم جـۆرەش لـە تـەورێز دادەمـەزرێنێت، پاشـان یـەکێکی تـریش لـە ئەسـفەهان دەکاتـەوە. هـەموو ئـەم

قوتابخانانە بەسەرپەرشتی کەشیشە لازارییەکان بووە. ئامانجی ئەم قوتابخانانە دیار بوو، بە پێی ڕوانینی ئۆژێن بۆریَ گەلێك زۆر سوودی هەبووە : گوایە لە ناوچەکە پێویستییان بە شارستانی فرانسی هەیە و ئەمەش دەرگایەکە بۆ ئەوەی بچنە ناو خەڵکەکە، هەروەها بۆ بواری ئابووری و دیپلۆماسی سوودی هەیە، بێجگە لەمانەش لە ڕێگای ئەم سەنتەرانەوە (واتە قوتابخانەکان) دەتوانن بە ئاسانی ئایینزای کاتۆلیکی لە ناو خەڵکەکە بڵاو بکەنەوە بە تایبەتی لە ناو کلدانی و نەستۆری و سریانەکان، لە هەمان کاتدا ئەم سەنتەرانە دەبنە هۆی لاوازکردن و لەناوبردنی پڕۆژەی مسیۆنێرە پڕۆتێستانەکان کە لە ئەمریکا و ئەڵمانیا دێن و لە نەستۆرییەکان نزیك دەبنەوە. [٢٠]

لە ڕووی ئایینییەوە (کوفر – HERESIE) ی نەستۆرییەکان لە ڕوانگەی ئۆژێن بۆریَ لەوەدا کۆ دەبێتەوە کە ئەوان تەنیا دوو سروشت Christotokos دەدەنە حەزرەتی مەسیح نەك سیَ سروشت Théototokos وەك کاتۆلیکەکان، تەنیا لەم خاڵەدا جیاوازییان لەگەڵ کاتۆلیکەکاندا هەیە ئەگینا لە گشت ڕوویێکەوە وەك کاتۆلیکەکانن. ئەمەش بۆ خۆی چوارچێوە پێدانێکی سیاسی بووە وەك لە ڕوانینێکی ئایینی یان دیاریکردنی جیاوازی ئایینی، بەهەر چەشنێك بووبێت ئۆژێن بۆریَ بە نەخشە و پلانێکی داڕێژراوی پێش وەختە کاری کردووە و هەموو خەباتێکی ئەو بۆ ئەوە بووە نەستۆرییەکان بە کەنیسەی کاتۆلیکی ببەستێتەوە.

ڕوانین و خیتابی ئۆژێن بۆریَ زۆر ڕۆژهەڵاتناسییانە و کلاسیکییە و ڕۆژئاوا لە ڕوانگەی ئەو لە هەموو ڕوویێکەوە بالادەستە و ئایینی پاك و بێگەرد و زانست، پێشکەوتن و ئەخلاقی بەرز و هەڵکەوتی کۆمەلایەتی مەزن هەمووی لە ڕۆژئاوایە و فرانسا و کاتۆلیسیزمیش (کاتۆلیکی سیاسی) بە جوانترین شێوە لەسەر ئاستی جیهانی دەتوانن نوێنەرایەتی ئەم ڕوانینەی ئەو بکەن.

ڕوانینەکانی ئۆژێن بۆرێ لە بارەی کورد و نەستۆرییەکان

ڕوانـین و بینینـەکانی سـەفەر و سـەفەرنامە وەك لێکۆڵینـەوە و پشـکنینی زانستی نین، ناشێ ئەم دوو بوارە لە ئاستی یـەکتردا دابنـرێن، بۆیـە ئـەوەی لێـرە کەرستەی ئەم تۆژینەوەیە بریتییـە لـە بیـنین و ڕوانینـی سـەفەر، گەڕیـدە سـەفەر دەکا و ڕێ دەبڕێ و فەزا دەگۆڕێ، ڕوانینەکانی بـە پێـی جوگرافیـا و ئاووهـەوا و ئـەوەی دەیبینـێ لـە سروشـت و لـە سروشـتی مرۆیـی دەگـۆڕێ. ئـەم بیـنین و ڕوانینانـەش هـەردەم وا دەکـەن کەسـی بینـەر (گەڕیـدە) دوچـاری هەڵـە و تێنەگەیشـتن بکـەن، چـونکە گەڕیـدە ڕاسـتەوخۆ سـەرنجەکانی لـە نـاو ئاووهـەواو جوگرافیایەك هەڵدەهێنجێ کە نایناسێ و پێشتر نەیناسیوە، ئیتر تێنەگەیشـتن بـە تایبەتی لەم خاڵەوە دروست دەبێ، بۆیـە لـە لێکۆڵینـەوە و سـەرنجدانی تێکسـتی گەڕیدەکان، وەرگرتنی ماوەیەکی گونجاو کە من ناوی دەنێم بە (نێوانی ڕەخنـەیی — مسافة نقدية) وەربگیردرێ بـۆ ئـەوەی هەڵسـەنگاندنێکی ڕەخنـەیی دروسـت بـۆ تێکستەکە بکرێ، چونکە زۆرجار تێکستی سەفەرنامە لە ڕیزی جۆرەکـانی ئـەدەب حسێب دەکرێ، لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەوەستێتە سەر بابەتەکە و چۆنیەتی پێشکەشکردنی.

لەم ڕوانگەیەوە تێکستەکەی ئۆژێن بۆرێ لە چاو تێکسـتەکانی تـری گەڕیـدە فرانسییەکان وەك دوپرێ - Dupre و دروڤیـل -Drouville دەیـانی تـر لـە بـارەی کورد و کوردستان و دانیشتوانەکانی دیکە وەك جوولەکـە و کلـدانی و ئاشـووری و نەستۆرییەکان....هتد، زۆر هەژار و لاوازە و هەنـدێ ڕوانـین و بینینـی زۆر خێـرای تێدایە لە بارەی کورد و نەستۆرییەکان و پەیوەندییان، ژیانی ئایینی و هەڵکەوت و پێکهاتەی کۆمەڵایـەتییان، لـە کۆتـایی ئـەم لێکدانـەوە و شـیکردنەوەیە ئێمـە کـە ڕاستەوخۆ پشتمان بە سەفەرنامەکەی خۆی بەستووە، سـێ بەشـی بچـووکمان لـە سەفەرنامەکەی وەرگرتووە و وەرمان گێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، بەشی یەکـەم لە بارەی کوردە، بەشی دووەم و سـێیەم لـە بـارەی نەسـتۆرییەکانە. ئەمـەش بـە پلەی یەکەم وەك بەڵگەی زیندوو و نموونەی ڕەسەن هاوپێچی ئەم نووسینە کراوە بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی تێکستی ئۆژێن بۆرێ —ی لەبەر دەست بێ.

لـە بـارەی کوردەکـان ئـەو پێـی وایـە دوو پێکهاتـەیان هەیـە : نیشـتەجێ و کۆچەر، بەشێك لەو کوردانە کە کۆچەرەکانن لە ڕوانگەی ئەو گێرەشێوێنن و کاری خـراپ دەکـەن و لـە دەرەوەی دەسـتەڵاتی ئیمپراتـۆری عوسمـانین. بـێ گومـان کۆچەرەکان کە لە لای هەندێ لە گەڕیدە بە (کورد) ناویـان هـاتووە، بەرامبـەر بـە نیشتەجێکان ئەگەرچی ئەوانیش کە هەر ناویان کوردە لە نـاو حاڵـەتێکی تایبـەتی ژیـاون (لـە لای هەنـدێ گەڕیـدە ئـەم دوو پێکهاتـە بـە کـورد و گـۆران ناویـان هاتووە.)[21] بێ گومان ئـەم تایبەتمەندییـە کۆمەڵایـەتی و دەروونـی و کولتوورییـە بەسەر زۆربەی گەڕیدەکان تێپەڕیوە، بـێ ئـەوەی جیاوازییـەکان لەبەرچـاو بگـرن. ئۆژێن بۆرێ باس لە جوگرافیای کوردستان دەکا کە بە ڕای من ئـەم باسـکردنە تـا ڕادەیەکی زۆر دروست و تەواوە. لە ڕۆژهەڵاتی فوراتەوە تا دەگاتە زنجـیرە چیای (داسـم داغ —؟) لـەو بڕوایـەدام مەبەسـتی ئـۆژێن بـۆرێ لەمـە زنجـیرەی چـیای زاگرۆس بێت. پاشان باس لە خێڵە کوردەکان دەکـا، کـە بـە ڕای ئـەو هەنـدێکیان بنچینەیان دەچێتەوە سەر ئەرمەنییەکان.[22]

ئەو کاتەی ئۆژێن بۆرێ سەفەری کوردستان دەکا، سوڵتان عەبدولمەجیـدی یەکەم (ساڵی ١٨٣٧) حـافز پاشـا وەك فەرمانـدەی سـوپایەکی مـەزن ناردووەتـە کوردستان بۆ ئەوەی کۆتایی بە ڕاپەڕینی میر محەمـەدی پاشـای ڕەوانـدوز بهێنـێ (کە فەرمانڕەوایی ئەم میرە لە ١٨٣٢ دەست پێـدەکا و لـە سـاڵی ١٨٣٨ کۆتـایی پێدێ.) [23] لەم بارەیەوە ئۆژێن بۆرێ باس لە خێڵە کوردەکان دەکا، بە تایبـەتی "خێڵی بادڤەلی و ڕیشڤان" کە بە هیچ شێوەیەك هاوکاری حافز پاشایان نەکردووە و بەڵکو بە حەماسەتەوە دژی وەسـتاون. هـەروەها بـاس لـە دیسـیپلینی خێڵـەکی دەکا کە ڕاستەوخۆ لە کاتی جـەنگ شـێوەی (هـەڕەمێکی) سـوپایی وەردەگـرێ و هیچ کەسێك بە موو لێی لانادات تا کۆتایی جەنگەکە. هەروەها باس لە ژنـی کـورد و خـاکی کوردسـتان دەکـات کـە چـۆن ئـەم خاکـە هەڵکـەوتێکی کۆمەڵایـەتی و کەسایەتییەکی تایبەتی داوەتێ، ئەگەرچی ئەم لایەنە سەرنجڕاکێشـە و ڕوانینێکـی وردە بەڵام لەم بارەیەوە زۆر نەدواوە. بە ڕای ئۆژێن بۆرێ خێڵی کورد بـە کـلان - Clan — ەکانی سکۆتلەندی[24] دەچێ کـە هـەر خێڵێـك خێزانێـك یـان بنەماڵەیـەك

فەرمانڕەوایی دەکا. هەروەها باس لە مێوانداری دەکا کە یەکێ لە فەزیلەتەکانی کوردە، ئۆژێن بۆرێ باس لەم کارێکتەرە ناکا کە ڕەگێکی دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی و بوونی گیانی یان کەسایەتی خێڵەکی. بە هەمان شێوە و لەبەر هەمان هۆ و هەڵکەوتی سادە و خێڵەکی کوردی، ئۆژێن بۆرێ باس لە ژنی کورد دەکا کە وەك ژنی تورك نییە چارشێو هەڵگرێ، ژنی کورد بە ژنی ئەڵمانی دەچوێنێ کە هەردەم لە دوای مێردەکانیانن و یارمەتییان دەدەن بە تایبەتی لە وەختی شەڕدا.

لە بارەی نەستۆرییەکانەوە، لە ڕوانگەی ئۆژێن بۆرێ —وە نەستۆرییەکان بە هۆی جیاوازی ئاینییان کە ئەم خاڵەیان تایبەتمەندی ئەوانە بە هیچ شێوەیەك لەبەرچاو نەگیراوە کە کریست -Christ (حەزرەتی مەسیح) "دوو سروشتی هەبووە Christotokos نەك سێ سروشت Théotokos"، بۆیە بە کافر و زەندیق لە قەڵەم دراون، هەڵبەت لە ڕوانگەی کاتۆلیکی، بێ گومان ئەم ڕوانینە تێکەڵ بە ڕۆژهەلاتناسیشە، خاڵێکی تریش هەیە کە بە ڕای من زۆر بایەخی هەیە، ئەویش ئەوەیە بۆچی و لەبەر چی ڕۆژئاوا "کەنیسەی فارسی ڕۆژهەلات" یان کە هەندێ جاریش دەگوترێ "کەنیسەی سریانی ڕۆژهەلات" ئەم دووانە بە کەنیسەی نەستۆری لەقەڵەم دەدا. ئەمەش لە گشت نووسراو و تۆمارەکاندا هەیە تا دەگاتە ئەمڕۆش، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە چونکە ڕەفزی کەنیسەی نەستۆری دەکاتەوە و دژیەتی، ئایینزای نەستۆری لە لای کاتۆلیك و پرۆتێستانەکان، بە تایبەتی لە ڕوانگەی ڕۆژهەلاتناسی ئایینییەوە ئایینزای بێ باوەڕانە، ئۆژێن بۆرێ هەر لەم ڕوانگەیەوە بایەخ بە نەستۆری و کلدانی و ئەرمەنی ئاشووری و سریانەکان دەدا، بۆ ئەوەی منداڵەکانی کەنیسە بهێنێتەوە سەر ڕێگای ڕاست کە ڕێگای کەنیسەی کاتۆلیکییە [٢٥] ئەمەش بە چەشنێك لە سەر ئاستێکی فراوانتر هەمان ڕێگای ڕۆژهەلاتناسیشە. خیتابی ئۆژێن بۆریش بە هەمان ئاراستە هەڵدەکشێ، واتە تەواوی ڕۆژهەلاتییەکان بۆ ئەوەی بە شارستانی ئاشنا بن دەبێ بە ڕۆژئاوایی بکرێن، ئەمەش ئەرکی ڕۆژهەلاتناسی و ڕۆهەلاتناسەکانە. [٢٦]

لە لایەکی تر بوونی دوو سروشت نەك سێ سروشت کە نەستۆرییەکان دەیدەنە حەزرەتی مەسیح دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئیسلام و پەیوەندیی ئالۆز

و قووڵی ئەوان لەگەڵ ئیسلام. بەڵام ئەم بوارەش لێکۆڵینەوەی تایبەتی دەوێ .

لەم تێکستەدا ئۆژێن بۆرێ هەندێ داب و نەریتی نەستۆرییەکان دەگێڕێتەوە و باس لە پەیوەندیی کورد و نەستۆرییەکان دەکات کە هەندێ پەیماننامە و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا هەبووە.

کورد و نەستۆری لە سەفەرنامەکەی ئۆژێن بۆرێ

... لەگەڵ ئەوەی هەموو کوردەکان خۆیان بە بندەستی عوسمانییەکان دانانێن هەروەکو بولتەنی فەرمی کە بە "غەزەتەی عوسمانی La Gazette Ottomane " ناسراوە بە خۆشییەوە باس لەوە دەکا کە هەموو کوردەکان سەر بە دەوڵەتی عوسمانین و ملکەچی قانونەکانی ئەون، دەبێ جیاوازی بکەین لە نێوان ئەو باندە خراپانەی کە بەو ناوە (کورد) ناسراون کە چەند ساڵێك پێشتر تەواوی بەشی باشووری ئاسیای تورکیایان تەی دەکرد و کەس سزای نەدەدان، ئەمانە جیاوازن لەو خێڵانەی کە جۆرێك دەستووریان هەیە کە بە کلان – Clan– ە (خێڵ یان هۆز). کۆنەکانی سکۆتلەندی دەچن و هەموو دەم لە پەیوەندییەکی پڕ لە شۆڕش و یاخیبوونن لەگەڵ "بابی عالی"، بەردەوامیش هێرشی سوپایی عوسمانییەکانیان شکاندووە.

خاکی کوردەکان لە ڕۆژئاوا بە لای چەپی ڕووباری فورات لە لاکەی تریش بە زنجیرە چیای داسم داغ دەورە دراوە، ئەم زنجیرە چیایانە وەك دیوارێکی عاسێن برینیان زۆر سەختە، لە خەرپووتەوە درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەرزنجان، واتە ماوەی سی فەرسەخ – Lieus ((هەر فەرسەخێك نزیکەی چوار کیلۆمەترە، هەمووی بەسەر یەکەوە دەکاتە نزیکەی ١٢٠ کیلۆمەتر.)) بۆ ماوەی چەندان ڕۆژ بە ناو ئەو شاخانەدا ڕۆیشتووم کە هەمیشە دوندەکانیان بە بەفر داپۆشراوە و دیمەنێکی پڕ لە مەزنی و ناوێزەیان هەیە، ئەمەش لە کردە و کەسایەتیی ئەو گەلە ڕەنگ دەداتەوە کە بەرگری لێ دەکا. یەکێ لەو خێڵانەی لەم ناوچەیە دەژیێ کە بە خۆشەویستی خۆی بۆ ئازادی ناسراوە خێڵی ریشڤانە – Richevan [٢٧] ئەم خێڵە ماوەیەکی زۆر لە ئەستەنبوڵ نمایندەیەکی هەبوو نوێنەرایەتی ئەوی دەکرد.

هـەمان ئـەم نـاوە، كـە تـەواوی خێڵەكـە هەڵیـدەگرێ هەڵبـەت بـە كاریگـەریی باڵادەستترین خێزانی ناو خێڵەكە، دەشێ لە ناو شۆڕشـە ئەریستۆكراسـەكان(٢٨) گۆڕان دروست بكا و خێزانێكی تر بێنێتە سەر دەستەڵات، هەر لەبـەر ئەمەیـە ئـەم خێڵە ئەمڕۆ بە بادڤەلی — Badveli ناسراون. ((پێشـتر بـە ریشـڤان — Richevan ناسـرابوون)). وشـەی بادڤـەلی نـەژادێكی ئەرمـەنی هەیـە و بـە مانـای بـەگزادە و شـەرافەتمەند دێ. واپێدەچـێ ئەمـە ڕاسـت بـێ، لـە لایـەن چـەند كەسـانێكەوە پشتگیری لێ كراوە كە لـە نـاو كوردەكـان – Curdes ئەرمەنـە كۆنـەكان هـەن كـە خۆیان بە پایەی كەسایەتی تایبـەت بـە خۆیـان و ئازایـەتییان جیـا دەكرێنـەوە و هـەردەم لـە فـەرمانڕەوایی و سـەركردایەتیدان بـۆ نموونـە لـە نـاو خێڵـی ریشـڤان – Richevans تـیرەی مانەكتسـی -Manektsi هەیـە و زۆر ناسـراوە لـە نـاو كوردەكان. ئەوان لەو بڕوایەدان كـە ئـەم مانەكتسـییانە دەگەڕێنـەوە سـەر خێڵـی مەنتاگۆنی -Mantagouni ، سێلڤان - Sellivans — ەكانیش دەڵـێن ئێمـەش بـە هەمان شێوە دەچینەوە سەر خێڵی ریشدونی — Reschdouni .

بادڤەلییەكان ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا هاوكاریكردنی حافز پاشـا—یـان ڕەت كردەوە. بادڤەلییەكان بڕیاریان دا هێز بە هێز لە ناوبـەرن، ئەوەنـدە بـە ئازایـەتی خۆیان بۆ جەنگ ئامادە دەكرد دڵنیابوون تێیدا سەردەكەون. هەڵبەت بـێ چـەك و تفاقی جەنگیش نەبوون. ئەم كوردانە هەموو بە سەربازی لە دایك دەبن، ئەگەرچی جلوبەرگێك كەم لەشیانی داپۆشیوە بەڵام هەردەم تفەنگ هەڵدەگرن و وەك هاوڕێ و گەرانتی ئازادیی خۆیان سەیری دەكەن. بە گشتی هـیچ باجێـك نـادەن و لـە نـاو سادەیی دەژین و ڕەنگی جلوبەرگیان هەردەم زەق و ئاڵوواڵایە، وەك دیاردەیـەكی لاف لێـدان و خـۆ دەرخسـتن خەنجـەر و دەمانچـە هەڵـدەگرن و لەبـەر پشـتێنیان دەنێن. ئەسپەكانیان هـەردەم ئەسـپی نایـابن و لـە قـەدی شـاخ بـە خێرایـی لێـی دەخـوڕن و بـە دەسـتێكیش تەقـە دەكـەن، وێنەیـەكی جـوان و سـەرنجڕاكێش پێشـكەش دەكـەن. مێوانـداری ، فەزیلـەتی كۆمەڵایـەتی كوردەكانـە، زۆر جـاریش سەرۆك خێڵەكان هەموو سامانی خۆیان وەك لە لای عەرەبەكانیش باوە لە پێناوی مێوانداریی بێگانەكان خەرج دەكەن. زۆر هەستیارن بەرامبەر بە مۆسـیقا، گـۆرانی زۆری نیشـتمانپەروەرییان هەیـە كـە بـۆ شـكۆمەندی و ڕێزلێنـانی خـەباتگێڕە

کوژراوەکانیان گوتراوە. ئەوان نەریتێکیان هەیە کە خەباتگێڕە کوژراوەکانیان بە جلوبەرگی خۆیان دەخەنە سەر پشتی ئەسپ و وێڕای ئاهەنگ و نمایشی سەرنجڕاکێش دەیبەنە دوا مەنزڵگای خۆی. لێرەوە هەندێکیان گۆرانی دەچڕن یەك لە یەکێکی تر وەردەگرێتەوە، ئەوانیتر خەم لە دەم و چاویان دەبینرێ. ژنی کورد وەك ژنی تورك هەمیشە خۆی داناپۆشێ، ژنانی کورد بە ڕوخساری والاَ و قژی جوان داهێنراو پیاسە دەکەن و لووتیشیان بە زێڕ و گەوهەر دەڕازێننەوە. وەك باوە لە ناو ئەڵمانەکان، ژنانی کوردیش بە هەمان شێوە لە دوای مێردەکانیانن و هاریکارییان دەکەن و ئاگاداریان دەکەنەوە. هەموو پیاوێك هاوتایە بە هاوسێکەی و بە یەکەوە دوژمنە هاوبەشەکانیان دوور دەخەنەوە. لەم کاتانەدا ڕاستەوخۆ و خۆبەخۆیی جۆرێك لە هەرەمی سوپایی لە ناویان دروست دەبێ و تا ئەو کاتەی چەك دادەنێن بە موو لێی لانادەن. ئەگەر ئەم کوردانە بە گیانێکی برایانە یەکدی بگرن شکاندنیان زۆر سەختە بەلاَم ناکۆکی و ململانێ لە ناویان دەبێتە هۆی دەمەقاڵێ و سەرەنجام دەبێتە شەڕە خێڵ. "بابی عالی"یش بە خۆشکردن و گەشەدان بەم ناکۆکی و ململانێیە سەرکەوتووە و توانیویەتی تەواوی خێڵەکانی تر لە دژی بادڤەلییەکان ڕاست بکاتەوە و پشتگیری نەکەن.

لە ڕۆژهەلاَتی فورات کۆمەڵێك خێڵی زۆر هەن بە پەرت و بلاَوی لە ناوچەکانی دەوروبەری خانووس (؟)، مەلاَزگەرد، مووش، ساسۆن، پالۆ، هەکار، جەزیرە — Djeziré ، دەژیێن، ئەمانە قەلاَو بورجیان هەیە و خەریکی کاری کشتوکاڵیین و ژیانێکی نیشتەجێ بەسەر دەبەن، دەتوانین ناو لەمانە بنێین "کوردە نیشتەجێکان"ی — Curdes Naturalisés — ئیمپراتۆری عوسمانی، بەم چەشنە دەتوانین ئەمانە جیا بکەینەوە لە خێڵە کۆچەرەکانی تر کە لە بن ڕەشماڵەکان دەژیێن، بە گوێرەی وەرزەکان دەجوولێن و هەمان ناویشیان هەڵگرتووە. ئەم خێلاَنە زۆر و جۆراوجۆرن، تەنیا لە ئەرمینیای گەورە ئەم خێلاَنە هەن وەك : پەنجنار، سینان، پادەك، شارکیان، سیبەگ، هەسنان، پەرازگ، مامەنت، ئۆمەرگ، شێخ پەزەن (شێخ بزێنی) هەندێك لەمانە بە زازایی قسە دەکەن، ئەمەش دیالێکتێکی تەواو جیاوازە لە زمانی کوردی ئاسایی و وەك زمانێکی تەواو سەربەخۆ دێتە بەرچاو. [٢٩]

چ کارەساتێکە پاتریارکی نەستۆری تێی کەوتووە

مار شەمعون - Mar Simon ، کەسایەتی دووەمی نەستۆرییەکان و مامی پاتریارکی ئێستا ((واتە ساڵی ١٨٣٧)) بە گوێرەی نەریتی ئایینی وەك جێگرەوەی پاتریارکی ئێستا کە مامیەتی پێش لەدایکبوون دەستنیشان کرا. دایکی بەو هیوا و ئومێدەوە دەژیا ئەو منداڵەی دەیبێ و دێتە جیهانەوە کوڕ بێ، لەبەر ئەوە خۆی ناچار کرد دوای سك دانان بە پێی نەریتی ئایینی گۆشت خواردن لە سەرۆکی ئاییندەی ئایینی کلدانییەکان Chaldéenne حەرام بکا. ئەگەر بێت و منداڵ لەدایکبووەکە کچ بێ، دەبوایە هەموو ژیانی خۆی لە خزمەتی ئاین بەسەر بەرێ و وەك خوشکێکی ئایینی بژیێ، ئەمە ئەگەر لە حاڵەتێك هەموو خۆشەویستی جیهان بە هانای بهاتایە و بۆ جارێ بەختی هەڵسابایە مێردی کردبا، لەم حاڵەتەدا دەیتوانی داوای بەخشین لە کەنیسە بکا بە مەرجێ مارەیییەکەی بۆ کەنیسە بەجێ بهێڵێ. ئەم حاڵەتە بەسەر خوشکی مار شەمعونی دەیەم Mar - Simon داهات، پێش ئەوەی منداڵەکە بێتە دنیاوە بە خۆشییەوە وەك پاتریارکی ئایندە چاوەڕێیان دەکرد. سەرەنجام منداڵەکە کوڕ نەبوو و کچ بوو، ناویان نابوو شەملێ. بە هیچ شێوەیەکیش سروشت یاوەری ئەم منداڵە نەبوو، بەژن و باڵای ناتەواو بوو و دەشەلی، هەموو ئەم نیشانانە وەك ئەوە بوو نەزر و نیەتی دایك و باوکی هەڵوەشێتەوە و نەیەتە دی. بەم جۆرە لە نزیك براکەی مایەوە، بەلام لەبەر ئەوەی توانایەکی رۆشنبیری و ئەقڵیی بەهێزی هەبوو لە کاتێکدا ڕەگەزی ئەو لەو ئاستەدا نەبوو ئەوەی پێ ببەخشێ [٣٠]. سەرەنجام ئەو سکرتێر و راوێژکاری براکەی بوو، هەڵبژاردنی قەشەکان بە دەست و ڕاوێژی ئەو بوو، دەستووردان و ئەمرکردن کە کاری ئەو بوو بە شێوەیەکی رۆژهەلاتییانەی پڕ لە ڕەوانبێژی و مەزنی جێبەجێ دەکرد. کورسی پاتریارکی لە ڕوانگەی ئەو بریتی بوو لە "خۆری ئاوانەبوو لە جیهان و ڕووناکی پڕ لە زیندوویی و مەزنی نەتەوەکان". کاتێ کە دەچوونە کەنیسە بۆ خوێندنی سروود تەواوی ئەو شوێنەی بە بوونی خۆی داگیر دەکرد. وێردی دەخوێند و کۆبوونەوەکەی ناو کەنیسەی پیرۆز دەکرد، هیچ قەشەیەك نەیدەتوانی گفتوگۆی لەگەڵ بکا یان لێی نزیك

بێتەوە بێ ئەوەی پێشتر دەستی ماچ نەکا، لە کاتێکدا ئەم دەست ماچکردنە بۆ قەشە پایە بەرزەکانی ئایینی Ecclésiastique تەرخان کرابوو. براکەشی کە پاتریارك بوو زۆر بەم نزیکی و هاوکارییەی خوشکەکەی بەختەوەر بوو، چونکە مار شەمعون کاری گرینگتر و پڕ بایەختری لە ئەستۆ بوو. لە کاتی دیارنەبوونی یان دەرچوونی بەگی جۆلەمێرگ ((جۆلەمێرگ ئەمڕۆ ناوەندی هەکارییە)) کە سەرکردەی سیاسیی ئەو بوو، دەبوایە ئەو ئاگای لە حەرەمی ئەو بێ، ئەم مافەش لە پاتریارکی ئێستا ((واتە هی ساڵی ١٨٣٧)) سەندراوەتەوە. پاتریارکی ئێستا بەوە تاوانبار دەکەن کە هەندێ خووی خراپی هەبووە و لەگەڵ کوردەکان کاری چەتە و ڕێگری کردووە و گەڕیدە و موسافیرەکانیان ڕووت کردۆتەوە، بەلاّم ئێمە پێمان خۆشە ئەم خەبەرە بە ڕاست نەزانین.

نەوەی خۆی ئەبراهام جێگای مار شەمعونی گرتەوە، نزیکەی تەمەنی چل و دوو ساڵ بوو، لاڵ بوو و زۆریش ئێرەییان پێ دەبرد چونکە نیشان شکێنێکی نایاب بوو، لە بەکارهێنانی شمشێر زۆر شارەزا بوو، یەك جار هاتە زیارەتی قەشەی کۆسرۆڤا -Chosrova ، لێمان پرسی ئایا دەستنووسی کۆنی لا هەیە، وتی گەلێك زۆر بەلاّم من تەنیا شەشخانە—کەی خۆم دەناسم، شەشخانە ناوی ئەو تفەنگە بوو کە کورد و کلدانییەکان بە کاریان دەهێنا، ئەوەندە ئارەزووی لە وەرزشی دەستییە، شەوانیش ئەو تفەنگە لە کاتی خەوتن لە باوەشی خۆی دوور ناخاتەوە. لە بارەی نامە نووسینەوە، تەنیا یەك مۆدێلی نامە نووسینی ئایینی هەیە کە بۆ هەموو کارێك بە کاری دەهێنێ. لەگەڵ بەگی جۆلەمێرگ نێوانی باش نییە. بەگی جۆلەمێرگ لە ترسی تۆڵەی چیانشینەکان نەبێ دەمێك بوو پاتریارکی دێری - monastère دوور خستبووەوە کە چوار فەرسەخ لە جۆلەمێرگ دوورە (واتە نزیکەی ١٦ کیلۆمەتر لە شار دوور بووە) تێپەڕین بە ناو خاکی بەگە کوردەکان وای کردووە سەردانیکردنی دێری سەرەکی - Couvent ، لە کۆچانێش (کۆچانێ) بووەتە شتێکی مەحاڵ، ئەمەش وەك ئەوە وایە ئابلّوقە درابێ. سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی پاتریارك هەمووی لە دۆڵی ئورمی —یەوە دێ ((ورمێ یان ئورومیە))، لەبەر ئەوەی کلدانییە چیانشینەکان زۆر هەژارن و ناتوانن

ئەم داهاتە لە ئەستۆ بگرن، سەرەنجام ئەگەر ئەو بەشە نایابەش (کلدانییەکان)ی لە دەست بڕوا کە داوای لێ دەکەن بگەڕێتەوە بۆ مەزهەبی کاتۆلیکی، کەنیسەی نەستۆری و پاتریارکەکەی نامێنن.

پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی چیانشینە کریستیانەکان

پێغەمبەر ((لێرە مەبەست لە پێغەمبەری کریستیانەکانە.)) زۆر بە جوانی بڵیمەتیی کۆمەڵایەتی چیانشینەکانی دیاری کردووە کاتێ کە دەڵێن کە تەنیا ڕق و کینە و ناڕەزایی پاشای ئەوانە، ئەوان هەرگیز سەریان بۆ بێگانەکان دانەنواندووە، هێزە داگیرکەرەکان تا بن شاخەکانی ئەوان هاتوون و وەك شەپۆلی دەریایەکی تووڕە کە بەهێز خۆی بە لێواردا دەدا و دەشکێ، ئەوها شکاون، بەڵام هەردەم لە شوێنی خۆیان بوون، بە بەرچاوی ئەوان دەیان ئیمپڕاتۆڕی سەری هەڵداوە و گەورە بووە و لە ناوچووە. خۆشەویستی یەکسانی سیاسیی پێکهێنەری سەرەکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەوانە. هەر مرۆڤێك خۆی لە هەمان ئاستی کۆمەڵایەتی هەر مەلیك –ێك [٣١] یان سەرکردەیەك دادەنێ، ئەمانەش دەستەڵاتی فەرمی هەر لەوانەوە وەردەگرن بۆ پاسەوانی کردنی دەستەڵاتی گشتی، سەرکردایەتی هێزەکان بکا ئەگەر وڵات دوچاری خەتەری هاتەوە. ئەم مەلیکانە ژمارەیان حەوت کەسە، سووکە باجێك بە پێی دەستەڵاتی گشتی وەردەگرن، زۆرترین بەش لەم باجە لە ژیانی ئایینی خەرج دەکرێت. ئەمانە دابەشی شانزە خێڵ بوونە کە ناوەکانیان بەم جۆرەیە : تیاری - Tiari، تەخومی -Thékoumi ، باز – Baz، سز - Siz، جێلو – Djélou، بەروار - Barvar، ئەرتوش -Artousch، گەڤەر - Gavar، نوجیا -Noudjia، مەرگەوەڕ – Margavar، تەرگەوەڕ -Thargavar، داس – Das، ڤالتوو – Valtou، بێت – نوریێ-Beith - Noure، لیۆن – Leon، نودیس – Noudis. (ناوەکان بەو شێوە نووسراونەتەوە هەر وەکو لە تێکستەکەی ئۆژێن بۆرێ دا هاتووە_ د.م.أ.ع).

زمانی کلدانی مانای هەندێ لەم ناوە کۆنانەمان بە تەواوی دەداتێ وەك بۆ نموونە : تیاری بە مانای چیانشین دێ، هەروەها بە گوێرەی ڕوانینی کلدانییەکان

خۆیان بە مانای مێگەل و مێرگ و لەوەڕاندنیش دێ. تەخومی بـە مانـای سـنوور و تخووب — یش دێ. زیاتر لەگەڵ شوێنی نیشـتەجێبوونی خێـڵ دەگـونجێ. بـاز بـە مانای تالآن دێ. جێلو دەشێ لە رادیکالی گلە — ەوە هاتبێ کە بـە مانـای کـۆچ و کۆچەری دێ، ئەمـەش زۆر بـاش لەگـەڵ حاڵـەتی کۆمەڵایـەتی خێـڵ و ئـەو شـێوە ژیانەی هەیەتی دەگونجێ کە هەمیشە بژێوی ژیانی لە لای هاوسێکانی بـە دەسـت دەهێنێ. بەروار بە مانـای خواربوونـەوەی تـاوێر دێ، بێـت — نـووری، واتـە مـاڵی ئاگر، لەمەش خەیاڵمان بۆ سەردەمی ئاگرپەرستی – Magisme دەچێ.

چیتر جورئەت ناکەین ئیتیمۆلۆژی ئەم ناوانـە بدۆزینـەوە، لـەو بڕوایـەدام بـۆ ئەمە دەبێ لەسەر خاکەکە بین، بەلآم دەتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین لیۆن - Léon حاڵەتێکی دەگمەن پیشان دەدا کە ئەم وشەیە ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زمـانی یۆنانی، واتە لە یۆنانییەوە هاتووەتە ناو نەستۆرییەکان.

خێڵی تیاری کە ژمارەیان لـە حـەفت هـەزار کـەس پێکـدێ، پەیماننامەیـەکی هاوبەشـی لەگـەڵ کـانتۆنی تـەخومی و ئـەرتووش کـە کـوردی لێ دەژیـێ کۆیـان دەکاتەوە، بە یەکەوە کۆنفێدێراسیۆنێکیان پێکهێناوە. دز و باز و بەروار و جێلو و کوردی پینۆسی بەشی بەرامبەر ئەوان پێکـدەهێنن. فتنـە و دووبـەرەکی بـە هـۆی بەرژەوەندیی تایبەتی وای کردووە نەستۆرییەکان دابەش بن و میرە کوردەکان کە لە هەر چوار دەورەیان دەژین بەسەریاندا زاڵ بن. ئەگەر ئەمانە یەکگرتوو بن خێڵە کوردەکان کە دووبەرەکی و ناکۆکی هەمیشەیی لاواز و مانـدووی کـردوون هـەرگیز ناتوانن بەسەریاندا زاڵ بن. ئەم نەژادە کە لە نەژادی کلدانییەکان جیابوونەتەوە لە ڕووی بنەچەك و زمان و ئایین و داب و نەریت [٣٢] جیـاوازە، سـەرەڕای ئازایـەتییان ئەگەر چیانشینەکان بجووڵێن ئەمانە خۆیان ڕانـاگرن. لـە زۆر ڕووبەڕووبوونـەوەدا، کلدانییەکان دەرسێکی خوێناوی بـالاَ دەسـتیی خۆیـان پێشـکەش کـردوون. ئەمـە تۆقینە کە دەبێتە ئیلهامی ئەم پیـاوە ئازایانـە کـە ڕێگـا نـادەن کلدانییـەکانی تـر بچەوسێنەوە، کە بەگی جۆلەمێرگ ناچار دەکا لەسەر خاکی خۆی پاتریارکەکەیان ئـازار بچـێژێ کـە دوژمنیـەتی. کلدانییـە چیانشـینەکان تۆڵـە لـە کوردەکـان دەستێننەوە کە لـە ناویانـدا دەژیـن، ئـەو ئیهانەیـەی کوردەکـان بـە کلدانییـەکان

دەکــەن وەك موســڵمانێك بەرامبــەر بــە کریســتیانێك دەکــرێ، ئــەوان وەك تۆڵەسـەندنەوەیەك بـانگی حەملـە و هێـرش دەکەنـەوە. لەگـەڵ ئەمـەش بـە پێـی پەیماننامەیـەکی کـۆن تـەخومی سـاڵانە جـۆرە باجێـك دەداتـە بـەگ. جێلـو –ش ماوەیەك بوو جۆرێك لە داوەت – ی بۆ دەنارد. خێڵی جێلو لە هەمووان هەژارترە، لەبەر ئەوەی چیاکانی ئەوان و خاکەکەی شتێکی ئـەوتۆ بەرهـەم نـاهێنێ، ناچـارن توانای خۆیان لە لای بێگانەکان بەکاربهێنن بـۆ ژیـان، نـەخوازەڵا ئـەوانیش زۆرن، خێڵی جێلو ئەوەندە زۆرن دەتوانن دوو هەزار شەڕکەر بنێرنـە شـەڕ. لەسـەردەمی ناتەبایی و دووبەرەکی ململانێی هـەموو خێڵـە نەسـتۆرییەکانی دیکـەیان دەکـرد و باڵادەستترینیان بوو. لە ناو ئەمانە قەشەیەکی کاتۆلیك هەیـە کـە سـەرکردایەتی و خزمەتی نزیکەی بیست خێزانێـك دەکـا و خـەریکی کاروبـاری ئـایینی ئەوانـە. بـێ گومـان ئـەم شـوێنە هەڵکـەوتێکی پێشـکەوتووە کـە تێیـدا دەشـێ ئۆرتۆدۆکسـی سەرکەوتووانە بگەڕێتەوە ناو کۆماری کلدانی(٣٣).

پەراوێز و سەرچاوەکان :

١- د. الحسيني الحسيني معدي، يوليوس قيصر. دار الكتاب العربي. دمشق، القاهرة. ٢٠١٠. لا ٢٠.

٢- بە هەمان شێوە لە زمانی فرانسی دەگوترێ ئیسلامیزم کە هەندێکیش بە ئیسلامیسم دەینووسن کە ئەمەی دوایی زۆر لەگەڵ فۆنەتیکی کوردی ناگونجێ مەبەست لێی "ئیسلامی سیاسییە".

٣- میسیۆنی دۆمنیکانەکان بۆ یەکەم جار بە ناردنی پێر مۆریزیۆ گارزۆنی بۆ مووسڵ و ئامێدی دەست پێ دەکات، ئەمەش لە ساڵی ١٧٦٢ بووە. گارزۆنی دەڵێ زمانی کوردی زمانی کوردەکان و کریستیانەکانی ناوچەکەیە بە گشتی، بەڵام نەستۆرییەکان بە "زمانی سورەت" قسە دەکەن. گارزۆنی دوای مانەوە لە ئامێدی بۆ ماوەیەکی زۆر، دواجار پاش گەڕانەوەی بۆ ئیتالیا کتێبێك بە ناوی: ڕێزمان و وشەکانی زمانی کوردی .la Grammatica et vucabulario della lingua Kurda . بڵاو دەکاتەوە. وەك پاشکۆیەك بۆ ئەم کتێبە فەرهەنگۆکێکی ئیتالی – کوردی لە ٤٦٠٠ وشە لەگەڵ کتێبەکە دادەنێ و ئەم کتێبە لە ساڵی ١٧٨٧ لە ئیتالیا چاپ کراوە. ئەم کتێبە لە لای کوردۆلۆگە ئۆروپییەکان وەك سەرەتای کۆردۆلۆژیی نوێ لە قەڵەم دەدرێ.

٤- لێرەش مەبەست لە مسیۆنی ئۆژێن بۆرێ یە.

٥- مەبەست لەمە ئەو دە عەشیرەتە ناسراو و ونبووانەی جوولەکەکانە پاش داگیرکردنی ئیسرائیل لە لایەن پاشای بابیلۆنی "نەبوخۆدۆنۆسۆری دووەم - Nabuchodonosor II " لە ساڵی ٥٨٦ پێش زایین دەگوازرێنەوە بۆ ناوچە شاخاوییەکان کە دەکا کوردستانی ئەمڕۆ. بە پێی روانینی مسیۆنێرەکان دەبێ جوولەکەکانی کوردستان ئەوانە بن کە لەو سەردەمە گوازراونەتەوە. هەردوو گەڕیدە: "گرانت" و "ئیسرائیل جۆزێف بنیامین دوو" بە درێژی باس لەم جوولەکانەی کوردستان دەکەن، بە تایبەتی دە عەشیرەتە ونبووەکانی ئیسرائیل.

Asahel Grant. Les Nestoriens ou les Tribus perdues. Traduit de l'Anglais par le traducteur de la vie de Mme Henriette Winslow. Paris . 1843. (Israel Jpseph Benjamin II. Cinq annees de voyage en Orient. Paris. 1856

(هەروەها بۆ نووسینی ناوی پاشای بابیلۆنی بە شێوە دروستەکەی (نەبوخۆدۆنۆسۆر) پشتمان بەم سەرچاوەیە بەستووە کە بە زمانی فرانسییە ئەویش کتێبی بە

ناوبانگی: سامۆیل نوح کرێمەر، مێژوو لـە سـۆمەرەوە ، چـاپی دەزگـای .Arthaud ، پاریس. ١٩٧٥.

– Samuel Noah Kramer. L'Histoire Commence a Sumer. Ed. Arthaud. Paris. 1975.

6- Chris Kutschera, Le Kurdistan. Guide Litteraire. Favre. Paris. 1998. pp 9-10 .

٧- ئێران وەك ناونیشانی سیاسی و فەرمی بۆ ئەم ولاّتە لە ساڵی1935 – ەوە لـە لایـەن بنەماڵەی پەهلەوییەوە بەکاردێ. بڕوانە:

D. N. Mackenzie. Ērān, Ērānšahr. Encyclopaedia Iranica, iranicaonline.org.1998-12-15

8- Eugène Boré, Voyages, Correspondance et Memoires d'un voyageur en Orient. 2 tomes, Olivier- Fulgence Librairie, Paris. 1840

9- DE LA RALLAYE, Eugene Bore: Notice biographique suivie d'extraits de son journal et de sa correspondence; Annales de la congrégation des missions étrangères, no. 68

١٠-شۆلتز ئارکیۆلۆژ و مێژووناس و جوگرافیناسی ئەڵمانی بـوو، پـێش گەیشـتنی ئـۆژێن بۆرێ بۆ کوردستان ئـەو دەمێـك بـوو لەسـەر پاشماوەکـانی شـاری وان و قـەڵای وان کاری دەکرد، لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی سوبارتییەکان دەگەڕێتـەوە بـۆ لێکۆڵینـەوە سەرەتاییەکانی ئەو، بـە داخـەوە سـاڵی ١٨٣٦ بـە دەسـتی چـەند ڕێگرێکـی کـورد دەکوژرێ. بڕوانە :

Dr.Mohsen Ahmad OMAR. Les voyageurs français au Kurdistan, XVIIe, XVIIIe et XIXe siècles. Thèse de Doctorat. Université Sorbonne –Nouvelle Paris III. 1996. pp31

11- GERAUD. H . Compte Rendu de Voyages, Correspondences et Memoires d'un voyageur en Orient. Dr Eugène Boré. Publication de l'Academie des Instructions ET Belles-Lettres. p. 265

١٢- تا کۆتـایی سـەدەی هەژدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهـەم زۆر لـە گەڕیـدە فرانسی و ئیتالی هەندێکیش لە ئینگلیزەکان کە گەیشتوونەتە کوردستان دەڵێن ئێرە ولاّتی ئاشووری کۆنە و ئێسـتا پێـی دەگـوترێ کوردسـتان. بـۆ زانیـاریی زیـاتر لـەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی "لێکۆڵینەوە کوردییەکان"ی د. موحسـین ئەحمـەد عومـەر. بلاّوکراوەی ئەکادیمیای کوردی. هەولێر . ساڵی ٢٠١٢ .

١٣- بێ گومان ئۆژێن بـۆرێ لـەم ڕوانینـەی بـە هەڵـەدا چـووە، چـونکە ئـەو سـەردەمە لێکۆڵینەوە لە زمانەکان و ئیتنیکەکان ئەوەندە پێش نەکـەوتبوو، ئـەمڕۆ هەڵەیـەکی لەم جۆرە ناکرێ کە ئەمانە هەموویان سەر بە گرووپـی زمانـە سـامییەکانن، هەرچـی

زمانی کوردییە دەمێکە ساغ بۆتەوە کە سەر بە خێزانی زمانەکانی هێندۆ-ئێرانی کۆنە و ئەمەش هەر بەشێکە لە زمانەکانی هێندۆ-ئۆرووپی. دوای ئۆژێن بۆرێ ئەم لایەنە زیاتر لە لایەن رۆژهەلاتناس و زماننـاس "ئێرنست رێنان"ەوە بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە کە هەتا ئەمرۆش ڕوانین و دابەشکردنەکانی ئەو لە بارەی زمانەکانی جیهان و خێزانە زمانەکانی جیهان، برەو و کاریگەریی خۆی هەیە.

14- Eugène Boré. Ibid. po. Cite. p 20

١٥- کتێبی سانت ئەفرام بریتییە لەو سروود و وێردە ئاینییانەی لە لایەن سانت ئەفرامی سووری یان سوورپایی کە بە زمانی سریانی پێی دەگوترێ "ئەفرام سوریایا" نووسراون لە کاتی نوێژ کردن لە کلێسا وێڕای مۆسیقا دەخوێندرێتەوە و دووبارە دەکرێتەوە.(سانت ئەفرامی سووریایی ساڵی لەدایکبوونی بە تەواوی دیار نییە بەڵام هەمیشە دەگوترێ لە نزیکەی ٣٠٦ زایینی لە نسێبین لە دایکبووە و لە ٣٧٣ زایینی کۆچی دوایی کردووە.) بڕوانە :

DE LA RALLAYE, Eugene Bore: Notice biographique suivie d'extraits de son journal et de sa correspondence; Annals de la congregation des missions étrangères, no. 68

16- Eugène Boré. Ibid. op. cite. p 20

١٧- د. قەیس ئەلعەزاوی. رەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی تورکی. وەرگێڕانی لە فرەنسییەوە د. موحسین ئەحمەد عومەر. زنجیرەی کتێبی گیرفان. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٢٠٠٦.

18- GERAUD. H . Compte Rendu de Voyages, Correspondences et Memoires d'un voyageur en Orient. Dr Eugène Boré. Publication de l'Academie des Instructions ET Belles-Lettres. p. 265

١٩- مەبەست لەمە ئەو گوندانەن کە کورد و نەستۆری لێی نیشتەجێن و دەکەونە سەر ئەو شاخانەی رۆژئاوای تەورێز کە کوردستانە، ئەم "یەکەم شاخە" ناوهێنانێکی ئۆژێن بۆرێ خۆیەتی.

20- GERAUD. H . Compte Rendu de Voyages, Correspondences et Memoires d'un voyageur en Orient. Dr Eugène Boré. Publication de l'Academie des Instructions ET Belles-Lettres. p. 265

٢١- بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی لێکۆڵینەوە کوردییەکان نووسینی د.موحسین ئەحمەد عومەر. بە تایبەتی لێکۆڵینەوەی (ژن لە نێوان دوو کولتوور.) بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی. هەولێر. ساڵی ٢٠١٢.

٢٢- دەشێ ئەم گۆڕانە زیاتر لە سەدەی شانزە و حەڤدەوە رووی دابێ، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیە و لێرە بواری ئەمە نییە.

23- Adolphe D'AVRIL, La Chaldée Chretienne, Des Chaldéens-Unis et des Nestoriens. Paris . 1864. p. 7

٢٤- دەشێ "کلان" — Clan بە هۆز—ی کوردی وەرگێڕدرێ، بەو مانایەی هۆز لە خێڵ بچووکترە ، هەر هۆزێك لە چەند تیرەیەك پێکدێ و لە سەرووی هەموویان خێزانێکی فەرمانڕەوا هەبووە .

25- Pere Henri-Irene DALMAS. (Dominicain) . L'aventure Nestorien de la boucle de l'Euphrate jusqu'en Chine. Le monde de la Bible. Numero 119.

٢٦- بڕوانە : کتێبی رۆژهەڵاتناسی. ئەدوارد سەعید.

٢٧- لەو بڕوایەدا نیم ناوی ئەم خێڵە ڕەشوان یان هەر ناوێکی تری نزیکی ئەمە بێ، ئۆژین بۆرێ ناوەکەی چۆن بیستووە هەر وا تۆماری کردووە بێ وردبوونەوە، بۆیە سەختە بزانرێ.

٢٨- مەبەستی ئۆژێن بۆرێ لەمە جێگرتنەوەی خێزانێکی ئەریستۆکراسییە بە یەکێکی تری ئەریستۆکراسی لە فەرمانڕەوایی هەر میرنشینێك.

٢٩- چەندین رۆژهەڵاتناس و کوردناس لەوانە مەکەنزی و کرۆیێنبێرگ و چەندانی تر لەگەڵ ئەو بۆچوونەن کە زازاکی "دملی" زمانێکی سەربەخۆیە و بەیەکەوە ژیان و چارەنووس و ناسیۆنالیزمی نوێی کوردی وای کردووە پەیوەندییە مێژووییەکان لە نێوان ئەم دیالێکتە کوردییە و ئەوانی تر، لە نێو ئاخێوەرەکانی بمێنێتەوە و نەپچڕێ.

٣٠- لەم ڕوانینە هەست بە زاڵیی فیکری نێر دەکرێ.

٣١- مەلیك لای نەستۆرییەکان واتە سەرکردەی ئایینی کە لە هەمان کاتدا سەرکردەی سیاسیشە.

٣٢- لێرەوە نازانین نووسەر مەبەستی کوردەکانە یان نەستۆرییەکان، بەڵام پێدەچێ زیاتر مەبەستی کورد بێ.

٣٣- نووسەر مەبەستی لەمەی دوایی گەڕانەوەی نەستۆرییەکانە بۆ کاتۆلیسیزم.

ملخص البحث

يتناول هذا البحث احد المصادر الرائدة في مجال الاستشراق الديني الفرنسي. كما انه يتطرق الى دراسة الرحلات التبشيرية للرحالة والمبشر الفرنسي أوجين بوري. في هذا البحث، نحاول ان نسلط الضوء على رحلات ومشاهدات هذا الكاتب واقامته فى كردستان بين النسطوريين والكورد في أواخر الثلاثينيات من القرن التاسع عشر. طبعت ونشرت رحلات الكاتب اوجين بوري في سنة ١٨٤٠ في باريس في كتاب حمل عنوان "رحلة، مراسلة وذكريات لاحد الرحالة الى الشرق. " والذي طبع في مجلدين. من اهداف التي سعى اليها اوجين بوري، وهو من اعضاء الجماعة اللازارية الكاثوليكية الفرنسية، هو ان يجعل مسيحيى كوردستان يعتنقون المذهب الكاثوليكي. وكانت هذه الاهداف تتماشى مع سياسة فرنسا في تلك الحقبة "ثلاثينيات القرن التاسع عشر"، وكانت فرنسا في تلك الفترة تعتبر نفسها حامية كاثوليكيي العالم. كما تناول البحث بعض جوانب الحياة وبخاصة الدينية للنساطرة في كوردستان وعلاقتهم مع الكورد. كما قمنا بترجمة اجزاء من رحلة اوجين بوري للشرق وكردستان من الفرنسية الى الكوردية ضمن هذه الدراسة كنماذج لطريقة وصف وتفكير المبشر والرحالة أوجين بوري.

Abstract

Cette étude est consacrée aux Nestoriens et aux Kurdes, ainsi que leurs statuts sociaux-politico-religieuse. L'étude puise sur les témoignages de voyageur et lazariste français Eugène Boré et plus particulièrement son œuvre « Voyages, Correspondance et Mémoires d'un voyageur en Orient ». Ce livre, qui contient deux tomes, est publié chez Olivier- Fulgence Librairie à Paris en 1840. Eugène Boré a fait ses voyages entre les années 1837 et 1838. Le livre est apparu en 1840 à Paris. Le récit des voyages dans ce livre est considéré comme des premiers récits et témoignages français sur les Nestoriens et les kurdes au début de XIXème siècle. Etant croyant catholique très convaincu, l'objectif d'Eugène Boré est de convertir les chrétiens de Kurdistan en catholicisme. Cet objectif allait aussi avec la politique française de l'époque qui s'est considéré comme le garant des catholiques du monde.

L'auteur présente et analyse les détails de certains aspects de la vie des Nestorien et des Kurdes ainsi que leurs relations réciproques. L'étude est accompagnée d'une annexe qui contient la traduction kurde de certaines parties du récit.

Abstract:

This research deals with one of the most well-known religious fields of the French Orientalism. It argues that the study of the missionary journeys of the French missionary Eugene Bore. Along with this paper, we try to highlight the journeys and points-of-view of this great writer about the Nestorian and the Kurds and his stay in Kurdistan in the late thirties of the nineteenth century. Eugene Bore's experiences and journeys were printed and published in 1840 in Paris, under the name of 'Journeys, Correspondence and Memoires of one of the travelers to the East', which was published in two volumes. The main objective of Eugene Bore, one of the members of a French Catholic group, was to make Christians of Kurdistan embrace Catholicism during that era. These goals were lined-up with the French policy of the same age. During that era, France was considering itself as the protector of the Catholic trend. This paper also studies Nestorian in Kurdistan, their religious beliefs, and their relationship with the Kurds. Throughout this paper, we have also translated some parts of the Eugene Bore's trip to the east and Kurdistan to show his overall way of thinking and believing of the area.


القسم العربي

تعليمات النشر
في مجلة الأكاديمية الكردية

١- مجلة الأكاديمية الكوردية، مجلة فصلية تعنى بنشـر البحوث العلمية عن الكورد و كوردستان شريطة أن لا يكون منشورا أو مقبولا للنشر في أية مجلة أخرى .

٢- لغة النشـر الأساسـية في المجلة هي اللغة الكوردية، ولامانع من نشر بحوث علمية تخص الكورد و كوردستان باللغتين العربية أو الأنجليزية.

٣- يكتب عنوان البحث، اسـم الباحث، مرتبته العلمية، عنوانه الوظيفي، مركز عمله، بريده الألكتروني و رقم هاتفه على الصفحة الأولى من البحث.

٤- مـن الضـروري أن يلحق البحث بملخص باللغتين الأخرييـن، على أن لايزيد على صفحة واحدة (A٤) يوضح فيه الباحث أهمية البحث و النتائج الأساسية التي توصل اليها.

٥- يعد البحث مقبولا للنشر ويزود الباحث بقرار هيئة التحرير بقبوله بعد تقييمه ايجابيا من قبل الخبراء و المحكمين المتخصصين.

٦- تحتفـظ هيئـة التحرير بحقها في حذف أو اعادة صياغة بعض الألفاظ والتعابير، بما يتلائم مع أسـلوبها في النشر، مع مراعاة الحفاظ على الفكرة الأصلية دون المساس بها.

٧- حيـن يكون البحـث تحقيقا لمخطوطة تتبـع القواعد والمناهج العلميـة المعمول بها فـي هذا المجـال، وترفق البحث بعدة صفحات من المخطوطـة مع بيان المعلومات الأساسية عنها ونوعيتها والجهة التي تحتفظ بها.

٨- يعتمد المنهج العلمي المعمول به في اختيار عنوان البحث ودراسته وأسلوب ترتيب المصادر والهوامش واقتباس النصوص، وتعتذر هيئة التحرير عن نشـر أية دراسة تهمـل هـذه الجوانب. من الضروري أن تكتب البحوث بلغـة علمية راقية ورصينة لكي تجد طريقها الى النشر في مجلة الأكاديمية الكوردية.

٩- يرسـل البحث بثلاث نسـخ ورقية على (A٤) وعلى قرص مدمج CD)) على أن لايزيد عدد الصفحات الكلية للبحث عن (٢٥) صفحة بضمنها الأشـكال والجداول

والهوامــش والمصـــادر ويفضل أن تكتب بحــروف اليونيكود ، مــع مراعاة كتابة الهوامش والمصادر في نهاية البحث.

١٠- فــي حالــة كون الموضوع مترجما، من الضروري أن يكون ذا صلة بأحد جوانب الثقافة الكوردية (اللغة، الأدب، التاريخ ... الخ) ، ومن الضرورة بمكان أن يكون مترجما من اللغة الأصلية مع ارفاق النص الأصلي للموضوع المترجم.

١١- تخصص المجلة عددا من صفحاتها لعرض وتقييم الكتب الصادرة باللغة الكوردية أو اللغــات الأخــرى عن الكورد وكوردســتان شــريطة الألتزام بالمعاييــر العلمية الخاصة في هذا المجال.

١٢- لاتعاد البحوث المرسلة الى مجلة الأكاديمية الكوردية الى أصحابها في حالة عدم نشرها

حافظ القاضي:
نشأته ونشاطه السياسي والثقافي
(١٩٢٩-١٩٧٠)

أ. د. عبدالفتاح علي البوتاني

جامعة دهوك

تمهيد:

يُعد حافظ مصطفى علي القاضي أحد رموز الثقافة الكوردية، وقد اثرت نشأته العائلية والاحداث والوقائع التي شهدها العراق وكوردستان في مسار حياته وفي تكوين وعيه وفكره وتحديد مسار اتجاهه السياسي والثقافي، والى انخراطه ومنذ وقت مبكر في العمل السياسي، وفي هذا البحث نبرز نبذة عن نشأته وحياته السياسية ونشاطه الثقافي، وقد كتبته بالاعتماد وبشكل رئيسي على الجزء الاول من مذكراته الصادرة في دهوك سنة ٢٠٠٦، والتي تغطي الفترة لغاية سنة ١٩٧٠ [1]، فضلاً عن عدد من المصادر والمراجع الاخرى.

تعرفت على المرحوم حافظ القاضي في ربيع ١٩٩٦، في مكتب هيئة تحرير مجلة "مەتین"، الذي كان لغاية سنة ٢٠٠٣، ملتقى الادباء والكتاب المعروفين في مدينة دهوك، لقد عرفني عليه، سكرتير تحرير المجلة ورئيس تحريرها فيما بعد، صديقي الراحل ديار محمد سعيد الدوسكي (١٩٤٧ – ٢٠٠٣/٥/٢٨).

كان القاضي شخصية محبوبة حلو المعشر، ويعشق النكتة والمقالب، لطيفاً وظريفاً جداً ومحباً للحياة، ومع ان صحته لم تكن على ما يرام، الا اني لم اجده متشائماً او يتأفف يوماً، بل كان متفائلاً دائماً، يرفع من معنويات مستمعيه الذين كانوا يلتفون حوله عند زيارته لمجلة مەتین او في حديقة اتحاد الادباء، ويحثهم على الالتصاق بقضية الشعب الكوردي، واحاديثه كانت تتجاوز الشؤون الخاصة والمحلية الضيقة الى الحياة العامة.

يعد القاضي، وبدون ادنى شك، احد رموز الحركة الوطنية الكوردية خاصة في منطقة بادينان، فقد كان ناشطاً فيها ومخلصاً لقضية شعبه، وحياته كانت صفحة من صفحات العمل الوطني والقومي. وكل هذا دفعني للكتابة عنه، إذ كان بالنسبة لي وثيقة حية وخزاناً للمعلومات التأريخية، لذا كنت اتوق الى مجالسته وازوره حال سماعي بوصوله الى كوردستان التي كان يحرص على زيارتها عادة في الربيع، عليه ارى ان ذكرياته، وخاصة الجزء الاول موضوع البحث، جديرة بالقراءة للاستفادة من تجاربه ومشاهداته وما عاصره من الاحداث. ومن اجل هذا كتبها وهو في خريف حياته، والذكريات هي اغلى ما يملكه المرء في هذه المرحلة من الحياة.

حاول القاضي في هذا الجزء من ذكرياته، ان يشرح خدماته واسهاماته التي قدمها، وعلى قدر طاقته، لشعبه ولتاريخ الحركة الوطنية العراقية، فضلاً عن الشؤون الخاصة به والتي يبدو من خلالها انه لم يحدْ عن ما كان يؤمن به، من خدمة شعبه والتفاؤل بمستقبله. ولا يمكن، في الحقيقة، الاستغناء عن مذكراته في كتابة تاريخ العراق وكوردستان المعاصر، لما فيها من المعلومات النادرة والثمينة، التي لم يرد الكثير منها في المصادر، ففي بعضها سبر لاغوار الكثير من القضايا والحوادث التي تلقى الضوء على العديد من الاحداث التي لم توثق بشكل صحيح، او تحتاج الى المزيد من الدراسة والبحث، وفيها ايضاً قضايا ومواقف لم نكن نعرف منها الشيء الكثير في حينها.

يقول القاضي: ان سبب كتابة مذكراته هو لأن الحياة التي تمر بالانسان لها نكهة خاصة، لانها تعيده الى الماضي ليتذكر الاحداث الحلوة والمرة، وهناك مقولة كوردية تتحدث عن الذكريات ومفادها ان "كل الحوادث التي تمر بالانسان تغدو قصصاً تروى حول مواقد النار ايام الشتاء"، ويرى ان القارئ بحاجة الى مثل هذه الحكايات، وان الاحداث التي جاءت في مذكراته، هي عصارة تجارب، سيستفيد منها كل فرد وبغض النظر عن المبادئ التي يؤمن بها[٢].

لقد عاصر القاضي وشاهد الكثير من الاحداث السياسية والوقائع حتى انه شارك في بعضها ومنها: حركة الاثوريين في منطقة سميل في صيف ١٩٣٣، انقلاب بكر صدقي سنة ١٩٣٦، مقتل المبشر الامريكي كامبرلاند في دهوك في ١٢ حزيران ١٩٣٨، قيام الحرب العالمية الثانية (١٩٣٩-١٩٤٥)، حركة مايس سنة ١٩٤١،

حركات بارزان في السنوات ١٩٤٣-١٩٤٥، قيام جمهورية كوردستان في مهاباد في ٢٢ كانون الثاني ١٩٤٦، اعدام الضباط الوطنيين الكورد الاربعة في ١٩ حزيران ١٩٤٧، مظاهرات وثبة كانون الثاني ١٩٤٨، انتفاضة تشرين الثاني ١٩٥٢، مظاهرات سنة ١٩٥٦ احتجاجاً على الهجوم الثلاثي على مصر. ثم قيام ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨، عودة ملا مصطفى البارزاني من منفاه الاضطراري في الاتحاد السوفيتي، الى العراق في ٦ تشرين الاول ١٩٥٨، ورفاقه في نيسان ١٩٥٩، قيام الثورة الكوردية في ١١ أيلول ١٩٦١، انقلاب ٨ شباط الدموي سنة ١٩٦٣ الذي اجبر القاضي على الالتحاق بالثورة الكوردية ومشاركته فيها لغاية وقف اطلاق النار في ١٠ شباط ١٩٦٤. كما شهد الانشقاق الكبير الذي تعرض له الحزب الشيوعي العراقي في ١٧ أيلول ١٩٦٧، فضلاً عن قيام انقلاب ١٧ تموز ١٩٦٨، وأخيراً وليس آخراً اعتقاله وتعذيبه في قصر النهاية، ومغادرته للعراق بعد اطلاق سراحه في نهاية سنة ١٩٦٩ وحوادث ووقائع اخرى كثيرة اثرت في تكوين فكره السياسي وحددت مسار حياته، التي كانت حافلة بالعمل الوطني والقومي المجدي.

نشأته:

ولد حافظ القاضي في مدينة دهوك في تشرين الاول ١٩٢٩ من اسرة دينية كان عميدها محمد احمد الزيباري والذي عمل قاضياً في شنگال (سنجار) وكويه (كويسنجق) والموصل قبل ان يستقر في دهوك سنة ١٨٧٣[٣]. وعرف من اسرته الامام العسكري المتقاعد الملا عثمان، والضابط المدفعي المعروف عبدالرحمن، ومعاون الشرطة طاهر، ووالد القاضي الموظف في العهد العثماني، الذي كان قد توفى ولم يكن القاضي قد بلغ الرابعة من عمره، فتولى الملا عثمان تربيته، ولكونه كان صغير الاسرة فقد نشأ مدللاً وفظاً يلبي الجميع طلباته على حد قوله[٤]. وبسبب نباهته وذكائه قُبلَ سنة ١٩٣٥ طالباً في مدرسة ابتدائية دهوك وعمره (٦) أي قبل بلوغه السن القانونية وكانت آنذاك (٧) سنوات.

انتقل حافظ القاضي مع والدته وشقيقه رشدي الى الموصل سنة ١٩٣٨ وفيها اكمل الدراسة الابتدائية، في حين اكمل مرحلتي المتوسطة والاعدادية في متوسطة الاعظمية والاعدادية الشرقية ببغداد، ودخل كلية الاقتصاد سنة ١٩٤٩، ولتخفيف

الاعباء المالية عن اسرته، نقل دراسته سنة ١٩٥١ الى القسم المسائي في الكلية، ليعمل محاسباً في مكتب للمقاولات الانشائية يعود لرشيد عارف وشركائه، والتحق في صيف ١٩٥٣، وخلال العطلة الصيفية، بدورة خدمة الاحتياط العسكرية لتدريب الطلاب في الرستمية، وعندما انهى الدراسة الجامعية، التحق سنة ١٩٥٦ بكلية الضباط الاحتياط في معسكر الرشيد ببغداد، وفيها تعرف على الضابط احمد حسن البكر، الذي اصبح فيما بعد رئيساً للجمهورية العراقية بعد انقلاب ١٧ تموز ١٩٦٨، كما شاهد هناك رئيس وزراء العراق المعروف نوري السعيد.

عمل مديراً لحسابات مكتب بيع السمنت التابع لوزارة التجارة في اوائل عام ١٩٦١. وبعد انقلاب ٨ شباط ١٩٦٣ وسيطرة حزب البعث على السلطة واعتقال عمه عبدالرحمن، وصدور امر بالقاء القبض عليه ايضاً، التحق بالثورة الكوردية، وعاد الى وظيفته ببغداد بعد اتفاقية وقف اطلاق النار في ١٠ شباط ١٩٦٤ بين الحكومة العراقية وقيادة الحركة الكوردية.

اعتقل القاضي في مايس ١٩٦٥ بتهمة تأييد الثورة الكوردية ودعمها وبث الدعاية لها، وحجز في معتقل خلف السدة في بغداد، واطلق سراحه على اثر اتفاقية ٢٩ حزيران ١٩٦٦ بين الحكومة والحركة الكوردية، واعتقل مرة اخرى في اواخر شباط ١٩٦٩ في قصر النهاية وتعرض هناك للتعذيب، وعندما اطلق سراحه غادر العراق في نهاية ١٩٦٩، ولم يعد الا بعد اتفاقية ١١ آذار ١٩٧٠ التي اقرت بحق الكورد في الحكم الذاتي. وفي سنة ١٩٨٣ أستقر في دهوك، واضطر في نيسان ١٩٩١ وعلى اثر فشل انتفاضة آذار وتقدم القوات الحكومية، الى الهجرة الى تركيا ومن هناك الى النمسا، وكان دائم التردد على دهوك بعد سنة ١٩٩٥، وفي آخر زيارة له توفى يوم وصوله الى دهوك في ٢ آذار ٢٠١٠، ووري الثرى في مقبرة شاخكي.

بقي ان اقول ان القاضي كان قد تزوج سنة ١٩٥٥ من ابنة عمه ربيعة محمد علي القاضي وانجبا ولدين هما سيروان وشوان وبنتاً تدعى روناهي.

تكوينه الفكري والسياسي:

تعود بدايات التكوين الفكري والسياسي لحافظ القاضي الى تأثره بالافكار السياسية اليسارية لعمه الضابط وعضو حزب هيوا الكوردي عبدالرحمن القاضي(٥)،

الذي كان يشرح له ومنذ سنة ١٩٣٩، اعتداءات الانكليز على الشعب الكوردي وكيف غمطت بريطانيا حقوقه وقمعت بالحديد والنار حركات الشيخ محمود البرزنجي الوطنية والقومية.

كما تأثر بالمجلات والصحف التي كان يجلبها عمه ضابط الشرطة طاهر القاضي[٦] اثناء الحرب العالمية الثانية (١٩٣٩–١٩٤٥) وخاصة الدعائية منها والتي كانت تنشر اخبار حركات تحرر الشعوب من قبضة الاستعمار وخطر الفاشية والاحتلال. لقد كتب حافظ القاضي عن تأثير تلك المطبوعات عليه قائلاً: لقد تأثرت بها الى حد بعيد، واثرت في اتجاهاتي الفكرية فاحببت السياسة ومتاعبها والصحافة ودورها في التوعية، وقد لاحظ مدرس اللغة العربية في الاعدادية الشرقية روفائيل بابو اسحق[٧]، حبي للاعلام فشجعني واهداني مجموعة من اعداد مجلة الهلال المصرية وطلب مني الاستمرار في قراءتها[٨].

عاصر القاضي حركات بارزان للاعوام (١٩٤٣–١٩٤٥)، وطلب الحكومة العراقية التفاوض مع قائدها ملا مصطفى البارزاني (١٩٠٣–١٩٧٩)، وفشل تلك المفاوضات واستئناف القتال في آب ١٩٤٥، وانسحاب البارزاني في تشرين الاول ١٩٤٥ الى كوردستان ايران. وتعرف القاضي خلال هذه المدة بالضابط القومي الكوردي امين راوندوزي، ووصفه بالضابط الوطني. ثم ان عمه عبدالرحمن الذي شارك كضابط (مجبراً) في عمليات قمع حركة بارزان، وحدثه بعد القضاء عليها عن بطولات البارزانيين وشجاعتهم واعمالهم الفدائية، حتى ان السلطات اعتقلته سنة ١٩٤٥ بتهمة تأييد الحركة والتعاون معها وعدم جديته في قمعها[٩].

وكتب عن اول بيان سياسي كوردي قرأهُ في حياته قائلاً: ان اول بيان سياسي كوردي قرأته في حياتي، كان بيان جمعية هيوا الذي وزع في بغداد ومدن كوردستان، والذي اوضح المظالم التي يتعرض لها الشعب الكوردي. وعند قراءتي للبيان احسست بقدرتي على المشاركة في مناقشة مثل تلك الامور، وشجعني ذلك على المشاركة في المناقشات الخاصة[١٠].

وعن انتمائه واتجاهه لليسار وفكره، كتب يقول: بعد انتهاء الحرب العالمية الثانية وانتصار الحلفاء، انتعشت الحركة الوطنية الكوردية في ايران بقيام جمهورية

(مهاباد)، ورفعت شعارات التحرر والاستقلال، وانتشرت الافكار اليسارية بين الشباب، وكنت احد الذين تأثروا بتلك الافكار[11].

لا يذكر القاضي بشكل مباشر، في الجزء الاول من مذكراته، انتماءه الى أي حزب سياسي، ولكننا نستطيع من خلال استقراء ما كتبه ان نعتقد بأنه انتمى الى الحزب الشيوعي العراقي بحدود عام ١٩٤٦، اذ يؤكد وفي اكثر من مكان في صفحات مذكراته على ميله واتجاهه ومن ثم انتمائه لليسار، وبأنه فخور بانتمائه الى (اليسار الحقيقي)، والى الشعب الكوردي الذي يجب النضال من اجل حقوقه القومية[12]. كما يفصح دائماً عن حبه وتقديره البالغين لرئيس الحزب الديمقراطي الكوردستاني وقائد الثورة الكوردية ملا مصطفى البارزاني، إذ كان على رأس مستقبليه عند وصوله الى بغداد في ٦ تشرين الاول ١٩٥٨، وذهب الى البصرة في نيسان ١٩٥٩ لاستقبال رفاقه الذين عادوا من الاتحاد السوفيتي، وشارك في الوقت نفسه في معظم النشاطات السياسية التي كان للحزب الشيوعي العراقي اليد الطولى في تنظيمها مثل: وثبة كانون الثاني ١٩٤٨، وانتفاضة تشرين الثاني ١٩٥٢، ومظاهرات الاحتجاج على الهجوم الثلاثي على مصر سنة ١٩٥٦.

كان القاضي وعلى الرغم من انتمائه لليسار، الا انه بقي مناصراً للحركة القومية الكوردية، ومعارضاً للنظام الملكي في العراق (١٩٢١–١٩٥٨)، ولأشهر رموزه نوري السعيد، وقد اشار الى ذلك والى علاقته بالحزب الشيوعي في عدة صفحات من مذكراته، اسجل منها:

(١) يقول القاضي: انه كان لكراريس حزب التحرر الوطني[13] مثل: "مستلزمات كفاحنا الوطني" و "الاستقلال والسيادة الوطنية" و "الجبهة الوطنية الموحدة" وسواها من الكراريس السياسية، فضلاً عن جريدة الاساس[14] ، اثر عميق في توجهاته السياسية، وان هذه المطبوعات دفعته – على حد قوله – باتجاه اليسار مع زملائه طلبة الاعدادية ثم طلبة كلية التجارة والاقتصاد[15].

(٢) موافقته على نشر مقال عنوانه "الانسان اثمن رأسمال" في مجلة نادي الارتقاء الكوردي، هيوا، والعبارة هي مقولة لكارل ماركس، وعندما عاتبه رئيس النادي محمود بابان بالقول: انه ليس من المصلحة نشر مثل هكذا موضوع في مجلة

النادي، اجابه القاضي: ولم لا هل المقولة خاطئة؟ وهل هناك في العالم ما هو اغلى من الانسان؟[١٦].

(٣) شاهد القاضي سنة ١٩٥٤ رئيس وزراء العراق نوري السعيد المعروف بولائه لبريطانيا وبعدائه للحركة الوطنية وللحزب الشيوعي العراقي خاصة، في مصيف سرسنك جالساً مع النائب الكوردي علي كمال، فتوجه للسلام على علي كمال، ولم يمد يده لمصافحة نوري السعيد، وكتب عن هذا الموقف يقول: "كيف امد يدي (المباركة) لتلامس يد عميل الاستعمار؟!!" [١٧].

(٤) ومما له دلالته ايضاً ان القاضي لم يلتحق بالثورة الكوردية عند قيامها في ١١ أيلول ١٩٦١، بل وبناءاً على تكليف الحزب الشيوعي العراقي، اخذ يجمع التواقيع لنداء وشعار السلم في كوردستان، وفعلاً حصل على تواقيع شخصيات مهمة مثل محمد رضا الشبيبي ومحمد علي اليعقوبي، والدكتور جواد علي والكاتب حميد المطبعي[١٨].

لم يكن القاضي يتقيد تماماً بتوجهات وتوجيهات حزبه وبمواقفه السياسية، وربما كان هذا سبباً في بقائه كادراً وسطياً لغاية آب ١٩٦٦[١٩]، فعندما اخذت الاغتيالات السياسية والاعتداءات تطال الشيوعيين بعد سنة ١٩٥٩ في عدد من مدن العراق خاصة في الموصل وكركوك، وتحذير الحزب اعضاءه من اللجوء الى الرد، بل مراجعة مراكز الشرطة وتقديم الشكاوي، اعترض القاضي على سياسة الحزب وموقفه الموالي لنظام الحكم، وعده نظاماً لا وطنياً ومهترئاً وطالب بدفنه، وكان هذا الطرح يخالف توجهات الحزب الشيوعي العراقي الذي كان يعد النظام نظاماً وطنياً وأن لا بد من دعمه[٢٠].

كما انه استغل فرصة وجوده ضمن وفد اتحاد الادباء العراقيين الذي زار السفارة السوفيتية في تشرين الاول ١٩٦١ للتهنئة بمناسبة ثورة اكتوبر، ليشرح للسفير السوفيتي القضية الكوردية، ومعاناة الكورد وعدم دعمهم دولياً[٢١]، وعندما التحق بالثورة اثر قيام انقلاب حزب البعث في ٨ شباط ١٩٦٣ واستيلائه على السلطة، استقر في قاعدة للانصار الشيوعيين في منطقة دهوك وكانت تتبع عسكرياً قيادة البارزاني.

وبالمقابل كان القاضي على علاقات وثيقة بالحزب الديمقراطي الكوردستاني ورئيسه البارزاني، حيث كان دائم التردد على مكان اقامة البارزاني في بغداد خلال

المدة تشرين الاول ١٩٥٨ – آذار ١٩٦١، مع ان الوصول اليه كان صعباً، الا انه كان يتوسط للذين يرغبون بمقابلته، فقد نظم زيارة لرئيس الحزب الوطني الديمقراطي كامل الجادرجي للقاء البارزاني[٢٢]، كما تمكن من ان يلبي رغبة الشاعر الكوردي المعروف قدري جان في لقائه، وقد بقى عدة ايام في ضيافته[٢٣]، وكما اشرنا انه كان على رأس مستقبلي البارزاني عند وصوله بغداد في ٦ تشرين الاول ١٩٥٨، وانه سافر الى البصرة في نيسان ١٩٥٩ لاستقبال رفاقه العائدين من الاتحاد السوفيتي (السابق)، واستمرت صلته بالبارزاني فقد زاره اكثر من مرة خلال المدة ١٩٦٥–١٩٧٠.

وارتبط القاضي بصداقات وعلاقات قوية وحميمة مع العديد من الوجهاء والكتاب والشعراء والسياسيين الكورد وكان بعضهم من رموز الحركة القومية الكوردية، اذكر منهم على سبيل المثال: صالح اليوسفي، انور المايي، محمد شاهين الصوفي، هژار موكرياني، علاء الدين السجادي، محمود بك بابان، الدكتور صديق الاتروشي، ابراهيم احمد (سكرتير الپارتي) وخلفه حبيب محمد كريم، العقيد نافذ جلال حويزي، صادق بهاءالدين، رفيق حلمي، كامران موكري، كريم بك سعيد (كريم زانستي)، وجلال امين بك وبكر عبدالكريم حويزي من ضباط جمهورية (مهاباد)، وكامل ژير. فضلاً من صداقته وعلاقاته بالشخصيات اليسارية والديمقراطية المعروفة مثل: رئيس محكمة الشعب العقيد فاضل عباس المهداوي، والعقيد ماجد محمد امين، وعزيز الحاج وشوكت خزندار وكامل الجادرجي ويوسف الحاج الياس، والمقدم سليم الفخري، والشاعر الشيوعي المعروف شمران الياسري (ابو كاطع) وعزيز شريف، فقد اعجب بهذه الاسماء وارتبط ببعضهم بصداقات حميمة.

بالامكان القول، ان حافظ القاضي كان يسارياً وقومياً كوردياً علمانياً متفتحاً، وقد تبدو توجهاته غريبة اليوم، الا انها كانت مألوفة وطبيعية جداً حتى مطلع ستينات القرن الماضي، ولم يكن القاضي لوحده في توجهاته الفكرية والسياسية هذه، بل كل من: انور المايي، قدري جان، الدكتور صديق الاتروشي، الدكتور كمال مظهر احمد، الدكتور عزالدين مصطفى رسول، جگرخوين، الشيخ علي غياث الدين النقشبندي، العقيد جلال بالته، هژار موكرياني، عبدالله گوران، الدكتور احمد عثمان ابو بكر، الدكتور كمال فؤاد، محمد الملا عبدالكريم، وسواهم من الذين امتزج عندهم

الفكر اليساري الطبقي بالفكر القومي المتفتح، يمكن ان ندرجهم ضمن هذه التوجهات، مع انتماء العديد منهم للاحزاب الشيوعية وللاحزاب القومية الكوردية في عموم كوردستان الا انه كان من الصعب عليهم التقيد بمناهج وطروحات احزابهم السياسية وعلى طول الخط.

ولعل خير من يمثل هذا الاتجاه، الذي قد يبدو غريباً اليوم لدى الكثيرين، هو الشاعر المعروف قدري جان، الصديق الحميم لحافظ القاضي، فقد كتب الدكتور معروف خزندار عن اتجاهه السياسي يقول: كان الشاعر قدري جان (عبدالقادر عزيز) متفتحاً، وان ايمانه بالمبادئ الاشتراكية او الماركسية ودفاعه عن الاتحاد السوفيتي وتقربه من الشيوعيين، كان لسبب واحد فقط، وهو انه كان يرى في المبادئ الاشتراكية والاتحاد السوفيتي المنقذ الوحيد للكورد وحل قضيتهم القومية. وكانت هذه الظاهرة شائعة لدى الشعوب التي لم تنل حقوقها بعد الحرب العالمية الثانية[٢٤].

والاهم من هذا وذاك، ان اول سكرتير للحزب الديمقراطي الكوردستاني (الپارتي) حمزة عبدالله (١٩١٤–١٩٩٨) كان قد انتمى الى الحزب الشيوعي العراقي عند تأسيسه في ١٩٣٤/٣/٣١، وان ملا مصطفى البارزاني وللسبب اعلاه اختار اللجوء الى الاتحاد السوفيتي في حزيران ١٩٤٧. وكان اختياره هذا محط اعجاب ورضى وتقدير عامة الكورد والحركة الوطنية في العراق، ومما له دلالته في هذا الباب ان البارزاني في منفاه في الاتحاد السوفيتي (١٨ حزيران ١٩٤٧ – ٦ تشرين الاول ١٩٥٨)، عندما طرحت عليه سنة ١٩٥٥ فكرة ترجمة الكتب الماركسية – اللينينية، الى اللغة الكوردية، استحسن ذلك، وعده عملاً جيداً جداً، وقال انه سيسعى قدر امكانياته لمساعدة الشخص الذي يستطيع ان يأخذ على عاتقه تنفيذ هذه المهمة[٢٥].

ولا ننسى هنا ان الافكار الاشتراكية والشيوعية والمفاهيم السياسية اليسارية كان لها بريق ورواج بين الناس، وكانت سمة تلك المرحلة من تاريخ العراق المعاصر، وهذا يفسر لنا ان (الپارتي) في مؤتمره الثالث المنعقد في ٢٦ كانون الثاني ١٩٥٣ اعتبر الماركسية – اللينينية هي الاساس الذي يسترشد به الحزب في نضاله السياسي والايديولوجي، وكان الدافع الى ذلك هو الرغبة في منافسة تنظيمات الحزب الشيوعي في كوردستان، ولهذا اعتبرت الحكومة العراقية سنة ١٩٥٣ (الپارتي) مجرد

واجهة للحزب الشيوعي العراقي، وكانت لا تفرق بين اعضاء الحزبين عند اعتقالهم. وفي المؤتمر الرابع (للپارتي) الذي عقد في ٦ تشرين الاول ١٩٥٩، تم تغيير الفقرة التي تنص على عبارة "استرشاد الحزب بالافكار الماركسية..." من المنهاج الى عبارة "الانتفاع من الافكار الماركسية..."، وفي المؤتمر الخامس الذي عقد بعد اجازته في ٩ شباط ١٩٦٠، حذف من المنهاج كل ما يتعلق بالماركسية. والسبب في رأيي، لأن الحكومة العراقية كانت ترفض إجازة الاحزاب الماركسية – اللينينية فقد رفضت اجازة الحزب الشيوعي العراقي الذي اصبح حزباً محظوراً، لذا عاد مرة اخرى الى العمل السري[٢٦].

مهما يكن من امر، فقد كانت صلة الپارتي بالشيوعيين، قوية منذ البداية وخاصة خلال المدة (١٩٤٦–١٩٦٠)، لأن المثقفين الكورد من ابناء المدن وغير العشائريين الذين كان ينظمهم (الپارتي)، كانوا ميالين سايكولوجياً الى الشكل الماركسي – اللينيني، المعادي للامبريالية، الا ان مشاعرهم التي تبلورت في عالم العداء الذي اكتنفهم، كانت تمنعهم من الذوبان في سلك وموقد الشيوعية والسير في تيارها الاصيل[٢٧]، فالاضطهاد القومي ومشاعرهم القومية الكوردية كانت اكثر قوة من الشعور بالاضطهاد الطبقي، ولا اعتقد هنا ان القاضي والكثير من الشيوعيين الكورد وانصارهم كانوا قد استوعبوا تراث الحركة الثورية العالمية، ولا النظرية الثورية التي وضع اسسها ماركس ولينين[٢٨].

ويبدو ان القاضي بات غير مقتنع بسياسة الحزب الشيوعي العراقي، خاصة بعد تأييده لقرارات الحكومة العراقية الصادرة في ١٤ تموز ١٩٦٤ والخاصة بتأميم بعض المؤسسات الاقتصادية مثل المصارف وشركات السمنت والسكاير[٢٩]، ويقول: انه وبسبب تأييد الحزب لتلك القرارات تعرض الى انتقادات حادة، وترك العديد من اعضائه اثر ذلك صفوف الحزب[٣٠]، ولا استبعد ان يكون القاضي بنفسه احدهم.

وجاء موقف الحزب الشيوعي الايجابي من اعلان تأسيس الاتحاد الاشتراكي العربي[٣١] في ١٤ تموز ١٩٦٤ ايضاً، لتضعف اكثر ارتباط القاضي بالحزب، لأن الهدف الاساس للاتحاد كان التعجيل في تحقيق الوحدة العربية، كما لم يرد في منهاجه ذكر للقضية الكوردية او حلها، لذا وقف البارزاني ضد الانضمام اليه او تأييده[٣٢].

ووقف القاضي مدافعاً عن البارزاني وقيادته عندما انشق سكرتير(البارتي) ابراهيم احمد وعدد من اعضاء المكتب السياسي عن الحزب احتجاجاً على موافقته على اتفاقية وقف اطلاق النار في ١٠ شباط ١٩٦٤، واشاد بالبارزاني امام الذين انتقدوه قائلاً: بأن البارزاني افنى زهرة شبابه في الدفاع عن ارض كوردستان، ولولاه لما عرف (٥٠٪) من الشعب الكوردي بأن هناك حزباً باسم (الحزب الديمقراطي الكوردستاني)[٣٣]، وعدَّ القاضي موقفه هذا نموذجاً لليسار الحقيقي الذي يفتخر به.

واخذ القاضي خلال المدة (١٩٦٤-١٩٦٩) يعمل وبالتنسيق مع عديله (زوجان لأختين) سكرتير البارتي حبيب محمد كريم لتقريب وجهات النظر بين الحزبين الشيوعي العراقي والديمقراطي الكوردستاني، وكانت اجتماعاتهما تعقد بداره في بغداد[٣٤] خلال فترات وقف اطلاق النار او المفاوضات.

واخيراً دفعته قناعاته الى ان ينضم الى جانب الانشقاق الذي قاده عزيز الحاج في ١٧ أيلول ١٩٦٧، والذي دعا الى الكفاح المسلح ضد الحكومة، واعتقل في شباط ١٩٦٩ "وهو عضو لجنة منطقة بغداد"، مع من اعتقل من اعضاء القيادة المركزية (المنشق) من الحزب الشيوعي العراقي وغادر العراق الى اوربا بعد اطلاق سراحه في نهاية سنة ١٩٦٩.

ويقول القاضي انهم اطلقوا سراحه بعد ان اجاب تحريرياً على (١٣) سؤالاً عن انتمائه الحزبي وعن الشخص الذي كسبه للحزب، والدرجة الحزبية، واسماء الذين كانوا يعملون معه، واضاف انهم حذروه من العمل مع اية جهة سياسية، وقد تعهد بذلك، وانه منع من السفر الى الخارج (المانيا) بعض الوقت[٣٥].

وعندما زار القاضي برلين عاصمة المانيا الديمقراطية (الشيوعية) اصطدم بالواقع، اذ لم يكن يتصور ابداً ان شعبها وفي ظل النظام الاشتراكي يشكو من وضعه الاقتصادي والسياسي بشكل عام، وخلق ذلك رد فعل سلبياً لديه وهو الذي لطالما تمنى ان يلحق العراق وشعبه بركب الاشتراكية، ولكن ومع هذا يعود القاضي ليقول بعد الذي شاهده: وانا كما افهم الماركسية، فإن هذا الوضع ليس له علاقة لا من بعيد ولا من قريب بالماركسية الحقة[٣٦].

المهم في الامر، ان القاضي وصل بعد سنة ١٩٧٠ الى قناعة هي: ان المقاومة والتفاؤل يجب ان يصبحان نبراساً ومناراً بالنسبة للكورد، وان "ايمانه بمستقبل شعبه لا يهتز، وان شعباً مناضلاً كالشعب الكوردي، لابد ان يلتحق بقافلة الحرية والاستقلال، ولا مناص امامه غير سلوك هذا الطريق المشرف"[٣٧].

نشاطه الثقافي:

كانت القراءة والكتابة والمطالعة اموراً مألوفة بالنسبة للقاضي كونه من اسرة دينية كان جدها الاول قاضياً، فقد اطلع ومنذ وقت مبكر وعن طريق عميه عبدالرحمن وطاهر على الصحف والمجلات، مثل مجلة كلاويژ (١٩٣٩–١٩٤٩) وصحف ومجلات البدرخانيين التي كانت تصدر في دمشق قبل وبعد الحرب العالمية الثانية، وعلى اشعار جگرخوين، وهذا يفسر مشاركته في النشاطات الثقافية، اذ انتمى سنة ١٩٥٤ الى نادي الارتقاء الكوردي في بغداد، وفاز بعضوية الهيئة الادارية لها سنة ١٩٥٥، واختير ليكون مسؤولاً عن شؤونها المالية، ثم رئيساً لتحرير مجلتها (هيوا) بدءاً من صدور عددها الاول في الاول من تموز ١٩٥٧.

نشط القاضي بعد قيام ثورة ١٤ تموز إذ أخذ يعمل في القسم الكوردي في الاذاعة الكوردية اضافة الى رئاسته لتحرير مجلة هيوا، ووضع برنامجاً لمقابلة قادة الثورة ووزراء الحكومة الاولى، ومنهم وزير الاعمار ومسؤول حزب البعث فؤاد الركابي، ووزير المعارف (التربية حالياً) الدكتور جابر عمر (قومي عربي مستقل) ونائب رئيس الوزراء ووزير الداخلية العقيد الركن عبدالسلام محمد عارف.

كان القاضي، في الحقيقة، يهدف من وراء اجراء مقابلات صحفية مع القوميين الثلاثة اعلاه، هو الوقوف على آرائهم وتوجهاتهم ومواقفهم من الحقوق القومية الكوردية بعد الثورة، خاصة وان الدستور المؤقت الذي صدر في ٢٧ تموز ١٩٥٨، قد نص في المادة (الثالثة) على "يقوم الكيان العراقي على اساس من التعاون بين المواطنين كافة باحترام حقوقهم وصيانة حرياتهم ويعتبر العرب والاكراد شركاء في هذا الوطن، ويقر هذا الدستور حقوقهم القومية ضمن الوحدة العراقية". ويتضح ما ذهبت اليه من وقائع مقابلته لعبدالسلام محمد عارف، الذي عرف بعدائه للكورد وحقوقهم القومية.

